# کاریگەری ڕوانگە
# لە نوێگەری شیعری کوردیدا

نوسینی
دکتۆر عەلی تاهیر بەرزنجی

سلێمانی
٢٠٠٨

هەواڵنامەی کتێب

بـابــــەت : لێکۆڵینەوەی ئەدەبی

ناوی کتێب : کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا

ناوی نوسەر : دکتۆر عەلی تاهیر بەرزنجی

ژمارەی سپاردن : ١٢٥٨ ی ساڵی ٢٠٠٨

ژمارەی چاپ: چاپی یەکەم - ٢٠٠٨

نەخشەسازی : عوسمان کەریم

بەرگ : هەرێم عوسمان

چاپ : خانەی چاپو بڵاوکردنەوەی چوارچرا

تیراژ : ( ٥٠٠ ) دانە

هەواڵنامەی کتێب

نرخی ٣٥٠٠ دینارە

ئەم کتێبە

پێشکەشە بە...

- دایکم..
- باوکم..
- شنۆ..
- ئەو دڵسۆزانەی کە چاوەڕێی ئەم بەرهەمەن..

عەوالنامەی کتێب

# سوپاسنامە

➢ سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵا، سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی، ڕاگرایەتی کۆلێژی زمان، بەشی زمانی کوردی.

➢ مامۆستای بەڕێز (د. دڵشاد علی).

➢ مامۆستای بەڕێز (پڕۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ)

➢ براو هاوڕێم (عبداللە تاهیر بەرزنجی)..

➢ برایان (شاهۆ سعید) و (ڕەفیق صالح) و (عەتا قەرەداغی)..

## پێشەکی:

ڕوانگە بزووتنەوەیەکی ئەدەبییە، لە سەرەتای حەفتاکانی ئەم سەدەیەدا لە ئەدەبی کوردیدا سەریهەڵدا، بەگشتی بەهەر بارێکدا لە ڕوانگە بڕوانین کاریگەری خۆی لەسەر ئەدەبی کوردی بەجێ هێشتووە، هەر هیچ نەبێ گۆمی ئەدەبی کوردی شلەقاندووەو بووە هۆی ئەوەی کە تێڕوانینێکی نوێ دەربارەی ئەدەبی کوردی کۆن و نوێ بخرێتە ڕوو، ڕاستە لەسەر ڕوانگە زۆر نووسراوە، بەڵام پرش و بڵاوی ئەو تێڕوانین و ڕاو بۆچوونانەی کە دەربارەی خراونەتە بەردەست لە لایەکەوە و نەبوونی لێکۆڵینەوەیەکی زانستییانە لەلایەکی ترەوە دەربارەی ئەو بزووتنەوەیە، هۆکاری سەرەکی بوون بۆ تەرخانکردنی بابەتی لێکۆڵینەوەکەمان دەربارەی بزووتنەوەی ڕوانگە، هەر بۆیە ناونیشانی نامەکەشمان بەم شێوەیە داڕشت، کە بریتییە لەکاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا. لە کۆتاییدا ئەنجامە گرنگەکانی باسەکەمان دیاریکردووە، ئومێدەواریشم وەك هەموو لێکۆڵینەوەیەکی زانستییانە، توانیبێتمان لایەنێك لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردی ڕۆشن بکەینەوە، جا بۆ گەیشتن بە کۆمەڵێ ئەنجامی گرنگ دەربارەی بزووتنەوەی ڕوانگە، پلانی نامەکەمان بەم شێوەیە داڕشت:

بەشی یەکەم : ناونیشانی بزووتنەوەی نوێگەری نەشیعری کوردی پێش ڕوانگەدایە، لەو بەشەدا چەند پێناسەیەکی نوێگەریمان کردووەو ئەوەمان ڕونکردۆتەوە کە نوێگەری لەشیعری کوردیدا لە منداڵدانی کێشەی کۆن و نوێدا دروست بووەو بەکورتیش ئاماژەمان بەزاراوەی نوێگەری لەئەدەبی عەرەبی و ئەورووپاییدا کردووە، ئینجا بۆ ئەوەی خوێنەر لەنوێگەری و وەهمەکانی نوێگەری بەئاگابێت، بەکورتی ئاماژەمان بەهەندێك لە وەهمەکانی نوێگەری کردووە، هەر لە هەمان بەشدا باسی نوێگەری شیعری کوردیمان لە بەشەکانی کوردستان کردووە، سەرەتا لە کوردستانی عێراقەوە دەستمان پێکردووە، بەتایبەت لەسەرەتای بیستەکانەوە لەئەنجامی بەراوردکردنێکی کۆن و نوێ، هەندێك گۆڕانکاری نوێمان دەستنیشان کردووە و لای کۆمەڵێك شاعیر گەڕاوین

بەدوای ئەو فاکتەرانەدا کە کاریگەرییان لەنوێگەری شیعری ئەوکاتەدا هەبووە، هاتووینەتە سەر سەرەتای پەنجاکان و ئەوەیەکی نوێمان لە شاعیران دیاری کردووە بەوەی کەوا ڕۆڵیان لە نوێگەری شیعردا هەبووە هەندێکیش باسی شیعری ئازادمان کردووە.

هەر لە بەشی یەکەمدا، بەکورتی ئاماژەمان بە نوێگەری شیعری کوردی لە کوردستانی ئێران کردووە، زیاتر جەختمان خستووەتە سەر ((سوارە ئیلخانی زادە)) و بە پێشەنگی شیعری نوێمان لەو بەشەدا داوەتە قەڵەم.

هەر لەهەمان بەشدا ئاماژەیەکی کورتمان بەشیعری نوێی کوردی لە کوردستانی سوریادا کردووە و ((قەدری جان)) و ((جگەر خوێن)) مان کردووە بە سەرقافڵەی کاروانەکە و باسی هەندێك لایەنی نوێگەری شیعرەکانیانمان کردوون.

هەر دیسانەوە لە بەشی یەکەمدا بەشێوەیەکی کورت، تیشکمان خستووەتە سەر هەندێ لایەنی نوێگەری لە شیعری نوێی کوردیدا لە کوردستانی تورکیادا و باسی ڕۆڵی گۆڤاری ((ژین))مان لەو بوارەدا کردووە، ئینجا زیاتر جەختمان کردۆتە سەر ((عبدالرەحیم ڕەحمی هەکاری))و ڕۆڵی لە بواری نوێگەری شیعردا.

لەبەشی دووەمی باسەکەماندا کۆمەڵێك ناو و نیشانمان دەستنیشان کردووە، سەرتا باسی بزووتنەوەی ڕوانگەو فاکتەرەکانی سەرهەڵدانیمان کردووە، جا چ دەرەکی بێت، یاخود ناوەکی، ئینجا هاتووینەتە سەر ناوونیشانەکانی یەکەم، کە بانگەوازەکەی ڕوانگەیە، هەندێك لە بەندەکانی بانگەوازەکەمان بڵاوکردۆتەوە، کەتێیدا دیدو بۆچوونیان دەربارەی کۆمەڵێك بابەتی گرنگی ئەدەبی نوێی کوردی دەردەکەوێت.

لەناونیشانی دووەمدا بەراوردێکی بەیاننامەی ڕوانگەمان لەگەڵ بەیاننامەی شیعری ((٦٩))ی عەرەبەکان و ((حجم گەرایی)) فارسەکاندا کردووە، هەندێك خاڵی هاوبەشمان دەستنیشان کردووەو لەهەمان کاتیشدا هەندێك خاڵی جیاوازیشمان دیاری کردووە و باسی کاریگەری بەیاننامەی ((٦٩))ی عەرەبەکانی عێراقمان لەسەر بەیاننامەی ڕوانگە کردووە.

لە ناونیشانی سێیەمدا، باسی ڕوانگەمان لە گۆشە نیگای بەرەنگاربوونەوە و پشتگیری کردنەوە کردووە و ئاماژەمان بەزۆر لەو وتارانە داوە، کە کاتی خۆی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکراونەتەوە، بەتایبەت هاوکاری، برایەتی، بەیان، گۆڤاری ڕوانگە و گەلێك بڵاوکراوەی تر، زۆربەیانمان هەڵسەنگاندووە و دیدو بۆچوونی خۆشمان لە بارەیەوە ئاشکراکردووە.

لە ناونیشانی چوارەمی بەشی دووەمدا، باسی ڕوانگەمان لە دیدی ئێستاوە کردووە، بیرو بۆچوونی زۆربەی نووسەران و ڕۆشنبیرانی نەوەی نوێمان هێناوەتەوە، کەلەسەر ڕوانگە نووسراوان، جا چ بەرەنگاری کردن بێت، یاخود پشتگیری کردن، لەهەمان کاتیشدا زۆربەی وتارەکانمان هەڵسەنگاندووە و دیدو بۆچوونی خۆشمان لەبارەیەوە ئاشکرا کردووە.

بەشی سێیەمی باسەکەمان بۆ شیعری ڕوانگە تەرخان کردووە و دابەشمان کردۆتە سەر ئەم ناونیشانانە، یەکەمیان گیانی یاخی بوونە لە شیعری ڕوانگەییەکاندا، کە خاڵێکی گرنگەو زۆر جەختمان لەسەری کردووە، سەرەتا کورتە مێژوویەکی یاخی بوونمان باسکردووە، هەر لە یۆنانی کۆنەوە، بگرە تا ئەورووپا زیاتر لەنگەرمان لای ((کامۆ)) گرتووە، دوا جاریش هاتووینەتە سەرگیانی یاخی بوون و ڕەنگدانەوەی لەشیعری ڕوانگەییەکانداو بەراوردێکی کورتی ئەم یاخیبوونەمان لەشیعری ڕوانگەییەکاندا پۆلێن کردووە و بۆ هەر یەکێکیان نموونەی شیعرمان هێناوەتەوە.

دووەم ناونیشانی بەشی سێیەمی باسەکەمان بۆ ڕوانگە و تەکنیکی شیعر تەرخان کردووە، کە بە بۆچوونی ئێمە بەشێکی زۆر گرنگی باسەکەیە، کە تێیدا باسی کۆمەڵێك خاڵی گرنگمان بەنموونەی شیعرەوە کردووە، هەر لە تەوزیف کردنی ئەفسانەو هێماو دەمامکەوە، بگرە تا وێنەی شیعری و زمان و تەوزیف کردنی شێوازی چیرۆك و گەلێك تەکنیکی تازەی تر، هەندێ جاریش لەگەڵ هەندێك نموونەی شیعری نوێی عەرەبیدا بەراوردمان کردوون بۆ ئەوەی خاڵی هاوبەش و کارلێکردن و داهێنان جیابکەینەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی یەکەم

## بزووتنەوەی نوێگەری لە شیعری کوردی پێش ڕوانگەدا

- کوردستانی عێراق.
- کوردستانی ئێران.
- کوردستانی سووریا.
- کوردستانی تورکیا.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## بزووتنەوەی نوێگەری لەشیعری کوردی پێش ڕوانگەدا :-

هەموو سەردەمێك هەنگاو بەرەو نوێ نراوە، هەمیشەش کێشە لە نێوان کۆن و نوێدا سەریهەڵداوە، زۆرجاریش نوێبوونەوە سیمای بزووتنەوەیەکی ئەدەبی بووە لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا، بەم شێوەیە دەکرێت بەو بزووتنەوەیە بگوترێت نوێگەری، واتا هەر نوێبوونەوەیەك کە ئاکامی بزووتنەوەیەکی ئەدەبی دیاریکراو بوو بە نوێگەری ناودەبرێت.

نوێگەریش بەم چەمکەی لە ئەدەبی میللەتانی تردا بەدی دەکرێت لەئەدەبی ئەوروپاییدا، کە باسی چەمکی نوێخوازەکان ((Moderns)) دەکرێت، بەم شێوەیە پێناسەکراوە : "ئەو دەستە نووسەرە فەرەنساییانە بوون کە لەململانێی نێوان کۆنەکان و نوێکارەکاندا ((١٦٨٧ – ١٧١٤)) بەشداربوون و داکۆکییان لە تازەکردنەوەی دارشتن و بابەتە وێژەییەکاندا دەکردەوە، هەروەها پابەندی چاولێکردنی کۆنەکانی گریك و ڕۆمان نەبوون"[(١)].

کەواتە نوێگەری بۆخۆی لە منداڵدانی کێشەی کۆن و نوێ دروست بووە، کاتێك بووە بە بزووتنەوەیەك، یان دەستەیەکی دیاریکراو و نووسەران بەمەبەست پەیرەویان کردووە. لە ئاکامی نزیك بوونەوەی ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی لە بوارەکانی تری مەعریفەوە بەتایبەت لە ئەوروپا مۆدێرن ((Moderns)) نوێگەری چەمکی جیاجیای وەرگرت، تاوای لێهات دیاری کردنی چەمکێك بۆ نوێگەری بووە کارێکی سەخت و دژوار، لێردا کۆمەڵێك پێناسەی تری جیاواز بۆ چەمکی نوێگەری لای ئەوروپاییەکان سەری هەڵدا، کە لێرەدا بەپێویستی دەزانین ئاماژە بە هەندێك لەو پێناسانە بکەین.

یەکێك لەو پێناسانە دەڵێت : ((تازەگەری یاباشتر ئەوەیە نوێگەری ناو بنێین، کە لە وشەی ((نۆڤاتۆر))ی لاتینیدا یەکن، ئەم نوێگەرییە لە ئەدەبیاتدا بەو شتە تازانە دەڵێن کە لە ناوەڕۆك و ڕوخساری بەرهەمدا لای میللەت و بۆ میللەت نرخیان هەیە، ئەو شتە تازانەیە کە نووسەر و شاعیری پێشکەوتوو یا سەرکەوتوو دەهێنێتە ئەدەبیاتەوەو خواستە تازەکانی گەل بەجێ دەهێنن. نوێگەری

تەماشای ئەو شتانە دەکات کە تازە لەژیاندا پەیدا دەبن و تەماشای ئەو پەیوەندییانەی ناو خەڵك دەکات کە گۆڕاون و سیمای تازەی مرۆڤ دەبینێت و ئەو ڕەنگدانەوە ڕاستەقینەیەی ژیانی ئەو دەستنیشان دەکات کە لەگەڵ کەرەسەی هونەر دەربڕیندا یەك دەگرێت))[٢].

ئەم پێناسەیە لەدیدێکی پێشکەوتووخوازەوە ئاوڕ لە نوێگەری دەداتەوەو تازەکردنەوەی شیعر دەبەستێتەوە بەگەشەسەندنی پێشکەوتنی کۆمەڵەوە، واتە شیعر و کۆمەڵ لەیەکەیەکی دیالێکتیکیەوە دەبینێت.

چەمکێکی نوێگەری ئەوە بووە ((گەڕان بە دوای ئەوەی هاوچەرخە))[٣] چەمکێکی تر دەڵێت ((نوێگەری بەوە ناسراوە کە بزاوتێکە هەوڵی تازەکردنەوە و خوێندنەوەی سایکۆلۆژیای مرۆیی لەناوەوە دەدات کە لەوەشدا پشت بەئامراز گەلێکی تەکنیکی نوێ دەبەستێت. لە ڕاستیدا زۆربەی بزووتنەوە هونەرییەکان شتی تازەیان هێناو لەبەردەماندا شۆڕشێك بوون وەکو ئەوەی لەنیگارو مۆسیقاو شیعر (بەتایبەتیش شیعری سەربەست) ((Libte Vers))باودا هەیە))[٤] نوێگەریش لەبواری فەلسەفەدا بەشێوازی جۆراوجۆر گوزارشتی لێکراوە و بنەماکانیشی لەسەر خودگەرایی ((الذاتیة)) و عەقڵانییەت و ((نهیلزم)) دامەزراوە[٥] لای ((فیتو)) نوێگەری واتای زاڵکردنی خودو سەرکەوتنی خودو دیدی زاتییەتە بۆ جیهان، مرۆڤی نوێ وەك خودێکی سەربەخۆ سەیری خۆی دەکات و خۆی دەبێت بە پێوەر بۆ ڕاڤەکردنی شتەکان و هێزێکی دەرەکی دەسکاری ئەم ڕاڤەکردنە ناکات، ((هایدگەر))یش نوێگەری بەسەردەمی هەڵقوڵاوی دیدو تەسەورو بۆچوونی مرۆڤ بۆ جیهان لەقەڵەم دەدات[٦].

لە ئەوروپادا هەندێ بۆچوونی جیاواز دەربارەی زاراوەی نوێگەری هەیە، یەکێك لەوانە دەڵێت : ((نوێگەری لە ئەوروپادا گرێدراوە بەعەقڵانیەتی خۆرئاواوە بەئەندازەیەك، کە هەموو جیاکردنەوەیەکی نوێگەری لەو عەقلانییەتە دەبێتە مایەی مردن و لەناوچوونی))[٧]، ((ماکس فیبەر)) یەکێکە لەوانەی بەتوندی پێ لەسەر ئەو پەیوەندییەی نێوان نوێگەری و عەقڵانییەتی خۆرئاوا دادەگرێت، نەك هەر ئەمە، بەڵکو پیشەسازی سەرمایەداری بەدوو بەرهەمی گرنگی عەقڵانییەتی

خۆرئاوا لە قەڵەم دەدات. ((هابرمان)) پێی وایە ((فیبەر)) بەدرێژایی هەموو ژیانی هەوڵی داوە ئەوکێشەیە چارەسەر بکات، کەبۆچی گەشەی زانستی، هونەر، ئابوری، لەدەرەوەی ئەوروپادا بەو ڕێگایەدا تێنەپەڕیوە ڕێگای عەقڵانییەت، کەتایبەتە بەخۆرئاوا[8].

لەئەدەبی عەرەبیشدا، زاراوەی نوێگەری بەگەلێك مەبەست بەکارهاتووە، بەڵام وەرگێڕانێکی یەکسەری زاراوە ئەوروپاییەکە نییە، ڕاستە خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە، بەڵام جۆرێك لەتایبەتمەندێتی خۆیشی پاراستووە، ((ئەدۆنیس)) دەڵێت : ((هێمای نوێگەری لەهەر بەرهەمێکی شیعریدا بریتییە لەو داهێنانەی کە لە بەرهەمەکانی ڕابردووی جویێ دەکاتەوە، هەروەها لەڕێی زەنگین کردنی ئێستاو داهاتووشەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت... هەموو ئەفراندنێك لەخۆیدا بریتییە لە خوڵقاندنی جیهانێکی تازەو شاعیری ڕاستەقینە ئەوەیە، کە جیهانی تایبەتی خۆیمان پێشکەش دەکات، نەك ڕستێك لەدیدو بۆچوون و زەخرەفە سازیمان بخاتە بەردەست))[9].

نوێگەری شیعری عەرەبی تەنها لەوەدا گەمارۆ نادرێت، کەچاکەی تازەبێت بەسەر کۆنەوە، بەڵکو لە بنەڕەتەوە سیمای نوێگەری سیمای جیاوازییە، نەك وەك ((بەها))، ڕاستە تازەی ((بریتۆن)) بۆ ((ڕامبۆ)) تازەیەکی زەمەنییە، بەڵام ڕەهەندێکی دیکە هەیە، کە لەدەرەوەی ڕەهەندی زەمەنی، کە جیهانبینی دەقە واتە لەنێوان تازەو کۆندا هێندەی جیاوازی هەیە، ((جیاوازی لەبەکارهێنانی ڕەگەزەکاندا بەشێوەیەکی تازە)) هێندە دابڕانێکی قووڵ نییە، بۆیە مەرج نییە ئەوانەی وازیان لەوەزن و قافیە هێناوە شیعری نوێ بن و مەرج نییە ئەوانەی لە بەحرە خەلیلیەکانیش هەڵاتوون نوێگەربن[10].

((د. عبدالله عساف)) سیماکانی نوێگەری شیعری عەرەبی بەم شێوەیە دەستنیشان دەکات : ((وێنەی هونەری یەکێکە لەڕەگەزە دیارەکانی نوێگەری شیعری عەرەبی هاوچەرخ لەپاڵ ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی و یەکەی ئۆرگانی، هەروەها نوێکردنەوەی زمان و ڕیتم و بەکارهێنانی بەرچاوی ئەفسانەو ڕەمز و ڕەگەزەکانی کولتوور، دیارترین دیاردەی نوێگەری شیعری عەرەبین))[11].

بۆ دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانی نوێگەری عەرەبی، ((ئەدۆنیس)) بەراوردێکمان دەداتێ لەنێوان نوێگەری عەرەبی و خۆرئاواییداو دەڵێت : ((نوێگەری خۆرئاوایی لە گۆڕانی فەلسەفەو زانستو تەکنیکەوە هاتووە، بەڵام نوێگەری عەرەبی لە ڕاڤەکردنی پەیوەندی ژیان و فکر بە وەحی ئایینییەوە هاتووە، خۆرئاوایی موغامەرەیە لە نەزانراودا، عەرەبی گەڕانەوەیە بۆ زانراو، خۆرئاوایی جۆرێکە لە موناجات، عەرەبی نوێژە بۆ تیرە و حیزب و ئایدۆلۆژیا، یەکەم لە جیهانێك دەدوێت، کە پیرۆزیی و ڕەمزە ئایینییەکان دەسەڵاتیان نییە، جیهانێکە ئەم دونیایە تێدا سەرکەوتووە، دووەم لەجیهانێك دەدوێت کە جگە دامەزراوە و ڕەمزە ئایینییەکان دەسەڵاتی تر نییە، یەکەم لەسەر ڕەهەندی ڕەخنەو دینامیکیەت دامەزراوە، دووەم لەسەر ڕەهەندی پەسەندکردن و مل کەچ بوون، یەکەم جگە لە ئەفراندن گەڕانەوە نییە، دووەم لەهەموو جۆرێکدا پابەندی گەڕانەوەیە)) [١٢].

ئامانجی ئەم بەراوردکردنە، دەشێ لەبەر ئەوە بێت، کە پێمان بڵێت نوێگەری عەرەبی شەیدای بەئایین کردنی جیهانە، لە کاتێکدا خۆرئاوایی سەرقاڵی بەدنیا کردنی جیهانە.

هەوالنامەی کتێب

زەمینەی سەرهەڵدانی بیری نوێگەری و پەرەسەندنی و هەروەها ناوەڕۆکی ئەو نوێگەرییە لە ئەوروپادا بەحوکمی جیابوونەوەی ئەوروپاو کوردستان جیاوازە لەنوێگەری ئێمە، کەواتە دەبێت بەدیدێکی جیاوازەوە مامەڵە لەگەڵ نوێگەری خۆماندا بکەین و خۆمان نەهاوێژینە ناو هەمان قاڵبی نوێگەری ئەوانەوە..کاتێك دێینە سەر شیعری کوردی، دەتوانین بڵێین هەندێ لەهەنگاوەکان، کە لەقۆناغی جیاجیای شیعری کوردیدا بەرەو نوێکردنەوە نراوە، بەنوێگەری ناو ببرێت، بەو پێیەی ئەنجامی بزووتنەوەیەکی ئەدەبی بوون، ئەمە لەگەڵ ئەو ڕاستیەشدا، کە هەموو بزووتنەوەیەکی ئەدەبی بەپێی کات و شوێنی دروستبوونەکەی شەقڵ و سیمای تایبەتی خۆی وەردەگرێت. واتە نوێگەری لەئەدەبی کوردیدا لەگەڵ لایەنەوە لە نوێگەری ئەوروپی و عەرەبی نزیك دەبێتەوەو لەهەندێ لایەنیشەوە لێی جیادەبێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر سوریالیزم بەشێك بێت لە پرۆژەی نوێگەری ئەدەب و هونەر لە خۆرئاوا، ئەوا مەرج نییە سوریالیزم

بەشێك بێت لە پرۆژەی نوێگەری لە شیعرو ئەدەبی کوردیدا. بۆ دەست نیشانکردنی ئەم ڕاستییەش لە باسەکانی داهاتوومان‌دا هەوڵ دەدەین ئەو بزووتنەوە نوێگەرییانە لەسەر ئاستی کوردستانی گەروره دیاری بکەین. کاتێك باسی نوێگەری دەکەین دەبێت وەهمەکانی نوێگەریش لەیاد نەکەین، هەرچەندە نوێگەری چەند ڕاستیەکی لەگەڵ خۆدا هێناوە، ئەوەندەش وەهمی لای خەڵك دروست کردووە، بەتایبەتی لای میللەتانی کورد و عەرەب و فارس و تورك، هەر بۆیە ئەم وەهمانە دەبن بە گرفت بڕیارە لێکۆڵەرەوەکان لەسەری دەوەستن و دەربارەیان دەدوێن. لە ئەدەبیاتی عەرەبیشدا ((ئەدۆنیس)) یەکەم کەس بووە لەو وەهمانە دوواوە، لە بەیاننامە نوێگەرییەکەیدا باسی پێنج جۆر وەهمی نوێگەری دەکات، لێرەدا بەپێویستی دەزانین بەکورتی ئاماژەیان پێ بکەین :

١.زەمەنگەری : ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت، کە هەندێك نوێگەری دەبەستنەوە بە هاوچەرخیەوە و هەموو دەقێکی هاوچەرخ لە دەقی کۆن بە باشتر دەزانن، دیارە نوێگەری بەوشێوەیە ناپێورێت، ڕەنگە هەندێك داهێنانی سەدەکانی پێشوو نوێ بێت لەهەمان کاتدا هەڵگری سیمای چەرخی خۆیشی بێت.

٢.لێك نەچوون : دیارە زۆرن ئەوانەی وادەزانن، کە دەبێت شێوەو بابەتی ئێمە لەگەڵ کۆندا جیاوازبێت، ئەوە ئیتر ئەوپەڕی نوێگەرییە، ئەمەش وەهمێکی ترە، کەزۆر کەس دووچاری دەبن.

٣.لێکچوون : زۆرمان پێمان وایە کە نوێگەری ئەوەیە، لە ڕۆژئاوا بچین و ئەزموونەکانیان بگوێزنەوە بۆ لای خۆمان بەواتایەکی تر ڕۆژئاوا بکەین بەنموونەی خۆمان.

٤.هەندێکیش پێیان وایە کە پەنابردنە بەر پەخشان نووسین ئەوە ئەوپەڕی نوێگەرییە.

٥.نوێکردنەوە لەسەر ئاستی ناوەڕۆك : هەندێك وادەبینن، کە نوێکردنەوە لە ناوەڕۆکدا بەشێوەو قاڵبی باو و کۆنیش دەبێت(١٣).

نوێگەری تاکە نموونەیە بۆ هەموو کۆمەڵێك، واتە نوێگەری نموونەیەك نییە بۆ لاسایی کردنەوە، بەڵکو نموونەیە بۆ داهێنان. لاسایی کردنەوە، یا

پیادەکردنی نموونەیەکی تایبەتی لە نوێگەری و سەپاندنی بەسەر هەموو کۆمەڵێکدا پرۆسەی خوڵقاندن و داهێنان دەکوژێ، هەموو جیهان ناکرێت بە نموونەی ڕۆژئاوا بپێورێت، بەڵکو وەك ((علی حرب))یش ئاماژەی پێ دەکات پێویستە هەموومان نوێگەری خۆمان هەبێت[14]. هەروەها وەهمی دابڕان بەڕەگ ((وهم الانقطاع لاجزري)) یەکێکی ترە لەو وەهمانە، کەزۆر کەس بانگەشەی بۆ دەکەن، واتا دابڕانێکی گشتی لەڕەگەوە لەگەڵ ڕابردوودا، جا ئەو ڕابردووە کۆمەڵایەتی بێت یا ((ئەبستمۆلۆجی))، ئەم وەهمە زیاتر لەوەکانی تر ڕێگامان لێوون دەکات، چونکە هیچ مرۆڤێك ناتوانێت لەزمان و کەلەپووری خۆی دابڕێت، ئێمە ناتوانین تەنها لە ئێستادا بژین، ئێستا دەبێت پاڵپشتێکی مێژوویی هەبێت[15]. لە ئەدەبی کوردیشدا وەهمەکان بەزەقی لە ئەدەب و فیکرماندا سەرهەڵئەدەن بۆیە کارێکی سەیر نییە ئێمەش وەك ڕۆشنبیر و نووسەری کورد لەو وەهمانە بکۆڵینەوە. ئێمە کەباسی نوێگەریمان کردووە، هەرتەنها لکاندوومانە بە ئەدەبەوە و بوارەکانی تری ژیانمان فەرامۆش کردووە، وەك ئەوەی کە نوێگەری تەنها هەر لەبواری ئەدەبدا بووبێت، نوێگەری وەك گوتمان بوارەکانی بەتەسك نییە، بەڵکو لەکۆمەڵێك تەوەری سەرەکیدا دەسووڕێتەوە و ئاسۆو مەودایەکی بەرفراوانی هەیە، یەکێك لەو وەهمانەی کەنووسەری کورد تێی کەوتووە ئەوە بووە، کە هەر دەقێك لەم سەدەیەدا بنووسرایە ئەوە بەنوێ دەژمێردرا و هەموو دەقەکانی سەدەکانی پێشووتر یەکسەر بەکۆن دەژمێردرا. لە هەشتاکانیشدا زۆرمان نموونەی ئەدەبی ڕۆژئاوامان بەوپەڕی نوێگەری دەزانی و خۆێشمان لاساییمان دەکردەوە، یا هەر لە هەشتاکاندا وامان دەزانی پەخشانە شیعر، ئەوپەڕی نوێخوازییە، ئێمەی کورد بۆمان هەیە، لە ئەزموونی نوێگەری ئەورووپا بکۆڵینەوە و لە هەمان کاتیشدا دەبێت ئاگایەکی چاکمان لە وەهمەکانی نوێگەری بێت.

هەواڵنامەی کتێب

## بزوتنەوەی نوێگەری لە شیعری کوردیدا

## کوردستانی عێراق

لە سەرەتادا ئێمە بە شوناسی فەرهەنگی بێگانە خۆمان ناساندووە، هەموو نرکەیەکی ئەدەبیمان بۆئەوەی دەنگێکی بیستراو بێت بەشوێن ئاوازی فارسی و سەدای تورکی و نەغمەی عەرەبیدا گەڕاون، دیارە ئەمەش لەژێر کارتێکردنی کۆمەڵێك فاکتەردا بووە، لێرەدا نامەوێت ئاماژەیان پێبکەم بۆ ئەوەی لە ڕێڕەوی باسەکە دەرنەچم، تەنها ئەوەندە نەبێت گوزەرێکی خێرا دەکەین بەجیهانی ((نالی)) داو ((نەء))ەکەی دەکەین بەیەکەم چرکەی شۆڕشی نوێگەری لە کوردستانی عێراقدا:

کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کردییە

هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکات

ئەمە خۆی نوێگەری بووە لە بەکوردی کردنی تێکستە شیعرییەکاندا، ئیتر تۆ سەرپشکی لەوەی هەرچی ناوێکی لێ دەنێیت لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا[١٦].

لە سەروبەندی سەدەی بیستەمەوە، خودی پێکهاتە شیعرییەکان دەبنە پانتایی پشکنین و جێگای تێڕوانینی نوێگەرانە، سنووره جەوهەرییەکانی شیعرو پانتاییە جۆراوجۆرەکانی فۆرم و ناوەڕۆك بەر ئەم پشکنینە دەکەون. سەرتا خاڵی دەست پێکردنمان لە ڕوخسارەوە دەبێت و تیشك دەخەینە سەر زمانی شیعر، یەکێك لە دیاردەکانی نوێگەری شیعری کوردی بیستەکان، گۆڕینی زمانی شیعر بوو لە کۆنەوە بۆ نوێ، بەڵام گۆڕینێکی بنەڕەتی نەبوو، بەواتایەکی تر کوردییەکی پەتی نەبوو، هەرچەندە کوردییە تێکەڵەکە هەر مایەوە، بەڵام سیمایەکی دوور لە کلاسیکی وەرگرت.

((د. عزەدین مستەفا ڕەسوڵ)) لەم بارەیەوە دەڵێت : ((لەگەڵ ڕاپەڕینی ڕۆمانتیکی نێوان دوو جەنگ دا زمانێکی تازە هاتە ناوەوە ((گۆران)) خۆی باشی ناوناوە زمانی کوردی عوسمانلی ئەو زمانە تەواو لەژێر تەئسیری ڕۆمانتیکە تورکەکاندا بوو، بناغەی ئەویش زمانی کوردی بوو ئەویش کوردییەکی لەڕووی

داڕشتن و ڕێزمانەوە ساغی بێ هەڵە بوو، بەڵام لەپاڵ وشەی کوردیدا پڕبوو لەو وشە تورکی و عەربیانەی لە ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکی تورکییەوە وەرگیرابوون)) [١٧].

وشە عەرەبییەکان ڕاستەوخۆ لە زمانەکەی خۆیەوە وەرنەدەگیران، بەڵکو بەهۆی زمانی تورکییەوە دەپەڕینەوە ناو زمانی کوردی. کۆمەڵێك فاکتەری تریش هەبوون کاریگەری خۆیان هەبوو بۆسەر کوردی پەتی نووسین، لەوانە بارودۆخی سیاسی کەلەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا خۆی دەبینییەوە، هەروەها هاتنە گۆڕەپانی چەند بزووتنەوەیەکی بوژانەوە وەك : ((کۆمەڵەی بژاری کوردیو کۆمەڵەی زانستی کوردی))* و چەندین پێشبڕکێ کردن بۆ کوردی پەتی نووسین.

دەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕیالیزم لەشیعری کوردیدا وەرچەرخانێکی گەورەبوو بۆ ئەوەی زمانەکە بەرەو کوردییەکی پەتی بڕوات، نموونەی ئەمەش لە شیعری ((ژیانی ئادەمیزاد))ی ((شێخ نوری))دا دەردەکەوێت، دوایش ((گۆران)) بەرەو ئەو ڕێچکەیە ڕۆیشت.

ئەم کوردی پەتی نووسینە پێشبڕکێی خستە نێوان شاعیرانەوە بۆ ئەوەی ڕوو لە فۆلکلۆر بکەن، تابەدوای ئەو وشانەدا بگەڕێن کە هێشتا بڵاونەکراونەتەوە. ((گۆران)) سەبارەت بەڕۆڵی ((پیرەمێرد)) دەڵێت : ((شیعری (پیرەمێرد) فۆلکلۆری کوردی و هەڵبەستی شێوەی گۆرانی تەئسیری تێکرد، هەروەها ئەدەبی تورکیش تەئسیری هەر لەسەر دیاربوو، ((پیرەمێرد)) قوتابخانەیەکی تایبەتی نەبوو، بەڵام شیعرەکانی زۆر تەئسیری لەلاوان دەکردو جۆشی پێ ئەسەندن، ئەگەر بەراوردێك بکەین لەبەینی شیعرەکانی ئەو هی قوتابخانەی ئێمە ئەبینین شیعری ئەو قەومی تربوو، سیفاتی کوردی و هەستی کوردی زیاتر پێشان ئەدا، بەڵام کوردی پەتی لە نووسینەکانی ئەوا کە لەبێژەنگ بدرێ لە شیعردا بەقەد من و لە پەخشاندا بەقەد ((شاکیر فەتاح)) و ((ئیبراهیم ئەحمەد)) نییە)) [١٨].

شیعری کۆن بایەخی دەدا بەڕوخسار و بەپلەی یەکەمی دادەناو دەیخستە پێش ناوەڕۆکەوە، ئەمەش شاعیری ناچار دەکرد بەرەو وشەبازیو ڕەوانبێژییەکی چڕوپڕ بڕوات و هەمیشە شاعیر لەتێفکرینی ئەوەدا بووە چۆن ڕۆچێتە خوارەوە بەناو قوڵاییەکانی ڕەوانبێژیدا بگەڕێت، تا وشەی نامۆ و ئاڵۆزی دەسکەوێت

بۆئەوەی شیعرەکەی پێ بڕازێنێتەوە، بەڵام لە شیعری نوێدا ئەمە نوێگەری تێدا کرا، لەنگەری بایەخ خرایە سەر ناوەڕۆك، بەتایبەت لەقوتابخانەی ڕیالیزمی تازەدا وشەبازی باوی نەماو شاعیر زۆر خۆی پێوە سەرقاڵ نەدەکرد لەجیاتی ئەوە شاعیر خولیای گەڕان بوو بەدوای ناوەڕۆکێکی تازەدا[١٩].

لە شیعری کۆندا یەکێتی بابەت لەسنووری بەیتدا خۆی دەنوواندو واتای بەیتەکان سەربەخۆ بوون، تەنها یەکێتی سەروا پارچەکانی دەبەست بەیەکەوە، بۆیە شاعیری کۆن لەجیاتی ئەوەی بەدوای ناسکترین هۆنراوەدا بگەڕێت بەدوای ناسکترین بەیتدا دەگەڕا، بەڵام لە شیعری نوێدا ئەمە نوێگەری تێدا کرا، یەکێتی بابەت دابەشکرا بەسەر هەموو پارچەکانی هەڵبەستدا، زۆر گراە تاقە دێڕێك لە شوێنی خۆی ئاڵوگۆڕی پێبکەیت، چونکە واتاکە تێك دەچێت، واتە دەتوانین بڵێین لە شیعری نوێدا شاعیر پێش ئەوەی قاڵبەکە دابڕێژێت، هزری شیعرەکە لای خۆی گەڵاڵە دەکات و دابەشی دەکات بەسەر هەموو بەشەکانی پارچە شیعرەکەدا[٢٠].

قاڵبی شیعریش یەکێك بوو لەو بابەتانەی کە لەبزووتنەوەی نوێگەری شیعردا هەندێکیان نوێگەری تێدا کرا، سەرەتا لە ((گۆران))ـەوە دەست پێدەکەین، کە دەڵێت : ((قاڵبی هەڵبەستی کۆن، غزەل، قەسیدە، پێنج خشتەکی، چوار خشتەکی، تەرکیب بەند، تەرجیع بەند،... بوو لە کاتێکدا قاڵبی هەڵبەستی تازە ئەگەر ((لیرك – غنائی)) بێ پارچەیەکی کورت یادرێژ ئەبێ، کە پێك هاتووە لە ژمارەی دوو دێڕی یان ٣، ٤، ٥، ٦،... هتد، کە قافیەی ئەم بەندانەش بەمەرجێك لەدوو دێڕ کەمتر نەبێت بەگەڵ جۆری جیاواز پێکەوە ئەبەسترێن، لە تازەدا وێنەی قاڵبی دراماتیکی هەیە، لە کۆندا نەبووە، بەڵام قاڵبی داستان ((ملحمة)) و هەڵبەستی چیرۆکی لە کوردی کۆن و تازەدا، تێکڕا وەك یەکن))[٢١].

قاڵبی ((مستەزاد)) لەم بزووتنەوەیەدا، نوێگەری تێدا کراوە، لە تێراونینی کۆندا موستەزاد بریتی بووە لەو هەڵبەستەی کە لەدوای هەر دێڕێك لە دێرەکانەوە پارچەیەکی کێشدار زیادکراوە، کە لەبنەڕەتدا نەماناو نەکێشی ئەو دێڕانەی، کە ئەم پارچانەی بۆ زیادکراوە، پێویستیان پێی نەبووە، پارچە

زیادکراوەکانیش بۆخۆیان هەروەك چۆن هاوکێشن هەر بەو جۆرەش هاوقافیە دەبن و دتوانرێ، وەك هەڵبەستێکی سەربەخۆ پارچە زیادکراوەکانی، وەك دوو هەڵبەستی جیاواز خۆیان دەنوێنن، ((د. دڵشاد عەلی)) نوێگەرییەکە بەم شێوەیە دیاری دەکات : ((لای شێخ نوری پارچە زیادکراوەکان خراونەتە سەر دێڕەکان لەکۆتایی چوار دێڕی هاوقافیەدا هێناویەتی بەم جۆرەش هەشت بەندی پێك هێناوەو قافیەی دێرو پارچە زیادکراوەکانیش هاوقافیەن و جیان لە قافیەی بەندەکانی تر)) (٢٢).

لەبارەی نوێگەری ((گۆران))یش لە موستەزاددا، دیسانەوە ((د. دڵشاد)) دەڵێت : ((گۆرانیش نوێگەری تێدا کردووە، داهێنانە بنیاتێکی هونەری لێ پێك دەهێنێت بەجۆرێ، کە ڕاستەوخۆ ناتوانرێ بە موستەزاد دابنرێ، چونکە پارچە زیادکراوەکان هەمان سیستەمی موستەزادی وەرنەگرتووە، بەڵکو زیاتر وەك دێڕێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا کراوە کاتێ ترپەی هەڵبەستەکانی بەشێوەیەکی نوێ تر دیاری کردووە بەمەش تاڕادەیەك لەو ترپەی خۆی دادەبڕێ، کەلە هەڵبەستی ستوونیدا هەستی پێ دەکرێت ئەوەش لە هەڵبەستی ((جلوەی شانۆ)) دا دەردەکەوێت)) (٢٣).

لەشیعری کۆندا شاعیر دەگەڕا بۆ ڕەوانبێژییەکی چڕوپڕ بۆئەوەی وێنەی شیعری لێ پێك بهێنێت، خۆی ماندوو دەکرد جۆرەها، لێکچوو لەوچوو ئەوزارە شێوە بەلاغیەکانی تری بەکارئەهێنا، بەلام لەم بزووتنەوە نوێگەرییەدا شاعیر خۆی لەقاڵبە ڕەوانبێژییە کۆنەکان دوور دەخاتەوەو بەرەو شێوەیەکی ساکار هەنگاو دەنێت، ئەوەتا ((گۆران)) هەموو تەشبیهاتەکان لائەداو جوانی لەئافرەت خۆیدا دەبینێت، فەرهەنگێکی تازە بۆزمان و وشەکان دروست دەکات و لە فەرهەنگە تەقلیدییەکان ڕزگاری دەکات، وێنە سنووردارە تەنگەبەرەکان تێ ئەپەڕێنێ، وێنە شیعریەکان لەئاسۆیەکی ئێجگار فراواندا خۆی دەنوێنێ.

پەنابردن بۆ ئەفسانەو داستان و تەوزیف کردنی لە شیعردا لەم بزووتنەوە نوێگەرییەدا، هێشتا گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی وای تێدا نەکراوە، تەنها هەر بڕواڵەتی شیعرەکانەوە دیارن، واتە وەکو پێویست نەچۆتە ناوناخی

شیعرەکانەوەو هەڵوێستێکی درامی دروست نەکردووە، بەڵام سەرەتایەکی باش بووە بۆ ئایندە.

هۆنراوەی کۆن لەبارەی کێشەوە مل کەچ بوو بۆ عرووزی عەرەبی، جا خۆیان هەستیان پێکردبێ و ئاگاداری دەستووری عرووزبووبن، یان هەستیان پێ نەکردبێ، ((مەولەوی)) وشاعیرەکانی تری هەورامی و گۆرانی بەدەربوون لەبەکارهێنانی کێشی عرووز، چونکە ئەوان ڕێچکەی کێشی خۆماڵییان گرتبوو.

خاڵی وەرچەرخانی نوێگەری لێرەوە دەستی پێکرد کاتێك شاعیرەکان گەڕانەوە سەر کێشی برگەیی، چونکە کێشێکی ڕەسەنە لە فۆلکلۆردا هەیەو لەگەڵ دەنگەکانی زمانی کوردیدا دەگونجێت ((کوردی پەتی خاسیەتی شیعر بەرەو ئاواز وئیقاعی کوردی دەبات، لەبەر ئەوە زیاتر بەکێشی خۆماڵی شیعری پێ دەخولقێ، لە کاتێکدا کەزمانە تێکەڵەکە خاسیەتی بۆ شیعری عەرووز دەست دەدا)) [٢٤] لەم بارەیەوە ((گۆران))یش دەڵێت : ((هەڵبەستی تازەی کوردی بەزۆری چۆتەوە سەر کێش ((وەزن))ـە نەتەوەییەکەی حونجە - پەنجە ((هیجاء مقطع)) لە کاتێکدا کێشی هەڵبەستی کۆن ((عروض)) بوو کەئێستا هێشتا لایەنگری لەناو بوێژەکاندا ماوە کە ئەمانە لەسەرێکەوە کەمایەتین لەسەرێکیشەوە نوێنەری ڕێژگەیەکی کۆنن. جگە لەوە بوێژی بەناوبانگ ((مەولەوی)) و بوێژەکانی تری شێوەی گۆرانی ((هەورامی))یش بە عەرووز نا بە کێشی دەحونجە هەڵبەستیان داناوە)) [٢٥]. تێکەڵ کردنی کێشی عەرووزی و کێشی هیجائی لە هەندێ شیعردا، سیمایەکی تری ئەم بزووتنەوە نوێگەرییە بووە، ئەوەتا ((ئەحمەد هەردی)) دەڵێت: ((شیعری دلاوەران لەچەند بەشێك یا چەند کۆپلەیەك پێکهاتووە، کەهەر یەکەیان بە دوو بەیتی عەرووزی دەست پێ ئەکات و بەشی بەیتی هیجائی کۆتایی دێت...)) ئینجا دەڵێت : ((بەکوردی و بەکورتی تێکەڵکردنی کێشی عەرووزی و کێشی هیجائی لەشیعری ((دلاوەران))دا شتێك تازەیە لەپێش ((شێخ نوری)) و هاوڕێکانیدا، هیچ شاعیرێك هەنگاوی وای نەناوە)) [٢٦].

لە بزووتنەوە نوێگەرییەکەدا هەندێ لە شاعیران مەجزووئاتی بەحرەکانیان وەردەگرت و بەکاریان دەهێنا، ئەوەتا ((گۆران)) دەڵێت: ((ئەگەر چی

شیعر هەر لەسەر عەرووزی عەرەبی هۆنراوەتەوە لەم سەردەمەدا، بەڵام مەجزووئاتی بەحری عەروزیان وەرئەگرت وەئەو بەحرانەی کەزۆر بەکار نەئەهێنران لەلای شاعیرە کۆنەکان بۆ وێنە ((نالی)) و ((سالم)) و هاوڕێکانی زیاتر بەحری ((هزج)) و ((رمل))یان بەکارهێناوە، بەڵام ئەمانە لە بەحری ((سریع)) و ((خفیف)) و لە ((هزج)) ((مەجزوئات))یان وەرئەگرت، وەزیاتری ((زواحف)) و ((علل))یان بەکارئەهێنا، ئەم تازەکردنەوەیە بە ((تقلید)) کردنی ((ئەدەبی تورکی)) ڕوویدا، بەڵام ((ئەدەبی کوردی)) جوڵانەوەی تازەتری لێ دەرکەوت کە تورکەکان لە ڕووی گیانێکی ((قەومی)) یەوە ئەهاتن کێشی هەڵبەستە شیعرییەکانیان ئەژیانەوەو لەسەر ئەم کێشانە هەڵبەستیان دائەنا، کەئەمەش کیشی ((هیجا))یە))[٢٧].

یەکێکی تر لە سیماکانی ئەم بزووتنەوەیە نوێگەریە، بەکارهێنانی کێشی هەمەڕەنگ بووە لە هەندێ شیعردا، ئەمەش ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە گۆڕینی جوگرافیای دەقی کوردی لە دۆخێکی سەقامگیری دەق گرتووەوە بۆ دۆخی هەمەڕەنگی و هەمەچەشنەیی، هۆنراوەی ((بەستەی دڵداری)) و ((ئاواتی دووری)) گۆران گەواهی ئەمە دەدەن. کۆکردنەوەی چەند ئاهەنگێکی شیعری لەیەك وەختدا دیاردەیەکی تری نوێگەری ئەم بزووتنەوەیە بوو، بەڵام ئەم داهێنانە لای گۆرانیش لەچەند شیعرێك تێپەڕ ناکات و تەنیا لە سنووری شیعرەکانی ((ئەنجامی یاران))و ((ئەی چاو چەشنی قەفەز)) و ((کوردستان))دایە. دەتوانین بڵێین نوێگەرییەکی مەزنە کە تائێستاش لەچەند نموونەیەکی زۆر کەمی ئەمڕۆماندا نەبێت نابینرێت.

هەندێك دیدو بۆچوونیان وایە، ((کە عەرووز کۆسپێکی گەورەی بەردەم شاعیر بوو بێت و نەیتوانیبێت ئاوازێکی سازگار بدات بە هەڵبەستی کوردی، ((کاکەی فەلاح)) جەخت لەسەر ئەم بۆچوونە دەکات))[٢٨].

بە پێچەوانەوە، ((د. دڵشاد عەلی)) لەم بارەیەوە دەڵێت : ((پێش ئەوەی باس لە کێشی بڕگەیی بکەین، دەبێ ئەو ڕاستیە بخرێتە ڕوو، کەکێشی عەرووز دەورێکی بینیوە نەك هەر هەڵبەستی کلاسیکیمان بەڵکو گەلێ هەڵبەستی هاوچەرخیشمان ڕاستەوخۆ بەکرایان هێناوە))[٢٩].

لێرەدا دەڵێین ڕاستە کێشی عەرووز ئاوازی سازگاری داوە بەهەڵبەستی کوردی و چەند قاڵبێکی شیعری پێك هێناوە، بەلام لەگەڵ ئەوەدا نین عەرووز بکرێت بەکۆت و پێوەند، لەدیدگایەکی ترەوە ڕەنگە زۆر کەسیش ئەمە پەسەند نەکات لەگەڵ ئەو بۆچوونەی ((ئەدۆنیس)) یەك دەگرمەوە کەدڵێت: ((ڕوانگەی خەلیلیەت بۆ هونەری شیعر، وەرگەڕانێکی وردی تێڕوانینی ئایینی بوو، کە لەنێوانیاندا لێکچوونێکی نیمچە تەواو هەیە ڕێسا و شێوازەکان بەتەواوەتی لەشیعردا بۆ پرەنسیپی ڕەهاو نەگۆڕ مل کەچ کرابوون، وەك ئەوەی هەنووکە لە ژیان و فیکردا بۆ((سروش – وحی))هەیە. خەلیل پێوەرێکی بنچینەیی ئاشکراو ڕەهای وەکو پێوەری ئایینی دانابوو، کەشیعری لەسەر پێوانە دەکردو شیعری لەنا شیعر جیادەکردەوە)) [٣٠].

، ((خەلیلی کوری ئەحمەدی فەراهیدی)) کاتێك ئەو کێشانەی داناوە مەبەستی ئەوە نەبووە ئەو کێشانە بکاتە بناغەیەك بۆ داهاتوو، بەڵکو ئەو دەیویست لەو ڕێگایەوە مێژووی ئەو ئیقاعە شیعرییە ناسراوانەی تا ساتەوەختی خۆی لە ئارادا بوون بنووسێتەوە، ئەوەش گەورەو گرنگە، کە دەتوانێ لەڕێیەوە سەرجەم ئەو کێش و ئیقاعانەمان لەفەوتان بۆ بپارێزێت، بەلام وەك ئاشکرایە ئیقاعیش بۆخۆی وەك ڕشە وەك مرۆڤ تازە دەبێتەوە، شیعر دۆزینەوەیەکی زانستی نییە و بەپێویست سەرباری دۆزینەوەکانی تر بخرێ و پێکەوە یەکەیەکی گشتی و سەرپاگیر دروست بکەن، وەك چۆن ئامێرێکی پەتیش نییە یاخود فۆرمێکی دەستکرد بێت، تا توانای گواستنەوەیمان هەبێت و نەوە دوای نەوە بۆ یەکتری جێ بێڵین، فۆرمی شیعر، وەك ناوەڕۆکی شیعر وایە دەڕسکێت و ناخواسترێت، بەردەوام نوێ دەبێتەوە و کەس بۆ کەسی جێ ناهێڵێت، ئەو دەمەی شاعیرێك شێوازی ڕۆژگارێکی بەسەرچوو دووبارە دەکاتەوە یا هەست و نەستی کەسانێکی تر دەجوێتەوە، ئەوا ئەو کەسە شاعیر نییە، چونکە فۆمی شیعر بریتییە لە جوڵەو گۆڕان بوون لە دروست بوونێکی بەردەوام فۆرمی شیعری زیندووش ئەوەیە کەبەردەوام لە نوێ بوونەوەدا بێت[٣١].

له دیدی ئەم بزووتنەوە نوێگەرییەوە سەروا گۆڕانکاری تێدا کراوە، لەتاك قافیەوە بەرەو جووت قافیەوە هەنگاونراوە، قافیەی هەمەڕەنگ بەکارهێنراوە، سەروا بیر و هەست و سۆزی شاعیر بەند ناکات، هیچ دەستوور و مەرجێك نییە بۆ سەروا هێنانەوە، ئەوەی سەروا داوا ئەکات هەستی دڵی شاعیرەو بەس، نەك خواست و مەزرای لایەنێکی تر، یان قاڵبێکی سنووورداری داسەپێنراو، لای هەندی شاعیری نوێگەری ئەم بزووتنەوەیە سەروا مل کەچی شاعیر بووە، نەك شاعیر مل کەچی سەروا بێت. پێش ئەوەی بچینە سەر هەنگاوەکانی نوێگەری لای کۆمەڵێکی تر لە شاعیران بەتایبەت ئەوانەی‌لە کوردستانی عێراقدا پێشەنگی شیعری ئازادبوون، دەبێت ئەو ڕاستییە فەرامۆش نەکەین، کە ((گۆران))یش ساڵی ١٩٥٢ز لە ڕۆژنامەی ((ژین))دا شیعرێکی پەخشکراوی ئازادی هەیە، بەناوی ((چەقەڵ))ەوە[٣٢]. لەسەرەتای پەنجاکان بەدواوە نەوەیەکی تر لە شاعیران هاتنە گۆڕەپانی نوێگەرێتی شیعرەوە، کەم تا زۆر هەندێك لە شیعرەکانیان لەژێر کاریگەری نەوەی پێش خۆیان بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەبیروباوەڕێکی نوێوە هاتنە مەیدان.

هاتنەکایەی ((کامەران)) لە پەنجاکاندا شتێکی ڕێکەوت نەبوو، بەڵکو پێویستیەك بوو بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەی کەلەشیعری نەتەوایەتیماندا هەبوو، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کەشیعری نەتەوایەتیمان لەوساتەدا نەبووبێت. ((کامەران)) وەکو دیاردەیەکی بەهێز لەواقعێکی شۆڕشگێڕانەدا پەیدا بوو، کەپرنسیبی بیری نەتەوایەتی لە گۆڕاندا بووە، بۆیە ڕاستە کە دەوترێت : ((کامەران، شێوە نووسین و ئوسلوبی تایبەتی خۆی کەشیعری پێ دەنووسێ زۆر لە هی ئەوانی تر نوێتر بوو، بیرە نەتەوایەتیەکەیشی پێشکەوتن خواز بوو، خۆی بەهەموو مەسەلە مرۆڤایەتییەکانەوە دەبەست))[٣٣].

هەرلێرەوە دەتوانین بڵێین ((کامەران)) نوێگەری لەناوەڕۆکی چوارینەدا کرد، چونکە پێش ئەو ناوەڕۆکی چوارینە لەئاستی فەلسەفەو تەسەووف و دڵداریدا دەسووڕایەوە، بەڵام ((کامەران)) توانی ناوەڕۆکێکی نەتەوایەتی ببەخشێت بەچوارینە، هەر لەوساڵانەدا ((دیلان))یش وەك دەنگێکی تری شیعر

چووه پاڵ دەنگی ((کامەران)) و پێکەوە گوڕێکی تریان دا بەشیعری کوردی و نوێگەرییان تێداکرد، ئەویش هەنگاونان بوو بەرەو شیعری سەربەست، لەسەرتادا شیعری سەربەستیان نووسی، ئەگەرچی هەردوو دەست بەرداری ئەو شێوە نوێیە بوون، بۆزیاتر بەئاگابوون لەشیعری سەربەست لای ((دیلان)) و ((کامەران)) پێویستمان بە ئاوڕدانەوەیەکی کورتی هۆنراوەی سەربەست لە شیعری عێراقی دا دەبێت، یەکەم بانگەوازی ئەم جۆرە هۆنراوەیەش لەلایەن ((ناك الملائكە))وە بوو لە ساڵی ((١٩٤٩ز)) [٣٤] ، هەرچەندە پێش ئەویش لەساڵانی بیستەکان و سی یەکاندا چەند پارچە شیعرێکی سەربەست بڵاوکرابوونەوە[٣٥] * . بەلای ((نازك الملائكە))وە، هۆنراوەی عەرەبی دووشێوازی گرتۆتەبەر : ((شێوازی بەیتی دوودێڕی و شێوازی یەك دێڕی، لە شێوازە یەك دێڕەکەشدا دوو جۆر دیاری دەکات، ئەو جۆرەی کە درێژی دێڕەکانی وەك یەك وان و نەگۆڕن و ئەوجۆرەش کە درێژی دێڕەکانی وەك یەك نین و دەگۆڕێن، جابەلایەوە هۆنراوەی سەربەست لقێکە لەو هۆنراوانەی کەسەر بەشێوەی یەك دێڕییەو درێژی دێڕەکانیشی یەك درێژییان نابێت و دەگۆڕێن لە ڕوانگەی ئەو بۆچوونەشییەوە چەمکی هۆنراوەی سەربەست دەخاتە ڕوو و دەڵێ : ئەو هۆنراوەیە، کە پشت بەتاکە دێڕ دەبەستێ و ئەم دێڕانەش درێژییەکی وەك یەکیان نابێت، بەڵکو ژمارەی پێیەکانی لە دێڕێکەوە بۆ دێڕێکی تر دەگۆڕێت، ئەم گۆڕانەش بەگوێرەی یاسای عەرووز ئەنجام دەدرێت))[٣٦] .

هەرچی دەربارەی قافیەشە ئەوە دیاری دەکات کە : ((هۆنراوەی سەربەست پێویستییەکی تایبەتی بەقافیە هەیە، چونکە هەندێ لەو ئاوازەی وون دەکات، کە لە سیستەمی بەیتە دوو دێڕەکەیدا هەستی پێ دەکرێ گۆڕان و جیاوازی ژمارەی پێیەکان لە دێڕێکەوە بۆ دێڕێکی تر دەبێتە هۆی ئەوەی کەکەمتر هەست بەترپەی هەڵبەستەکە بکرێت و کەمتریش هەست بەنەغمەکەی بکرێت، لەبەر ئەوە هاتنە ناوەوەی قافیە لەکۆتایی دێڕەکاندا، جا قافیەی یەکگرتوو بێت یاخود هەمەڕەنگی بۆ خۆیان زیاتر سیمای هۆنراوەیی دەبەخشن بەهەڵبەستەکەو خوێنەر و گوێگریش بەتەواوی چێژی لێ دەبینێت))[٣٧] . ئەو

گرنگی دانەی ((نازك الملائكە)) بەکێش و قافیەی هۆنراوەی سەربەست ((جبرا ابراهیم جبرا)) بۆ ئەوەی دەبات کە ((نازك الملائكە)) : ((هۆنراوەی کێش و قافیەداری ناڕێك و پێك، کە ژمارەی پێی ناو دێڕەکانی جیاوازییان هەیە بەهۆنراوەی سەربەست ناو دەبات لە ڕاستیدا هۆنراوەیەك کەبەم یاسایانە بەندکرا ناتوانرێ بەهۆنراوەی سەربەست ناوببرێ چونکە هۆنراوەی سەربەست وەرگێڕانێکی وشە بەوشەی زاراوەیەکی ڕۆژئاوایی یەکە ((Free verse))ی ئینگلیزی و ((Vere Liber))ی فەرەنسییە، لە ڕۆژئاواش دا بۆ ئەو هۆنراوەیە بەکارهاتووە کە نەکێش و نەقافیە هیچیان تێدانییە)) (٣٨).

((د. دڵشاد عەلی))یش لەم بارەیەوە دەڵێت : ((وەك دەردەکەوێ ئەم تێبینییەی (جبرا ابراهیم جبرا) زیاتر دەربارەی زاراوەی (سەربەست)ەکەیە کەبەلایەوە لەگەڵ سروشت و تایبەتییەکانی ئەو چەشنە هۆنراوەیەدا ناگونجێ کە ((نازك الملائكە)) باسی دەکات، ئەم تێبینییەش کە لەڕوانگەی زاراوە ڕۆژئاواییەکەوە ئەنجام دراوە بۆخۆی تاڕادەیەك ڕاستە، بەڵام ئەوەندە هەیە کەلەئەدەبی عەرەبی و ئەدەبی کوردیشدا چەمکی هۆنراوەی سەربەست بەهەمان چەمکی زاراوە ڕۆژئاواییەکە بەکارنەهێنراوە لەم دوو ئەدەبەدا سەربەستییەکە واتای سەربەستی لەبەکارهێنانی پێیەکانداو سەربەستی لەخۆ نەبەستنەوەی هۆنراوە بەبەیتەوە دەگەیەنێت نەك سەربەستی لە دامالینی ئاوازی دەرەوەی هۆنراوەدا)) (٣٩). کەواتە هەروەك ((د. دڵشاد عەلی))یش دەڵێت : ((هەر چۆنێ بێ هۆنراوەی سەربەست لەئەدەبی کوردی هاوچەرخماندا بەهەمان چەمك بەکار دەهێنرێت کە ((نازك الملائكە)) بەکاری هێناوە، واتە ئەو هۆنراوەیەی کەخۆی لەچوارچێوەی بەیتی دوو دێڕی دەربازکردووەو ژمارەی پێیەکانی لە دێڕێکەوە بۆ دێڕێکی تر دەگۆڕێ و لەهەمان کاتیشدا دەست بەرداری قافیەش نابێت، هەر ئەم چەمکەش کەم و زۆر لەلای ڕۆشنبیرانی کوردیش بەدی دەکرێت)) (٤٠).

((مارف بەرزنجی))ش دەربارەی شیعری سەربەست دەڵێت : ((شاعیرو بوێژانی ئەم سەدەی بیستەمە کۆت و زنجیری کۆنیان شکاندو قاڵبێکی تریان دروست کرد وازیان لە قافیە هێناوە و وەزنیان بەچەشنێکیکە هەڵسووڕاند جاران

وەزن لەسەر کەرتە شیعر دائەمەزرا ئیمڕۆ لەسەر ((تفعیلە)) دائەمەزرێ گوێ نادرێتە کورت و درێژی کەرتەکانی شیعر بەلاّم مۆسیقا ئەپارێزرێ ئەویش بەلانەدان لەوەزن. بەم بۆنەیەوە ئەتوانم بڵێم هەرچەند پارچە هەڵبەستێکمان هەیە لە کوردستانی عێراقدا کەشیعری تازەی پێ بوترێ وئەم مەرجانەی تیابەجێ هاتبێ کەبریتییە لە یەکێتی هەڵبەست و دامەزراندنی وەزن لەسەر ((تەفعیلە)) ئەو پارچانەش ((بت بتەوان)) (شۆڕشگێڕی) (گۆران) و ڕێگای خەباتی دیلانە))[٤١].

((د. دڵشاد عەلی))یش دەربارەی ئەم بۆچوونەی ((مارف بەرزنجی)) دەڵێت: ((بەگشتی ئەو بۆچوونەی (مارف بەرزنجی) بۆخۆی هەمان دەست نیشانکردنی چەمکی هۆنراوەی سەربەستە لەئەدەبی عەرەبیدا تەنها تێبینی یەکیش کە لێرەدا دەبێ بخرێتە ڕوو ئەوەیە کەیەکێتی هەڵبەست پەیوەندی بەهۆنراوەی سەربەستەوە نییە بەومانایەی کە (مارف بەرزنجی) بۆی چووە، چونکە ئەم چەشنە هۆنراوەیە زیاتر مامەڵە کردنێکی نوێیە لەگەڵ ئاوازی هۆنراوەدا))[٤٢].

((محمد صدیق عارف))یش لەڕوانگەی هەمان چەمکەوە دەربارەی ((کامەران)) دەڵێت : ((هێشتا خۆی ڕزگار نەکردووە لەکۆت و زنجیری وەزن و هەرلەسەر وەزنی یەك پارچەیی ((التفعیلە الکاملە)) ئەڕوا... بەلاّم جێگەی شانازییە کە ((کامەران)) لە چەند پارچەیەکیا ئەو کۆت و زنجیرەی شکاندووە... هەروەها چەند شاعیرێکی گەنجی تریشمان وەك ((وەشتی)) و ((کامل ژیر)) هەوڵی وتنی هۆنراوەی نوێیان داوە، بەلاّم داخی گرانم تیا سەرنەکەوتوون))[٤٣].

دیارە مەبەستی ((محمد صدیق عارف)) لێرەدا لەهۆنراوەی نوێ هەروەك خۆی دەڵێت: ((بەمانای هۆنراوەی سەربەست ((حر)) وەیا ((منطلق)) دێت))[٤٤].

زۆرجار کە دەڵێین، شیعری سەربەست یەکسەر واتێدەگەن کە خۆرزگارکردنێکی تەواوبێت لەوەزن و قافیە ((محمد صدیق عارف)) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((تائێستاش زۆر لەوانەی دوورە پەرێز وەستاون لەهۆنراوەی نوێ وائەزانن مەبەست لەخۆرزگارکردنە لەکۆت و زنجیری وەزن و قافیە وازلێهێنانیانە بەتەواوی !! بێ گومان ئەمانە بەهەڵە چوون، چونکە لەبارەی وەزنەوە هۆنراوەی

نوێش هەر لەسەر ئەو بەحرانە ئەکاو هەڵیان ئەسوڕێنێ وەك لە هۆنراوەی ((ئەی کچە شوان))دا کە پارچەیەکە لە هۆنراوەی ڕزگارکراو لەکۆت و زنجیری وەزن و قافیە لەسەر بەحری ((هەزەج)) دانراوە، بەڵام لەباتی ئەوەی خۆی ببەستێتەوە بەکۆتەی کەژمارەی ((تەفاعلین)) وە لێدانی ((الایقاع)) لەهەموو دێڕەکانیا هەرئەبێ بەقەدەر یەك بن، هێناویەتی دێڕی یەکەم بەیەك ((تفعیلە)) وە دووەمی بەیەکێك و سێیەمی بەدووان و چوارەمی بەیەکێكو... هتد هێناوەتەوە لەکاتێکدا لەسنووری ئەو بەحرەش نەچۆتە دەرەوە)) [٤٥].

فاعیلاتن

ئەی کچە شوان = – ب – –

مفاعیلن

هەڵالایی ب – – –

فاعیلاتن مفاعیلن

ئەی کەنیرەی کەژەی کوێستان = – ب – – / ب – – –

مفاعیلن

بەشێنەیی = ب – ب –

کەواتە دەتوانین بڵێین : ئەم شێوازانەی کەئەم شاعیرانە گرتبوویانە بەر خۆی شتێکی نوێگەری بووەو دیاردەیەکی تازەیش بوو لە شیعری کوردی ئەو سەردەمەدا، کەپێش ئەوان نموونەی نەبووە و هەنگاوێکی ڕێخۆشکەریش بووە بۆ شیعری نوێی دوای ڕوانگە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەشیعری کوردیدا ڕێچکەی هۆنراوەی سەربەست بەتەواوی نەکرایەوە، تادوای بانگەوازەکەی ڕوانگە هەروەك چۆن لەئەدەبی ((عەرەبی))یشدا سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی کۆمەڵە هەڵبەستێك نەیانتوانی بەتەواوەتی ڕێچکەی ((هۆنراوەی سەربەست)) بکەنەوە، تا ((نازك الملائكة)) دیوانی ((شظایا ورماد))ی لەساڵی ((١٩٤٩))دا بڵاوکردەوە[٤٦].

((د. مارف خەزنەدار))یش بەرپەرچی بۆچوونێکی ((مارف بەرزنجی)) دەداتەوە کە وتبووی : ((کورد اسلوبی تایبەتی نییە بۆ هۆنراوەو هەڵبەست))، ئەمیش لەلایەن خۆیەوە چوار جۆر ئوسلوب دەستنیشان دەکات، ئەوەی

پەیوەندی بە بابەتەکەی ئێمەوە هەیە خاڵی چوارەمیانە، کەوەزنی شیعری تازەیە تێدا دەڵێت: ((بوونی ئەم وەزنە لەشیعری کوردییا بەڵگەیێکی گرنگە بۆ ئەوەی، کە زمانەکەمان و ئەدەبەکەمان ئەئەتوانن لەگەڵ ژیان تطور بکەن لەڕاستیشا ئەگەرچی ئێمە بەم وەزنە ئەڵێین وەزنی تازەو ڕووحێکی شیعری ئەورووپایی تیایە ئەم وەزنە دیسان وەزنێکی نەتەوایەتییە بەڵام ڕۆحێکی تازەی تیایە، با ئەم ڕووحە ڕۆژئاوایی بێ ((گۆران)) مامۆستاو داهێنەری ئەم وەزنە تازەیە لەشیعری کوردیا ((دلدار))ی خوالێخۆش بووش لەم بابەتەوە چەند قەسیدەیەکی هەیە، شاعیرەکانی ئێستاشمان شیعری وەزنی تازە بابەتیان هەیە))[٤٧].

بنەما گرنگەکانی هۆنراوە، بیر، سۆز، ئەندێشە بەر ئەو شەپۆڵە نوێگەرییەی بزووتنەوەکە کەوتن، سەرەتای خاڵی دەست پێکردنمان لە ((بیر))ەوە دەبێت. بیری هەڵبەستی کۆن شەقڵی تایبەتی ڕژێمی دەرەبەگایەتی پێوەیە لە سەرێکەوە ئایدیالی ((مثالي))یە بەرامبەربە ڕیالیستی بیری هەڵبەستی تازە هزری شیعری کۆن جەخت دەکاتە سەر خود ((الذات)) و لەخولگەی ئەودا دەسوڕێتەوە، بەڵام ئەمە دوایی نوێگەری تێدا کرا، دنیای بابەتی ((موضوعي)) بوو بەخاڵی گرنگی یەکەم و سەرنجی شاعیرە نوێکارەکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا.

شیعری کۆن بایەخی دەدا بەهەست و ئەندێشەو لەپلەی یەکەمدا دایدەنان، بەڵام لەبزووتنەوە نوێگەرییەی شیعری کوردیدا بیر خرایە پێش ئەندێشەو سۆزەوە[٤٨].

لە هۆنراوەی کۆندا بابەتی و دیاری کراو هەبووە، بۆ شاعیر پێویست بووە مل کەچی بێت و لێی لانەدات، واتا بابەتەکان سنوورێکی دیاریکراویان هەبووە، وەك، شانازی، ستایش، ئایین، دڵداری، بەڵام لەبزووتنەوە نوێگەرییەکەدا ئەم بابەتانە گۆڕانکارییان بەسەرداهات و ئاسۆی بیرکردنەوەی شاعیر گۆڕا بۆ مرۆڤ، شارستانیەت، پێشکەوتن، نەسرەوتن، بێ ئارامی، مردن و ژیان،هەڵچوون و تووڕەیی. هۆنراوەی کۆن لەخزمەتی چین و توێژێکی دیاریکراودا بووەو ڕازی کردنی دڵی دەرەبەگ و خێڵ و شێخ و تەریقەتەکانی بەئەرکی سەرەکی خۆی زانیوەو نوێنەرایەتی ئەوانی کردووە، بەڵام لە بزووتنەوە نوێگەرییەکەی شیعری

کوردیدا، ئێش و ئازار، مەینەتیەکانی گەل، نەهامەتیەکان، بوون بەسەرچاوەی ئیلهامی شیعری نوێ، گۆشەگیری و خۆبەدەستەوەدان، هێماو مۆرکی هۆنراوەی کۆن بوون، بەپێچەوانەوە گیانی شۆڕشگێران و بە گژاچوونەوەو یاخی بوون سیمای نوێگەرییەکە بوون.

شاعیری کۆن زۆرجار لەمیحرابی شانازیدا سووڕاوەتەوە، تەنها بیری لەنەرجسیەتی خۆی کردۆتەوە، کەچی شاعیر لەسەردەمی بزووتنەوە نوێگەرییەکەدا خولیای سوڕانەوە بووە بەدەوری بابەتە گشتییەکاندا و بەرژەوەندی گشتی و وڵات و نەتەوەی لەناخی خۆیدا تواندۆتەوە(٤٩).

بەها هونەرییەکانی سەردەمی دەرەبەگی سەر دەفتەریان پاڵەوان پەرستی بوو، پاڵەوانی بابەتی هەڵبەست سێ کوچکەی یارو میرو پیربوو، سەرچاوەی بیرێك، کەوتەو پیاهەڵدانی میری پێ ئەڕازایەوە ئەفسانەبوو، لەهەڵبەستی کۆندا لەپاڵەوان بەجێ هێنانی ئەخوازرا هەموو ئاوات و ئارەزووە خۆییەکانی بوێژبوو، بەرژەوەندییەکانی خۆی بوو، ئێستا ئارەزوو و ئاواتەکانی گەل و داخوازی و پێویستییەکانی کۆمەڵ لەپاڵەوانی هەڵبەست داوا ئەکرێ پاڵەوانی هەڵبەستی تازەش تێکۆشەرە(٥٠).

گۆڕانی بابەتەکانی شیعر یەکێك بوو لە سیما گرنگەکانی بزووتنەوەی نوێگەری، بابەتە کۆنەکان بەرەو پاشگەزبوونەوە دەڕۆیشتن و پیاهەڵدان و غەزەل و تەسەووف و دڵداری ڕووی لەکزی دەکردو بەرەو نەمان دەچوو، نیشتمان پەروەریی و بیری نەتەوایەتی و ڕۆحی بەرەنگاری دەبوونە ئەڵتەرناتیڤیان.

لەدواییشدا شیعر بەرەو جۆرە ناوەڕۆکێکی تر ڕۆیشت خۆی لە خەوبینین بە ڕابردوو و ڕاکردن لەواقیع و خۆخستنە ئامێزی سروشتدا دەبینیەوە، هەندێ جاریش ڕەشبینی و نائومێدی باڵی دەکێشا بەسەر شیعردا، ئەمەش لەژێر کارتێکردنی هەندێ فاکتەری دەرەکی و ناوەکیدا بوون، فاکتەرە دەرەکییەکان دەگەڕایەوە بۆ کارتێکردنی شیعری ڕۆمانسی جیهانی و فاکتەرە ناوەکییەکانیش دەگەڕایەوە بۆ بارودۆخی نالەباری گەلی کوردو شکستە یەك لەدوای یەکەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردو سوڕانەوەی لە بازنەیەکی داخراودا.

لەشیعری کۆندا ئافرەت لەدیوی دەرەوە ئاوڕی لێ دراوەتەوە، برۆ، چاو، لێو، قەد، بالاو شوبهاندنی بەگەلێك دیاردەی تر، بەلام لەسەردەمی نوێدا لە گۆشەنیگایەکی ترەوە ئاوڕی لێدراوەتەوە و نوێگەری تێدا کراوە، ئافرەت، وەك کێشەیەکی کۆمەلایەتی هاتۆتە ناوشیعری کوردییەوە.

تێڕوانین و زەوقی شاعیر نوێگەری تێداکرا، ئەمەش پەیوەندی بەیاسای گۆڕانی ژیانەوە هەیە، قژی ڕەش و چاوی ڕەش سەردەمانێك سەرنجی شاعیری ڕادەکێشا، ئەمە لای هەندێك شاعیر دەگۆڕێت بۆ قژی زەردو چاوی شین. سەیرکردنی شیعرو تێگەیشتن لێی گۆڕانی بەسەردا دێت، چونکە شیعر بۆخۆی ئاسۆیەکی کراوەیەو هەر شاعیرێکی داهێنەریش ئەرکی بەرفراوانکردنی ئەم ئاسۆگەیەی لەبەردەمدایە، هەموو ئەفراندێك لە یەك کاتدا دەستپێك و پێداچوونەوەیە، پێداچوونەوە بەڕابردووداو دەسپێکێك بۆ سەرەتایەکی نوێ.

دەستی سروشت دەستێکی ڕووتە لەشیعری کلاسیکی کۆندا، بەلام وردە وردە نوێگەری تێدا کرا جوانی سروشت و جوانی ئافرەت پێکەوە گرێدان و نیشتمان و نیشتمان پەروەرێتی ئاوێنەی سروشت کران.

((سۆز)) لە هۆنراوەی کۆندا سۆزێکی خودییە ((ذاتي)) لەناخی خۆیەتی و دەروونی شاعیرەوە تەقیوەتەوە و کەف و کوڵی هەلڕشتووەو هەر لە دەروونی گرگرتووی شاعیردا ماوەتەوە، هەندێ جار شاعیر لەکۆندا ئەوەندە جۆشاوە، خۆی کردووە بەخاك و خۆلی بەردەم یار، بەلام لەبزووتنەوە نوێگەرییەکەدا گۆڕانکاریی تێدا کرا، لەجیاتی ئەوەی شاعیر دیمەنی ترسێنەر بەبەرۆکی یارەوە ببینێ هەمیشە خوازیاری ئەوەبووە بەبێ ترس ئۆقرە لەباوەشیدا بگرێ[٥١].

لەشیعری کۆندا نەگەیشتن بەیار، کێوی ورەی شاعیری دەڕووخاندو ڕەشبین دەبوو، یەکسەر هەرەسی پێ دەهێنا، وەك مەجنون ئەیدا بەکێودا، چونکە ئیختیار لەدەستی خۆیدا نەئەما، لە بزووتنەوە نوێگەرییەکەدا شاعیر ئەگەر دەستی نەگەیشتبێ بەیار بابەتییانە بیری کردۆتەوە، سۆز نەیکردووە بەهاودەمی مەجنون لە هۆکارەکان گەڕاوە یاخی بوون ڕەفزکردنی تێدا بینراوە، زۆرجار شاعیر لەکۆندا ((جوانی)) هەست و سۆزی بزواندووە ئەم جوانییەی هەر

لەخۆشەویستەکەیدا بینیوە، ئەمەش بۆ ئەو هەست و سۆزە دەگەڕێتەوە، کەبەرانبەر خۆشەویستەکەی هەیبووە، بەڵام لەبزووتنەوە نوێگەرییەکەدا شاعیر بەدوای جوانیەکی سەربەخۆدا دەگەڕێت، جوانی لەهەموو شتێکدا دەبینێت.

((ئەندێشە))ی هۆنراوەی کۆن کەفێ بووە بەسەر دەریای خەیاڵێکی تیژەوە، بیری شاعیر هەردەم لەسەر دووباڵی ئەم خەیاڵەدا هەمیشە لەگەشت و گوزاردا بووە بۆ داستان و ئەفسانەکان بۆ شیرین و فەرهاد خدری زیندە و ئاوی حەیات، ئینجا شاعیر ئەم داستان و ئەفسانانەی دەکرد بەتیشکێکی بەهێزو لایەنێکی هەستی خۆی بەرانبەر یارەکەی پێ ڕوون دەکردەوە، بەڵام لەبزووتنەوە نوێگەرییەکەدا ئەندێشە بەجۆرێکی تر مامەڵەی لەگەڵدا کراو، خەیاڵ بەدوای شتی پڕوپووچ دا ناگەڕێ و پیاو ناخاتە دونیایەکی دەسکردەوە، بەڵکو هەر لەسنووری واقیعەوە گێژ ئەخواتەوە بەوردی هەموو سووچ و کەلێنێك بەدی ئەکات.

ئەندێشەی هۆنراوەی نوێ ئەگەر باس لە یار بکات هەرگیز بۆ ئەوە ناچێ سینگ و بەرۆکی یاربکات بەدارو دیوارو جبەخانە و چەکی تۆقێنەری پیا هەڵواسێ، یان بیکات بە مەیدانی جەنگ، شاعیرانی بزووتنەوە نوێگەرییکە بەدیدێکی ترەوە دەیان ڕوانییە یارو جوانی و ئاسانی و وردبینییان ئاوێتە دەرکردو لایەنی ناسکی یارەکەیان نیشان دەدا[٥٢].

لە جۆرەکانی ئەندێشەدا ئەوەی هەڵبەستی کۆن دەوڵەمەندە تیایدا ئەندێشەی لێ دانەوەیە ((تەفسیری)) وەك چواندنی ((چاو)) بە ((نێرگز))، بەڵام شاعیرانی بزووتنەوە نوێگەرییەکەی بایەخیان ئەدا بەئەندێشەی داهێنەرانە، ئەمەش بەرهەمی سەرنج دانی شاعیرە لەدنیای جوانی.

ڕەخنەگرتن لەهەر بابەتێك یان هەر بزووتنەوەیەکی نوێگەری شتێکی ئاساییە، چونکە بەبێ ڕەخنەگرتن ناتوانین هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێین، بەڵام ئەگەر ڕەخنەگرتن لەسەر بنەمایەکی زانستی و ڕاست بنیاد بنرێت ئەوا کاریگەرتر دەبێت.

((بەختیار عەلی)) دەربارەی ئەم بزوتنەوە نوێگەرییەی شیعری کوردی بەتایبەت گۆران دەڵێت : ((گۆران، جیهان لەمەنفای شیعری کلاسیکی ئازاد دەکات، بەڵام لەبری مەنفا لەناو مەلۆتکەی شیعردا بەدەست بەسەری دەیهێڵێتەوە، جیهانی ((گۆران)) جیهانێکی یەك دیوو وەستاوە، کەتەنیا جوانی خۆی نیشان دەداتەوە، ((گۆران)) لەدووی جیهان ڕاناکات، بەڵکو لەدووی جوانی ڕادەکات...

لای گۆران بەئاشکرا زمان وەسفی سروشت دەکات، بەڵام نایشکێنێت، سروشت هێلکەیەکی سپییە، زمانیش وەسفی ئەو هێلکەیە دەکات، بەڵام تەنها بەشی دەرەوەو دیوی یەکەمی وەسف دەیگرێتەوە، ئیتر ناوەوە و پێکهاتەی قووڵی فەرامۆش دەکرێت )) [٥٣] هەروەها لە شوێنێکی تردا دەڵێت : ((لە ڕاستیدا ئەو شوێنەی کە ((گۆران)) تیاوەستاوە جێگایەکە کەلەگەڵ هیچ پێناسەیەکی ڕادیکاڵیانەی نوێگەریدا نایەتەوە، نوێگەری کۆتایی هێنانە بە وەسفی جیهان و دەستکردنە بەگەڕان لەناو ئەو نادیارانەدا کەوەسف ناکرێت، نوێگەری ئیشکردنە لەوشوێنانەدا، کەوەسف ئاشکرایان ناکات، کەوەسف نایاندۆزێتەوە، نادیار ئەو جێگایەیە، کەوەسف تیا ئیفلیجە و وەسف ناکرێت. لای ((گۆران)) مەسەلەی سەرەکی وەسف کردنی جیهانە، نەوەکو گۆران بێت بەدوای ((چییەتی – ماهیەتی)) جیهان.

گەڕان بەدوای چییەتیش بەتێبینی ناکرێت، بەعەقڵ ئەنجام دەدرێت، ((گۆران)) عەوداڵی ئەوەیە ئەو خەیاڵەی کەپێی مەستە بیخاتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستەوە... ((گۆران)) دەیەوێت بیسەلمێنێ، کە زمان دەتوانێت ئاوێنەی جیهان بێت، بەڵام جیهانێکی نادیارنا، بەڵکو جیهانێك کەڕاستەوخۆ لەگەڵ هەستەوەرەکان قسە دەکات، گۆران لەناو نادیاردا ناگەڕێت، بەڵکو لەناودیاردا جارێکی تر توانای زمان تاقی دەکاتەوە)) [٥٤].

دیارە دەربڕینی دیدو بۆچوونی جیاواز هەموو کەس تێیدا سەرپشکە، لەسەرەتای باسەکەماندا ئاماژەمان بۆ ئەوەکرد، کەنوێگەری لەشیعری کوردیدا جۆرە تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە، بۆچوونەکانی ((بەختیار عەلی))یش زیاتر

شەقڵی نوێگەری ئەوروپی بەتایبەت نوێگەری فەلسەفی پێوەدیارە، ئاماژەکردنی بۆ ئەو تێزە فەلسەفییانە کەدەڵێت : ((الشيء في ظاهره)) ((والشيء في ذاته)) بەڵگەیەکە بۆچوونەکانمان دەسەلمێنێ. لەئەوروپادا دەیان ڕێبازی فەلسەفی هەر لە عەقڵانییەتەوە، بگرە تا ئەزموونگەری و ڕێبازەکانی تری فەلسەفە سەری هەڵداوە ونوێگەری تێدا کراوە، بەپێچەوانەوە لەکوردستاندا بنەمای فەلسەفی بنەمایەکی غەیبانییەتە، کوردستان و ناوچەکە بەدوور بووە لەهەر شۆڕشێکی فیکرو فەلسەفی، کەزادەی ناوچەکە بووبێت، ئەمەش ئەوەناگەیەنێ، کەهەندێ تیشکی فیکری و شیعری کوردستانی نەگرتبێتەوە، ئینجا هەڵسەنگاندنی شیعری کوردی بەپێودانگی تێزی فەلسەفی ئەوروپی دوور لەزەمەنی خۆی ئێمە بەسەرکەوتووی لەقەڵەم نادەین، ((گۆران)) بەپێی سەردەمی خۆی نوێگەری لەشیعری کوردیدا کردووەو کاریگەری خۆیشی بەجێ هێشتووە.

هەواڵنامەی کتێب

## بزووتنەوەی نوێگەری لەبەشەکانی تری کوردستان

### ١) کوردستانی ئێران:

بزووتنەوەی نوێگەریش لەم بەشەی کوردستان هەنگاوی باش بەرەو پێشەوە ڕۆیشتووە، ڕێچکەکانی کلاسیکی کۆنی شکاندووەو سیمای نوێگەری بەخۆیەوە بینیوە، شیعری کوردی لەم ناوچەیەدا لەژێر کاریگەری ئەدەبی فارسی و عەرەبیدا بووە، ڕووداوەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم بەتایبەت دروستبوونی ((کۆماری مهاباد)) خاڵێکی وەرچەرخانی گەورەبوو و کاریگەریی خۆی لەسەر ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی بەجێ هێشتووە، دەتوانین سیماکانی نوێگەری لەدوو نەوەدا دیاری بکەین، یەکەم، ئەم شاعیرانە ((هێمن، هەژار، هێدی)) لەئامێز دەگرێت، دووەمیشیان ((سوارە)) پێشەنگیانە، ناتوانین بڵێین هەموو شیعرەکانی ((هێمن)) و ((هەژار)) ((هێدی)) بەر بزووتنەوە نوێگەرییەکە دەکەون، چونکە هەندێ پارچە شیعرییان هەیە، گوزارشت لە شێوازێکی کۆن دەکەن، هەندێکی تریشیان سیمای تێکەڵی پێوە دیارە. بەشێوەیەکی گشتی بەتوانین بڵێین نەوەی یەکەمیان ((هێمن، هەژار، هێدی)) خاوەن گەنجینەیەکی لەبن نەهاتووی وشەی ناسک و بەمۆسیقای زاری شیرینی موکریانن، بەم پێیە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لەبزووتنەوەی نوێگەری شیعری کوردیدا، لەکوردییەکی تێکەڵەوە بۆ زمانێکی کوردی پەتی، نابێ ئەوەشمان لەیاد بچێت شیعرەکانی ((حاجی قادر، نالی، کوردی، سالم، مەولەوی)) کارتێکردنیان بۆسەر نەوەی یەکەم هەبووە. وێنەی شیعری لای ئەم نەتەوەیە بەتایبەت ((هێمن)) نوێگەری تێدا کراوە، دوورکەوتۆتەوە لە شێوازە ڕاوانبێژییە کۆنەکەو بەرەو سروشت و مرۆڤ هەنگاوی ناوەو سروشتی کوردستانیان کردۆتە سەرچاوەی وێنەکانیان.

بزووتنەوەی نوێگەری شیعری کوردی لەکوردستانی ئێراندا لەسەر دەستی ((سوارە))* وەرچەرخانی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە، لێرەدا بەپێویستی دەزانین، جەخت لەسەر ئەم نوێگەرییەی ((سوارە)) بکەین.

((سواره)) سەرهەڵدانی ڕێبازێکی تازه بوو لەشیعری نوێی کوردیدا لەکوردستانی ئێران، پێش ئەو شیعری کوردی لە ئاستی ((هێمن)) و ((هەژار))دا دەبینرا. لەساڵانی پەنجاکان بەدواوه، بناغەکانی لەسەر دەستی ((سواره)) هەڵوەشایەوه، لەهەموو بوارەکانی تەکنیك و کێش و سەرواو مەودای وشەدا نوێگەری تێداکرا. ئەم شاعیره بۆیەکەم جار لە کوردستانی ئێراندا ڕچەی لاسایی و چاولێکەری‌شکاندو ئاڵای نوێگەری شیعری ڕاگەیاندووه، شیعرەکانی ((سواره)) دوونیشانه دەپێکن، یەکەمیان شکاندنی ڕچەی شیعری پێش خۆی و دووەمیان لەئامێزگرتنی کۆمەڵێك مەبەست، کەخۆی لەچوارچێوەی ڕەمزو هێماو ئیشارەتی شاراوەدا دەبینی.

لای ((سواره)) مەودای وشه ڕەت و بڵاوەو لەپشتی وشەکانییەوه چەند دنیا و مانای ترهەن، ئەمه ڕەگەزێکی نوێگەرییە، تێکڕای شیعرەکانی چەند مانایەکی هەیەو هەمووشیان جوان و شیاون، بەپێچەوانەوه شیعری ((گۆران)) زیاتر جەخت لەمانا فەرهەنگییەکه دەکات[٥٥] ((گۆران)) کارتێکردنی لەسەر شیعری سەردەمی خۆی و دوای خۆیشی بەجێ هێشت، بەڵام بەپێچەوانەوه ((سواره)) ئەو کارتێکردنەی نەبووه، ئەویش دەگەڕایەوه بۆ کۆمەڵێك فاکتەر لەوانه، ((سواره)) هەر خۆی بووه لە گۆڕەپانەکەداو ڕۆژگارەکەشی جیاوازبووەو ڕۆژگاری گەمارۆدانی بیری نەتەوایەتی بووه.

گەنجینەی ((سواره))یش تەنها کوردی نەبووه، بەڵکو کاریگەری ئەدەبی فارسی و جیهانیشی لەسەر بووه[٥٦]. دەتوانین بڵێین، ((سواره)) سەربازێکی ونه لەڕۆشنبیری ئێمەدا، زۆر ئاوڕی لێ نەدراوەتەوه، هەر لە ڕۆژنامه و گۆڤاری پەنجاکانەوه بگره، تاناوەڕاستی هەشتاکانیش لەشیعرەکانی بێ ئاگابوون، ((سواره)) ئەزموونێکی دەوڵەمەندی لەنوێگەریدا هەیە، شیعری نوێی کوردی گەیاندۆته ئاستێکی باڵاو هاوشانی نوێگەری فارسی و جیهانی ڕۆیشتووه.

((سواره)) لەساڵی ١٩٥٦ز بەدواوه، بەرنامەیەکی ئەدەبی لەبەشی کوردی ڕادیۆی تاران هەبووه، بەناوی ((تاپۆو بومەلیل)) بەشێکی تەرخانکردبوو بۆ شیعری نوێی کوردی و شیعره نوێیەکانی ((گۆران))یش تیا خوێندۆتەوه.

دەتوانین بڵێین ڕەنگە ئەم بەرنامەیە کاریگەری هەبووبێت لەسەر ناوچەی کوردستانی عێراقیش، چونکە زۆر کەس لەکاتەدا هۆگری بەرنامە کوردییەکانی ئێران بوون، زۆر لە نووسەران و ڕۆشنبیرانیش گەواهی بۆ ئەو کاریگەرییە دەدەن، لەوانە ((حسین بەفرین)) دەڵێت: ((یەکەم جار گوێبیستی شیعری نوێی کوردی بووم لەبەرنامەی ((تاپۆو بوومەلیڵ))ی سوارە)) [٥٨].

((ئەحمەد شە ریفی))یش دۆستی ((سوارە))بووە، ماوەیەك لەتاران و کرماشان پێکەوە کارییان کردووە لەبارەی کاریگەری ئەم بەرنامەیەوە دەڵێت : ((سوارە، کارمەندی ڕادیۆو تەلەفزیۆنی میللی ئێران بوو بەرنامەیەکی وێژەیی و ئەدەبی بەناوی ((تاپۆو بوومەلیڵ))ی دەنووسی، کەباشترین و پڕ گوێگرترین بەرنامەی کوردی ڕادیۆی ئێران بوو)) [٥٨].

((عبداللە تاهیر بەرزنجی))یش لە وتارێکدا بەنێوی ((شارو نوێگەرێتی شیعرمان)) تیشك دەخاتە سەر هەندێ دیاردەی نوێگەری لای ((سوارە))و دەڵێت: ((هۆنراوەی (شار)ی سوارە یەکێکە لەهۆنراوە چاکەکانی سەردەمی پێشەنگی، دەتوانین بڵێین، تائەمڕۆیش بەو شێوەیە باس لەچوارچێوەی شار نەکراوە، ئەگەر لەشیعری کوردیدا شار هەروەك ناو، تەشبیهێك، یان ڕەمزێك هاتبێ، ئەوا لەشیعری سوارەدا، ڕوخسارو چوارچێوە ماددییەکەی شارو شێوەی پەیوەندییە ئینسانییەکان بەرجەستەکراوە)) [٥٩]. هەرچەندە زۆربەی شیعرەکانی دەگەڕێتەوە بۆ سالانی شەستەکان، بەلام تێڕوانینی بۆ شیعرو جیهان بینییەکەی، نوێگەرییەکی زۆری پێوە دیارە. سوارە، نەك هەر بە کوردی، بەڵکو بەفارسیش شیعری گوتووە و هەندێکیان لەژێر ناوونیشانی ((پ – اهوار)) دا بلاوکراونەتەوە[٦٠]. مێژووی شیعرە فارسییەکانی دەگەڕێتەوە بۆ سالی ((١٩٦٦ز))، بەلام مێژووی نووسینی هەندێ لە شیعرە کوردییەکانی دەگەڕێتەوە بۆ سالی ١٩٦٨ز. سەرەڕای شیعر، دەستێکی بالایشی هەبووە لەنووسینی پەخشاندا، ئەمانەیش ناوونیشانی هەندێکن لەشیعرەکانی ((خەوە بەردینە)) ((شار)) ((کچی بەیان)) ((خێڵی درۆ)) ((بانگەوازی پەنجەرە)) ((تۆ دەریای)) ((شەنگەسوار)). هەر دەربارەی ((سوارە)) کامبیزی کەریمی دەڵێت : ((لای ئێمە

سوارەی ئیلخانی زادە لەشکلەوە کاریگەری ئەدەبی فارسی لەسەرە، بەتایبەتی کاریگەری ((نیما یو شیج))، شیعرەکانی سوارەی ئیلخانی زادە، زادەی کێشی عەرووزە، دەکرێ بڵێین سوارە تازەگەرە، بەڵام هەر بەتەنها خۆی نییە، گەلێ ناوی تر هەن، لای ئێمە ((سوارە)) پێشەنگە...ئەزموونی تریش هەن لەوانە: جەلالی مەلەك شاە))[٦١].

نوێگەری لەشیعری شاعیرانی کوردستانی عێراقدا زیاتر خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کەلەکێشی عەرووزی عەرەبییەوە بەرەو کێشی برگەیی هەنگاویان ناوە، کەچی لەکوردستانی ئێراندا بەپێچەوانەوە هەندێك لەشاعیران بەرەو کێشی عەرووزی گەڕاونەتەوە، ئەوەتا ((کامبیزی کەریمی)) دەڵێت : ((زیاتر (جەلالی مەلەك شاە) باسی کێشی عەووزی دەکات، کە (سوارە) پیادەی کردووە، عەرووز هی عەرەبە ((گۆڕن دەرکی کردووە، کەبڕگە بۆ دەربڕین باشترە، شیعری (سوارە) عەرووزییە شیعری بڕگەیی نییە، شیعرە فارسیەکانیش عەرووزین، گەڕانەوەیش بۆ کێشی عەرووزی هەڵەیە))[٦٢].

هەواڵنامەی کتێب

## ٢) کوردستانی سوریا:

لەم بەشەی کوردستانیشدا گەلێك شاعیر هەڵکەوتوون خولیای نوێگەری بوون لەشیعری کوردیدا ڕێچکەیەکی جیاوازو دوور لەبەشەکانی تری کوردستانیان نەگرتۆتە بەر، سیمای نوێگەرییەکەی ئەمانیش زۆر دوور نەبووە لەبزووتنەوە نوێگەرییەکەی کوردستانی عێراق، بەڵکو خاڵی هاوبەشی زۆریان هەبووە، هەر لە ڕوخسارەوە بگرە، تا ناوەرۆك، بەڵگەیشمان بۆئەمە ئەوەیە ئێمە ئەدەبێکی یەکگرتووی کوردیمان هەیە، ئەو ئەدەبەیش یەك مێژووی هەیە، بەڵام دەتوانین سیما گرنگەکانی ئەو نوێگەرییە لای دوو شاعیریان دەست نیشان بکەین، ئەوانیش ((قەدری جان)) و ((جگەر خوێن))ـن. ((قەدری جان)) دیاردەیەکی تازەیە لە شیعری نوێی کوردیدا، ئەگەر شاعیرانی ڕابەری تازەکردنەوە لەکوردستانی عێراقدا لەباوەشی خوێندنی کۆن و مزگەوت و بەلاغەو شیعری کلاسیکییەوە پەروەدە بووبن، پاشان پەنجەرەیەکیان بۆ سەر خوێندەواری تازەو زمانی ترو شیعری تورکی و سەردەم کردبێتەوە، بەتایبەت ((پیرەمێرد)) و ((شیخ نوری)) و تاڕادەیەکیش ((گۆران))، ئەوە ((قەدری جان)) هەر لەسەرەتادا لەباوەشی قوتابخانەی تازەو بەزمانی تورکی خوێندن و فەرەنسی فێربووندا پەروەدە بووە، هەر لەسەرەتادا ئاگاداری بزووتنەوەی شیعری تورکی و ئەوروپایی بووە، تەنانەت پاش عەرەبی فێربوونیش لەشیعری کلاسیکی و کارتێکردنی بەدروو بووە[٦٣]. شیعر نووسینی ((قەدری جان)) دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سالآنی سییەکان، بەمەش دەتوانین بەیەکێك لەڕابەرانی بزووتنەوەی شیعری کوردی دابنێین و هاوشانی بزووتنەوە نوێگەرییەکەی کوردستانی عێراق ڕۆیشتووە.

لەڕووی ڕوخسارەوە شیعرەکانی ئاستێکی بەرزیان هەبووە، خۆی دوورە پەرێزگرتووە لەبەکارهێنانی وشەی بیانی، بەزمانێکی ساکارو کوردییەکی پەتی نووسراون، وشەی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی گەورەی بەکارهێناوە. لەڕووی کێشەوە شیعرەکانی نوێگەری تێداکراوە، خۆی لەکێشی عەرووز دوورخستۆتەوەو پابەندی کێشی خۆماڵی پەنجە بووەو لەفۆلکلۆریش نزیك

بۆتەوە. لەڕووی سەرواوە نوێگەری تێدادەبینرێت، لەتاك قافیەو بۆ جووت قافیەی هەمەڕەنگ. جوگرافیای دەقەکانی زیاتر لەشیعری سەربەست نزیکی دەکاتەوە، ئەوەش ڕەنگدانەوەی بەکارهێنانی کێشی هەمەڕەنگە. لەهەندێ لەشیعرەکانیدا قافیەی هەمەڕەنگ بەم شێوەیە دەبینرێ ((ا + ب + ا + ج + د + ج))[٦٤].

((قەدری جان)) نوێگەری لەناوەڕۆکی شیعردا کردووەو بابەتە کۆنەکانی تێپەڕاندووەو بەرەو بیری نەتەوایەتی و ڕیالیزم هەنگاوی ناوە. کوردستانی لەگۆشە نیگای یەك نەخشەوە بینیوە، لەسنووری کوردستانەوە بەرەو جیهان ڕۆیشتووەو دۆستایەتی کورد و عەرەب و گەلانی جیهانی کردۆتە دروشمی خۆی. بیری نەتەوایەتی جارێکی تر((قەدری جان)) و ((ئەحمەد موختار بەگی جاف)) بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەوەتا لەکاتی لەسێدارەدانی پێشەوا (قازی محمەد) هاوارەکەی (ئەحمەد موختار بەگی جاف) دووبارە دەکاتەوە و گۆڤاری گەلاوێژدا دەڵێت :

( نیشتمان بریندارە وەختی ئەفسانە نییە

لەرچاوان سێدارە وەختی بێگانەی نییە )[٦٥] ...تا کۆتایی.

ئەوەی تێبینی دەکرێ لەم پارچە شیعرەدا، لەڕووی ناوەڕۆکەوە هەست دەربڕینێکی قووڵ ...ەستی نەتەوایەتییە، لەڕوخساریشدا پەیڕەوکردنی کێشی خۆماڵی نەتەوایەتییە، بەڵام زیاتر نزیکە لەشێوازە کۆنەکەوە، واتە کێشی خۆماڵی یەك ڕەنگی ئەویش (١٤ برگەییە ٧+٧) تا شیعرەکە تەواو دەبێت. لەڕووی سەروایشەوە تاك قافیەی تێپەڕاندووەو بەرەو جووت قافیە ڕۆیشتووەو هەمەڕەنگی قافیەشی هەیە، بەڵام زۆر کەمە[٦٦]. یەکێکی تر لەو شاعیرانەی کە ڕۆڵیان لەبزووتنەوەی نوێگەری شیعری کوردیدا لە کوردستانی سوریادا هەبووە (جگەر خوێن)ـە. ڕاستە ناتوانین لەگەڵ (قەدری جان)دا لەیەك ئاست و پلەدا ڕیز بەندیان بکەین، بەڵام لەکۆمەڵێ بواری جیاوازدا لەگەڵ یەکتر یەك دەگرنەوە...(جگەر خوێن) کاتێك لەبەغدا دەبێت، کۆمەڵێك شیعر لەگۆڤاری (ڕووناهی) بڵاودەکاتەوە، لەوانە (وولات پارێزی) و (ئەڤین داری وەلاتم)، تێدا بیری نەتەوایەتی کردۆتە هەوێنی شیعرەکانی[٦٧].

شیعرەکانی (جگەر خوێن) زمانحاڵی خەڵکی هەژارو چەوساوەی کورد بووە، ڕووداوەکانی کوردستانی تورکیا پاش جەنگی جیهانی یەکەم، کارێکی گەورەیان کردۆتە سەر (جگەر خوێن). لەناوەڕۆکی شیعرەکانیدا نوێگەری کردووە، لە کلاسیکی کۆنەوە بەرەو نیشتمان پەروەریی و بیری نەتەوایەتی وەرچەرخاوە. لەچلەکاندا بەتایبەتی لەماوەی جەنگی گێتی دووەمدا چوارچێوەی شیعرەکانی بەشێوەیەکی دیار فراوانتربوو و خۆی خستە جەمسەری بەرەی دژ بەفاشیەت، لەناوەڕۆکدا نوێگەرییەکی تری کرد، ئەویش ڕازاندنەوەی بوو بەبابەتی چینایەتی و مرۆڤایەتی.

((شیعری جگەر خوێن سووك و ئاسانە، مانای ئاشکرایە، لەگەڵ خەڵکی خوێندەوارو ساکاری کورد قسە دەکات، لەدڵێکی پڕ سۆزەوە دێتەدەرێ، لێکسیکۆنی نەرم و نیانە، کێش و قافیەی سووکە، ڕەمزو پێچ و پەنا و مانای شاراوەی کەمە، بەڵام کاریگەرە، چونکە وێنەو ڕووداو دەدات بەدەستەوە)) [٦٨].

لەڕووی کێشەوە زیاتر جەختی لەسەر کێشی خۆماڵی بڕگەیی کردۆتەوەو زۆر کێشی ((١٠بڕگەیی)) بەکارهێناوە، هەروەها گۆڕانکاری لەسەر قافیەشدا هێناوە لەتاك قافیەوە بەرەو جووت قافیەو کەمێکیش بەرەو قافیەی هەمەڕەنگ ڕۆیشتووە.

شیعری داستان ئامێزیشی هەیە، بەڵام شوێن پەنجەی داستانەکانی کۆنی ڕۆژهەڵاتی پێوەدیارە[٦٩] لەڕووی ڕوخساریشەوە جیاوازە لەخانەی شیعری وەك ((بێکەس وشێخ سەلام و قانیع))دا لێك ئەدرێتەوە[٧٠] پەندێکی زۆر لەشیعرەکانیدا بەکار دەهێنێ و پەنا بۆ فۆلکلۆر دەبات[٧١].

ئەگەر وێنەی ((پاڵەوان)) لەشیعری هەندێ شاعیرانی کوردستانی سوریا خۆی دەرباز نەکردبێت لەقاڵبە کۆنەکەدا ئەوا ((قەدری جان)) لەم بابەتەدا نوێگەرییەکی گەورەی کردووە، سەرکردەو پێشەواکانی وەك ((قازی محمەد)) و نموونەی تری کردووە بەوێنەو تابلۆی قارەمانەکان. هەندێ شاعیری کوردستانی سوریا بەتایبەت ((قەدری جان)) دەچنەوە سەر فۆلکلۆری کوردی و بەباوەشی ڕەمزەکانی بەوێنەیەکی نوێ و بەمەبەستێکی نوێ بەکاردێنێت، هەر ئەم شاعیرە

نوێگەرییەکی تری کرد لەنووسینی جۆرە شیعرێکدا کەئەمڕۆ پەخشانە شیعری پێ دەڵێن[٧٢].

بزووتنەوەی ڕۆشنبیری شیعری نوێی کوردی لەسوریا و لوبنان بەتایبەت بنەماڵەی ((بەردخانییەکان))، کاریگەرییەکی لەسەر ((قەدری جان))هەبووە، لەوکاتەدا چەندین گۆڤارو ڕۆژنامەیان بڵاودەکردەوە، لەوانە : هاوار _ دمشق / ساڵی ١٩٤٣ ، ڕووناهی _ دمشق ١٩٤٢ ، ڕۆژا نوێ _ بەیروت ١٩٤٣ ، ستێر _ دمشق ١٩٤٣ ، خودی ((قەدری جان)) لەگەڵ ((جەلادەت بەدرخان)) کاری کردووە[٧٣]. کاتێك ((قەدری جان)) کەوتە ژێر کاریگەری ڕۆمانسیەتی تورکییەوە ئەوا ئەو باوەڕەی لەلا گەڵاڵە بوو، کە ڕوخساری کۆن لەگەڵ ناوەڕۆکی تازەدا، ناتەبایەو پێکەوە ناگونجێن، بۆیە لە ڕوخساردا هەستا بەنوێگەری کردن، تالەگەڵ ناوەڕۆکە نوێکەدا بگونجێت لەبەر ئەوە شیعرەکانی خۆی لەسەر بناغەی فۆلکلۆر – حەیرانۆك نووسی و پەیڕەوی کێشی برگەیی کردو لەمەشدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا[٧٤].

((اسماعیل ابراهیم)) دەڵێت : ((قەدری جان، یەکەم کەسە شیعری هاوچەرخی کوردی نووسیوەو بڵاویکردۆتەوەو سەرکەوتنی تێدا بەدەست هێناوە، هەرچەندە ناوی ((گۆان)) بەهێمای شیعری هاوچەرخی کوردی دێت، بەڵام بەزۆریی کەوتۆتە ژێر کارتێکردنی شیعری ((قەدری جان))ەوە و ئەو ڕووبەرەکەی بەرفراوانتر کردووە، بەڵێ ئەگەر بڵێین ((گۆران)) ڕابەرە ئەبێ ئەوڕاستییەش فەرامۆش نەکەین کە ((قەدری جان)) دامەزرێنەری بەردی بناغەی شیعری نوێی کوردییە))[٧٥].

لێرەدا نووسەر نەیتوانیوە بەبەڵگە ئەوە بسەلمێنێت کە ((گۆران)) لەژێر کارتێکردنی ((قەدری جان))دا بووە، وەڵامی پرسیارێکی لەو جۆرەیش پێویستی بەلێکۆڵینەوەیەکی تایبەت دەبێت.

### ٣. کوردستانی تورکیا :

لە کوردستانی تورکیادا هەرچەندە، بزووتنەوەی نوێگەری هەنگاوی باشی بەرەوپێش نەناوە، زیاتر شاعیرەکان لەخولگەی ڕەوتە کۆنەکەدا سووڕاونەتەوەو شیعرەکانیان یەك قاڵبی وەرگرتووەو زۆربەیان لەنێوەندێکی ئیسلامیدا هەڵکەوتوون، بەڵام لەسەرەتای چەرخی بیستەمدا کۆمەڵێك گۆڕانکاری لەهەموو بوارەکاندا ڕوویدا، یەکێك لەوانە دەرچوونی گۆڤارو ڕۆژنامەبوو بەزمانی کوردی، هەروەها دەروازە بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ شیعرو ڕۆشنبیری ئەورووپادا کرایەوە، ئەمانە ڕاستەوخۆ کاریگەری خۆیان لەسەر شیعری کۆنی کوردستانی تورکیا هەبووە، زۆر لە شاعیرەکان گەڕاونەتەوە بۆ سەر کێشی خۆماڵی.

دەرکەوتنی گۆڤاری ((ژیـن)) لە ئەستەنبۆڵ بە زمانی کوردی و تورکی، گۆمە مەنگە دەق گرتووەکەی شڵەقاندو کۆمەڵێ شاعیری لە بازنەی خۆی کۆکردەوە، بەهەردوو زمانی کوردی و تورکی، بابەتی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و شیعریان بڵاوکردەوە. سەرەتای ئەم نوێگەرییە لە شیعری شاعیرێکی وەك ((عبدالرحیم ڕەحمی هەکاری/ لەگۆڤاری (ژین)ی ساڵی ١٩١٨ - ١٩١٩ )) دا دەبینرێت کەزیاتر نوێگەرییەکە لەڕوخساردا ئەنجام دراوە.

دەتوانین ئەم ئەزموونەی شاعیر دابنێین بەیەکەم تاقیکردنەوەی گۆڕینی قاڵبی دەقگرتووی شیعری کلاسیکی کوردی، ئەمەش نموونەیەکە.. شاعیر دەڵێت :

((طبیعت صامت و لاڵە
ژخملان ، روح ، جان ، واڵە
تنێ ، دەنگەك
ژکو دناڵە؟!
عجائب ببلبە دکاڵە؟..
تەگوو بلبل دکت ئەفغان
نەخێر
ئەو نعرەیا))[٧٦] .

هەواڵنامەی کتێب

((د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ)) دەربارەی ((عبدالرحیم هەکاری)) دەڵێت:
پێش ئەوەی کێشی پەنجە لەشیعری شێخ نوری و گۆران پیرەمێردا ببینین، هەر لەشیعری بیر ڕووناك و ڕابەرێکی وەك عبدالڕەحیم ڕەحمی هەکاریدا ئەم چەشنە کێشە دەبینین:

حيّ على الصلاة
دەنگەك ژ مناری تێت
گازی دکەتت مەلا

بۆ نموونە ئەگەر بەدوای کێشی ئەم شیعرانەدا بگەڕێین ئەوا دەتوانین بەهەردوو جۆر بیکێشین :

دەنگەك / ژمنا / ریٚ تێت
فعلن فعلن فعلن
گازی / دکتن / مەلا
فعلن فعلن / موتەدارەکە
یا
دەن / گەك / ژ / منا / ریٚ / تێت
٢ + ٢ + ٢
گا / زی / دك / تن / مەل / لا [٧٧]
٢ + ٢ + ٢

عەبدوالڕەحیم ڕەحیمی هەکاری شیعری ((٨برگەیی – (٤ + ٤)) و ((١٠برگەیی – (٥ + ٥))ی بەکار هێناوە.

((عبدالکریم فندی دوسکی)) دەڵێت : ((عبدالرحیم هەکاری، یەکێکە لە نووسەرەکانی گۆڤاری (ژین)، زۆربەی لاپەڕەکانی ئەو گۆڤارە بەنووسینەکانی ئەو ڕازاوەتەوە، نووسینەکانی ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی نەتەوایەتی و ستەمی سەر میللەتی کوردوکێشە کۆمەڵایەتییەکانە)) [٧٨].

((د. کەمال مەزهەر))یش ئاماژە بە ((عبدالرحیم هەکاری)) و نوێگەرێکەی دەکات و دەڵێت : ((هەکاری یەکێکە لە ڕۆژنامە نووسە یەکەمەکانی گۆڤاری



هەواڵنامەی کتێب

((ژین)) و گەلێك شیعری جۆشدار بەهەستی نەتەوایەتی تێدا بڵاوکردۆتەوە. لە پلەیەکی دیاریکراودا هەست بەنوێگەری بەرهەمەکانی دەکەین)) [٧٩].

((د. فەرهاد پیرباڵ)) یش دەربارەی ئەم شاعیرە دەڵێت : ((عبدوالرەحیم رەحمی هەکاری، چەندین ساڵ پێش ((رەشید نەجیب و شێخ نوری شێخ صالح و گـۆران)) شـیعری ئـازادی هێناوەتـە نـاو ئـەدەبیاتی کوردییـەوە، چ لـەڕووی چەندایەتییەوە، چ لە ڕووی چۆنایەتییەوە... یەکەمین شاعیری نوێخواز و یەکەمین تازەگەری شیعری کوردییـە... لـەماوەی سـاڵانی ١٩١٨ - ١٩٢٢ لەگـەڵ چـەندین نووسـەرانی دیکـەی کوردسـتانی عێـراق و ئێـران ((پیرەمێـرد، مسـتەفا شـەوقی، محەمـەد میهـری... هتـد)) لـە ئەسـتەنبۆڵ ژیـاون و هەناسـەیان لـەنێو کـەش و ئاوهـەوای ئـەدەبیاتی نوێخـوازی ئەوسـای تـورك و تەرجەمـەکانی ئـەدەبیاتی ڕۆژئاوایی هەڵمژیوەو لەزۆربەی هەرە زۆری ژمارەکانی گۆڤاری ((ژین - ١٩١٨ - ١٩١٩)) لەئەستەنبۆڵ، هەروەها لەگۆڤارەکانی دیکەی وەکو گۆڤاری ((کوردستان ١٩١٩ - ١٩٢٠)) دا شیعری ستوونی و شیعری ئازادی بڵاوکردۆتـەوە، هـەروەها نێوانی ساڵانی ((١٩١٨ - ١٩١٩)) دا لەئەستەنبۆڵ دیوانە شیعرێکی ((شیعری ئـازادی)) بـە ناونیشـانی ((گـاز یـاوەلات)) بڵاوکردۆتـەوە، بەمـەش عبدالرەحیم هـەکاری دەبێتـە یەکـەمین شاعیری کـوردی هاوچەرخ، کەدیوانـە شیعری کـوردی لەمێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا چاپ کردبێت)) [٨٠].

عبـدالرەحیم هـەکاری، گۆڕانکـاری بەسـەر شـیعری کلاسـیکی و فۆرمـە تەقلیدییەکانـدا هێنـاوە ((بونیـادی شـیعری کلاسـیکی و تـەکنیك و فۆرمـە تەقلیدییـەکانی شیعری کلاسیکی ((هاوزەمـانی خـۆی)) تێکشـکاندووە، هـەروەها لەئاستی زمانی شیعرو وێنەی شیعریشدا نوێخوازێکی تازەهێن و دەس ڕەنگینـە، شیعری ستوونی و شیعری ئازاد لای ئەو بۆ یەکەمین جار لەمێژووی پەرەسـەندنی شـیعری کوردیـدا جێگـەی قەسـیدەو غـەزەل و قاڵبـە کۆنـەکانی دیکـەی شـیعری کـوردی دەگرنـەوە... لـەزنجیرەی قافیـە ڕزگـاری دەبێـت، هـەروەها دەکەوێتـە تێکشـکاندنی وەزن و کێشـە تەقلیدییـەکانی بحـوری شـیعری عـەرەبیش... یەکبوونی بابەت کەدیاردەیەکی تازەی شیعرو نیشانەی هاوچەرخایەتی شیعرە

دەبێتــە كراســێكی ڕەنگــین و وەبــەرگیانی شــیعری كــوردی دەكرێــت لای هەكاری))[٨١].

عەبدوالڕەحیمی ڕەحمی هـەكاری، لـەژێر كاریگـەرێتی ئـەدەبیاتی تریشدا بـووە ((موتـابیعێكی زیرەكـی شـیعری هاوچـەرخی تـوركی (سـەروەتی فنـون) و (فـەجری ئـاتی) و (گـەنج قەلـەملار) بـووە، هـەر لـەژێر كاریگـەرێتی ئـەو شـەپۆلە ئەدەبیـە نوێخوازانـەی گەنجـە توركەكانـدا بـووە، كەتوانیویـەتی ڕەچەی تازەگـەری نوێخوازی بشكێنێت و چەندین ساڵ پێش (گۆران و ڕەشید نـەجیب و شێخ نـوری شێخ صالح) بكەوێت لە تازەكردنەوەی شیعری كوردیدا)) *.

(د. فەرهاد پیربال) لە گۆڤارێكی تردا دەڵێت : (ئەوەتا لێرەشدا خشتەیەك دەخەینە ڕوو كە بەئاشكرا پایەو ڕۆڵی پێشڕەوایەتی ئەم شاعیرە فەرامۆش كراوە دەردەخات جاریٚ با سەرنج بدەینە خشتەكە، كەبارودۆخی هـەر ئـەو پێنج شاعیرە ڕوون دەكاتـەوە، كـە لـە چارەكی یەكـەمی ئـەم چـەرخەماندا لەپێشبڕكێدا بوون بۆ تازەكردنەوەی شیعری كوردی)[٨٢].

ئـەم خشـتە ئامـادەكراوەی (د. فـەرهاد پیربـاڵ) دەربـارەی ئـەو شـاعیرانە ڕەنگە پێویسـتی زیاتر بەلێكۆڵینـەوە هـەبێت، ئـەگینا لایەنـە ئەكادیمییەكـەی لاواز دەكات، بۆ نموونە وەك باسكراوە (ڕەشید نەجیب) زمانی ئینگلیـزی زانیـووە، یـان (عبدالرحمن بەگی نفوس) فارسی و توركی زانیووە، ئێمـەش لێـرەدا بەپێویستمان زانـی خشـتەكە هـەروەكو خـۆی بڵاوبكەینـەوە، نـەك بـەو واتایـەی كـە جێگـای پەسەندی ئێمە بێت، بەڵكو زیاتر بۆئەوەیە كە خوێنەر لێیان بەئاگابێت.

**ئەحواڵی شاعیرە نوێخوازەکانمان لە ساڵی ((١٩١٩))دا :**

| ناوی شاعیر | تەمەن بە ساڵ | چەند شیعری بڵاوکردۆتەوە | چەند دیوانە شیعری چاپکردوە | لەچەند ڕۆژنامەو گۆڤاردا کاری کردووە | چەند زمانی ئەوروپایی زانیوە | کام ژانری ئەدەبی دیکەی تاقی کردۆتەوە | ژینگەو ئەو کەناڵە ڕۆشنبیرییانەی کاریان تێکردووە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| عبدوالرحمن بەگی نفوس ١٨٧٨-١٩٦٧ | ٤٠ – ٤١ | هیچ | هیچ | هیچ | هیچ | هیچ | ڕۆشنبیرییەکی ئیسلامی کولتووری (نالی) لە سلێمانی |
| ڕەشید نەجیب | ٣٧ – ٤٠ | هیچ | هیچ | هیچ | هیچ | هیچ | ڕۆشنبیرییەکی ئیسلامی کولتووری (نالی) لە سلێمانی |
| شێخ نوری شێخ شێخ صالح ١٨٩٧ – ١٩٥٨ | ٣٤ – ٣٥ | هیچ | هیچ | هیچ | هیچ | جارێ زنجیرە وتارە ڕەخنەییەکەی خۆی بڵاونەکردۆتەوە | ١- ڕۆشنبیرییەکی ئیسلامی ٢- کولتووری نوێی تورکە لاوەکان دوور بەدوور لە سلێمانی |
| عبدالرحیم ڕەحمی هەکاری ١٨٩٠ – ١٩٥٨ | ٢٨ – ٢٩ | زیاتر لە (٢٠) پارچە شیعر | ١- گازیا وەلات ٢- عەقیدا کوردان (مەنزوما کوردی) | ژین / ئەستەنبۆڵ | ١- ڕووسی ٢- ئەڵمانی | ١- شانۆنامە ٢- وتار ٣- چیرۆک بەتورکی | ١- ڕۆشنبیرییەکی ئیسلامی ٢- کولتووری نوێی تورکە لاوەکان لەناو جەرگەی ڕووداوە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکاندا لەئەستەنبوڵ. ٣- کولتووری ڕۆژئاوایی. |
| عبدالله گۆران ١٩٠٤ – ١٩٦٢ | ١٥ – ١٦ | هیچ | هیچ | هیچ | هێشتا فێری ئینگلیزی نەبووم | هیچ | جارێ هێشتا بەهاری تەمەنی تێپەڕ نەکردووە لە هەڵەبجەی دوورە دەست. |

هەواڵنامەی کتێب

## پەراوێزەکان:

١) مجدی وهبه ، معجم مصطلحات الادب ، ل ٣٢٨.

٢) تیمۆفیبف ، ڤیدگرۆف ، کورتەی فەرهەنگێکی ئیستلاحەکانی ئەدەبیاتناس ، مۆسکۆ ، ١٩٥٨ ، ل ٩١.

٣) فەرهەنگی لارووس ((Laronsse)) ، فەرەنسی ، ل ٩٢٧.

٤) مالکم برادبری و جیمس ماکفارلن ، الحداثة ، ص ٢٧.

٥) مقاربات في الحداثة وما بعد-الحداثة، حوارات منتقاة من الفكر الالماني المعاصر،ل١٦.

٦) هەمان سەرچاوە ، ل ١٣.

٧) یورگن هابرمار ، الخطاب الفلسفي في الحداثة ، ل ٩٥ ، ٩٧.

٨) هەمان سەرچاوە ، ل ٣٢.

٩) ئەدۆنیس ، چەند سەرنجێك سەبارەت بەئەزموونی شیعرم ، ئێستا - ل ٣١.

١٠) هەمان سەرچاوە ، ل ٣٢.

١١) د. عبدالله عساف ، الصورة الفنية في قصيدة الرؤيا ، ل ٣٧٥.

١٢) ((ادۆنیس)) ، النص القراني وافاق الكتابة ، ل ٩٤.

١٣) ((ادونیس ، بیان الحداثة ، مجلة المواقف ، ساڵی ١٩٨٠.

١٤) علی حرب ، الممنوع والممتنع نقد الذات المفكره ، ل ٢٤٥.

١٥) هەمان سەرچاوە ، ل ٢٤٥.

١٦) سۆران حەسەن ، وێستگەکانی نوێگەری لەشیعری کوردیدا ، ل ١٤.

١٧) د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ ، ئەدەبیاتی نوێی کوردی ، ل ٤٤.

* ((نەوشیروان مستەفا)) لەچاوپێکەوتنێکی بەرنامەی دیالۆگی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستاندا، شەوی ((١٩٩٩/١١/١٧)) لەبارەی ئەم دوو کۆمەڵەیەوە گوتی: ((سەرهەڵدانیان لەبیری نەتەوەییەوە بووە، چونکە لەوی زەمانەدا تورك و ئێرانییەکان دەیان گوت: " کورد زمانی پاراوی نییە و هەموو زمانەکەی تێکەڵاوە بەوشەی فارسی و تورکی")). بۆیە ئەم دوو کۆمەڵەیە ساڵی ١٩٢٨ دەست بەکاربوون و ئامانجیان پاککردنەوەی زمانی کوردی بوو لە وشەی بێگانە.

١٨) گۆڤاری بەیان ((ژمارە ٢)) ، ١٩٧٠ ، دانیشتنێك لەگەڵ ((گۆران)) ، ل ٣.

١٩) گۆران ، کۆنی و تازەیی لە هەڵبەستدا ، گۆڤاری هیوا ، ل ٧.

٢٠) هەمان سەرچاوە ، ل ٧.

٢١) هەمان سەرچاوە ، ل ٦.

٢٢) د. دڵشاد عەلی ، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا ، ل ١٣٠.

٢٣) هەمان سەرچاوە ، ل ١٣١.

٢٤) د. عیزەدین مستەفا ڕەسول ، ئەدەبیاتی نوێی کوردی ، ل ٤٦.

٢٥)گۆران ، كۆنى و تازەيى لە هەڵبەستا ، گۆڤارى هيوا ، ل ٦.
٢٦) ئەحمەد هەردى ، پارچە سرودى شێخ نوورى ، ڕۆژنامەى هاوكارى ، ژمارە ٩٣٣ و ٩٣٤.
٢٧) عبدالرزاق بيمار ، دانيشتنێك لەگەڵ گۆران ، بەيانى ژمارە ٢ ، ل ٣٠.
٢٨) ڕەفيق حيلمى ، شيعرو ئەدەبياتى كوردى ، ل ١٧٤.
٢٩)د. دڵشاد عەلى ، بنياتى هەڵبەست لە هۆنراوەى كورديدا ، ل ١٣٤.
٣٠) اونيس ، النص القرانى وافاق الكتابة ، ل ١١٣.
٣١)ادونيس ، چەند سەرنجێك سەبارەت بەئەزموونى خۆم ، گۆڤارى ئێستا ، ل ٣١.
٣٢)گوشا محمد سعيد، چەند سەرەتايەكى نوێ لەشيعرى كورديدا،گۆڤارى بەيان، ل ٥٩.
٣٣) هەمان سەرچاوە ، ل ٥٧.
٣٤) عباس تۆفيق ، نقد الشعر العربي العراقي الحديث من ١٩٢٠ – ١٩٥٨ ، ل ٢١٢.
٣٥) هەمان سەرچاوە ، ل ٢٢٤.

* ناتوانرێ تەنها هەر ئاماژە بە ((نازك الملائكە)) بدرێت، بەڵكو كۆمەڵێك شاعيرى تريش لەم بوارەدا ئەزموونيان هەبووە لەوانە : ((بدر شاكر السياب ، عبدالوەهاب البياتى ، بلند الحيدرى ، حسين مردان)).

٣٦)نازك الملائكە ، قضايا الشعر المعاصر ، ل ٧٤.
٣٧)هەمان سەرچاوەى پێشوو ، ل ١٩٠ ، ١٩١.
٣٨)جبرا ابراهيم جبرا ، الرحلة الثانية ، ل ٢٨.
٣٩) د. دڵشاد عەلى ، بنياتى هەڵبەست لە هۆنراوەى كورديدا ، ل ١٥١.
٤٠) هەمان سەرچاوەى پێشوو ، ل ١٥١.
٤١)مەعروف بەرزنجى ، كۆن و تازە لەشيعردا ، ل ٩.
٤٢)د. دڵشاد عەلى ، بنياتى هەڵبەست لە هۆنراوەى كورديدا ، ل ١٥٢.
٤٣) محمد صديق عارف ، كامەران و هۆنراوەى كوردى ، ٢٢.
٤٤)هەمان سەرچاوەى پێشوو ، ل ٤٣.
٤٥)هەمان سەرچاوەى پێشوو ، ل ٥٤.
٤٦)عباس تۆفيق ، نقد الشعر العربى الحديث من ١٩٢٠–١٩٥٨ ، ل ٢٥٢.
٤٧)مەعروف خەزنەدار ، كوردو اسلوبى شيعر ، شەفەق ، ل ٨.
٤٨)گۆران ، كۆنى و تازەيى لە هەڵبەستا ، ل ٨.
٤٩) عەزيز گەردى ، كۆن و نوێ لەهۆنراوەى كورديدا ، هاوكارى ، ژمارە ١٢٣ ، ل ٣و٧.
٥٠) گۆران ، كۆن و تازەيى لە هەڵبەستا ، گۆڤارى هيوا ، ل ١٧.
٥١)عەزيز گەردى ، كۆن و نوێ لەهۆنراوەى كورديدا ، هاوكارى ، ژمارە ١٢٣ ، ل ٧.
٥٢) گۆران ، كۆن و تازەيى لە هەڵبەستا ، گۆڤارى هيوا ، ل ١٠.

هەواڵنامەی کتێب

٥٣) بەختیار عەلی ، دیار نادیار ئیمپراتۆریەتی وەهم ، گۆڤاری ڕەهەند ، ژمارە ((٥)) ، ل ٦٨.
٥٤)هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٦٨.

* سوارە ئێڵخانی ساڵی ١٩٣٧ لەگوندی ((قەرەگوێز))ی ناوچەی ((بۆکان)) لەدایک بووە، بەڵام لەدیوانەکەیدا هاتووە کەلەگوندی ((تورجان)) چاوی بەدونیا هەڵهێناوەو دوای ساڵێک باوکی گوندەکەی بەجێ هێشتووە و بەرەو ((قەرەگوێز)) ڕۆیشتوون. ساڵی ١٩٥٧ لەتەمەنی سی و هەشت ساڵیدا بەنەخۆشی کۆچی دوایی دەکات. لە ئاستی خوێندندا کۆلێژی ((ماف))ی لە ((تاران)) تەواوکردووە.

٥٥)محمد حمە باقی ، سوارە ئیلخانی زادە ، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ ، ژمارە ١١ ، ل ٤.
٥٦)هەمان سەرچاوە ، ل ٨.
٥٧)چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ((حسێن بەفرین))دا.
٥٨)ئەحمەد ((شەریفی)) ، سوارە ، گۆڤاری هیوا ، ژمارە ٣ ، ٥٥.
٥٩)عبدالله تاهیر بەرزنجی ، شارو نوێگەرێتی شیعرمان ، گۆڤاری ڕامان ، ژمارە ٢٣ ، ل ١٣.
٦٠)دیوانی سوارەی ئیلخانی زادە ، خەوە بەردینە ، ل ٦٤.
٦١)چاوپێکەوتنێك لەگەڵ کامبیزی کەریمی، گەلاوێژی نوێ ،ژمارە ١٥ ، ل ٢٦٥ ، ٢٦٦.
٦٢)هەمان سەرچاوەی پێشو ، ل ٢٦٥ ، ٢٦٦ .
٦٣)د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ ، ئەدەبیاتی نوێی کوردی ، ل ١٥٧.
٦٤)هەمان سەرچاوە ، ل ١٧٨.
٦٥)گۆڤاری گەلاوێژ ، ژمارە ٩ ، ل ٣٥و٣٦.
٦٦)د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ ، پێشەکی دیوانی ئەحمەد موختار ، ل ٦.
٦٧)گۆڤاری ڕوناهی ، ژمارە ١٠ ، ل ٥٠ ، هەروەها بڕوانە ژمارە ((٢))یش ، ل ٢٧ و ٢٨.
٦٨) د. مارف خەزنەدار ، ژانی ئەستێرەیەکی پڕشنگدار ، گۆڤاری هیوا ، ئەنستیتۆی کورد ، ژمارە ٣ ، ل ٣٤.
٦٩) د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ ، ئەدەبیاتی نوێی کوردی ، ل ١٧٢.
٧٠) هەمان سەرچاوە ، ل ١٥٨.
٧١) حجی جعفر ، جگەر خوێن ، گۆڤاری بەیان ، ژمارە ١١٥ ، ل ٢٥.
٧٢) د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ ، ئەدەبیاتی نوێی کوردی ، ل ١٧٢.
٧٣) اسماعیل ابراهیم محمد صالح ، قەدری جان و هۆزانا کوردیا هەڤچەرخ ، گۆڤاری کاروان ، ژمارە ٢٧ ، ل ٣٢ و ٣٣.
٧٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٣.
٧٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٤.
٧٦) ئومێد ئاشنا ، شێوە لەشیعری نوێی کوردیدا ، پاشکۆی عێراق ، ژمارە ٨٢ ، ل ١٠.

هەواڵنامەی کتێب

٧٧) د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ ، ئەدەبیاتی نوێی کوردی ، ل ٥٢.

٧٨) عبدالكريم فندی دوسكی ، عبدالرحيم ڕەحمی هەكاری و چەند هۆزانەك ، نووسەری كورد ، ژمارە ٢ ، ل ١٧.

٧٩) د. كمال مظهر ، تێگەیشتنی ڕاستی ، ل ٤٨ ، ٤٩ ، ٩٠ ، ١٧٦.

٨٠) د. فەرهاد پیرباڵ ، ع. ڕەحمی هەكاری ، ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ ، ژمارە ٨٢٩ ، ل ٦.

٨١) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٦.

* لەبارەی كاریگەرێتی گرووپی نووسەرە توركەكانی ((فەجری ئاتی)) و ((سەروەتی فنون)) و ((گەنج قەلەملار)) بەسەر ئەدەبی هاوچەرخی كوردیدا، بڕوانە وتاری كورتە پێشەكییەك بۆ سەرهەڵدانی شانۆنامە لەئەدەبیاتی كوردیدا، گۆڤاری ((هیوا))ی ئەنستیتۆی كورد لە پاریس ، ساڵی ١٩٩٣ ، ژمارە ((٨)) — ٥ — ٧٣.

٨٢) د. فەرهاد پیربال ، دیسان لەبارەی عبدالرحیم ڕەحمی هەكارییەوە ، گۆڤاری ڕامان ، ژمارە ٣٢ ، ل ٩٣.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی دووەم

## *بزووتنەوەی ڕوانگەو فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی*

- بانگەوازەکەی ڕوانگە.
- ڕوانگەو کاریگەریی بزووتنەوەی نوێگەریی میللەتانی تر.
- ڕوانگە لەدیدی لایەنگران و نەیارانییەوە.
- ڕوانگە لەدیدی ئێستاوە.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## بزووتنەوەی ڕوانگەو فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی

ڕوانگە وەک بزووتنەوەیەکی ئەدەبی لە ئەنجامی کۆمەڵێک فاکتەری بابەتی، خۆیی و دەرەکی هاتەکایەوە، ڕاستە دوای شۆڕشی چواردەی تەممووز گوڕو تینێکی گەورە درا بە ڕۆشنبیری کوردی و چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەو کتێب و بڵاوکراوە دەرچوون، ئەمانیش لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە بوون کە ڕوویەکی تری بەواقیعەکەدا بوو، بەڵام لە شەستەکان بەدواوە سستییەک باڵی بەسەر هەموو بوارەکاندا کێشا، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردیش دووچاری شکست و دووبەرەکی بۆوە ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری خۆی هەبوو، ئەدەبی کوردیش لە جووڵە کەوتبوو، کۆن و تەقلیدە سواوەکان گەڕانەوە پانتایی ئەدەبییان داگیرکردەوە کە ڕێیان لە تەقینەوەی بەهرە گرتبوو.

سالی ١٩٧٠ وەرچەرخانێکی گەورە لە ئاست بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا ڕوویدا ئەویش دەرچوونی بەیاننامەی یازدەی ئازار بوو، کە تێیدا دانترا بە مافە ڕەواکانی گەلی کورددا و هەوایەکی تازەی سیاسی باڵی کێشا بەسەر زۆربەی بوارەکاندا و چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەو ئامێلکە بە زمانی کوردی چاپ و بڵاوکرانەوە، چەند دامودەزگایەکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی کەوتنە کار، یەکێتی نووسەرانی کورد دامەزرا، چالاکی سیاسی و جەماوەری بە ئاشکرا کاری خۆیان ڕایی دەکرد، ئەمانە ڕەنگدانەوەیەکی کاریگەرییان لەسەر بزووتنەوە(١) ئەدەبییەکە هەبوو، ئەو جەختکردنەی کە شاعیران و ڕۆشنبیرانی پێش ئەو سەردەمە خستبوویانە سەر بیری نەتەوایەتی گۆڕا بۆ پرانسیپی نوێ و داهێنان.

لە ئاستی جیهانیشدا، سەردەمی گۆڕانی گەورە بوو، چ لە ئاستی سیاسی و چ لە ئاستی ئەدەبیشدا، لە ئەورووپایش چەندین بزووتنەوەی نوێگەری و ئەدەبی سەریانهەڵدابوو، جیهانیان دەهەژاند، چەندین بەیاننامەی ئەدەبی پەخشکرابوونەوەو کاریگەرییان کەم تا زۆر دەگەیشتە ناوچەکە، لە ئاستی وڵاتانی عەرەب و ناوچەکەیشدا، چەندین گۆڤاری ئەدەبی دەردەچوون ئەرکی نوێکردنەوەی شیعرییان گرتبووە ئەستۆ و کاریگەری خۆیان لەناو ڕۆشنبیراندا

هەبووە، لەوانە ((مجلة الشعر)) کەلەساڵی ١٩٥٧ وە تا ١٩٦٩ بەبەردەوامی لەبەیروت دەردەچوو، کۆمەڵێك شاعیرو ڕەخنەگری عەرەب بەشدارییان تێدا دەکرد، لەوانە ((یوسف الخال))و ((ئەدۆنیس)) و ((جبرا ابراهیم جبرا)) و ((بدر شاکر السیاب)) ژمارەکانی دەگەیشتە بەغداو ڕۆشنبیرانی کوردیش لێی بێبەری نەدەبوون. هەروەها کۆمەڵێك گۆڤاری تریش کاریگەری خۆیان هەبوو، بابەتی تیئۆری و بەرهەمی نوێیان دەربارەی نوێگەری شیعر بڵاودەکردەوە، لەوانە ((الکلمة)) و ((الأداب)) و ((شعر٦٩)) و ((العاملون في النفط)) * و گەلێکی تر.

## بانگەوازەکەی ڕوانگە

سەرتا بەپێویستی دەزانین لەناوی ڕوانگەوە دەستپێبکەین، لەچاوپێکەوتنێکماندا لەگەڵ ((کاکە مەم بۆتانی)) دا ئاماژەی بۆ ئەوەکرد، کەوشەی ڕوانگە بۆیەکەم جار لەدونیای ئەدەبدا ((شێرکۆ بێکەس)) بەکاری هێناوە، خودی ((شێرکۆ بێکەس))یش ئاماژەی بۆ ئەمەکردو گوتی : ((حەزیش دەکەم ئەوە بزانن کەوشەی ڕوانگە لەبنەڕەتدا هەرەهی من بووە، ئەوەندەی من بزانم لەناوچەی شارباژێر ((ڕوانگە)) بەو شوێنە بەرزە دەڵێن، کەلەسەر لوتکەیەکەوە یان بەرزاییەکەوە زاڵە لەڕوانین دا بەسەر هەر چواردەوردا، زۆرجاریش وابزانم بۆ ڕواوەکەو بەکار دێت، ئەم وشەیە لە زاکیرەی مندا هەر مابوو))[1] . دوای ئەوەی کۆمەڵێك فاکتەری دەرەکی و ناوەکی لەئارادابوو، دوای ئەوەی زەمینەی گونجاو ڕەخسابوو بۆ شتی نوێ و گۆمی مەنگی ئەدەبی کوردی بەرەو شڵەقاندن دەچوو، بەغدابوو بوو بەناوەندێکی ڕۆشنبیری و نووسەرانی کورد و عەرەبی بەیەك دەگایاندو مانیڤێستی ئەدەبی جیهانی و عەرەبی ئاڵوگۆڕی پێدەکرا لەنێوان نووسەرانداو شاکارە ئەدەبییە جیهانییەکان دەگەیشتنە دەستی نووسەران و ڕۆشنبیران لەبەغداو گۆڤارە ئەدەبییە بەناوبانگەکانی بەیروت و دیمەشق و قاهیرە کاریگەری خۆیان لەمەیدانی ئەدەبیدا بەجێ دەهێشت، هەروەها یەکێتی نووسەرانی عێراقیش مەڵبەندێك بوو بۆ تێکەڵاوی ئەدیبە عەرەبەکان و هەموو هەفتەیەك کۆڕیان هەبوو، هەمووشیان خولیای نوێگەریبوون، ئالەم کاتەدا

کۆمەڵێك نووسەری کوردیش بەچاکی هەستیان بەوە دەکرد، کەئەدەبی شەستەکان لەجۆرە وەستانێکدا بووە، لەجیهانبینی نوێگەریدا لەوەی بتوانێت خوێن بکات بەرۆحی شیعرداو گوڕوتینێکی بداتێ، بۆیە هەرزوو کەوتنە دیالۆگ و قسەکردن و کۆڕگرتن دەربارەی بارودۆخی ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردی، یەکێتی نووسەرانی کوردیش * ڕۆڵێکی بەرچاوی کاریگەری بینی لەبەستنی زنجیرەیەك کۆڕو سیمینار لەبەغداو سلێمانی و زەمینەی نوێگەری لەزۆربواردا ڕەخساند.

((شێرکۆ بێکەس))یش لەم بارەیەوە دەڵێت : ((ئێمە ئەبێ چی بکەین کەوتینە بەدواداچوونێکی وردەوە پێش ئەوەی گۆڤاری (٦٩)ی شیعری عێراقی بێتەکایەوە، ئێمە موتابەعەی گۆڤاری ((الشعر)) ی ((ئەدۆنیس))مان دەکرد، جۆرێك لەدەرگای تازەکردنەوەی کردبۆوە، هەروەها میسرییەکانیش گەلەری ((٦٨))یان هەبوو، ((ئاداب))ی بەیروتیشمان دەست کەوت، ئەمانەمان دەخوێندەوە، هاتنەکایەیەکی بەزۆر نەبوو، سەردەم و بارودۆخی سیاسی و ئەدەبی هێنایەکایەوە)) [٢].

((کاکە مەم بۆتانی))ش دەڵێت : ((بیرم لەرێکخراوێکی ڕوناکبیری کوردی دەکردەوە، هەموومان بەخۆوە بگرێ، لەئەنجامدا سەری گرت، لەهاوینی ١٩٦٩ کۆبوونەوەی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نووسەرانی کورد دەستی پێکرد... بۆئەوەی هەنگاوی سەرکەوتووانەی تر بنێین هەموو ڕووەکانی نوێگەری دەخرایە سەرخوانی گفتوگۆ، تاتێکرا گەیشتینە ئەوەی، کەوەختی کارکردن هاتووە، پێمان باش بوو، کەبەبانگەوازێ دەستپێبکەین و نوێخوازەکانی لەدەور کۆبکەینەوە، لەناوەڕاستی وەرزی بەهاردا، یەکەم کۆبوونەوەمان لەبارەگای یەکێتی نووسەران لەبەغدا گرت و من و (حسین عارف) و (شێرکۆ بێکەس) و (جەلالی میرزا کەریم) ئامادەی بووین، (شێرکۆ نوێنەری جەمالیش بوو)، پاش چەند کۆبوونەوەیەکی درێژ، چەند خاڵێکمان دەستنیشانکرد، کەدرایە (شێرکۆ) ئەویش بەشێوەیەکی ئەدەبی دایڕشت و لەدانیشتنێکی تردا خوێندرایەوەو ئاڵوگۆڕی تێداکرا، هەرچوارمان و شێرکۆ لەجیاتی جەمال شاربازێڕیش ئیمزای کرد)) [٣] هەروەها ((کەمال محمد))یش یەکێك بوو لەئیمزاکەرانی بەیاننامەکە*.

ئەدیبانی ڕوانگە گۆڤارێکیان بەناوی ((ڕوانگە))وە دەردەکرد، گۆزارشی لەدیدو بۆچوونیان دەکرد، سێ ژمارەی لێدەرچوو، کۆمەڵێك بەرهەمی تێدا بڵاوکرایەوە، ڕەنگدانەوەی ڕەوتی بەیاننامەکەی پێوەدیاربوو، بانگەوازەکەی ڕوانگە دەیویست بابەتییانە مامەڵە لەگەڵ کەلەپووردا بکات، دەیانگوت، پێویست ناکات، کەلەپوور بکرێت بەبەندیخانە، چونکە هەرلەو شوێنەدا داهێنان دەکوژێت، ئەوەیان ڕووندەکردەوە، کەکەلەپوور پێویستە ببێت بەسەرچاوەیەك بۆ ئەوەی شتی جوانتر بخوڵقێنێ، بەڵام هەندێك بەهەڵە ئەمەیان ڕاڤەکردو بانگەشەی ئەوەیان کرد، کەبانگەوازەکەی ڕوانگە ڕابردوو و کەلەپوور دەستووتێنێ.

بانگەوازەکە تەنها تایبەت نەبوو بەو چوارکەسەوە، هەروەك خۆیان دەڵێن: ((باگشت ئەو شاعیرو نووسەرانەی کەلەناخدا وەك ئێمە هەست ئەکەن... وەك ئێمە بیر ئەکەنەوە... وەك ئێمە کردار ئەکەن با خۆیان بەخاوەنی ئەم بانگەوازە بزانن)) (٤). گەواهیشمان بۆ ئەمە کۆمەڵێك نووسەری تربوون کەبەڕوانگەییەکان دەناسران..

لێرەدا بەپێویستی دەزانین بەکورتی هەندێك لەخاڵە گرنگەکانی بانگەوازەکە دیاری بکەین، چونکە نامانەوێت لەم بەشەدا بەقووڵی باسی خاڵە سەرەکییەکان بکەین، ئەوە زیاتر لەبەشی (ڕوانگەو کاریگەریی بزووتنەوەی نوێگەریی میللەتانی تر) باس دەکرێت.

لەبانگەوازەکەدا هاتووە دەڵێن: ((بانگەوازی ئەدەبی ئەمڕۆ بانگەوازی نەوەی شۆڕشگێڕو کارزان و سەدەی هەڵگەڕانەوەو یاخی بوونە بەرامبەر سەراپای مەیدانەکانی ژیان، بانگەوازی ئەو وشەو هەست و بیرانەیە، کەسنوورێك نیە بۆئەوەی بەزۆر بیان بەستێتەوە بەدۆش داماوی ڕاگیریان بکات، بەری چوونە پێشەوەو چاو نەترسییان لێ بگرێت)) (٥). هەروەها لەشوێنێکی تردا هاتووە دەڵێن: ((بانگەوازی ئێمە نەئەچێتەوە سەرئارەزووی خۆسەپاندن و زۆرە ملێ و نەلەچوارچێوەیەکی تەنگەبەری دروستکراوی دەستەوتاقمێکدا شەتەك ئەدرێت، چونکە نەئەشمانەوێت وشەی کوردی لەدروشمەکانی سیاسەت و ڕاستەوخۆ دەربڕینی وشکی کلاسیکیدا گیربخوات ئەمانەوێت بەرهەمەکانی ئەدەبیی ئەم

هەواڵنامەی کتێب

شردەمەمان کوت و مت لەگەڵ ڕێ ڕەوی تازەو بابەتەکانی ئەستاتیکی هونەریدا بگونجێت و ئاوێنەی هەموو ئاواتێکی کۆمەڵگا گشت مرۆڤایەتی بێت)) [٦].

ڕوانگەییەکان ئەوە ڕەتدەکەنەوە کەئەدەب لەخزمەتی چینێکی دیریکراودا بێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە داوا لەشاعیران و نووسەران دەکەن، کەخاوەن هەڵوێست بن، ئەمەش بەڕوونی لەبانگەوازەکەیاندا ڕەنگی داوەتەوە ئەوەتا دەڵێن : ((سەردەمی بەرهەمی دروست کراوی بێ بۆنەو ستایشی درۆ و هەجووی بێ پێز بەسەرچووەو ئەدەبیش لەو قەڵەمڕەوی دەرەبەگایەتییە ڕزگاری بووە کەبکرێت بەتاجێکی گەوهەرو مرواری و بەبڕیاری چەند کەسێك بکرێتە سەری یەکێکەوە، نووسەرو شاعیری ئەمڕۆمان پێویستە ئەو قاوغی ویقارو فیز لەخۆبایی بوونە کلاسیکییانە بشکێنن کەدووره پەرێزو لەسوچێکەوە دابنیشێت و تەنها بۆ حەزو ئارەزووی خۆ بهۆنێتەوەو بنووسێت ! نووسەرو شاعیری ئەمڕۆ شان بەشانی پیشەی نووسین و شیعر ووتن کارگێڕیشە... شۆڕشگێڕیشە...جەنگاوەریشە)) [٦]. کەواتە لێرەدا دەتوانین بڵێین هەڵوێست وەرگرتن لەڕووداوەکان و کۆمەڵ خاڵێکی گرنگی بانگەوازەکەی ڕوانگەیە، هەروەها ئەگەر بەدوای ئەوەدا بگەڕێین ئاخۆ ڕوانگەییەکان گەشبینن، یاخود ڕەشبینن بەرانبەر ژیان و داهاتوو ئەوا بانگەوازەکەیان ئاماژە بەگەشبینی دەدات، بۆیە دەڵێن: ((ئێمە وەها بەئاواتەوەین، کەبتوانین لەکۆڕی ئەو جەنگە پیرۆزەدا سەدان بەهرەی ڕۆشن لەدەم گورگی چەقین و کپ بوون ڕزگاربکەین، کەئەمانە هەموو لەم ساتانەی ئێستای ئەدەبەکەماندا مت و خامۆشن و بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی هەڵهاتنی ڕۆژی ڕەنگاو ڕەنگی بەختیاری دەکەن)) [٨]. هەروەها ڕوانگەییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەن، کەلەمێژووی ئەدەبیاتی میللەتەکەیاندا تەنها هەر ئەوان نەبوون، کەدەست پێشخەرییان کردبێت لەم بوارەدا، بەڵکو پێش ئەوانیش کراوەو نەوەی تریش پێدا ڕۆیشتوون، بەڵام بانگەشەی ئەمان لەسەردەمی نوێدا دبێت، جیاوازی هەبێت، لەگەڵ ئەوانەی پێشوودا ئەوەتا لەبانگەوازەکەیاندا هاتووە دەڵێن : ((بانگەوازێك لەڕوانگەی ئەدەبمانەوە درابێت بەگوێی کوڕوکاڵانی نەتەوەکەماندا تاقیکردنەوەیەك نییە، کەدەست پێشخەری

تیایا بۆ ئەوەی ئێمە بگەڕێتەوە هەروەکو ڕێگەیەکیش نییە هەربەتەنها ئێمە پیاڕۆیشتبین، بەڵکو ئەم دەنگ و خواستو مەبەستانە کەم و زۆر هەرهەبوون، ئەگەرچی بانگەوازێك لەسەردەمی زانیاری ئەمڕۆدا هەڵبدرێت دیارە ئەبێت جیاوازیی لەگەڵ نەوەکانی ڕابردوودا بەئاشکرا دیاربن))[9].

لەکۆتاییدا پوختەی بانگەوازەکەیان، لەچەند وشەیەکی ورشەداردا کۆدەکەنەوەو دەڵێن : ((ئێمە نووسینمان قاڵ بووی ئازارە، بۆیە دژی ئازار ئەجەنگێت... جوانی پەرستە... بۆیە ناشیرینی ناگرێتە خۆی... نوێ خوازە... بۆیە لەکۆن یاخی ئەبێت سەربەست و ئازادە... بۆیە گشت کۆت و زنجیرێك ئەپچڕێنێت... شۆڕشگێڕە... بۆیە لەئاست هیچ کۆسپ و مەترسی دا سڵ ناکاتەوە... مرۆڤی کورد ئەینووسێت... بۆیە بۆنەوەی کورد ئەبێتە مەشخەڵ))[10]. دەربارەی ئەم بانگەوازە ((کاکە مەم بۆتانی)) دەڵێت: ((هەموو لەوڕایەبوون دەبێ ئەدەبی کوردی لەو چوارچێوەیەی دەرچێ و تەکانێ بۆ پێشەوە بدا جا... ڕایەك هەبوو کە دەیگووت با بەبەرهەم بیسەلمێنین، ئەوانی تریش داوایان دەکرد با بەبانگەواز بانگی بۆ بدەین ! ئەوەبوو ئێمە بانگمان بۆ داو تایبەتمەندییەکانی خۆمان چەسپاند))[11].

هەروەها ((کاکە مەم بۆتانی)) لەچاوپێکەوتنێکی تردا دەڵێت : ((ئێمە نەهاتووین ڕێبازێ بۆ ئەدەبی کوردی دابنێین، ئێمە هاتووین و وتوومانە خەڵکینە ئەدەبی کوردی پێویستی بەتازەکردنەوە هەیەو تازەکردنەوەکەمان (موحد) نییە، زەمەنی ئەوەهاتووە لەکەلەپوور یاخی بین گرنگ ئەوەنییە سەربەچ قوتابخانەیەك بین گرنگ تازەکردنەوەیە))[12].

## نوێگەری دەرەوەی ڕوانگە

***گروپی کەرکوك - کفری****

زۆرجار کەباس دێتە سەر بزووتنەوەی ڕوانگە کەسانێکی تریش ئەو ڕایە دەخەنە بەردەست، کەئەوانیش پێشەنگی نوێگەریبوون و پێش دەرکردنی بەیاننامەی ڕوانگەیش هەستیان بەوە کردووە، کەدەبێت گورو تینێکی تر بدرێت بەئەدەبی کوردی، جالێرەدا بەپێویستی دەزانین بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتەکەمان و پڕکردنەوەی کەلێنێکیش ئاورێك لەگروپێکی سەرەکی ئەوکاتەی دەرەوەی ڕوانگە بدەینەوە، کەخۆیان بەئەڵتەرناتیڤی ڕوانگە دەزانی ە هەستیان بەوەدەکرد، کە سەردەم و ڕۆژنامەکان دەرگایان بەڕوویاندا والانەکربۆوەو بایەخیان پێ نەدابوون و ڕۆژگار فەرامۆشی کردبوون.

ئەم دەستەیە خۆیان بەگروپی ((کەرکوك – کفری)) دەناسێنن و ناوی گروپ لەخۆیان دەنێن، لەزۆر چاوپێکەوتن و سیمینارردا ئاماژە بەڕۆڵی خۆیان دەکەن و گلەیی و گازندە ئاڕاستەی ڕەخنەگران دەکەن بەوەی کەبایەخیان پێنەداون و ماندووبوونیان فەرامۆش کراوە.

گروپی ((کەرکوك – کفری)) لەم ئەدیبانە پێکهاتبوون ((لەتیف هەڵمەت، لەتیف حامد، فەرهاد شاکەلی، ئەحمەد شاکەلی))و چەند ئەدیبێکی تریش. سەرتا هەروەك خۆیان ئاماژەی پێدەکەن لەژێر کاریگەری ئەدەبی عەرەبیدا بوون و کۆمەڵە هۆنراوەی ((المسرح والمرایا))ی ئەدۆنیسیان خوێندۆتەوە، بەتایبەت دوای سالانی ((١٩٦٧–١٩٦٨ز)).

بەرهەمی خۆیان زیاتر لەئێستگەی کوردی ((بەغداد))وە بڵاودەکردەوە، ئەوەتا ((لەتیف هەڵمەت)) لەم بارەیەوە دەڵێت : ((لەو سالانەدا من و ((فەرهاد شاکەلی)) بەردەوام شیعری خۆمان بۆ بەرنامە شیعرییەکانی ئەوسای ئێستگەی کوردی بەغداد دەنارد، زیاتر ئەو دوو بەرنامەی کە ((جەلالی میرزا کەریم))و ((کاك عبدالله عەباس)) پێشکەشیان دەکرد))(١٣).

ئەم ڕونکردنەوەیەی کاك ((لەتیف هەڵمەت)) قسەوباس زیاتر هەڵدەگرێت، لێرەدا بەپێویستی دەزانین، ئەگەر بەشێوەیەکی کورتیش بێت ئاماژە بەکاریگەری

ئەو دوو بەرنامەیەی ئێستگەی کوردی بەغداد بدەین، کە لەسالآنی پێش حەفتادا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە، لە وروژاندنی شیعرو نوێگەری، ئەوانیش بەرنامەی ((ئێوارەتان باشی))ی ((عەبدالله عەباس)) و ((جەلالی میرزا کەریم))ـە، لەگەڵ بەرنامەی ((هەڵبەست و مۆسیقا))ی خوالێخۆشبوو ((محمد مستەفا کوردی))یە. لەم دوو بەرنامەدا کۆمەڵێك شاعیر شیعریان بڵاودەکردەوە، دەتوانین بڵێین مینبەرێکی ئازادی فرە دەنگ بوون و کاریگەری خۆیان هەبووە، بۆسەر ئەدیبان و ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە، کەماوەیەکیش پێش دەرچوونی بەیاننامەی ((ڕوانگە))بوون.

گەواهیشمان بۆئەمە ئاماژەپێکردنی زۆر لەنووسەران و ڕۆشنبیرانە بۆ ئەو کاریگەرییە کاتێك باسی شیعرو نوێگەری دەکەن، ئەوەتا ((لەتیف هەڵمەت)) لەم بارەیەوە دەڵێت : ((من زۆر هۆگری بەرنامە شیعرییەکانی ئێستگەی کوردی بەغدا بووم، بەجۆرێك سەرجەم شیعرەکانی ((خواو شارە بچکۆلەکەم))م پێش چاپکردنی تێیاندا پەخش کردووە)) [١٤].

هەروەك گوتمان گروپی ((کەرکوك – کفری)) لەژێر کاریگەری شیعری نوێی عەرەبی و ئەوروپاییدا بوون و شیعری ((سەیاب و بەیاتی و نازك الملائكە و بلند حەیدەری و حسێن مەردان و شاعیرە فەلەستینییەکانیان)) دەخوێندەوە، ئەوەتا ((لەتیف هەڵمەت)) دەڵێت : ((بەیاننامە شیعرییەکەی (فازل عەزاوی)و هاوڕێکانی لەگەڵ گۆڤارەکەیاندا گۆڕانکارییەکی زۆری تێدا بەرپاکردین بەتەواوی هەژاندینی و لەسەر گۆڕانکاری شیعری سوورتری کردین)) [١٥].

((لەتیف حامد))یش دەربارەی ((لەتیف هەڵمەت)) دەڵێت : باشترین ئەدیب لەم بوارەدا لای من شاعیری تازە پێگەیشتوو ((لەتیف هەڵمەت))ـە، ئەوەی جیای دەکاتەوە لەهەموویان، گیانی بەرەنگاری و باخیبوونێتی، دیوانە شیعرەکەی ((خواو شارە بچکۆلەکە))مان مزگێنی و نوقلانەی شیعری نوێی تێدایە. لێرەدا بەپێویستی دەزانین تیشك بخەینە سەرخاڵێك، کەزۆرجار لەچاوپێکەوتن و سیمیناردا وروژێنراوە، ئەویش ئەوەیە، بۆچی ئەدیبانی ڕوانگەو گروپی ((کەرکوك – کفری)) پێکەوە بەیاننامەکەیان دەرنەکرد؟ سەرەتا

((شێرکۆ بێکەس)) لەم بارەیەوە دەڵێت : ((نوێکردنەوە تەنها لە ڕوانگەدا نەبوو، بەڵکو لە جیلی کەرکوکیشدا هەبوو، ئێمە یەکترمان بینی ویستمان بەیەکەوە بەیاننامەکە دەرکەین، لەبیرمە من و (حسێن عارف) پێکەوە چووین بۆ کەرکوك، (لەتیف حامد و لەتیف هەڵمەت)مان بینی، بەڵام ئەوان نەهاتنە پێشەوە، لەبەر چەند هۆیەك تائێستا یش هەندێکیان نازانم چی بوو ؟))[16].

لەوەلامی هەمان پرسیاریشدا ((لەتیف هەڵمەت)) دەڵێت: ((ئەدیبانی ڕوانگە کەلەناویاندا (شێرکۆ بێکەس و حسێن عارف)بوو هاتن بۆ کەرکوك لەماڵی (عبدالعزیز خانەقا) کۆبوونەوەیەکمان سازدا، لەگروپەکەی ئێمەیش من و (لەتیف حامد و صدرالدین عارف و عبدالعزیز خانەقا) ئامادەبووین، ئەوان ویستیان بەهاوبەشی بەیاننامەکە دەرکەین، بەڵام ئێمە ڕێك نەکەوتین))[17].

دوای دەرچوونی بەیاننامەکەیش ناکۆکی کەوتە نێوان ئێمەو ڕوانگەییەکانەوە، دیارە ئەم ڕێنەکەوتنەیش کۆمەڵێك هۆکار لەپشتییەوە بوو*. بێگومان نەش و نماکردنی هەردوو گروپەکە لەیەك ئاستدا نەبوون، ڕوانگەییەکان زیاتر پەیوەست بوون بەبەرهەمی شاعیران و ڕۆشنبیرانی کوردەوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی لەبەرهەمەکانیاندا هەبوو، هۆکارەکەشی دەگەڕایەوە بۆ حوکمی جوگرافیاو باری مێژوویی و سیاسی ناوچەکە، بەپێچەوانەوە گروپەکەی زیاتر دووربوون لەکەلەپوورو ڕۆشنبیری کوردی و لە ئەدەبی عەرەبییەوە نزیك بوون.

ناکۆکی نێوان ڕوانگەییەکان و گروپی ((کەرکوك - کفری)) خۆی گەیاندە نێو کۆڕو سیمینارەکان*.

گروپی ((کەرکوك کفری))یش بەیاننامەیەکیان بەناوی ((شێتەکان: شەرنج، هەڵوێست، پڕۆژە))هەبووە، هەرچەند کاتی خۆی لەهیچ ڕۆژنامەو گۆڤارێکدا بڵاونەکراوەتەوە، بەبۆچوونی خۆیان ئەدیبانی ڕوانگە دەستیان بەسەر ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا گرتبوو، نەیانهێشتووە بڵاوبکرێتەوە، بەڵام لەکۆنگرەی یەکێتی نووسەراندا لە هەولێر لە ١٤ی تەمموزی ١٩٧١ دا نووسخەی لێ دابەشکراوە بەسەر ئامادەبواندا، بۆیە لێرەدا دەبێت ئەگەر بەکورتیش بێت

هەواڵنامەی کتێب

ئاوڕێکی خێرای لێ بدەینەوە. ئیمزاکەرانی ئەم بەیاننامەیە تەنها ((لەتیف هەڵمەت و فەرهاد شاکەلی)) بوون، مێژووی دەرچوونیشی دەگەڕێتەوە بۆ مانگی ((٧))ی ساڵی ١٩٧١ز، بۆیە لێرەدا بەپێویستی دەزانین تیشك بخەینە سەر هەندێ خاڵی ئەو بەیاننامەیە، لە خاڵێکدا دەڵێن : ((هەڵبەستی کوردی هێشتا دیلی ئەوقاوغەیە، کەهەر لەمناڵییەوە کراوە بەپۆیلانەی، کاتی ئەوە هاتووە کەشۆڕشێك بەرپابکەین بەسەر هەموو ئەو دەستوورو یاساو ڕژێمانەدا، کەتاکو ئێستا هەڵبەستی کوردی شەتەك داوە، گۆڕانیش بێ شۆڕش نابێ)) [18].

ئەم خاڵی بەیاننامەیە وانیشان دەدات کەشیعری کوردی هەر لەکۆنەوە تائێستا هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووەو هەر لەسەر قاڵبە کۆنەکە دەڕوات و ئەمان بانگەشەی نوێگەری دەدەن و داوای بەرپاکردنی شۆڕش دەکەن بەرامبەر یاسا کۆنەکان، جالێرەدا دەبێت ئەوە بگوترێت، کەڕەنگە ئەمان ئاگاداری هەندێك لایەنی نوێگەری پێش خۆیان نەبووبن، ئەگینا چۆن یەکسەر ئەو بڕیارە دەدەن، کەئەوان لەو کاروانەدا پێشەنگن، ئەگەر بەراوردی ئەم بۆچوونەی ئەمان لەگەڵ ڕوانگەییەکاندا بکەین، ئەوا بانگەوازەکەی ڕوانگە هێمنانەتر، ئاماژە بۆ ئەمە دەکات، ئەوەتا دەڵێن : ((کاروان لەوکاتەوە تا ئەمڕۆ لەڕۆیشتنایەو هەر پلەیەکی سەرکەوتنیش سیمایەکی تازەتری تایبەتیی بۆخۆی دەست نیشانکردووەو پێشکەوتنێکی نوێتری هێناوەتەکایەوە... تا گەیشتۆتە سەر ئەوەی ئێمەو پلەی پێشکەوتنی ڕۆژانی ئێستای ئێمە)) [19]. کەواتە ئەمان ئەو نوێگەرییانەی، کەپێش خۆیان کراوە بەشێوەیەکی گشتی ڕەت ناکەنەوە، بەڵکو بەسیمایەکی قۆناغی پێش خۆیانی لەقەڵەم دەدەن.

لەخاڵێکی تری بەیاننامەی ((گروپی کەرکوك – کفری)) دا هاتووە، دەڵێن: ((دەسا بابەبێ ترس دان بەوەدا بنێین کەهەر چیمان هەیە تەنها تاقیکردنەوەیەکی سەرنەکەوتووە، بۆیە ئێمەش کەلەپووری هۆنراوەییمان بەشێوەیەکی گشتی بەدواوە ئەدەین و لێی یاخی نەبین و سزای پشتگوێ خستن و بەرەڵاکردنی بەسەردا ئەدەین)) [20].

ئەمەش خۆی لەخۆیدا بڕیارێکی توندڕەوانەیەو ڕەتکردنەوەی کەلەپوورە بەشێوەیەکی گشتی و یاخی بوونێکی سەرکەشانەیە.

سووتاندنی کەلەپوورو ڕەتکردنەوەی بەشێوەیەکی گشتی لەلایەن چەند ڕۆشنبیرێکەوە، دەدرایە پاڵ ڕوانگەییەکان، بەڵام ئەمان لەزۆر کۆڕو سیمینارەدا ئەوەیان ڕەتکردۆتەوە، ئەوەتا لە بەیاننامەکەیاندا هاتووە دەڵێت: ((کۆن بەلای ئێمەوە لەپێوانی بابەتەکانی ئەدەبدا هەر ئەوە نییە کەکوێرانە یاخی بوونێکی دژ بەرپا بکەین، ئێمە بڕوامان وایە کەتاقیکردنەوە کۆنە سەرکەوتووەکان هەمیشە پاڵ پشت بوون بۆڕێ ڕەوە تازەکانی دوای خۆیان و ئەمان لەمنداڵدانی ئەودا لەدایك بوون و لەباوەشی ئەوا کەوتوونەتە گڕوگاڵ)) [٢١].

لەخاڵێکی تریشدا هاتووە دەڵێت: ((هەستیاری ڕاستەقینە ئەبێ شارەزاییەکی تەواوی هەبێت لەهەموو ڕۆشنبری جیهاندا، لەپشکنینی دەروونی خۆیدا تاوەکو بتوانێ ئەو وێنەیەمان پێشکەش بکا کەئەیەوێ)) [٢٢].

شارەزابوونی شاعیر لەهەموو بوارە مەعریفییەکاندا، شتێکی چاکە، بۆ دەوڵەمەندکردنی بەهرەی شیعری، چونکە لەزۆرکاتدا بەهرە بەتەنها ناتوانێ مەشخەڵی نوێگەری و بەردەوام بوون ببەخشێت، ئەگەر خۆ دەوڵەمەندکردنی لەگەڵدا نەبێت. تووڕەیی و یاخی بوونیش خاڵێکی گرنگی ئەم بەیاننامەیەیە، ئەوەتا دەڵێن: ((بۆ ئەوەی هەڵبەست بنووسین، ئەبێ خۆمان بین تووڕەو یاخی بین، هەموو ((ئەمڕۆ)) یەکمان پلەیەکی بەرزتربێ و پێشکەوتووتر بێ لەهەموو (دوێنێ) یەکمان)) [٢٣].

لەشیعردا تەقینەوەی بەهرەکان کارێکی باشە، ئەگەر داهێنانی چاکی لەگەڵدا بێت، خۆئەگەر هەر لاسایی کردنەوە بێت و لەسەر خولگەی کۆن بسوڕێتەوە، ئەوا جۆرێك لەبێزاری لای خوێنەر دەخوڵقێنێ.

ناوەڕۆکی ئەم بەیاننامەیە گوتارێکی توندڕەوانە باڵی کێشاوە بەسەریداو خۆی لەگوتاری حەماسی و سیاسی نزیك دەکاتەوە، تاشیعرو بەڕاشکاوی داوای دابڕان لەکەلەپوور دەکات و پێ دادەگرێت لەسەر سووتاندنی. لەبەر ئەوەی هەندێ جار باسی ڕوانگەو گرووپی ((کەرکوك — کفری)) تێکەڵاو یەکتر دەبن، بۆیە

ناچاردەبین، ئاماژە بەهەندێ بابەت بکەین، لێرەدا بۆئەوەی لەڕێڕەوی باسەکەیش دەرنەچین، تەنها نموونەی شیعری سەرقافڵەی ئەو کاروانە وەردەگرین، کە ((لەتیف هەڵمەت))ـە، لەبەشی دووەمدا هەندێ دیدوبۆچوونی ئەم شاعیرەمان دەستنیشان کردووە، بۆیە لێرەدا بەپێویستی دەزانین تەنها نموونە شیعرییەکانی وەرگرین و لەسەری بدوێین.

((لەتیف هەڵمەت))ساڵی ١٩٧٠ دیوانێکی شیعری بەناوی ((خواو شارە بچکۆلەکەمان)) بڵاوکردەوەو سەدایەکی گەورەی بەرپاکرد، زۆر لە ڕەخنەگران و نووسەران لەسەریان نووسی و سیمیناریان لەسەرگرت، ئەوەتا خودی ((شێرکۆ بێکەس))یش لەبارەی ئەم دیوانەوە دەڵێت : ((ئینجا لە هەمان کاتدا ئەوەش دەڵێم دیوانی (خواو شارە بچکۆلەکەمانی) لەتیف هەڵمەت، بەبڕوای من یەکێ بوو لەشتی تازەو جوانەکانی ئەو وەختە))[٢٤] یان ((کەمال میراودەلی))یش دەڵێت : ((لەو دیوانەدا تازەییەکی سەیرو نائاسایی لە شیعری کوردیدا دەبینرێ، سەیری هەرناوی دیوانەکە بکەن ((خواو شارە بچکۆلەکەمان)) ئەوە خۆی لە خۆیدا ناونیشانێکی تازەبوو بۆ ئەوکاتە، دوایی سەیری ناونیشانی هۆنراوەکان بکەن، چرایەك لەشەپۆلی گەڕاودا، پەیکەرێك لەپشکۆ، لەباوڵێکی کلیل وون بوودا، مردن لەخوێ شەوایە، لقی هەتاو، وشە سووتاوەکان، ئەو کوولەکانە ئەشکێنم))[٢٥]. هەندێ شیعری ئەم دیوانەی کاریگەری شێوازی ((گۆران و کامەران موکری و دیلان و جەمال شارباژێڕی)) بەسەرەوە دیارە، شیعرەکانی ((لەتیف هەڵمەت)) زادەی ڕەنگدانەوەی ژیانێکی پڕناسۆرو کارەساتە.

((کەمال میراودەلی))یش دەربارەی شیعرەکانی ((لەتیف هەڵمەت)) دەڵێت: ((تازەیی شێوەو ناوەڕۆك، یاخی بوون، ئەوپەڕی دڵسۆزی و ڕاستگۆیی، سادەیی و ڕوونی ئەمانە چوار خاسێتی شیعری لەتیف هەڵمەتن))[٢٦]. هەروەك چۆن یاخی بوون لای ڕوانگەییەکان خاڵێکی گرنگ بووە، هەمان بابەتیش لای ((لەتیف هەڵمەت)) دووبارە دەبێتەوە، ئەوەتا لەشیعرێکدا بەناونیشانی ((ئەم کوولەکانە ئەشکێنم))دا دەڵێت :

ئەم کوولەکانە ئەشکێنم

ئەمە باوەڕی منە

ئاگرەکەم ناتوێتەوە

تەمەنی من بڵێسەیەکی

بێ خۆڵەمێشە

پەرستگاکان ئەڕوخێنم

ووشەکانم ئامێتەی ڕەگی زەوی ئەکەم

شینایی ئاسمان

وەکو چڵی یادگار لەسەر دڵما ئەشکێنم

ئەمە باوەڕی منە

شەپۆڵەکانم وەستانی نیە

کەس لە زبانم تێ ناگات

یان :

ئەمە باوەڕی منە ئەم کولەکانە ئەشکێنم

پەنجەرە ژەنگاویەکان ئەوەرێنم

خۆم ئەخزێنمە مناڵدانی بەهارەوە

لقی خۆر ئەکەم بەشنەی بەستەکانم [٢٧]

لێرەدا شاعیر ((کولەکەی)) وەکو ڕەمزو شتی ناشیرین بەکارنەهێناوە، پەیامەکەیشی پەیامی یاخیبوونە، لەهەمانکاتیشدا گیانی یاخیبوون زاڵە بەسەر زمانەکەیدا، لەشیعرێکی تردا بەناونیشانی ((بۆ ئەوڕۆژەی کەهاڵی ئەشکێ)) یاخیبوونەکە زیاتر بەرچاو دەکەوێت، ئەوەتا دەڵێت :

پێتان ئەڵێم.. یاخی بن.. یاخی بن

لەم هەموو نەخشەو باجە

یاخی بن.. لەم مەیدانە.. لەم گەراجە

کە مرۆڤی وەکو ئامراز تیا هەراجە

یاخی بن.. یاخی بن

لەو قەمانەی

کە سووری خوێنی حەلاجە

یاخی بن.. یاخی بن.. چونکە هێشتا

خوای ئەم شارە هەر حەجاجە [٢٨]

لێرەدا مرۆڤ لای شاعیر لەسەرووی هەمووشتەکانەوەیە، بۆیە یاخیبوونەکەیش، تەنها لەپێناوی ئازادی و سەربەستی مرۆڤدایە، لەکۆت و بەندێتی و دیلی. کارەساتی ((حەلاجی))یشی بەشێوەیەکی گونجاو لەشیعرەکەدا تەوزیف کردووە، بەشێوەیەك، کەهەموو تاوانێکی ڕۆژانەی بەحەلاجێك لەقەڵەم دوە، کەدەکرێت لەسەر دەستی ((حەجاجی)) سەردەم، لەهەمان کاتیشدا وێنەیەکی شیعری جوانی لەڕووداوێکی مێژوویی دروستکردووە و تێهەڵکێشی دەقە شیعرییەکەی کردووە.

((لەتیف هەڵمەت)) هونەرییانە، کەزیاتر گیانی داهێنانی پێوەدیارە، نەك لاسایی کردنەوە، ئەوەتا شێوازی چیرۆکی لەشیعردا بەکارهێناوەو لەشیعرێکدا بەناونیشانی ((ئاوات))ەوە دەڵێت :

پاچێکم دا لەپیرەدار

سەری هەڵبڕی و بزووت:

– بۆ ئەمبڕی ئەی شاعیرە لاسارەکە.. بۆ ئەمبڕی ؟

× ئەتکەم بە دەرگای ژوورەکەم

بەری ڕەشەبام لێ دەگرێ

دەم پارێزێ لە دزوتەم

((دار زریکانی و گریا))

× بۆچی ئەگریت.. هۆپیرەدار.. مەگری

گەر منیش وازت لێ بێنم

تۆ پیربوی و ڕەشەبا دەتبات و هەر دەمری

– گەر ئەمبڕی.. مەمکە بە دەرگای ژوورەکەت

گەر ئەمبڕی

× بتکەم بەچی ئەی پیرەدا ؟
– بمکە بە تابووت بۆ زۆردار [٢٩]

ئەم شیعرە وەکو گوتمان شێوازی گێڕانەوەی چیرۆك بەخۆیەوە دەبینێ و دیالۆگ دەکەوێتە نێوان خودی شاعیرو دارەوە، لەهەمان کاتیشدا شێوازی بەمرۆڤ بوونی بێگیانی تێدا بەرجەستە بووە. ((لەتیف هەڵمەت))یش وەکو شاعیرانی ڕوانگەو هاوسۆزەکانیان پەنای بردۆتە بەر ئەفسانە، بەڵام زیاتر جەختی لەسەر ئەفسانە فۆلکلۆرییە کوردییەکان کردۆتەوە کەم تر بەرەو ئەفسانەی جیهانی ڕۆیشتووە. هەروەك پێشتریش گوتوومانە، دیوانی ((پڕۆژەی کودەتایەکی نهێنی)) شاعیر ((فەرهاد شاکەلی)) سەرەتایەکی باش بووە، بۆنوێگەرێتی شیعری کوردی، زۆر لەرەخنەگران و لێکۆڵەرەوەکان کاتێك ئاوڕ لەشیعری نوێی کوردی دەدەنەوە، ئاماژەی پێ دەدەن، بۆیە ئێمەش لێرەدا بەپێویستمان زانی نموونەیەك لە شیعرەکانی ئەو دیوانە وەربگرین :

(( پڕۆژەی کودەتایەکی نهێنی ))

ئاسۆ دیاربوو کەسوارەکان بەتاوهاتن،
ئاڵای ڕۆژیان هەڵگرتبوو..
ڕوخساری پڕ لەتووڕەیی – پارتاکۆس –
چاوی – سیزیف –
لە ڕومەتیان دەرئەکەوت
لەژێر گەردوو تۆزی چڕی
سمی وڵاخەکانیانا
ئەشکەوتی قوڵ هەڵواسراوە
لەڕێگادا
بزماری ژێر هەنگاوەکان هێزی چەکوش
لایان ئەبا [٣٠]

## ڕوانگەو کاریگەریی بزووتنەوەی نوێگەریی میللەتانی تر

لەو ساڵانەی کەبزووتنەوەی نوێگەری لەئەدەبی کوردیدا سەریهەڵدا، لەناو ئەدەبی دوومیللەتی دراوسێدا، کەئەدەبی عەرەبی و فارسی بوون، بزووتنەوەیەکی نوێگەری بەهەمان شێوەی ڕوانگە سەریهەڵدابوو، ئایا ڕە لێك نزیکی ئەو دوو میللەتە لەگەڵ میللەتی کوردا لە ڕووی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە لەلایەك و نزیکی ساڵانی سەرهەڵدانی بزووتنەوەکان لەلایەکی ترەوە، ئەو پرسیارەمان لەبەردەم دا دەکاتەوە، کە ئایا ڕوانگە، تاچ ڕاددەیەك پەیوەندی بەو بزووتنەوانەوە هەبووەو لەچ لایەنێکدا لەوان دەچێ و لەچ لایەنێکدا لێیان جیا دەبێتەوە، ئەم سێ بەیاننامە ئەدەبییانە ڕوانگەو بەیاننامەی (٦٩)و بەیاننامەی شیعری حجم لەدەرکەوتن و شوێنی سەرهەڵدانیان لەیەکەوە نزیکن، هەرسێکیان، لەکۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا دەرکراون، واتا ساڵ یا دوو ساڵ جیاوازی زەمەنییان هەیە، کەزۆر لەیەکەوە نزیکن، لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و ئایینی و ڕۆشنبیری، واتا تاڕادەیەك لێکچوونێك لەپێکهاتەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیاندا دەبینرێت، ئەگەر چی ئاستیان جیاوازە. بەیاننامەی ڕوانگە لەمانگی چواری ساڵی ١٩٧٠دا لەلایەن کۆمەڵێك نووسەری گەنجی کوردەوە دەرچوو، کە بریتی بوون لە: ((شێرکۆ بێکەس، حسین عارف، کاکەمەم بۆتانی، جمال شارباژێری، جەلالی میرزا کەریم)) [٣١] بەیاننامەی (٦٩)یش ساڵی ١٩٦٩ز لەلایەن چەند ئەدیبێکی عێراقییەوە بڵاوکرایەوە، کە بریتی بوون لە : ((فاضل العزاوي، فوزي كريم، سامي مهدي، خالد علي مصطفى)) [٣٢] بەیاننامەی شیعری ((حجم))یش ساڵی ١٩٦٩ز لە لایەن چەند نووسەرێکی فارسەوە دەرچوو کە ئەمانە بوون : ((یدالله رؤیایی، پرویز آسلامپور، محمود شجاعی، بهرام اردبیلی، هوشنگ آزادی)) [٣٣].

سەرهەڵدانی هەرسێکیان لە ((٦٩ – ٧٠))دایە، واتا دەکرێت بڵێین پاش پەرەسەندنی نوێگەری یەکەمی ئەم سێ میللەتەبووە، مەبەستمان لەنوێگەری یەکەمیش لە ئەدەبی کوردیدا، هەوڵەکانی ((گۆران، شێخ نووری، دیلان، کامەران، ...هتد)). نوێگەریی یەکەمیش لەلای عەرەب و فارسەکان زیاتر خۆی لە ((نیما

یوشیج)) و ((بدر شاکر سیاب)) و ((نازك الملائکه))و((عبدالوەهاب البیاتی)) دا دەنوێنێت. ئەو نووسەرو شاعیرانەی کەلەبڵاوکردنەوەی ئەو بەیاننامانەدا بەشدارییان کردووە، دەرکەوتووی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان بوون، ئەگەر چی سەرەتای نووسینی هەندێکیان دەگەڕێتەوە بۆکۆتایی پەنجاکان، لەوانە ((حسین عارف و شێرکۆ بێکەس و جەمال شارباژێڕی)) بەڵام بەرهەمی کۆتایی شەستەکان و حەفتاکانیان و جۆری بیرکردنەوەیان جیاوازبووە، هەرسێ بەیاننامەکە ویستوویانە شتی جیاواز بخەنەڕوو، تا لەسنووری نوێگەریی یەکەم ڕزگاریان بێت، ئاشکرایە نوێگەری یەکەم لەشیعری ئەم سێ میللەتەدا سەرەڕای بایەخدانیان پەلایەنی ستاتیکی شیعر بەئاستی جیاواز، بەڵام بەشێوەیەکی ئێجگار فراوان لکابوون بەکێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە، وەك خەباتی چینایەتی، کۆششی نەتەوەیی، کێشەی ئافرەت، لەکاتێکدا نوێگەری لای ئەدیبانی بەیاننامەکان، تاڕاددەیەك ڕووەو تاك و لایەنە ستاتیکاکە وەرچەرخاوە، لێرەدا زیاتر مەبەستمان بەیاننامەی فارس و عەرەبەکانە، ئەگینا ڕوانگە بەجۆرێکی هونەرییانەتر خۆیان لەکۆمەڵ و کێشە کۆمەڵایەتییەکان نزیك کردۆتەوە.

بەپێویستی دەزانین لەڕوانگەی بەراووردکردن و وەستان لەسەر هەرسێ بەیاننامەکە، تایبەتمەندێتی چەند لایەنێکیان بخەینە ڕوو، ڕەنگە لێرەشدا شیاوبێت، باسی بەراوردبکەین، چونکە بەیاننامەکان لەکاتێکدا دەرچوون نزیك بوون لەیەکەوە، نووسەرانی ڕوانگەیش، جگەلەوەی شارەزای ئەدەبی عەرەبی و عێراقی بوون، ڕەنگە پەیوەندی کەسیشیان لەگەڵ ئەدیبە عەرەبەکاندا هەبوو بێت، بەتایبەتی ((شێرکۆ بێکەس و حسین عارف)).

بزووتنەوە ئەدەبییەکانی ئەورووپاش لەڕێگای ئەدەبی عەرەبییەوە کاریگەری خۆیان لەسەر ئەدەبی کوردی هەبووە، لەهەمان کاتیشدا گۆڤارە ئەدەبییەکانی عێراق و عەرەب لەو کاریگەرییە بێبەش نەبوون، ئەوەتا ((شێرکۆ بێکەس)) دەڵێت: ((ئێمە بەتاقیکردنەوەکانی ئەدیبانی عێراقی و گۆڤاری ٦٩ متأثر بووین، بەڵام کوێرانە چاومان لێ نەکردن، واقعی ئەدەبی خۆمان لەپێش چاوبوو))[٣٤]. هەروەها ((شێرکۆ بێکەس)) دەڵێت : ((دیارە جۆرێك لەکارتێکردن

هەبووە، پەیوەندییەکانمان زۆر کاریگەری هەبوو، دوایش قسەکردن، ئێمە جگە لەمان خوێندنەوەی تری ئەدەبیمان هەبوو، بەتایبەت لەڕێگای عەرەبییەوە، دار الشرق، مصر، عیراق، سوریا، بۆ نموونە ((گاوردی)) کاریگەری لەسەر ئێمە هەبوو، بەتایبەت لە (واقعیە بلا ضفاف)دا، بۆ فۆرم و ناوەڕۆک ، نەک هەر لەسەرئێمە، بەڵکو لەسەر عەرەبیش هەیبوو، ئەوانیش سێبەری ((گاوردی))ـیان بەسەرەوە دیاربوو، شیعری بەعەرەبی کراوی ((ئەلیوت)) جۆرێك لەبیرکردنەوەی نوێی دروست دەکرد)) [٣٥].

وەك وتمان نوێگەری یەکەم جەختی لەسەر کۆمەڵ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کردووە، بەڵام بەپێچەوانەوە نوێگەری بەیاننامە عەرەبی و فارسییەکە، بەزۆری لایانداوە بەلای تاك و زاتییەتدا، ئەدیبانی ڕوانگە بەهۆشێکی هونەری زیاترەوە مامەڵەیان لەگەڵ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا کردووە، واتا وەك عەرەب و فارسەکان زۆر بەلای ((خود))دا نەچوون، بۆیە دەبینین ڕوانگەییەکان لەبەیاننامەکەیاندا زۆر بەزەقی باسی کێشەی کۆمەڵ و هەستی نەتەوەیی و ئیلتیزام بوون بەمەسەلە نەتەوەییەکانەوە دەکەن، وەك دەڵێن: ((ئێمە نووسینمان مرۆڤی کورد ئەینووسێت. بۆیە بۆنەتەوەی کورد ئەبێتە مەشخەڵ.. سەربەست و ئازادە بۆیە گشت کۆت و زنجیرێك ئەپچڕێنێت)) [٣٦] تەنانەت وشەی یاخیبوون کە لەبەیاننامەی ڕوانگەدا هاتووە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەشیعر چیرۆك و وتاری سەرەتای حەفتاکاندا بەکاریهێناوە، بەیاننامەی ڕوانگە شتە گشتییەکان ((عمومیات)) باس دەکات پرۆژەیەکی هونەری و ستاتیکی ئەدەب ناخاتە ڕوو، دیارە هەموو بەیاننامەیەك پرۆژەیەکی تایبەتییە لە عمومیات دەرئەچێت، چەند هێڵێك دەکێشێت کەهەنگاوی کۆمەڵێك کۆدەکاتەوە، بۆنموونە کە باسی کەلەپوور دەکات بۆچوونێکی ڕوون لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵیدا دەرنابڕێت، یان یەکێك لەگرفتەکانی ئەوەیە کەدێتە سەرباسکردنی پێکهاتەی ئەدەبی، دەق دەکات بە دوالیزم و هەربەشێوەیەکی دوالیزمانە باسی دەکات، ڕاستە ئەدیبانی ڕوانگە لە شوێنێکدا دەڵێن : ((بەلای ئێمەوە شێوەو ناوەڕۆك لەیەکتر جیاناکرێتەوە، هەردوو هەر لەیەك بۆتەدا قاڵ ئەبن و پێکیشەوە لەدایك

ئەبن)) [٣٧] تائێره تاڕاددەیەك ڕاست سەیری پێکهاتەی ئەدەبی دەکەن و ئاماژە بۆئەوە دەکەن کەشێوەو ناوەڕۆك لەیەکتر جیاناکرێنەوە، بەلاّم پاش چەند دێڕێ دوای ئەو ئاماژەکردنە، دێنە سەرئەوەی کە ((لەسەردەمی ئێستاماندا ئەو بابەتە ئەدەبییە قورس و قەبانە ماوەی ژیانیان نەماوە، کەهونەری ناوەڕۆك ئەکەن بەژێر پێی ئەسپی باڵداری خەیاڵ و داروپەردووی وشەی وشك و برنگی ڕەق و بێ گیانەوە)) [٣٨]، ئالێرەدا وەك دەبینرێ پێکهاتە ئەدەبییەکە جیادەکەینەوەو دابەشی دەکەن بەسەر شێوەو ناوەڕۆکدا، ئەمەش بۆچوونێکی ڕوون نییە، بۆچوونی ڕاست بۆکێشەی پێکهاتەی ئەدەبی ئەوەیە کەئەدەب یادەقی ئەدەبی یەکەیەکە ناکرێت، دابەش بکرێت بەسەر دوالیزمی شێوازو ناوەڕۆکدا، چونکە ئەو یەکە ئەدەبییە پارەچەکانی پێکەوە گرێدراون، ناکرێت بەجیا باسی ڕووخسار یان ناوەڕۆك بکرێت، چونکە یەکەی دەقی ئەدەبی ئامادەی دابەشبوون نییە، دەقێکی ئەدەبی نییەی بووبێت بەگەوهەری ڕووخسارێك، ئەمانە پارچەیەکی گرێدراوی تەواون، دەتوانین بڵێین وەك دەرزی و دەزوو وان، پێکەوە کرداری دروومان بەرهەمدێنن، کەئەنجامی دروومانەکە دەرئەکەوێت، ئیتر ناکرێت، تەنها باسی دەرزی یا دەزووەکە بەجیا بکرێت. بۆچوونی نووسەرانی بەیاننامەی ڕوانگە سەبارەت بەپێکهاتەی ئەدەبی وابووەو لەسەر شێوازی دوالیزم ((ثنائیات)) بەرزبۆتەوە، بەلاّم بەرهەمە ئەدەبییەکانی خۆیان کاری سلبی ئەم دوالیزمەی پێوە دیار نییە.

لەبەرهەمی ڕابەرانی ڕوانگەدا سێبەری کاریگەری ئەو دوالیزمە نابینرێت، لەشیعرەکانیاندا چاومان بەپێکهاتەی هونەری دەکەوێت، واتا هەست بەزاڵبوونی ناوەڕۆك ناکەین، بەڵکو لەدەقەکانیاندا زمان و بەشێوەبوونی ((التشکل)) بالاّ ڕەوتی خۆیان دۆزیوەتەوە.

ڕوانگە بەشێوازو نیبرەی یاخیبوون و شۆڕشگێڕانەوە سەیری ڕابردوو پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکان دەکات، زیاتر جەخت لەسەر ئەم دوولایەنانەو ئەرکی کۆمەلاّیەتی ئەدەب دەکات، جارجاریش بەناو باسی جوانکاری و خەیاڵ دەکرێت، بەلاّم بێ ئەوەی لەجۆرو ئەرکەکانی بدوێن.

ئەگەر چی ئێمە، بەبەرهەمەکانی نووسەرێکی داهێنەری وەك ((حسین عارف یا شێرکۆ بێکەس))دا بچینەوە، باوەڕ بەوە ناکەین، کەئەدەب لەشاکارو دەقەکانیاندا کرابێت بەئامراز ((وسیلة)) نەك ئامانج، بەلام پێچەوانەی ئەمە لەچەند پەرەگرافێکی بەیاننامەکەدا هەست پێ دەکرێ، وەك هاتووە دەڵێن : ((بانگەوازی ئەدەبیی ئەمڕۆ بانگەوازی نەوەی شۆڕشگێڕو کارزان و سەدەی هەڵگێڕانەوەو یاخیبوونە بەرامبەر سەراپای مەیدانەکانی ژیان بانگەوازی ئەو وشەو هەست و بیرانەیە کەسنورێك نییە بۆ ئەوەی بەزۆر بیان بەستێتەوەو بەدۆش داماوی ڕاگیریان بکات و بەری چوونە پێشەوەو چاونەترسییان لێ بگرێت)) [٣٩].

وەك لەپێشەوە وتمان ڕوانگە لەچوارچێوەی خەم و ئەرکی کۆمەلایەتی و نەتەوایەتیدا دەسووڕێتەوە، زیاتر جەختیان لەسەر بەکۆمەلایەتی بوونی ئەدەب کردووە، ئەوەندە بەشێوەی تایبەتی نەك بەگشتی لەخود ((ذات)) و لایەنە هونەرییەکان نەکۆلاونەتەوە، هەوڵیان نەداوە، یان نەیانویستووە بەیاننامەکەیان زۆر بکرێتەوە بەسەر تاقیکردنەوەی ئەدەب و بەیاننامەکانی دەرووبەریاندا، بەپێچەوانەوە بەیاننامە ئەدەبییە فارسی و عەرەبییەکە بەگوێرەی دەستبردنیان بۆ چەند زاراوەو شێوازی هونەری وتاقیکردنەوەی جیهان بەئاگابوون لەبەیاننامە جیهانییەکان و تاقیکردنەوەکانیان. بەیاننامە فارسی و عەرەبییەکە باسی ئیلتیزام دەکەن، ڕوانگەیش وەك لەپێشەوە وتمان باسی وئیلتیزامی کردووە، هەرجەخت کردن لەسەر پەیوەندی ئەدیب و بەکۆمەڵ و نەتەوەو سەردەمە لەخۆیدا جۆرێکە لەنەخشەکێشان بۆ ئەرکی کۆمەلایەتی ئەدەب، بەلام بەیاننامەی شیعری ((حجم)) کەباسی ئایدۆلۆژیای تیا کراوە، بەشێوەیەکی ڕوونتر باسکراوە، جگە لەمە جۆری ئیلتیزامی نیشانداوە.. لەبەیاننامەی ((حجم)) دا هاتووە ((شیعری حجم، لە درۆی ئایدۆلۆژیاو باوەشی ئیلتیزام ڕادەکات ئەگەر مولتەزیم و لێپرسراویش بێت ئەوە لێپرسراوی کاری خۆی و ناوەندی خۆیەتی)) [٤٠].

دیاره ئەمان زۆرتر جەخت لەسەر ئەدەبیەتی ئەدەب دەکەن، لەجێگایەکی تری بەیاننامەی ((حجم))دا هاتووە، دەڵێن : ((کاری شیعر وتن نییە، شیعر دەبێت خۆی بابەتی خۆی بێت)) (٤١).

ئەدەبییەتی ئەدەب و ئامانجی شیعر لەبەیاننامەی شیعری حەجم و بەیاننامەی ٦٩دا ئامازەی چاکی بۆکراوە، ئەم تایبەتمەندییە هونەرییە ئەدەبیانە لەبەیاننامەی ڕوانگەدا زۆر ئاکادەییان نییە، ئەگەر هەیشبێت، ئەوە لەڕێگای گشتگیریی و ڕاگوزارییەوەیە، هەرچی دەربارەی پەیوەندی بزووتنەوەی ڕوانگەیە بەو بزووتنەوە نوێییە کەلەئەدەبی فارسی دا ڕوویدا و بە ((حەجم گەرایی)) ناسرا، ئەوە لێرەدا پێویست دەکات ئەو ڕاستییە بخەینە ڕوو، کەنە ڕابەرانی ڕوانگەو، نە هیچ نووسەرێکی تر باسی ئەوەیان نەکردووە، کەکاریگەریی ئەو بزووتنەوە ئەدەبییە فارسییەیان لەسەر بووبێ*، دیارە ئەمەش تاڕاددەیەك ڕاستە، بەڵام دیسانەوە نزیکی هەردوو بزووتنەوەکە لەڕووی مێژووییەوەو گەڕان بەدوای شتی هاوبەشی ئەم سێ میللەتە دراوسێیەدا، وامان لێدەکات لایەنی لێکچوون و جیاوازییان دیاری بکەین و خاڵێکی تریش بخەینە سەر شتە هاوبەشەکانی ئەم سێ میللەتە.

ئیمزاکەرانی بەیاننامە فارسییەکە باسی جیهانی سیحراوی و کەشف و دوورکەوتنەوە لەدەرەوەی واقیع و سیحری وشەودروستکردنی واقیعیەتێکی شیعری جیا لەواقیع دەکەن، واتا دوورکەوتنەوە لەزەبری سەرچاوە دەرەکییەکان ((شاعیری حەجم گەرا هەمیشە سوورە لەسەر ئەوە کەواقعیەتێك دروست بکات جوانترو نایابتر لەواقعی ڕۆژانەو باو)) (٤٢). ڕاستە بەیاننامەی ڕوانگەیش بەیەك دوو دێڕێك باسی دوورکەوتنەوە لەواقعی فۆتۆگرافی دەکات، بەڵام باسی چۆنێتی سوود وەرگرتن، لەسەرچاوەی پێکهێنەر و دوورکەوتنەوە لەو سەرچاوە ناکات تا بەئەنجامەکانی ستاتیکای هونەری بگات. ڕوانگە زیاتر وەك گوتاری نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانە وایە، ڕەنگە لەلایەکەوە واقعێکی نەتەوایەتی وایکردبێت، کەئەمانیش زۆر پەل نەهاوێژن، بۆ هەندێ بابەت و زیاتر پابەندی واقیعە دەستە جەمعییەکە بن ، ئەمەش وایلێکردوون، بەیاننامەکەیان ئەو ڕێگایانە فەرامۆش

کات کەدەیانگەیەنێتە ناوچەو سنووری شیعریی ڕووت و پەتی، بەڵام وەك لەپێشدا باسمان کرد، شاعیرانی بەیاننامە فارسییەکە زۆر باس لەسەر سروشتی شیعر خۆی و چۆنییەتی پێکهاتنی و گەیشتن بەبازنەکانی دەکەن. ئەگەر چی ئەمان لەشێوەی خاڵ و بەشێوازێکی بروسك ئاسا لەوبابەتانە دەدوێن و هەر بەو چەشنە بەیاننامەکەیان داڕشتووە، بەڵام ئیمزاکەرانی بەیاننامەی (٦٩)ورد ترو قوڵتر باسی پەیوەندییە هونەری و شیعرییەکان دەکەن و دێنە سەر ڕۆڵی خەون و حاڵەتی نائاگایی ((اللاوعی)) لە شیعردا[٤٣].

ئەدیبانی ڕوانگە زۆر بەزەوقی وشەی پەیام و پەیامی ئێمە دووبارە دەکەنەوە، کەچی شاعیرانی بەیاننامەی (٦٩) خۆیان لەم پەیامکارییە دوور خستۆتەوە، ئەوتا دەڵێن : ((ئێمە شیعر بۆئەوە نانووسین لەبەر ئەوەی کەشیعر نوێنەرایەتی جۆرێك لە ڕزگاربوون بۆ ئێمە دەکات)) [٤٤] جیهانی شیعریش بەلایانەوە ئەو جیهانەیە کەبەشێوەیەکی تایبەتی لەبۆتەی خەونا ((الحلم)) داڕێژراوە، ئەمان باسی ناوچەی شیعرو گەیشتن بەناوچەی شیعر دەکەن و ئەو ناوچەیەش بەناوچەیەکی ئەفسانەیی و سیحراوی و تەمومژاوی لەقەڵەم دەدەن. ڕوانگە لەڕێگای شۆڕشگێڕێتییەوە، تیشك دەخاتە سەر واقیع.

یەکێك لەسیفاتە هەرە باشەکانی بەیاننامەی (٦٩)ئەوەیە کەسەرەتا لەسەر پێناسەی جوگرافیای ناوچەی شیعر وەستاوەو پاشان هاتووەتە سەر ئەو هۆکارو ڕێگایانەی، کەشاعیر دەباتە سەر ئەو ناوچە سیحراوی و ئەفسانەییە لەوشەو پەیوەندییەکاندا.

یەکێك لەو هۆکارانە بەلای ئەوانەوە نزیکبوونەوەیە لە خەون، کەفاکتەرێکی پێکهێنەرەو ناوچەی شیعر دەوڵەمەند دەکات، خەونی شیعری بەلای ئەوانەوە ((خەونی بزرکاو وڕێنە نییە، ئەگەر چی ئەم جۆرە وڕێنەیشی تێدایە، بەڵکو خەونی ئەو بوونەوەرەیە کەبەرەو حەقیقەت ملدەنێ))[٤٥].

هەروەها باسی جۆری ڕێگا گەیشتن بەخەون دەکەن بەکلیلی دەرگای شتە شاراوەکان و جیهانی داخراو دەزانن، چەند کلیلێکیشیان بۆ گەیشتن بەخەون دەستنیشانکردووە، وەك :

١. شاعیر دەتوانێ بگاتە خەون، یاوەدەستی بێنێ، ئەویش لەڕێگای لاوازکردنی دەسەڵاتی عەقڵی هۆشدارو بەنجکردنی، واتا عەقڵی بەئاگا کاتی پرۆسەی شیعر نووسین کەمدەکرێتەوە تا نائاگایی ((اللاوعی)) ڕۆڵ ببینێت و شیعریەت بڕێژێت.

٢. دوورە پەرێزی و گۆشەگیری کەخۆی لەخۆیدا جۆرێك لەتێڕامان و پرسیارکردن دەخوڵقێنێ.

٣. هەروەها جۆرێك لە خەونیان لەتاقیکردنەوەی سۆفی و دەروێشا بینیوە، ئەگەر چی مەرجیش نییە، داهێنان لای ئەمانە بەگشتی دروست ببێت.

٤. لەو ڕێگا باوانەی کەشاعیر دەیگەیەنێت بەخەون ((الحلم)) بەکارهێنانی ماددە بێهۆشکەرەکانە کە مێشك خاو دەکەنەوە، وەك ئەفیون و حەشیشە، ئەگەرچی زیانی ئەمانە لەوەدایە کەبەکارهێنەرانیان لە جیهان ڕادەکەن و بەرانبەر ژیان بێتوانا دەبن.

٥. ڕێگایەکی تری گەیشتن بەخەون، هەڵبژاردنی کاتی وەنەوزدانە بۆ نووسین، واتا ئەو کاتە بنووسێت کەلەنێوان خەو و بێداریدابێت[٤٦].

کاتێك خەون دەگاتە بەرزترین دۆخی، ئەوکاتە شاعیر شیعریەت لەهەموو شتێکدا دەبینێت لەدارا، لەبەردا، لەئاوا.

دیارە ئەم تێڕوانینانەی کەلەبەیاننامەی (٦٩)دا هاتوون هۆکارو ڕێگان بۆ گەیشتن بەخەون و نائاگایی کەبڕبڕاگەی بەشێکی زۆری شیعرن، ئەگینا مەبەستمان ئەوە نەبووە شاعیر ببێت بەکەسێکی بەرەڵاو لەکاری خراپە زیاتر هیچی تری بۆجیهان و مرۆڤایەتی پێنەکرێت.

مەبەستمان لەباسکردنی ئەم ڕێگا خەونیانە، دابران نییە، لەواقیع، بەڵکو دۆزینەوەی شیعریەتی واقیعە، پێکهێنانی دەنگی بەرەنگاری و سڕینەوەی کارەساتی مرۆییە.

هەڵوێست لەکەلەپوورو چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا خاڵێکی گرنگە، لەهەرسێ بەیاننامەکەدا ئاوڕی لێدراوەتەوە، بۆیە لێرەدا بەپێویستی دەزانین، ئەگەر بەشێوەیەکی کورتیش بێت ئاماژەیان بۆ بکەین. لەبەیاننامەی شیعر ٦٩دا

هـاتووه دەڵـێن : ((بەشـێوەیەکی گشـتی ئێمــە واســەیری کەلــەپوور دەکــەین، کەئیلهامبەخشی ڕۆحە، نەك کۆتێك بێ پێیەکانمان بەرەو ڕابردوو ڕابکێشێ))[٤٧].

لەبەیاننامە فارسییەکەیشدا کاتێك باسی حجم گەرایی دەکرێت دەڵێن: ((شتێکی عەنتیکەنییە، بەڵام لە بۆنی شتی کۆن بێدار دەبێتەوە))[٤٨]. نزیك بەم بۆچوونانە، ڕوانگەییەکانیش لە بانگەوازەکەیاندا دەڵێن: ((کـۆن بـەلای ئێمـەوە لەپێوانی بابەتەکانی ئەدەبدا، هەر ئەوە نییە، کەکوێرانە یاخی بوونێکی دژ بەرپا بکـەین، ئێمـە بڕوامـان وایـە، کەتاقیکردنـەوە کۆنـە سـەرکەوتووەکان هەمیشـە پاڵپشـتێك بـوون بـۆ ڕێ ڕەوی تازەکـانی دوای خۆیـان و ئـەمان لەمنـداڵانی ئـەودا لەدایك بوون و لەباوەشی ئەودا کەوتوونەتە گڕوگاڵ))[٤٩].

لێــرەدا بۆچــوونەکانی هەرســێ بەیاننامــەکان دەربــارەی کەلــەپوور، تاڕاددەیەك لەیەکەوە نزیکن و خاڵی هاوبەشی زۆر لەنێوانیاندا هەیەو هەرسێکیان کۆکن لەسەر ئەوەی، کەلەپوور نەکرێت بەکۆت و پێوەند، بەڵام بەیەکجارەکیش ڕەتی ناکەنەوە.

دەتـوانین بڵـێین بەیاننامـەی شـیعر (٦٩) لـەژێر کاریگـەری بەیاننامـەی سـۆریالییەکاندا بـووە، چـونکە سـۆریالییەکان هەمیشـە باسـیان لەڕەتکردنـەوەی پێوەری عەقڵ و لۆجیك کردووە، بۆ نموونە یەکێك لە ڕابەرەکانیان، کەبە ((ارنست دی غینبـاغ)) بەناوبانگـە، لـەوەڵامی پزیشـکێکدا، کـەداوای لێکردبـوو لەنووسـینی ئۆتۆمـاتیکی دوورکەوێتـەوە گوتوویـەتی: ((مـن ڕەوتـی ڕۆحـی بـێ ئـارامی و بـێ ئومێدیم لـەڕەوتی لـۆجیکی و عـەقڵی عـەقڵ پـێ باشـترە))[٥٠] نـەك هـەر بەیاننامـەی شـیعری ٦٩، بـەڵکو دەتـوانین بڵـێین ((ئـەدۆنیس))یـش، کـەخۆی بەپێشـەنگی نوێگـەری عـەرەب دادەنێـت لـەژێر کاریگـەری بەیاننامـەی سـوریالییەکاندا بـووە، بەڵگەشمان بـۆ ئەمـە چـەند وتەیـەکی خۆیـەتی، کـەدەڵێت : ((خـاوەن جیهـانبینی ((رۆیا)) جیهانی لۆجیك و عەقڵ ڕەت دەکاتەوە))[٥١]. هەروەها دەڵێت : ((ئەو ڕێگا شیعرانە ڕەتدەکەمەوە، کەلەبیر ((فیکر))ەوە بەدوای چارەکانیدا دەگەڕێت و شیعر دەخاتـە ژێـر ڕکێفـی بنیـادی عـەقڵ و ڕکێفـی سـنوور و دەسـتووره پێویسـتییە لۆجیکەکانی ترییەوە))[٥٢]. یان دەڵێت : ((من ئەوە ڕەتدەکەمەوە، کەشیعر ببێت

بەهۆکارێك بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی لۆجیکی، یان تیۆری نێوان شاعیر یان مرۆڤ لەلایەکەوە، لەنێوان عالەم و شتەکانیەوە لەلای دووەمەوە)) [٥٣].

((بریتون)) دەڵێت : ((ئازادی تەواو لەچەوسانەوەی مرۆڤ و خوداوەند بەیەکەوە ئامانجی سوریالیزمە [٥٤]. سوریالییەکان زۆر پشت ئەستوور بوون بەخەیاڵ، چونکە ڕێگەی وروژاندنی بیرەوەرییەکان و وەبیرهێنانەوەی ساتە جوانەکانە، ئەم پابەندبوونەی سوریالییەکانیش بەو ڕادەیە بەخەون و ئازادی بەوشێوەی، کەهیچ خەیاڵێك نەتوانێ سنووری بۆ دابنێت، شاکارەکانیانی بەرەو نامۆبوون و غوربەت و شتی ڕادەبەدەر ((خارق)) و سەرسوڕهێنەر ئاڕاستەکرد)) ئەوتا ((ریتۆن)) دەڵێت : ((خەرق کردن، هەمیشە جوانە، هەموو خارقێکیش جوانەو جوانیش بوونی نییە، ئەگەر خارقێکی ڕەها نەبێت)) [٥٥].

لەگەرماوگەرمی خارق و شتی سەرسوڕهێنەرو نامۆدا، سوریالییەکان عەودالی خۆشەویستی بوون، کاتێکیش بوارێکی دوورکەوتە نێوان ئەوان و واقیعەکەیانەوە، ناچاربوون بەدوای بەها جوانەکانی کۆندا بگەڕێنەوەو یادەوەرە جوانەکانی لێ هەڵبژێرن. هەڵوێستی سوریالییەکان لەواقعی کۆمەڵایەتی زیاتر لەڕۆمانتیك و ڕەمزەییەکان توندڕەوانەتر بووە، هەرچەندە هەرسێکیان واقعیان ڕەتکردۆتەوەو لەخودەوە دەستیان پێکردووە، بەڵام سوریالییەکان وای بۆدەچوون، کەپارسەنگی خود ((توازن الذات)) ناکرێت لەڕێگەی سۆزەوە بێت، وەك ئەوەی ڕۆمانسییەکان بیری لێدەکەنەوە، بەڵکو ڕوانگەییان پشت بەستن بوو بەڕواڵەتی مرۆڤەوە کەنائاگایی نموونەکەیەتی [٥٦]، کاتێکیش سوریالییەکان شتی نامۆو خارقو سەرسورهێنەریان دەکرد بەپێشەنگی کارەکانیان، ناچار دەبوون خۆیان لەکۆمەڵە پەیوەنییە لۆجیکی و زمانەوانییەکان ڕامالن و واتای زیاتر بەوشە ببەخشن بەدەربێت لەواتاکەی خۆی، یان جۆرە گۆڕانکارییەك لەپەیوەندی داڵ و مەدلولدا بکەن، سەرەڕای هەموو نەگێتیڤەکانی سوریالیزمەکان بەوەی کە لەواقیع دوور کەوتوونەتەوەو نوقمی ناوخود بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك خاڵی پۆزەتیڤیان تێدا دەبینرێت، کەکاریگەری خۆیان بۆسەر ڕەگەزە ئەدەبییەکان هەبووە، لەوانە هەمیشە خولیای لێکۆڵینەوەو گەڕان بوون بەدوای شتی نادیارو

هەواڵنامەی کتێب

وشەی تازەو نوێدا، ئەمەش چالاکی و داینەمۆی نوێ کردنەوەی دەبەخشی بەزمان، کاتێکیش واقعیان ڕەتدەکردەوە، جیهانی قەسیدەیان لەبڕی دائەنا، ئەمەش وای کرد قەسیدە ببێتە جیهانێکی تەواو بۆیان، هەروەها سوریالییەکان پاڵپێوەنەرێك بوون شاعیرەکانیان هاندەدا بەرەو جیهانی دەروونی شاراوە بڕۆن و بیکەن بەهەوێنی بابەتەکانیان[٥٧].

پێش ئەوەی باسی کاریگەری بەیاننامەی (٦٩) عەرەبی بەبەیاننامەی سوریالییەکان بکەین پێویستە ئاوڕێکی خێرا لەڕەگ و ڕیشەی بنەماکانی سوریالیزم و مێژووی سەرهەڵدانی بدەینەوە. سوریالیزم لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا دەرکەوت پێش ئەمانیش ((دادائیەکان)) [٥٨] * لەگۆڕەپانەکەدا بوون و پابەندی نووسینی ئالی بوون وردە وردە دادئیزم بەرەولای لاوازی و نەمان دەڕۆیشت و لەکۆتاییشدا سوریالیزم بووبە ئەڵتەرناتیڤیان دووفاکتەر لەسەرهەڵدانی سوریالیزمدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە، یەکەمیان لەسەرتای سەدەی بیستەمدا سەرمایەداری لەتوانایدا نەبوو ئامانج و داوەرییەکانی ئەدیبان و هونەرمەندان و زۆرینەی خەڵك دابین بکات، چونکە سنووری ناوچەیی بەزاندبوو بەرەو بازاڕی جیهانی دەڕۆیشت و تەنگ و چەڵەمەو شەڕو ماڵ وێرانی بەدیاری بۆ مرۆڤایەتی دەهێناو ئەمەش ڕەنگدانەوەی کاریگەری بەجێ هێشت لەسەر دیدو بۆچوونی خەڵکی وایلێکردبن کەهەستیان بگۆڕدرێت، ئالێرەوە بوو کەسوریالیزم هەنگاوی بەرەو خود دەستپێکرد، بەتایبەتیش ڕابردووی خودی کەس ((الماضي الفردي للشخص)). فاکتەری دووەمیشیان دەرکەوتنی بۆچوونەکانی ((سیگمۆند فرۆید)) و زانا دەروونناسەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم بوو کەکاریگەری گەورەو بەرچاویان لەسەر نەشونماکردنی سوریالیزم لەو سەردەمەدا هەبووە[٥٩].

دەتوانین پرەنسیپەکانی فەلسەفەی سوریالیزم لەسێ تەوەرەدا دیاری بکەین، یەکەم پشت بەستن بەخودو ڕەتکردنەوەی تەواوی واقیعی کۆمەڵایەتی، دووەم پشت بەستن بە میکانیزمی خەون و تەداعی سێیەمیش پشت بەستن بەڕابردووی داهێنانی منالی ((الماضي الابداعي للطفولة))[٦٠].

((فلیپ ڤان تیغم))یش دەڵێت: ((ئامانجی سوریالییەکان وریاکردنەوەی مرۆڤە، لەبینینی دیدی تازە بۆ شتەکان)) [٦١] ئەوەتا ((ئەدۆنیس))یش دەڵێت : ((من شاعیرم شتەکان بەناوی تازەوە ناو دەنێم)) [٦٢]، یان دەڵێت ((شیعر گۆڕانە لەسیستمی شتەکانداو سیستمی تێڕوانین بۆیان)) [٦٣]، هەروەها دەڵێت : ((شاعیر وشەکان لەدەلالەتە کۆنەکانی بەتاڵ دەکاتەوەو دەلالەتی تازەی پێ دەبەخشێ، کەکەس لەوەوە پێش نەیگوتبێ)) [٦٤].

هەڵوێستی ((ئەدۆنیس))یش لەسەر زمانی شیعر لەژێرکاریگەری بەیاننامەی سوریالییەکاندا بووە، ئەمەش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەزۆر شوێندا دەردەکەوێت، هەتا دەتوانین بڵێین هەڵوێستی ((ئەدۆنیس)) دەربارەی زمان سوریالیەتە لە جەوهەردا[٦٥] *.

ئاماژەکردن بەم بەراوردکردنەی نێوان بۆچوونەکانی بەیاننامەی سوریالییەکان و ((ئەدۆنیس)) سەرەتایەك دەبێت، بۆ بابەتێك، کەلەبەشی سێیەمی بابەتەکەماندایە، کەتێیدا ئەوە ڕوونەکرێتەوە کەبۆچوونەکانی ((ئەدۆنیس)) لەم دواییەدا چ کاریگەرییەکی لەسەر شیعری نوێی کوردی هەبووە. یەکێك لەداڕێژەرانی بەیاننامەی شیعر (٦٩) ((سامی مهدی))یە، ڕەخنە لە ((ئەدۆنیس)) دەگرێت، بەوەی کەوتۆتە ژێرکاریگەری بەیاننامە سوریالییەکانەوە[٦٦]، کەچی لەهەمان کاتیشدا خۆیشیان لەبەیانامەکەیاندا کەوتوونەتە ژێرکاریگەری سوریالییەتەوە، وەك لەمەوپێشیش باسمان کرد، ئەوەتا دەڵێن : ((ئەگەرچی جیهانی شیعر یەك جیهانە، بەڵام دوو ئاسمانی هەیە : ئاسمانی واقیع و ئاسمانی خەون شاعیریش بوونەوەرێکە لەشتەکانی واقیعەوە جیهانەکانی خۆی دەخوڵقێنێ ئەوەیش سەرچاوەکەی گەشانەوەو شکست و خەمەکانیەتی. درەخت و زەوی و بیابان و دەریاو شەوڕۆژ لەبینینی ئەو بوونەوەرەی پرۆسەی نووسینی شیعر دەکا دەبن بەفەرشێکی سیحری بۆ شاعیر، کەبەرەو جیهانی تایبەتی خەون دەفڕێ. ئەو شتانە لەشیعردا جەوهەری واقیعی خۆیان ون دەکەن و دەبن بەکۆمەڵێ هێماو ئاماژەی ڕووناك لەئاسۆیەکی نێزراوی نێوشەوی سەفەر)) [٦٧].

دەکرێت بڵێین شاعیرانی بەیاننامەی شیعری ٦٩و شیعری ((حجم))ئاگایەکی چاکتریان لەئەزموونی جیهان بووە، تەنانەت سودی زۆریان لەبەیاننامە جیهانییەکانی پێش خۆیان بینیوە، وەك سوریالیەت و دادائیەت هەردوولایشیان ئامارژەی بۆ دەکەن.

ئەدیبانی ڕوانگە، ئەم لایەنانەیان فەرامۆشکردووە، ئەگەر ئاگایشیان لێبووبێت، ئەوە لەبەر تایبەتمەندێتی قۆناغە نەتەوەیی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتییەکەی ئەوکاتە نەیانتوانیوە زۆر پەل بهاون و بەرەو ڕووی بڕۆن. دەتوانین بڵێین نەگونجاندنی باری ئەدەبی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ئەوکاتە، لەگەڵ ڕەوتی نوێخوازەکاندا لەلایەك و کەمبوونی تاقیکردنەوەی ئەوکاتەی خۆیشیان دوو هۆن لەبەر دەستدرێژنەکردنیان بۆ ئەو فاکتەرو پرۆسەی نووسینانە، کەلە بەیاننامە عەرەبی و فارسییەکەدا ئامارژەیان بۆکراوە، بۆنموونە سەبارەت بەنەگونجاندنی باری ئەدەبی و ڕۆشنبیری شەست و حەفتاکان لەگەڵ ئاواتی ڕوانگەییەکاندا، دەتوانین باسی دەسەڵاتی ڕەوتی واقیعیەت وەك قوتابخانە بکەین، واقیعیەت لەو سەردەمانەدا ((تەنانەت ئێستاش)) ئەوەندە سێبەری کشاندبوو بەسەر ئەدەبدا، بوو بوو بەدەسەڵات. لایەنە ئەدەبی و فیکریو ڕەخنەییەکان ڕێگایان نەئەدا باسی ڕەوتی دەرەوەی واقعیەت بکرێت، ڕیالیزمی سۆشالیستی هەموو جیهانە ئەدەبییەکانی تری خەفەکردبوو، جالەبەر ئەمانە ئەوکاتە جورئەتێکی زۆری دەویست ئەدیبێکی کورد بێت حەشیشەو تلیاك و دەرزی لێدان بکات بەنموونە بۆ چنگ کەوتنی خەونی شیعری، یابگەڕێتەوە بۆ لایەنە دەوڵەمەندەکانی سوریالیەت، ئەمە نەك ئەوکاتە، بەڵکو ئێستاش ئەو بارەی بۆ نەگونجاوە.

ئەوەی ئەو سێ بەیاننامە بخوێنێتەوە دوور لەدەمارگیری نەتەوەیی، هەست دەکات هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام دەوڵەمەندترینیان بەیاننامە عەرەبییەکەیە ((شیعر ٦٩))، چونکە وردترو بەدرێژی چۆتە ناو جیهانی شیعرو پرۆسەی نووسین و ڕێگاکانی دۆزینەوەی ناوچەی شیعرەوە، هەروەها پەیان بەکاریگەری خەون و نائاگایی و کەمکردنەوەی هۆشیاری و زانستی

هەواڵنامەی کتێب

دەروونناسی بردووە، کەخزمەتێکی گەورەی شیعریان لەسەدەی بیستەمدا کردووە، بەیاننامەی ڕوانگە لەسنووری شیعرو چیرۆکدا وەستاوە، شیعر (٦٩) تایبەتە بەهونەری شیعر، بەیاننامەی ((حجم))یش پەلی بۆ سینەماو هونەری شێوەکاریش کوتاوە. ڕوانگە بەیاننامەیەکی خاکەرایی ((متواضع)) بوو، بەڵام گرنگی لەوەدا دەردەکەوێت، کەلەسەردەمێکدا نووسرا باوکاری ((تقلید)) ئەدەبی وەك دام و دەزگای لێهاتبوو، ئەمیش وەك مینێك وابوو لەژێر زەمینەی ئەو دەسەڵاتە ئەدەبییە باوانەدا بەو تەوازوعەی خۆیەوە، توانی خوێنەرو ڕۆشنبیر والێبکات، هەست بەوە بکات قاڵبە ئەدەبییەکان پێویستیان بەوەیە بشکێنرێت.

لێرەدا پێویستە سێ شتی گرنگ، دەربارەی بەیاننامەی ڕوانگە لەیاد نەکەین، یەکەمیان ئەوەیە، زۆر لەنووسەران و ڕەخنەگرانی ئەوکاتەو ئێستاش لەنووسین و چاوپێکەوتنەکانیاندا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کەبەیاننامەی ڕوانگە لەژێرکاریگەری بەیاننامەی شیعر (٦٩)ی عەرەبە عێراقیەکاندا بووە، ئەمە بێ ئەوەی تائێستا خاڵەکانی ئەو کارتێکردنەیان دەستنیشانکردبێت، یاوەك شتێکی باوی لێهاتوو هەرکەس کەدێتە سەرباسکردنی ڕوانگە یەکسەر دەڵێت : ((ڕوانگە لاسایی کردنەوەی بەیاننامەی شیعر٦٩ بووە)). ئێمە لەگەڵ ڕێزماندا بۆ دیدوبۆچوونی ئەو نووسەرانە، دەڵێین: ڕاستە هەندێك خاڵی هاوبەش لەنێوان هەردوو بەیاننامەکەدا هەیە، لەهەمان کاتیشدا خاڵی جیاوازی زۆریش هەیە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کەبەیاننامەی ڕوانگە فۆتۆکۆپییەکی ڕاستەوخۆی بەیاننامەی (٦٩) بووبێت، بەڵێ پەیوەندییەك لەنێوان زەمەنی سەرهەڵدانی هەردوو بەیاننامەکەو کەسایەتییەکانیاندا دەبینرێ، بەڵام چوارچێوەی بڕگەو بۆچوونەکانیان زۆر جیاوازە.

بەیاننامەی شیعر (٦٩) زۆر لەسەر پەیوەندییە هونەرییەکان و شیعریەتی دەق و سوریالیەت و خەون و سیحرو ڕێگاکانی بەدیهێنای خەون بۆ پتەوکردنی فەزای شیعرو چەندەها تایبەتمەندی سەر بەهونەری شیعر وەستاوە، یابەدرێژایی لەکاریگەری نائاگایی بۆ سەر شیعریەت دوواوە، تەنانەت شاعیرەکان نموونەیشیان لەشیعری جیهانی هێناوەتەوە، ئەم تایبەتمەندییە هونەری

شیعرییەو پەیوەندی نێوان شیعرو دەروونناسی و نائاگایی بەهیچ جۆرێك لەبەیاننامەی ڕوانگەدا ڕەنگیان نەداوەتەوە، لەڕوانگەدا باسی ناوچەی شیعرو گەڕان بەدوای ناوچەی شیعرو خەون و بێ ئاگایی نەکراوە. هەروەها باسی خەفەکردن و کەمکردنەوەی حاڵەتی هۆش نەکراوە بۆ فەراهەمکردنی بێ ئاگایی ((لاوعی)) کەتیایدا کەش و هەوای شیعریەت گونجاو دەبێت.

لەبەیاننامەی شیعر (٦٩)دا تەنانەت لەبەیاننامەی ((شعر حجم))یشدا جەخت لەسەر ئەوەکراوە، کەشیعر لەخۆیدا ئامانجەو هەوڵدراوە دوور بخرێتەوە لەبازنەی ئامراز ((وسیلە)). ڕوانگە، هیچ لەمانەی تیا نەهاتووە، جائیتر چۆن دەکرێت، بڵێین ڕوانگە لاسایی کردنەوەی بەیاننامەی شیعر ٦٩ بووە، ئەوەندە هەیە شاعیرە فارس و عەرەبەکان، سەرچاوەی زیاتری ئەدەبی خۆیان و جیهانیشیان لەبەردەستا بووەو کتێبخانەی میللەتی خۆیان سوودێکی ئەوتۆی پێگەیاندووین، تا بەیاننامەکەیانی پێ دەوڵەمەندتر بکەن، ڕەنگە ئەمە بەجۆرێکی چاك بۆ کوردێك نەڕەخسابێت، بۆیە دەتوانین بڵێین : نووسەری کورد بەڕاددەیەکی پێویست لەئەزموونە ڕۆشنبیرییە جیهانییەکان نزیك نەبووە.

لەلایەکی ترەوە ئەدەبی کوردی ئەو سەردەمە ((چیرۆك، شیعر، ڕەخنە)) کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی ڕیالیزم و ڕیالیزمی سۆشیالیزمەوە، بەڕادەیەك هەندێك پێناسەی نوێگەرییان وادەکرد، کەهاوتای ڕیالیزمی سۆشیالیزمیەوە بێت، لێرەدا نکوڵیش لەوە ناکرێت کەئەو ڕێبازە ئاستێکی جیهانی هەبووەو بەئاسانیش ڕێگای بۆ ڕەوتە فۆرمالیستەکان چۆڵ نەئەکرد تارەوتێکی دژ سەرهەڵبدات، یاباسی سوریالیەت و دادائیەت بکرێت، بۆیە تاڕاددەیەك ڕاستی لەگەڵمان دەبێت، ئەگەر بڵێین ئەدیبانی ڕوانگە، ئەگەر ئاگاداری باشی ئەدەبی جیهانیش بووبن، یا بەیاننامەیەکی سوریالییەکانیان خوێندبێتەوە، ئەوە سڵیان لەزەبرو دەسەڵاتی واقیعیەتی سۆشیالیزمی کردووە، خۆئەگەر لە بەیاننامەکەیاندا باسی لەهۆش خستن و دەرزی لێدانیان بەمەبەستی شیعریەت و خەونی شیعریی بکردایە، ئەوە ڕەنگە بکەوتنایەتە بەر لێشاوی گاڵتەجاڕی، ئەگەر بەیاننامەی شیعری ٦٩ی عەرەبی و ((شیعر حجم))ی فارسی بەزۆریی ئاماژەیان بۆ لایەنی شێوەو هونەری

کردبێت، ئەوە بەیاننامەی ڕوانگە، زۆرتر ئاوڕی لەپەیوەندی نێوان شیعرو کۆمەڵو شیعرو نەتەوە داوەتەوە.

کارێکی ناڕێك دەرئەچێت باسی کاریگەری و لاسایی کردنەوە بکەین و ڕەچاوی ئەم جیاوازییانەی نێوان ڕوانگەو هەردوو بەیاننامەکەی تر نەکەین، بەڵێ، ڕوانگە بەیاننامەیەکی خاکەرایی ((متواضع)) بوو، بەڵام لەسەردەمێکدا دەرچوو، کەتەمەنی نوێگەری کورد (٤٠ – ٥٠)ساڵێك بوو و پێویستی بەپیاچوونەوەو گۆڕانکاری دەکرد، ڕوانگەیش هەستکردنێکی تەواوبوو بەو بنبەستانەی دەوری شیعری نوێی کوردیان دابوو، قۆناغی یەکەمی نوێگەری کوردی واتا قۆناغی پێشەوایەتی و پاش پێشەوایەتی تێزێکی تایبەتی خستەڕوو، ئەدەبی حەفتاکانیش دەبوایە گۆڕێکی تری بە نوێگەری یەکەم بدایە، ئەویش لەڕێگای خستنەڕووی تێزێکی ترو دیدێکی جیا، ڕوانگەو هاوسۆزەکانی ڕوانگەییەکان زوو هەستیان بەمەکرد، ڕەنگە بەیاننامە هەر بەیاننامەیەك بێت جۆرێك لەسنوور دابنێت، ئاسۆکانی ئەدیب لەچوند هێڵێکدا کۆبکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بەیاننامەی ڕوانگە کاریگەری بەسەر ئەدەبی کوردی و بۆچوونی خوێنەرەوە بۆ شیعر هەبوو، لەپاڵ ئەمانەیشدا، یەکەم بەیاننامەبوو، کەبانگەشەی بۆ نوێگەری لەچوارچێوەی بیری نوێو وتەی نوێو کرداری نوێدا کرد.

ئەم سێ بەیاننامە، وەك هەوڵی نووسەرانی سێ میللەتی ڕۆژهەڵات، بانگەواز بوون بۆ نوێگەری، بەڵام ڕوانگەی خۆمان خۆی لەهێڵەگشتییەکانی نوێگەری داوەو لەبەیاننامەی شیعر (٦٩) و (شیعری حجم) لەپاڵ هێڵە گشتییەکاندا چەند هێڵێکی ئەدەبیەت و شیعریەتیشیان گرتووە.

هەروەك لەسەرەتادا گوتوومانە بەیاننامەی شیعر (٦٩) ئاسۆیەکی بەرفراوانتری هەبووەو کۆمەڵێك بابەتی هەمەڕەنگی لەخۆ گرتووە، بۆیە لێرەدا بەپێویستی دەزانین ئاماژە بەهەندێك لەبڕگەکانی بدەین، ئەوەتا دەڵێن : ((ئەو شیعرەی لەبای سەردەمەکەی خۆیدا نەوتوێتەوە ناکرێ شیعرێکی باش بێ، شیعریش تیشکی بوونی خۆی لەتیشکی گشت شیعرە نووسراوەکانی دنیاوە وەردەگرێ، لەتیشکی شیعرەکانی ڕابردوو، شیعرەکانی ئێستا، لەتیشکی گشت

زمانـەکانی دنیـا، هـەروەها لەتیشـکی ئـەو شـیعرانەی هێشـتا نەنووسـراون. هـەر کۆتێك بەسەر شیعرا بسـەپێنرێ لەڕاستیدا کۆتـە لەسـەر خـودی ڕاسـتی))[٦٨] یـان دەڵـێن : ((تێڕوانینێکـی کـراوەو برایانـەو خـاڵی لەئاڵۆزییـەکان بـۆ شـیعر زۆر پێویسـتە، چـونکە شـیعری چـاك ناشـێ لـەمیانی وشـیارییەکی دەمارگیرییـەوە بنوسـرێ، تەنانـەت ئەوانەیشـی کەهـەوڵ دەدەن، بـەناوی گەڕانـەوە بـۆ ڕابـردوو، داکۆکی لەشێوەیەکی قەسیدەیەکی دیاریکراو بکەن، ئاگاداری ئەو ڕاستییەنین کەبەهیچ جۆرێك و لەهیچ زەمەنێکدا شێوەی یەکگرتوو بۆ شیعر وجودی نـەبووە، بۆ نموونە زمانی قورئان زمانێکە خاوەنی دەنگێکی شیعری جیاوازە لەبەرامبـەر شـیعری عـەمودی کەپشـت بەئەژمارەیـەك لەبـەحرەکان دەبەسـتێ، لەبەرامبـەر ئـەم شێوانەشدا ((سجع)) سەری هەڵدا کەئەویش بڕێکی دیاریکراوی لەشیعر تێدایە، جگە لـە ((موشحات))یـش. دەشـێ ئازادترینی ئـەم شێوانە بۆ ڕەفتارکردن لەگـەڵ جیهـان و گـەیشـتنە حەقیقـەت شـێوەی تـەرکیبی بـێ لەقورئانـدا کـەزۆر نزیکـە لەشێوەی پەخشانە شیعر))[٦٩]، یان دەڵێن : ((شیعری چاك ئەو شیعرەیە کەیاسا تایبەتییەکانی خۆی لەبەرامبەر نهێنیی گەردووندا دەدۆزێتەوە، هیچ یاسایەکیش نییە کەپێشتر بڕیاری لەسەردرابێ تەنیا لەسنووری پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانـدا نـەبێ، لـەژێر تیشـکی ئـەم ڕاستیەشـدا مومکین نییـە شـیعر چـەند یاسـایەکی یەکگرتووانـەی هـەبێ تـەنیا ئەگـەر ئـەوجۆرە شیعرە لـەناو ((جوزئی)) داخنکابێ، بەشێوەیەکی گشتیش شیعر بایەخی خۆی لـەئازادی ڕەفتارکردنی لەگـەڵ جیهـان وەردەگـرێ، بـەبێ ئەمـە شـیعر تـەنیا دەبـێ بەپاشـکۆیەکی لاوازی ئـەو شـیعرانەی پێشتر نووسراون))[٧٠] لێرەدا بەیاننامـەی (٦٩) قاڵبی ئامادەکراو بۆ شیعر ڕەت دەکاتـەوە و ئـەوە بەبانگەشـەی گەڕانـەوە بـۆ کـۆن لەقەڵـەم دەدات و لەگـەڵ پێناسەیەکی یەکگرتووی شیعردا نین.

هەروەها دەڵێن : ((دواجار نابێ شاعیر بەدۆزەرەوەی چەند کیشوەرێکی دوژمن و دۆست دابنرێ، بەڵکو شاعیر خوڵقێنەری چەند دنیایەکی نوێیە کەلەگەڵ ئـەو دنیایـەدا سـۆزداری هەیـەو لەپێناویـدا دەمـرێ، تـەنیا لەوێـدا شـاعیر دەتوانـێ بەهێمنی و ئاشتی پاڵکەوێ دوور لـەجیهانی پیلان گێڕان و کوشتن. دەبـێ دەرك



هەواڵنامەی کتێب

بەڕاستیەکی گرنگ بکەین ئەویش ئەوەیە تیشکی حەقیقەت لەشاعیرەوە بۆمان دێ پتر لەوەی لەقەسیدەوە بۆمان بێ، لەبەرئەوەی قەسیدە هەمیشە دەخرێتە سەر شاعیر)) [٧١].

لێرەدا شاعیرانی ئەم بەیاننامەیە لەگۆشەنیگای دیالێکتیکیەوە دەڕواننە پێوەندی نێوان شیعرو شاعیر و هەردوو بەتەواوکەری یەکتر دەزانن و جەخت لەسەر شاعیر دەکەن بەزۆریی ئەمەش پێچەوانەی دیدی هەندێ لە بونیادگەراییەکانە بەتایبەت ((ڕۆلاند بارت)) کەپێی وایە دەقی شیعری دادەبڕێت لەدانەرەکەی ئەمەشی ناوناوە مردنی نووسەر ((موت المؤلف)) واتا کاتێک دەتەوێ دەقێکی شیعری توێکار (تشریح) بکەیت ئەبێت لەناوەوەی دەقەکەدا بەدوای دوالیزمەکاندا بگەڕێیت نەك لەدەرەوە ئەمەش خۆی لەخۆیدا ڕەتکردنەوەی ڕۆڵی دانەرە.

یان دەربارەی ئیلتیزام دەڵێن : ((ئیلتیزامی شاعیر ئەگەر لایەنگریش بێ، دەبێ ئیلتیزامێکی دڵسۆزانەو خوێن بێ و لەپاکێتی ناوەوە هەڵبقوڵێ کەگشت کێشەکانی مرۆڤایەتی و بوون تیایدا یەکدەگرن، ئیلتیزامێك خۆی نەکات بەبوقێك کە مەودایەکی خۆپەرستانەو ئاشکرای هەبێ، چەندین شاعیری ((بازرگانی)) هەن هەوڵیان داوە لەسەر شانی ئیلتیزامی سیاسیەوە بەرزببنەوە، بەڵام نموونەی ئەوکەسانە بەشاعیری ڕاستەقینە دانانرێت چونکە شاعیری ڕاستەقینە خۆشەویستی کەسانی دی ناکا بەگوزەرێك کە خۆپەرستی خۆی دەربخا، لەڕابردوودا شاعیران بەدوای پاشاکاندا دەڕۆیشتن و جەنگە چەپەڵەکانی ئەوانیان تەمجید دەکرد وەك ئەوەی هەموو شتێ بێ لەجیهاندا، بەڵام شاعیری نوێ کەڕووبەڕووی گشت نەهامەتییەکانی دنیا دەبێتەوە، لەناو دۆزەخدا دەنووسێ و... تاکۆتایی جەنگی ئازادی بەرپا ئەکا، ئەو شاعیرەی خۆی بەڕاستییەوە دەگرێ لەپێناوی ڕاستیدا دەجەنگێ نەك لەپێناوی خۆپەرستی و ناوداری)) [٧٢] لێرەدا بەیاننامەکە جۆرەکانی ئیلتیزام ڕوون دەکاتەوەو داواش لەشاعیران دەکات کەپابەندی ئەو جۆرە ئیلتیزامە نەبن کەلەسەر شانی سیاسەتەوە بێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە شاعیری نوێ دەبیت خولیای گەڕان بێت بەدووای ئازادییدا.

یـان دەڵـێن: ((شـاعیر هـەردەبێ لەگـەڵ دواڕۆژدا بـێ نـەك لەبـەر ئـەوەی بوونەوەرێکـە خۆیشـی تێدەپـەڕێنێ بـەڵکو لەبەرئـەوەی ڕوخێنـەرێکی بـەهێزو گەورەشـە. شـاعیر لـەمیانی ئـەو هەڵوێسـتەی لەسـەر جیهـان و گـەردوون و بـوون وەریگرتـووە و لـەمیانی فڕینـی بـەرەو حەقیقـەت مـومکین نییـە لەتـەك بیروبـاوەڕە کۆن و دواکەوتووەکانـدا بوەسـتێ. تـەوەری شـاعیر تەماشـاکردنی مرۆییانەیـە بـۆ وجودێکی پڕترو دواڕۆژێکی پڕتـرو دواڕۆژێکی پڕشنگدارتر ئەگـەر چـی ڕوانینـی شـیعری لـەڕوانینی سیاسـی جیایـە، بـەڵام لەکۆتاییـدا ڕوانینـی شـیعری شۆڕشگێڕترە. هەڵوێستی سیاسی / کەدەشێ شتێکی ڕۆژانەیی و بۆقۆناغێك بێ، هەنـدێ شـتی سـنوردار دەخاتـە ڕوو.. بـەڵام هەڵوێسـتی شـیعری گشـت شـتێکی سـاختەو ناڕاسـتی و دوژمـن بـەئازادی مـرۆڤ دەڕمێنـێ و سەرکێشـییەکە بەرەوئاییندە لـەمیانی جێهێشـتنی گشـت جیهـان بـەرەو جیهـانێکی باشـتر)) (٧٣)

هـەروەها دەڵـێن : ((خـەونی قەسـیدە لەگشـت سـەردەمەکاندا بریتییـە لەخـەونی جێهێشتن و تێپـەڕادن و چەسپاندنی ئاینێکی نوێ کەتـەعالیمی نـوێ ناسـەپێنێ، بەڵکو بەبێ وشە خۆمان و ئەو جیهانە دەناسین کەتیایدا دەژین. جا ئەگـەر شاعیر هەمیشـە دووچاری کۆت و بەندی دەرەکی ڕەوشت بووبێ ئەوسا دەبێ بەشێکی گرنگـی ژیـانی خـۆی بـۆ دۆزینـەوەی ڕێگاکانی گەیشـتنە خـەون تـەرخان بکـات خەونێك ڕوانینێکی خوڵقێنەر بۆ ژیان لەخۆبگرێ حەکیمەکانی ڕابردوو هـەوڵیان دا لـەم جیهانـەمان نزیـك بکەنـەوە، کەچـی ژیـانی ڕۆژانـەمان بەبـەردەوامی ئـەو حەکیمانـەی لـەبیر دەبردینـەوە کەپێشکەشـیان کـردووین خۆئەگـەر بـەزەرورەت پێویسـت بکـا کلیلـەکانی ئـەم جیهانـە بدۆزیتـەوە ئـەوا کلیلـی یەکـەم بـۆ خـەون بریتییـە لـە پاشەکشـە پێکردنـی دەسـەڵاتی ئاوەزی هۆشـیارو سـڕکردنی لـەدوای ئاشـکراکردنی نـەدارایی لـۆجیکی ماتمـاتیکی. حەکیمـەکانی سـەدەکانی ڕابـردوو پەنایان دەبـردە بـەر گۆشـەگیری و تـەنیایی تاڕاستییەکانی ئەودیو شتەکان بـزانن چونکە گۆشـەگیرو تەرکیزکردنـە سـەر بۆشایی ئاوەزی هۆشیار فڕێ دەدەنـە نـاو داوی ترسێك کە سەرەتای پەیژەی سـەرکەوتنە بـەرەو ڕاسـتی لەڕێگـەی ئـەم ترسـە کەونییەشەوە پرسیارە ترسناکەکان لەناو پاکی و بێگەردیدا دەکرێن : بۆچـی مـن

لێرەم ؟ جیهان چییە ؟ چۆن دەستی پێکرد ؟ چۆن کۆتایی پێ دێت ؟ ئایا پێویستە بمرم ؟ کەواتە بۆچی هاتمە سەر ئەم دنیایە ؟ کە قۆناغی پرسیارکردنیش تەواو دەبێ ئیدی قۆناغی گومان کردن لە هەموو بوونەکانی دنیا دەست پێدەکات، کاتێکیش شەوی گومان کۆتایی دێ ڕۆژی ڕاستی هەڵدێ : واتە ڕوانینێکی تایبەتی بۆ جیهان و بوون، دیارترین خەونبینەکانی زەوی: کۆنفۆشیۆس و زەردەشت و بودا، لەم ئەزموونەدا ژیاون ))[٧٤] کەواتە بەپێی ئەم بڕگەی بەیاننامەیە شیعر گەڕانە بەدوای مەعریفەتدا، ئەمەش لەپرسیارەوە دەستپێدەکات و لەکۆتاییدا لەناو نادیاردا خۆی دەبینێتەوە، ئەرکی شیعریش هەربەتەنها ورووژاندن نییە، بەڵکو ئەرکێکی ئەبستمۆلۆجیشی هەیە.

هەروەها دەڵێن : ((ئەزموونێکی دیکەی کۆن بۆ چوونە نێو خەون هەیە ئەویش ئەزموونی سۆفی یان دەروێش یان مرۆڤێکی سەرەتایی کەلەمیانەی چەند جوڵانەوەیەکی تەواو لەبۆشاییدا. هەندێ جاریش خەون پێکهاتەی ماددی جەستە تێدەپەڕێنێ بەجۆرێ جەستە خۆیشی دەبێ بەبەشێك لەڕوانبینی خەونەکە، ئەو جۆرە کەسانە خاوەنی تەرکیزێکی ڕۆحی بەهێزن، بەڵام مەرج نییە گشت ئەوانە داهێنەربن، ئەوانەی داهێنەر نین هێزی خوڵقاندنیان نییە و ناتوانن لەڕوانینی خۆیانەوە جیهانێکی نوێ فۆرمەلە بکەن))[٧٥]. هەروەها دەڵێن : ((خەون لەقەسیدەدا ئاسمانێکی پڕشنگدارە، بەڵام مومکین نییە، ببێ بەئاسمان بۆ ئەو کەسانەی ناتوانن پێی بگەن.. لەمیانی ئاگایی جیهانی واقیعی و لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێوەندییە گشتییانەی هەموو شتێ یەك دەخات.. تەنانەت بەنیسبەت خەونیش ناکرێ بەدنیایەکی هیستری دابنرێ لەبەر ئەوەی ڕووناکایی دەرەوەیە ژووری ناوەوە ڕۆشن دەکاتەوە هەروەك ڕوناکایی ناوەوە ژووری دەرەوە ڕۆشن دەکاتەوە، ناوەوە لەڕێگەی دەرەوە هێماکانی خۆی پێك دێنێ و هەر لەوێشەوە ماناو فیکرو کێشەکانی وەردەگرێ، بەڵام بەڕێگەیەکی تایبەتی، خۆی لەگەڵیاندا دەگونجێنێ))[٧٦]، یان دەڵێن : ((لەهەموو جیهاندا یاسایەك نییە شاعیر بێبەش بکا لەبەکارهێنانی پێوەندییە مرۆییەکانی خۆی، بەڵکو بەپێچەوانەوە شاعیر گشت ماددەی شیعرەکانی لەجیهانەوە وەردەگرێ، بەڵام شاعیر ئەو جیهانە بینراوە نییە

کەپڕیەتی لەیاسا لۆژیکییەکان، بەڵکو جیهانی شاعیر بریتییە لە: ((جیهانی بینراو + جیهانی نەبینراو + جیهانی تایبەت + وەچەکان و زەمەنەکان)). بەپێی ئەم ڕوانینە جیهانی شاعیر بەشێوەیەکی تایبەتی فۆرمەلەکراوە لەناو خەونێك کەلەیەك ساتدا گشت بوونەکان یەك دەخات و لەیەك ساتیشدا تێکیان دەڕمێنێ. شاعیریش لەگەڵ پێوەندییە ڕۆژانەییەکاندا بۆ ئەوە مامەڵە ناکات تاجەخت لەو پێوەندییانە بکات بەڵکو لەپێناوی سمێن و بڕینی ئەو پێوەندییانە بەرەو ئەو پێوەندیانەی دەرکیان پێ ناکرێ و شتی ڕۆژانەیی و جوزئی دەکەن بەشتێکی وەهمی فریودەر لەبەر ڕۆشنایی ڕاستییە گشتییەکانی گەردوون بوون و مردن. شاعیر پەیامبەرێك تێگەیشتن لێی زەحمەتەو لەنێو ئاهەنگی ژیاندا پرسیاری گەلێ سامناك دەکات کەلەوانەیە ئەو پرسیارانە بەپێوەرێکی پراگماتییانە زۆر گرنگ نەبن، بەڵام وامان لێدەکات ڕووبەڕووی خۆمان ببینەوەو ئاگادارمان دەکاتەوە لە قەیرانی ئامادەبوون لەو ئاهەنگەدا. شاعیر پێشوەخت باسی ڕاستییە زانراوەکانمان بۆ ناکات بەڵکو باسی ئەوڕاستییانە دەکا کەلەناوەوەماندا هەیە)) [٧٧] ئاماژەکردنمان بەبڕگەکانی بەیاننامەی (٦٩) واتای ئەوە ناگەیەنێت کەئێمە لەگەڵ هەموو بڕگەکانیدابین، بەڵکو زیاتر بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونەیە کەدەڵێت: بەیاننامەی (٦٩) بەرفراوانترە لەبەیاننامەی (ڕوانگە)و زیاتر چوّتە ناوقووڵایی ستاتیکاو ناوچەی شیعرەوە.

بەیاننامە دەرکردن بەو واتایە نییە، کەسنوور بۆ ئەدەب و ڕۆشنبیری دابنرێت، هیچ کاتێکیش بەیاننامەیەك چەندێ بەهێزیش بێت لەتوانایا نییە، چوارچێوە دابڕێژێت و ئەدەب تەسك بکاتەوە. لەسەردەمە تازەکانی ئەدەبیشدا بەحوکمی ئەوەی نوێگەری بەرفراوان بووەو فەزایەکی کراوەو بێکۆتایی بووە لەهەمان کاتیشدا سەربەستی بۆ خود ((الذات)) ڕەخساندووە چەندەها هەوڵی جیاوازو دوور لەیەك و پڕۆژەی جیاو بگرە دژیش لەشێوەی بەیاننامەدا خراوەتە ڕوو، جا ئەو هەوڵە بەیاننامە ئامێزانەیش لافی سنووری کۆتایی و کاری بەڕەها گەیشتنیان لێنەداوە، نموونەی ئەم بەیاننامە چەندێ تازەبن، بەڵام لای میللەتانی تر تەمەنی درێژ تریان هەیە. ئەو بەیاننامە بەناوبانگەی جیهان یا لەدوای

سەرهەڵدانی یاکاتی سەرهەڵدانی ڕووداوێکی گرنگ، یاتەنگژەیەکی سەخت هاتوونەتە کایەوە، یا پاش ئەوە بووە ترسێك لەوە پەیدابووە کێشەو تەنگوچەڵەمەی شێوازەکان بگەنە بنبەست و پێربڵوون، ئەگەر سەیری ئەو بەیاننامە جیهانییانە بکەین کەلەنیوەی یەکەمی ئەم سەدەیەدا دەرچوون ئەوا بۆمان ڕووندەبێتەوە، کەهیچ یەك لەو بەیاننامە گرنگانە نەیانتوانیوە بەیەکجارەکی بوونی ڕەوت و بۆچوونەکانی تری سەردەمەکە بسڕنەوە، ڕەنگە کاریگەری هەندێکیشیان کاتی دەرچوونی دەرنەکەوتووبێ، بۆ نموونە بەیاننامەکانی سوریالییەکان ئەوەندەی لەم ساڵانەی دواییدا بایەخیان پێدراوەو لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوەو لەئەدەب و هونەردا لەهەندێك ڕووەوە سوودیان لێدەبینرێت ئەوەندە لەکاتی خۆیاندا لایان لێنەکراوەتەوەو لەلایەن ڕیالیزمخوازەکانەوە بەتووندو تیژی بەرپەرچدراونەتەوە.

لەبەر ئەوەی بەیاننامە شتێکی گشتی و ڕەها نییەو نایشتوانرێت بەم مەبەستە باربکرێت بۆیە شتێکی ئاساییە کەسانێك پشتگیری لێبکەن و کەسانێکی تریش دژی بوەستن، یا دیدو بۆچوونی جیاواز دەربارەی دەربڕین دەربڕینی بۆچوونی جیاوازیش نابێت والێکبدرێتەوە، کەهێمای لاوازییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە زۆرجار کاریگەری باشی دەبێت و بابەتەکە بەرەو پێشەوە دەبات.

هەواڵنامەی کتێب

# ڕوانگە لەدیدی نەیاران و لایەنگرانییەوە

دانانی هەر پڕۆژەیەکی ئەدەبی، یان دەرکردنی هەر بەیاننامەیەك مەرج نییە، هەموو کەس لەگەڵی بێت، بەڵام لەهەمان کاتیشدا پانتاییەکی فراوان والآدەکات لەبەردەم وورووژاندن و پرسیارکردندا، هەژاندێك دەبێت، بەدوای کپی و خامۆشیدا دێت، کۆمەڵێك پرسیاردەبێت، بەکۆمەڵێك وەڵامی جیاوازەوە، خۆئەگەر لەکاتی خۆیشیدا لۆجیکی سەردەم ڕاڤەیەکی دیاریکراوی هەبێت بۆی ئەوا دواڕۆژو ڕۆژگار ڕاستی و دروستی هەندێك لایەنی ڕوون دەکاتەوە.

دەرکردنی بەیاننامەی ئەدەبیش لەمێژووی ئەدەبیاتی گەلاندا شتێکی نامۆنییە، مێژووی ئەدەبیش گەواهی بۆ چەندین بەیاننامی ئەدەبی دەدەن، هەر لەئەدەبی ئەوروپاییەوە بگرە تا ئەدەبی عەرەبی و فارسیش خاوەنی چەندین بەیاننامە بوون، جاری واهەیە، تایبەت بووە، بەکەسێك هەندێ جاریش گوزارشی لەدیدوبۆچوونی کۆمەڵێك نووسەرکردووە.

نوێگەری و داهێنانیش تەنها بەدەرکردنی بەیاننامەیەك نایەتەدی، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ڕۆڵی بەرچاوی خۆی دەبێت، هەموو بەیاننامە ئەدەبییەکانیش بەڕاشکاوی و یەکسەر جێگای پەسندکردن نەبوون، بەڵکو نەیارانیشی بۆ پەیدا بووە، کاتێك بەیاننامەی ((ڕوانگە))یش دەرچوو، ڕۆژگاری ململانێی توندوتیژی جەمسەرەکان و بزووتنەوەی چەپ و ڕەوتە فیکرییەکان بووە، ئەمەیش بەشێوەیەکی بەرفراوان کاریگەری خۆی بەجێدەهێشت دوای بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی ڕوانگە، کۆمەڵێك وتار لەڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاوکرایەوە، بەتایبەت ڕۆژنامەی ((هاوکاری)) هەندێك لەگەڵی و هەندێکی تریش دژی وەستان، خوێندەواران و ڕۆشنبیرانی ئەوکاتە بۆ ڕۆژنامەی هاوکاری ڕیزیان دەگرت، ((شێرکۆ بێکەس)) لەم بارەیەوە دەڵێت : ((ئەمە خۆی لەخۆیدا جۆرێك جووڵانەوەی دروستکرد نووسینی ئەو وتارو ڕەخنانە بەهەردوو بارەکەدا بەیەکەم جار پرسیاری ڕەخنەیی هێنایەکایەوە بەپۆزەتیڤ بێت یان نێگەتیڤ)) (٧٨) یەکێك لەلایەنگرانی بانگەوازەکە دەڵێت : ((خوێنەرانی کورد ئەمڕۆ پێویستە بەئەدەبی

تەکیەو خانەقا، سەرگوزشتەی ڕشتەی مرواری فێرنەکرێن، ئەمڕۆ ئێمە لەبارێکدا دەژین پێویستمان بە (دژە وەستانی ئازادو مل کەچی و گۆشەگیرییە تەفروتوناکردنی هەموو پاشماوەیەکی ناشیرین و بنیات نانی جوانی لەسەر بنەڕەتی خۆشەویستی مرۆڤ لەڕەگەوە هەڵکێشانی بیری کۆن و کۆن پەرستی و داکوتاندنی باوەڕی نوێی بەرەو ڕوناکی دانە دواوەی مل کەچی و کڕنووش بردن و ڕاپەڕین بۆ سەربەستی و ئازادی مرۆڤی کورد) بەم جۆرەو بەپێی ئەم پێویستە شۆڕشگێرانە و بێ سڵکردنەوە ڕێگا بگرێتەبەر)) (٧٩) ئەمەش ئاماژەکردنە بەڕۆڵ و کاریگەری شیعر لەو قۆناغە نوێیەدا، وەنەبێ ئەو بیروباوەڕانەی، کە شاعیران و دەستەی ڕوانگە لەبانگەوازەکەیاندا دەریان بڕیبوو، هەر تەنها لەبانگەوازەکە باسکرابێت، بەڵکو لەزۆربەی کۆڕوسیمینارەکاندا جەختیان لەسەر بیرو بۆچوونی خۆیان دەکردەوە.

((شێرکۆ بێکەس)) لەکۆمەڵە وتارێکدا کەلەڕۆژنامەی ((هاوکاری)) دا بەناوی ((ڕوانگەو کوێرە ڕەخنە)) بڵاوکراوەتەوە، زۆر خاڵی گرنگ و دەروازەی تازەو پرسیاری نوێ دەورووژێنێت، کەلەبەیاننامەکەدا باسی ئەوانەی تێدا نییە، سەرەتای بۆچوونەکانی ((شێرکۆ)) بەڕەتکردنەوەی ئەو پێودانگە سیاسییە دەستپێدەکات، کە ((فاضل مەلا محمود)) داکۆکی لێدەکات و دەڵێت : ((ئایا لێکدانەوەی کاك فاضل بەرامبەر بە ئەدەبی ڕوانگە لەم نووسینەدا لەو سنوورە تەنگە بەرەوە نەهاتۆتە دەرەوە، کەتەنیا لەیەك کونەوە ئەڕوانێتە جیهانی ئەدەب، لەسەر یەك خەتی بیرکردنەوە ڕاستەوڕاست تەماشای هەموولایەنەکانی ئەدەب و ژیانی کۆمەڵایەتی ناکا ؟ .. بەرهەمی ئەدەبی یەك ڕەنگ و بەرگ ناپۆشێ)) (٨٠).

((شێرکۆ)) زوو دەرك بەمەترسی تێڕوانین بۆ ئەدەب لەیەك پێودانگەوە دەکات بۆیە دەڵێت : ((ئێمە ئەمانەوێ تەماشای ئەم دونیایە لەهەموو لایەکەوە بکەین هەوای پاك لەهەموو جێگەیەکدا وەرگرین ئەسیرو دەست بەستەی قەوارەیەکی سنووردار نەبین)) (٨١)، ئینجا دوای ئەمە دێتە سەر دیاریکردنی هەڵوێستی بەرامبەر بەچەند مەسەلەیەکی شیعری وەك ڕەتکردنەوەی ئەو شێوە دەربڕینە ڕاستەوخۆو سادەو ساکارانە کەئاستی بەرهەمە ئەدەبییەکان دادەگرێتە

خـوارەوە بـۆ ئاسـتی نووسـینێکی ئاسـایی بـەبیانووی گەیانـدنی مەبەسـتەکان بەشێوەیەکی ئاسـان ئـەوەتا دەڵێـت : ((بـەلای ڕوانگـەوە ئـەو ئەدەبـەی دەسـت بـۆ توێکڵی نیشتمانی و چینایەتیمان ئەبات و لەڕێگەی دەربڕینـی سـادەو سـاکاری.. تەنکـــەبواری ئـــەدەبی ڕاســـتەوخۆ زەقـــی.. بـــێ ڕووپۆشـــی هونەرییـــەوە.. لەچەوساوەکان لەمەسەلەی نەتەوایەتی لەشۆڕشی میللەتان، لەهـەژاران ئـەدرێ و بەقوولی وەك قوولی ئازارو چەوساندنەوەو تێکۆشان و قوربانیدانیان – ناچێتە خـــوارەوە، ئێمـــەش ئـــەو ئەدەبـــە بەنموونـــەی ئـــەدەبیی ئـــەزانین کەئەیـــەوێت ((ئیحتقاری)) میللەت بکات لەکاتێ کۆشانی کەم بکاتەوە)) [٨٢].

((شـێرکۆ بێکـەس)) جـەخت لەسـەر ئـەوە دەکـات، کـەدەبێت لەئەدەبـدا بەرزترین شێوەی دەربڕین و بەرزترین شێوەی تێگەیشتن هـەبێت، بۆیـە دەڵێـت : ((ئەبێ بەرزترین شێوەی دەربڕین بنووسین.. چۆن ؟ بەرزترین شێوەی دەربڕین لە ئەدەبدا ئەبێ لای (نووسەر) چی بگەیەنێت ؟ هەر هەمان وشەی ئاسایی لە زمانی ئەدەبـــدا ؟ ئـــەو بـــەرزترین شـــێوەی دەربڕینـــە بـــەرزترین شـــێوەی تێگەیشتی ناوێت)) [٨٣].

((شـێرکۆ)) لەشـوێنێکی تـردا لـە وەڵامـی ((فاضـل محمـود))دا دەڵێـت : ((لێکدانـەوەی عـەقڵی و مـەنطقی ئـەکات بەسەرپشـك بـۆ (تێگەیشـتن) لـەکارە ئەدەبییـەکان نـەك ئـەو ئیحـا ئەدەبییانـەی کەخۆشەویسـتی یـەك بەرامبـەر بەرهەمەکەو ئەو کارتێکردنەی سەرتاپای نووسینەکە لەدڵ و مێشکی خوێنەرا وا بەجێ ئەهێڵێت بزانێ چییە ؟ نـەك خۆ گیرکردنێکـی – مەنطقی وشك کەئامانجی تەفسیرکردنێکـی – ریاضیانەبێت)) [٨٤].

ئامـاژەکردنی ڕوانگەییـەکان بەتایبـەت ((شـێرکۆ بێکـەس)) لەوکاتـەدا بـۆ ڕۆڵی زمان و گۆڕان لەزمانی شیعردا خۆی لەخۆیدا بابەتێکی نوێ بووە ئەمڕۆ زۆر لەڕێبازە ڕەخنەییـەکان بەتایبـەت بونیادگەراییەکان و فۆرمالیستەکان گـەواهی بۆ دەدەن جانازانرێت ئایا ڕوانگەییەکان ئاگایان لەو ڕێبازانە بووە یا نە؟..

دەکرێـت بڵـێین ڕەنگـە ((شـێرکۆ بێکـەس)) بەشـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ لـەڕێگای شـیعری نـوێی عەرەبییـەوە تایبـەت ((ئـەدۆنیس)) ئاگـاداری هەڵوێسـتی

فۆرمالیستەکان و بونیادگەراییەکان، یان بەشێوەیەکی تایبەت سوریالییەکان[٨٥] بوویێت، چونکە سوریالییەکان زیاتر جەختیان لەسەر زمان و جیهانبینی ((رۆیا))ی تازەی شیعر دەکرد.

یاخی بوونی ڕوانگەییەکان لە بەیاننامەکەیاندا ئاماژەی بۆکراوە، بەڵام نەیارانیان بەهەڵە لێی تێدەگەیشتن و ڕاڤەی جۆراو جۆریان بۆ دەکرد بۆیە ((شێرکۆ)) لەوەڵامی ئەوانەدا دەڵێت : ((یاخی بوون لای ئێمە وەك نووسەر ئەیەوێت بەزۆر بیسەلمێنێت یاخیبوونی کوێرانە نییە هەروەك بەر لە دووساڵ لە بانگەوازەکەماندا ئەمەمان دەستنیشانکردووە بەڵکو بزووتنەوەی ڕازینەبوونە هەڵگەڕانەوەیە لەڕووی ئەو — واقیعە — دا کە حەقیقەتی تیا بریندارکراوە پاکێتی تیا پیس ئەکرێ پیسی تیا ئەکرێ بەپاك.. بەردەوامیش هەوڵ ئەدەین ئەویاخی بوونە لەداهێنانی ئەدەبیماندا لەشێوەو ناوەڕۆکی بەهەمەکانماندا لەزمان خۆیدا زنجیرە شۆڕشێکی نەبچڕاوی هەمیشە تازەکەرەوەبێت))[٨٦].

((شێرکۆ بێکەس)) لەوەڵامێکی تردا بۆ ئەوکەسانەی، کەدەیانگوت ڕوانگەییەکان هەموو کۆن پێشێل دەکەن دەڵێت : ((با بگەڕێینەوە بۆ بەیاننامەکەمان کە گوتوومانە کۆن بەلای ئێمەوە لەپێوانەی بابەتەکانی ئەدەبدا هەر ئەوە نییە کەکوێرانە یاخیبوونێکی دژبەرپابکەین ئێمە بڕوامان وایە کەتاقیکردنەوە کۆنە سەرکەوتووەکان هەمیشە پاڵ پشتێك بوون بۆ ڕێڕەوەتازەکانی دوای خۆیان و ئەمان لەمناڵدانی ئەودا لەدایك بوون و لەباوەش ئەودا کەوتوونەتە گڕوگاڵ))[٨٧].

کۆمەڵێکی تر لەو ئەدیبانەی کەدژبە بەیاننامەکە وەستان و لەگۆشە نیگای ئایدۆلۆژیاو فیکرەوە تێیان دەڕوانی، بریتیبوون لەم کەسانە: ((فوئاد قەرەداغی، فازیلی مەلا مەحمود، فوئاد مەجید میسری، کەمال میراودەلی، محەمەدی مەلا کەریم)) و چەند کەسانی تریش، هەرچەندە لەبۆچووندا دیدی جیاوازیان هەبوو، بەڵام هەموویان لەیەك میتۆدا ((منهج)) دەسووڕانەوە، ئەوەتا ((فازیل مەلا مەحمود)) دەڵێت : ((خاسیەتەکانی ئەم ئەدەبە ((نوێ)) یەی ئێستە سەری هەڵداوە ئەوەی، کەهەرچەندە گیانێکی شۆڕشگێرانەی چەپ ڕەوییان

تیایەو هەوڵدانێکە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەکی نوێ و کۆتایی هێنان بەئسلوبە کۆنەکانی ئەدەب، بەڵام هەموو سیفاتەکانی فکری برجوازی بچوکی تیایە)) [٨٨].

لە هەمان کاتیشدا ((فوئاد قەرەداغی)) دەڵێت : ((ڕوانگەییەکان توێژێکی ڕۆشنبیری وردە بورژوازین، کە لەناوململانێکردنی نێوان مەفاهیمی وردە بۆرژوازیو نەریتی دەرەبەگیدا ئەژین وەهەرچەندە ئەم توێژە ئەیانەوێت بەتەواوی بپچڕێن لەهەموو نەریتێکی دەرەبەگی و هەموو مەفاهیمێکی دەرەبەگی توورِبدەن ،بەڵام جارناجارێ بەبێ ئەوەی ئارەزووی ئەوە بکەن، یاچاکتر بڵێین هەستی پێ بکەن ئەکەونە ژێر تەئسیری کۆمەڵەوە لەگەڵێك مەسەلەدا هەڵوێستیان و مەفاهیمیان جووت ئەوەستێت لەگەڵ فیکری دەرەبەگی و هەڵوێستی دەرەبەگییاندا) [٨٩]. هەروەك لەمەوپێش وتمان ئەوانەی دژی ڕوانکە وەستاون دەستەیەك نووسەرو ڕۆشنبیربوون، کەزۆربەیان خاوەن توانایەکی باش بوون، و لەهەمانکاتیشدا بۆچوونی جیاوازیان هەبوو، لەناو هەموویاندا ((کەمال میراودەلی)) واقیعی ترو میانڕەوتربوو ڕاستە لەدیدی سۆسیالیزمەوە سەیری ڕوانگەی دەکرد بەلام دەڵێت : ((مەسەلەی ئاساسی ئەدەب تەنیا ناوەڕۆك یان شێوە نییە.. و یەکێتی شێوەو ناوەڕۆك نییە ئەگەر ئەم یەکێتییە توخمێکی پێویست نەخولقێنێ کەئەویش جەماهیریەتە)) [٩٠].

کەمال دەڵێت تەنها هەر شێوەو ناوەڕۆك نییە، بەڵکو توخمێکی ترە، باش بۆی دەچێ، ڕاستە ئەدەب یەکەیەکی ئۆرگانییە، بەڵام کەدەڵێت ڕەگەزێکی تری پێویستە ئەویش جەماهیریەتە، ئەوە جۆرە مەرجێکی کۆمەڵایەتییە لەدیدی سۆسیالیزمەوە دەیهێنێتە ئاراوە، ئەگینا کەمال هێمنانەتر، موناقەشەی کردووە، تەنانەت لەشوێنێکی تردا لەوەلامی ئەدیبێکی هاوبۆچوونی خۆیاندا دەڵێت: ((چ جۆرە ئەدەبێکمان دەوێت، هەڵەی کاك فاضل لەوەدایە، کەدەیەوێ لەسەرەوە ڕێبازی ئەدەبی ڕیالیزمی سۆسیالیست بەسەر قۆناغی ئەمڕۆماندا بسەپێنێ... دانانی ڕێبازێك بۆ ئەدەب شتێکی ئاسان نییە.. ئەدەبیش کە بەشێکە لە سەرخانی کۆمەڵ بەپێی گۆڕانی ژێرخانی کۆمەڵ زروفی ئابووری و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان پەرە دەستێنێ و دەگۆڕێ)) [٩١].

دیدو بۆچوونی ((کەمال میراودەلی)) بۆ ئەدەب و نوێگەرێتی زۆر جیاوازە لەدیدی هاوڕێکانی ئەوەتا دەڵێت : ((نوێیەتی و تازەبوونەوە کۆن نەبوونی ئەدەب لەو حەقیقەتە مرۆڤایەتییەدایە، کە دەری دەبڕێت، بەڵام تەنها دەربڕینەکە شەرت نییە، بەڵکو پێویستە لەبۆتەیەکی هونەری ڕەنگینی وەهادابێت، کەنەهێڵێ ئەو ناوەڕۆکە بەرزێ و خەڵك بێزی لێ بکاتەوە باشترین و تازەترین خواردەمەنی لە قاپێکی کۆن و چڵکندا کۆن و ناشیرین دێتەبەر چاو، بەڵام کاك فاضل نرخی بۆ لایەنی هونەری دانەناوە هەروەك پارچەیەکی ئەدەبی بریتی بێ لەوتارێکی شیعرەکانی قانع باسی جووتیاران و کرێکاران دەکەن، بەڵام چونکە لە وەزن و قافیە بەولاوە هیچ مەرجێکی هونەرییان تێدا نیە، ناشێ بەتازەیان دابنێین.. وادیارە وەك تێی گەیشتبم - کاك فاضل مەبەستی لەنوێیەتی لێرەدا هاوچەرخێتییە واتە ((عصریەت)) کەئەمەش جیاوازە لە نوێییەتی))[٩٢]. نووسەر لەو کاتەدا پەی بەجیاوازی نێوان نوێگەری و هاوچەرخێتی بردووە، کەتائێستاش زۆر کەس ئەم دووزاراوەیە تێکەڵاو یەکتر دەکەن.

لێرەدا زۆر بەپێویستی نازانین ئاماژە بەهەموو ئەو وتارو ڕەخنەیانە بدەین کەلەساڵانی ١٩٧٠ - ١٩٧٥ دا لەسەر بانگەوازەکەی ڕوانگە نووسراون، چونکە زۆربەیان دووبارەکردنەوەو جوینەوەیە، لەهەمان کاتیشدا نامانەوێت زۆر لەڕێبازی باسەکە دەرچین، بەڵام لێرەدا پێویست بەوە دەکات چەن ڕاستییەك بخەینە ڕوو، زۆربەی ئەو وتارانەی کە دژ بەبانگەوازەکەی ڕوانگە بڵاوکراونەتەوە، بەتایبەت ئەو نووسرانەی کە لەمەوپێش ناومان بردن لەگۆشەنیگای فیکری سیاسییەوە ئاوڕیان لەئەدەب داوەتەوە، بەپێودانگی زاراوەی سیاسی فیکری سیاسییەوە ئاوڕیان لەئەدەب داوەتەوە، بەپێودانگی زاراوەی سیاسی و فیکری وەك، وردەبۆرجوازی، دۆگما مامەڵەیان لەگەڵ ئەدەبدا کردووە، بەزۆری ستاتیکاو ڕەخنەی زانستی وئەدەبییان فەرامۆشکردووە، ئەمەش بەزۆریی دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری و ململانێی ئەو سەردەمەی چەمکەکان و جەمسەرەکان.

زۆرجار ئەم پرسیارەش دەکرێت ئایا ((کۆمەڵە))* پەیوەندی بەڕوانگەوە هەبووە، جالێرەدا بەپێویستی دەزانین پەیوەندی کۆمەڵە بەڕوانگەوە لەسەر زاری

((شێرکۆ بێکەس)) ببیستین کەدەڵێت : ((نەء هیچ جۆرە پەیوەندییەك نەبووە بە ئیتجاهی ئەوەی بزانن ئەمە کۆمەڵەیە، بەڵام پێویستە ئاماژە بەیەك شت بکەم، ئەویش ئەوەبوو کەدواتر بۆمان دەرکەوت برادەرانی ((کۆمەڵە)) ڕونگەیان خستبوو ژێر زەرەبینەوە، چونکە وایانزانیبوو، ڕوانگە پەردەیە یاخود دەمامکێکە بۆ بزووتنەوەیەکی سیاسی کەئەیەوێت دروست بێت، من پێم وایە هەر لەو باری سەرنجەوە یا لەو بۆچوونەوە، ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم، کەمن پێم وایە ڕاستە ئەوان هاتنە ناو کۆڕی مناقەشەکردن و یابڵێین بەرپەرچ دانەوەو ئەمان ترسێکیان لەوە هەبووە.. من ناوی ئەنێم ترس.. ترسی ئەو ڕوناکبیرانەی کۆمەڵەو حەزەرێك بەرانبەر ڕوانگە کەلای ئەوان کەمتر هەزم دەکرا، کە ڕوانگە ڕوانگەیەکی ئەدەبی بێت، ڕوانگەبێت بۆنوێکردنەوەی زمان بۆماناى زمان)) (٩٣).

زۆربەی ئەو ڕەخنانەی، کەلەسەر ڕوانگە دەنووسران، لەوەوە سەرچاوەی دەگرت، کەوایانەزانی ڕوانگە بانگەوازی بزووتنەوەیەکی سیاسی دەکات و دەبێت بەئەڵتەرناتیڤێکی بیروباوەڕەکانی ئەوان و هیچی تر، ئەگینا زۆربەی نووسینەکانیان دوور بوون لە هەڵسەنگاندنی ئەدەبی، یان هەندێك نووسینی توندڕەوەکانیان لەدەقە تیۆرییەکانی مارکسیزمەوە سەرچاوەی دەگرت، کەوایان ڕاڤەدەکرد هەر بزووتنەوەیەکی مارکسیزم باس لە کێشەنەتەوەییەکان بکات، ئەوە دوورکەوتنەوەیە لە مارکسیزم، ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەئایین بوونی مارکسیزم بوو، لە هەمانکاتیشدا دوورکەوتنەوە بوو لەدیالێکتیك و ڕۆژگارو سەردەمیش ڕاستی و دروستی ئەم بۆچوونانەی سەلماند.

لێرەدا بەپێویستی دەزانین دیدو بۆچوونی، هەندێکی تر لەنووسەران بخەینە بەرچاو لەوانەی کەپشتگیری و دژی ڕوانگە وتاریان نووسیوە. نووسەرێك بەناوی ((ج))وە دەڵێت : ((تەواوی بیروڕاکانی ئەم بزووتنەوە نوێیە، کە بەدەستەی ڕوانگە ناسراون، لەوێوە دەست پێ ئەکات، کەئەبێ ئەدەب لەکۆڕی بەیەکاهاتنی ناوکۆمەڵداو لەتەقینەوەو بەردەوامی شۆڕش و سەرەنجامەکانیان و لەبنیات نانی کۆمەڵی نوێدا، وەك ئەو چەك و جەنگاوەرانە دوور بگیرێت، کەقۆناغی سەردەمی گەلەکەمان پێویستی پێیەتی)) (٩٤). ئەمەش کاریگەری ڕۆڵی

شیعر دیاری دەکات لەکۆمەڵگەداو بانگەشەی ئەوە دەکات، کەشیعر کاریگەربێت لەبونیادنانی کۆمەڵگایەکی نوێدا.

((فوئاد قەرەداغی))یش لەوتارێکدا دەڵێت : ((ڕێبازی ئەدەبی ڕوانگە وەك دەرکەوتنێکی ئەدەبی لەسەردەم و بارێکی مێژوویی زانراودا هاتۆتە ژیانەوە وئەنجامی کۆمەڵێك ناکۆکییە (تناقضات).

ژیانی ئەم ڕێبازە، تائێستا وەك لەمەودوایش ئەو ناکۆکییانەی لابەلا نەکردووەو نایکات، نەك هەر ئەمە، بەڵکو لەناو کۆمەڵێکی تر لەناکۆکی یا ئەژی ڕوانگەییەکان ناکۆکییان هەیە لەگەڵ واقعی ئێستادا. لەگەڵ هەموو کەلەپووری نەتەوایەتیماندا لەگەڵ باری سیاسیدا چ لەئاستی جیهانی بێت یا لەوڵاتی خۆمان لەگەڵ هەموو ئەو بیروباوەڕو ڕێبازەسیاسییانەدا کەهەیە)) [٩٥].

هەروەها فوئاد قەرەداغی درێژە بەقسەکانی دەدات و دەڵێت : ((جگە لەمانە ناکۆکی هەیە لەنێوان جۆری بیرکردنەوەی ڕوانگەییەکان خۆشیان وەك ئەڵێن بەهۆی نەبوونی (یەکێتی ئایدۆلۆجییەوە)) [٩٦]. هەرچەندە نووسەر لەدیدێکی مارکسیزمانەوە ئاوڕی لەبابەتەکە داوەتەوە و ڕەخنەیەکی زۆری ئاڕاستەی ڕوانگەییەکان کردووە بەوەی کەکۆمەڵێك ناکۆکی لەنێوانیاندا هەیەو یەکێتی ئایدۆلۆژیایان نییە، بەڵام نووسەر دەبوایە، ئاگاداری ئەوە بوایە، کەبوونی ناکۆکی و بیروبۆچوونی جیاواز یەکێکە لەسیماکانی دیالێکتیکی مارکسیزم و ڕەوتی ژیانی کۆمەڵگایش بێ بۆچوونی جیاواز بەرەوپێش ناڕوات، ئەمەیش خۆی لەخۆیدا تەبایە لەگەڵ پرەنسیپەکانی مارکسیزمدا.

(عەبدالرەزاق بیمار)یش دەربارەی ڕوانگەییەکان دەڵێت : ((بانگەوازەکەیان بەپەلەو لەناکاو بوو، چونکە تائێستا لەمەیدانی نموونەکارییەوە نموونەیەکی لەخەڵك بەدەریان پێ نەداوین، قەڵایەکی تازەیان نەگرتووە، کەپێویست بەدەرکردنی بەلاغێکی مارش ئامێزبکات – گەلی کورد تائێستا هۆڵێکی شانۆو مۆسیقای نییەو کەرەستەی چاپ و بڵاوکردنەوەی نییە.. ئیتر کام دام و دەزگا هەڵئەتەکێنن)) [٩٧].

هەر لەڕووی هەمان بۆچوونی ((عبدالرەزاق بیمار))ەوە ((ئەحمەد سید عەلی بەرزنجی))یش دەڵێت : ((شەش هاوڕێی ئەدیب بانگەوازێکی پەڵەی بەتەم و مژی نادیاریان بڵاوکردەوە، کە کوت و مت لەزیقەو هاواری چەند چۆلەکەیەکی بەندکراو ئەچێ، نیشانەی هەڵەشەیی و بێ ئاگایی زۆر ئاشکرا لەبانگەوزەکەیاندا نیشان دراوە)) [٩٨].

((عەزیز گەردی)) یەکێکە لەو نووسەرانەی سەردەمی ڕوانگە، بەبۆچوونێکی بابەتیانەوە، ڕوانگەو بەرهەمەکانی هەڵسەنگاندووەو پوختەی بۆ چوونەکانیشی لەژمارەی سێی گۆڤاری ((ڕوانگە))دا بڵاوکراوەتەوە، لێرەدا بەپێویستی دەزانین کەمێك لەسەر بۆچوونەکانی ((عەزیز گەردی)) ڕابوەستین، ئەوەتا دەڵێت: ((سەداو دەنگدانەوەی بانگەوازەکە و بەرهەمەکانی ڕوانگە خوازەکان شاعیرو نووسەرو ئەدەب پەرستانی لەسێ ڕیزەوە ڕاگرت، هەندێ لەولاوە تازە پێگەییوە خوێن گەرم و هەرزەکارو سۆز تەقیوانەی کەقاڵ بووی ئازاری ڕووداوە ناڕێکەکانی ناوکۆمەڵی کوردەواریمان و خنکاوی دووکەڵی درۆو دەلەسەی پەنگ خواردووی بێ ئەنجام بوون، ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەرچوونی بانگەوازەکەوە وشەی یاخی بوون و تەقینەوەو بەگژاچوون و نوێخوازی و... لەناخی دڵیانەوە دەنگی دایەوەو بەبێ لێکدانەوەیەکی وردو زانستی سروشت و بنچینەو ئامانج و ڕێ ڕەوی بانگەوازەکە خۆیان کرد بەباوەشیا بەڕادەیەك کەگەلێکیان کەوتنە گێژوو گەڕی و شتی زلی ئەوتۆ کەهەموو شتێکی تێدا ون بکەن)) [٩٩] .. هەروەها دەڵێت : ((شان بەشانی ئەمانە تاقمێکی تر بەتایبەتی ئەوانەی دەورێکییان دیوە لەئەدەب واتە ئەوانەی ڕاهاتووی جۆرە ئەدەبێك و ڕێبازێکی دیارن، جائەو ئەدەبە هەرچی بێت و هەرچۆن بێت ئەمانە بەبێ ئاڕدانەوەیەکی زانستییانە پشتیان تێکردو کەوتنە خۆیان بۆئەوەی شاڵاوی ئەو بزووتنەوەیە ڕاگیربکەن، وایان دەزانی ئەمە نوقم کردنی کەشتی ڕێبازی ئەوانە، ئەگەر چی مەسەلەکەش زۆر لەمە دوورتر بوو)) [١٠٠].. بەبۆچوونی عەزیز گەردی کۆمەڵێك فاکتەر لەپشتی ئەم دیدو بۆچوونەی ئەکانەوە بووە، لەوانە ئەمان کەسانی بوون کەلەقاوغی ئەو ویقار و فیزو لەخۆباییبوونە کلاسیکییانەدا بوون و

نەیانویست تێدا بمێننەوە ڕوانگە داوای شکاندن و نەهێشتنی ئەکرد، ئەمەشیان بێگومان لێك گیربوون و بەگژیەکاچوونی تیا لەدایك ئەبێ[١٠١]، یان فاکتەرێکی دەروونی هەبووە ئەمان پێیان ناخۆش بووە کەخۆیان بزوێنەرو بانگدەری ئەو بزووتنەوەیە نین[١٠٢]، یان گەلێ لەو شاعیرو نووسەر و چیرۆکنووسانە وایان ئەدایە قەڵەم، کەڕوانگە زیاتر لەسەر زەمینەیەکی سیاسی ڕەگی داکوتاوەو هێزێکی نهێنی لەدواوەیەو جۆرە سەپاندنێکی دەروونی تێدایە[١٠٣]. هەروەها عزیز گەردی دەڵێت : ((دەستەی سێیەمیش جائیلتیزامی ئایدۆلۆژی تایبەتی خۆیان هەبووبێ، یان نە ، بەپێچەوانەی دوو تاقمەکەی پێشوو بەمێشکێکی زانایانەوە لێکدانەوەیەکی وردی بابەتی بەرەو ڕوانگە هەڵکیشان و مەردانە لەسەر بنچینەیەکی زانستی بێلایەن شییان کردەوەو لێکیان هەڵوەشاند هەمیشە چاوەڕوانی بەرهەمی تازەی ڕوانگەخوازەکان بوون بۆئەوەی لێدوانی زیاتریان لەسەر بکەن، بێگومان ئەم دەستەیەش دەورێکی باڵاتری بینیوە لەدوو دەستەکەی پێشوو بۆ کوڕ گەرم کردن و خزمەتکردنی ڕاستەقینەی بێگەردی ئەم بزووتنەوەیەو هەر بزووتنەوەیەکی ئەدەبی تریش کەبیەوێت خزمەتی کۆمەڵی ئەمڕۆی کوردەواریمان بکات))[١٠٤]. لەکۆتاییدا عەزیز گەردی ڕوانگە بەم شێوەیە هەڵدەسەنگێنێ و دەڵێت : ((هەرچۆن بێت ڕوانگە دەنگێکی دایەوەو بزووتنەوەو جوڵەیەکی گەرمی خستە ناو کۆڕی ئەدەبی نوێمانەوە))[١٠٥] هەڵسەنگاندنەکانی ((عەزیز گەردی)) شێوازێکی ئەکادیمی دوور لەلایەنگری گرتۆتەبەر لەهەمانکاتیشدا دان بەوڕاستییەدا دەنێت کە ((ڕوانگە)) گوڕێکی بەئەدەبی کوردی بەخشیوە.

مامۆستا ((دیلان))یش لەوەڵامی پرسیارێکی گۆڤاری ڕوانگەدا کەکردبووی ((ئێمە وای ئەبینین کەڕوانگە بەپێی پێویستیی سەردەمی ئێستای کوردەواریمان و باری ئەدەبی و ڕۆشنبیریمان دەوری کاریگەری خۆی دیوەو جێگای دروستی خۆی گرتووە، ئاخۆ ئێوە لەم ڕووەوە بیروڕاتان چۆنە ؟!.. دەڵێت: ((ناتوانین بڵێین بەپێی پێویستی سەردەمی کۆمەڵی کوردەواریمان.. چونکە زۆربەی خەڵکی کوردەواری، تائێستا گوێی بۆ شێوەو جۆری شیعری

کلاسیك شله، نەك ئەوەی کەپێی ئەوترێ شیعری نوێ ناشتوانین بڵێین جێگەی دروستی خۆی گرت.. چونکە ئەگەر جێگەی دروستی خۆی بگرتایە نەبوو بەشتێکی براوە کەبووش بەشتێکی براوە هەرچی خەڵك هەیە ڕووی تێ ئەکا.. بەڵام ڕوانگە تا ئێستاش نەیتوانیوە چوارچێوەی سنووری خەڵکەکانی خۆی بترازێنێ بۆ یەکێکی تر)) [١٠٦]. هەر لەوەڵامی هەمان پرسیاردا ((محرم محمد امین))یش دەڵێت : ((ڕوانگە هێشتا بەتەواوەتی نەیتوانیوە ڕوخساری خۆی دیاری کا وەکو بزووتنەوەیەکی ئەدەبی نوێ لەچوارچێوەی ئەدەبی کوردیدا، هۆی ئەمەش زۆرە کەلێرەدا جێگای باس نییە وە هەرلەبەر ئەمەشە کەگەلێ ناوو ناتۆرەی پێوەنراوە وەك ئەوترێ گوایا هەر کەلەپووری ئەدەبی نەتەوایەتیمان هەیە ڕەفزی ئەکاو ئەیەوێ سەرلەنوێ ئەدەبێکی تر لەجێگای ئەو دامەزرێنێ بەواتایەکی تر تائێستا ئەدەبمان نەبووە لەئەدەب بچێ و سەرلەنوێ ئەبێ ئەدەب بۆ نەتەوەکەمان دابمەزرێ کەمن لەو بڕوایەدام ئەم قسە پڕوپووچە لەو برا ئەدیبانە ناوەشێتەوە)) [١٠٧]. هەروەها ((کاکە مەم بۆتانی))یش لەوەڵامی هەمان پرسیاردا دەڵێت : ((ئەدەب وەکو ظاهرەیێکی ئینسانی بەپێی قۆناغ و پێویستی ڕۆژگارو پلەی پێشکەوتن خۆ دەنوێنێ و سەر هەڵدەدا. بەهار وەرزێکە و ڕەنگ و ڕوویەکی هەیە، هەروەها زستان وەرزەکانی دیکە.. ((گوڵێك))ی بەهاران ئەگەر لەزستان یان لەهاوین سەرهەڵبدا ئەوا هەڵدەپڕووزێ و سیس دەبێ و تام و بۆی خۆی نابەخشێ، ڕوانگەش بەڕای من لەزروفی تەبیعی خۆی سەری هەڵداوە، وەکو هەندێك کەس دەڵێن ڕووداوێکی غەریب نییە دەبێ ئەوانەی دروشمی ڕوانگەیان بەسینگی خۆیانەوە هەڵواسیوە لە چ هەڵوێستێکیان وانیشان نەدەن کە ظاهیرەکە بێگانەیەو لەکۆمەڵی کوردەواری غەریبە، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکەکە بەترس و خۆ لێ پاراستنەوە بۆی بچن وەیا لەدوورەوە بۆی بوەستن و سیمای خۆیان و کۆمەڵەیەکەیانی لێ بەدی نەکەن)) [١٠٨] یان دەڵێت : ((ڕوانگە.. وەکو نیشانەیەکی پێشکەوتوو نوێ خواز لەئەدەبی کوردیدا، قۆناغ و چۆنیەتی ئێستای گەلەکەمان هێناویەتیە کایەوە، تەمەنیشی لەبانگەوازەکەی پێش دووساڵ دەستەیەك لەبرایەکانم بڵاویان کردەوە.. درێژترە ڕووداوێکی شازو لارو بێگانەش

نییە پێویستییەکی مێژووییە دەبێ ببێ و هێزێك نییە بتوانێ پاشگەزی بکاتەوەو بیگێڕێتەوە دواوە. بەڕای من ڕوانگە قوتابخانەییێك نییە یان ڕێکخراوێك و چەند کەسێك دروستیان نەکردووە، نابێ لەلایەن چ کەسێکەوە وەکو ((بلیت)) بۆ اعتبارو خۆدەرخستن بۆ قازانجی ماددی و معنوی نیشان بدرێ))(١٠٩) هەروەها دەڵێت : ((ڕوانگە دەبێ هەروەکو خۆی تەیارێکی فیکری بێ، چۆنیەتی ژیانی گەلەکەمان وەکو بەشێك لەئینسانیەت، وەکوردستان وەکو بەشێك لەعالەم، بنوێنێ و دووبارەی بکاتەوە. پێویستە ڕەگی خۆی لەژیانی کوردەواریدا دابکوتێ و، بەرهەمی لەو هەڵێنجێ دەنا وەکو بێگانە دێتەبەرچاو))(١١٠).

((کەمال میراودەلی))یش دەربارەی ڕوانگە دەڵێت : ((لەئەدەبی کوردیماندا ((ڕوانگە)) وەك ڕێبازێکی نوێ لەدایك بوو.. دیارە مەبەست لەشۆڕشگێڕێتی ئەدەب دوو شتە : یەکەم : هەڵگێڕانەوەو گۆڕینی شێوەو زمانی ئەدەبی کۆن و.. داهێنانی ناوەڕۆك و بیری نوێ. دووەم : کارکردن لەجەماهیرو بەشداربوون لەگۆڕینی باری کۆمەڵ و دروستکردنی کۆمەڵێکی نوێی ئازادو بەختەوەر. لەمەبەستی یەکەمیاندا ڕوانگە تاڕادەیەك سەرکەوتنی وەدەست هێناوە، بەڵام ڕوانگە، تا چ ڕادەیەك توانیویەتی کار لەجەماهیر بکات و.. بۆ قازانجی نەتەوەیی کورد بێتەکایەوە ئەوەی بەلای منەوە تائێستا ئەبێ نیشانەی پرسیار – ؟ – ی لەبەردەمدا دابنێین و چاوەڕوانی ڕوانگە خۆی بکەین وەڵامی بداتەوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە، ڕوانگە وەکو ڕێبازێکی تازە دەرکەوت))(١١١) کەمال میراودەلی یەکێك بووە لەو کەسانەی کەبەبۆچوونی واقیعیانەوە ئاوڕی لەبابەتە ئەدەبییەکان داوەتەوەو پێی وابووە کەشێوەو ناوەڕۆك تەواوکەری یەکترین و پێوەندییەکی دیالەکتیکانەیش لەنێوانیاندا هەیەو ناکرێت دابڕێن لەیەکترو مامەڵەی جیاواز لەگەڵیاندا بکرێت. لەبۆچوونەکەیدا دەردەکەوێت کە ((ڕوانگە)) بەهەنگاوی باش بەرەو پێش چووە لەلایەن ڕوخسارەوە.

## ئەزموونی ڕوانگە لەدیدی ئێستاوە

زۆرجـار لەگەرمـەی ڕووداوەکانـدا ناتوانرێـت بەباشـی هەڵسـەنگاندنی بابەتی بکرێت، بەڵام دواجار لەڕەخنەگران بەچاوێکی ڕەخنەیی قووڵەوە دەڕواننە بابەتـەکان و لایـەنی باشـەو خراپـەی دەستنیشـاندەکەن، چـونکە لـەوباوەڕەدان کـەڕۆژگار زۆر لەڕاسـتییە شـاراوەکان ئاشـکرا دەکـات، بۆیـە لێـرەدا بەپێویسـتی دەزانین ئاورێکیش لەدیدی ئێستای ڕۆشنبیران و ڕەخنـەگران بدەینـەوە، بۆئەوەی بـزانین دەربـارەی ئـەزموونی ڕوانگـە چیيان گوتـووە، سـەرەتا لـەخودی (شـێرکۆ بێکـەس)ـــەوە دەسـتپێدەکەین کـەدەڵێت : ((بێگومـان ئێسـتا، کـەئاوڕ لەڕوانگـە ئەدەمەوە زیاتر هەست بەبۆشایی و کەم و کوڕی و تاریکی هەندێ لایەنی ڕوانگە ئەکـەم ئـەوەی سـەرنجم ڕادەکێشـێ جۆرێـک پەلـەکردنی تێـدابووەو ئـەو بەرفراوانییـەی، کـە لەبەياننامـەی (٦٩)دا هەيـە لەڕوانگـەدا زۆر کەمـە.. ئێسـتا واتەماشای ئەزموونی ڕوانگە دەکەم، کەزەنگ لێدانێکی ئەدەبی بوو، لەگەڵ هەموو خەوشێکی ئەو مەسەلەیەدا خۆی بۆخۆی دەستپێشخەرییەك بوو بۆ پرسیاری بەپـەرۆش کـە دەربـارەی تازەکردنـەوە کردمـان، هـەموو شـتێکیش لەپرسـیارەوە دەست پێدەکات)) [١١٣].

((پرۆفیسـۆر عیـزەدین مسـتەفا ڕەسـوڵ))يش دەربـارەی ڕوانگـە دەڵێـت : ((دیـارترین ڕووداوی ڕونـاکبیری ئـەم سـەدەیە، سـەبارەت بەکوردسـتانی باشـوور ((ڕوانگـە))يـە مـن ئیمـزام نـەکرد.. مـن لەگـەڵیان نـەبووم، ئـەگینا ڕایـەکم دەبـوو.. لـەژمارەی ((٨))ی ((بـەيان))يشـدا لـەو بارەیـەوە شـتێکم نووسـی، بـەڕای مـن زۆر هەبوون لەناو ڕوانگەدا هەڵپەی یەکەمییان هـەبوو، لەڕاسـتیدا مـن هـەر لەسـەرەتاوە تائێسـتا دژی سـەرکوت کـردنم.. تەنانـەت لای پارێزگـاریش وام وت * ((نووسـە ر لەگەڵ ئازادیدایە هـەر لـە زەمـانی ئەفلاتوون و ئەرستۆوە، مـن لەلایـەك لەگـەڵ ئـەو سـەرکوت کردنـەی ئـەوان نـەبووم، بـەڵام لەلایـەکی تـرەوە زۆر شـتی نـوێی ئـەوانم قبـووڵ بـوو، تـا ڕۆژێـك یـەکێك هاتـە لام و وتـی : "بـاوەڕم نـەدەکرد تـۆ ((حول الصحافة الكردية)) بنووسی و کەچی لەهەمان کاتدا ستایشی ئەو تاقمەدا بکـەی"، مەبەسـتی ڕوانگەییـەکان بـوو، دیـارە ستایشـکردنی مـن بـۆ ئـەوان لەگـەڵ

هەرتێبینییەکی کەهەمە لەسەریان و هەم بووە، ئەوەیە کەهەموو ڕەوتێکی نوێ وردە وردە تەتەڵە ئەبێت، خەوش و خاوەکەی لێ دەتەکێ و ئەوەی دەمێنێتەوە شتە چاکەکەیە)) [١١٣].

((پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ)) وەك ڕەخنەگرو لێکۆڵەرەوەیەکی ئەکادیمی، هەرزوو چەند جارێك لەچاوپێکەوتنا، یا لەوتار نووسیندا بۆچوونی خۆی دەربارەی بەیاننامەی ڕوانگە ڕوونکردۆتەوە، ئەو نووسینەشی کە کاتی خۆی لەگۆڤاری ((بەیان))دا بلاوکراوەتەوە، بەیەکێك لەو نووسینە هەرە گرنگ و بایەخدارانە دەژمێردێت، کەلەسەر بەرهەمی ڕونگەییەکان نووسرا و یەکەم هەڵسەنگاندنی بابەتییانە بو لەو بارەیەوە، چونکە بەدەمارگیرییەوە سەیری ئەو نەوەی نەکردووە، بەڵکو بەشێوەیەکی مەوزوعی و سەربەستانە بۆچوونی خۆی خستۆتە ڕوو، ڕاستگۆیی خۆی بەدەمارگیری یابەبۆچوونی سادە دەرنابڕێت، هەروەها ((پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ)) لەهەڵسەنگاندنەکەیدا کەکاتی خۆی لەسەر بەرهەمی هەندێ لەڕوانگەییەکان نووسیویەتی، گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کەپرسیارێکی گەورە هەموویان یەك دەخات، پرسیار بەدوای ڕێگای ڕاستی سەرکەوتندا، بەدوای ڕابەری گۆڕاندا، ئەمە وایلێکردووین هەندێکیان خەریکی شتی گشتی یاسنووری گشتی ئەو وەلامە ئەدۆزنەوەو بەرەو ((تایبەتی))ی ناو ئەو سنوورە گشتییەش دەچن و هەندێکیان هێشتا هەر ڕووی پرسیارمان تێ دەکەن، واتە بەشێوەیەکی تر، هەندێکیان بەڕاستی شۆڕشگێڕو خەباتکەرن، هەندێکیشیان هەر وەرس و یاخی و ئاوارەن [١١٤].

((د. مارف خەزنەدار))یش لەوەلامی ئەم پرسیارەدا، کە ڕوانگە ساڵی ١٩٧٠ چی بووە ؟ گوتوویەتی : ((کۆمەڵە کەسانێك بەبیرو تەمەن لەیەکتر نزیك پیشەیان نووسینی شیعرو بابەتی تری ئەدەب بوو، بایەخیان بەڕۆژنامەگەری دەداو لەنزیکەوە مەشقیان تێدادەکرد بەهەرچی دەردە سەرییەك بێ سێ ژمارەیان لە بلاوکراوەکەیان ((ڕوانگە)) لەماوەی سێ ساڵدا بەقەوارەی ((٢٥٢ لاپەڕە)) پێشکەش بەخوێندەواران کرد بەرهەمەکانیان چیرۆك و شیعر بوون، ئەم نووسەرە دڵسۆزانە ئەو بەرهەمەی ئامادەیان کردبوو بۆ چاپ بەناوی بلاوکراوە یان گۆڤار

بیگەیەننە خوێندەواری کورد نەك بەناوی کۆمەڵێکی نوێخوازی خاوەن بەرنامە، چونکە نوێخوازی لەئەدەبدا هەیە، بەڵام بەرنامە نیە، ئەو مانیڤێستەی بەناوی ((بانگەوازێك لە ڕوانگەی نوێمانەوە)) لەژمارەی یەکەمدا بڵاویان کردەوە دەبوو بەناوی پێشەکی بێ نەك مانیڤێست. ئەو زانیارییانەی لە مانیڤێستەکەدا هاتوون بیروڕای بەکەڵك و بەجێیان تێدایە))[115] هەروەها ((د. مارف)) درێژە بەوەڵامی هەمان پرسیار دەدات و دەڵێت : ((مانیڤێست واتا یاساو دەستوورو قانون لەئەدەب و هونەردا بەرنامە نیە، بۆیە دەستوورو قانون بابەتی باس نین. مانیڤێست پراکتیك کردنی بڕیارە بۆیە لەگێتی ئەدەب و هونەردا جێی نابێتەوە، کردەوەی ئەم چەند خوێندەوارە کوردە لاسایی کردنەوەی هەندێ کۆمەڵی ئەوروپا بوو لەناو کۆمەڵی ئەوروپاشدا ئەم دیاردەیە ڕووی دابوو بەتایبەتی لەناو نووسەرانی عەرەبی لای خۆیشمان ئەم ڕوانگەیەش هەر لەبەغدا ڕوویدا – مانیڤێست دەرکردن بۆ هەمووکارێك ڕەنگە ڕێی تێ بچێ، بەڵام بۆبەرهەمی ئەدەبی و هونەری ناکرێ. کۆمۆنیستەکان گەلێ پابەندی ئەوەبوون کەبزووتنەوەی ڕابردوو و داهاتووی ژیان بخەنە قەوارەی یاساو دەستوورەوە، بەڵام بۆیان نەکراو سەرەنجام ئەوەبوو، کەپاش حەفتا ساڵ پراکتیك تاقیکردنەوەکە پووچەڵ دەرچوو. ڕوانگەی لای خۆشمان سێ ژمارە بڵاوکراوەی بەنامەخانەی کوردی بەخشی وەکو هەموو چاپەمەنییەکی ئاسایی لەکاتی خۆیشیدا دەوری باشی هەبوو و چووە ناو سامانی نەتەوایەتییەوە. ناوی ڕوانگەش، وەکو بزووتنەوەیەکی ئەدەبی هەر لەدایك نەبوو و لەبارچوو))[116].

لەسەر ئەم بۆچوونانەی ((د. مارف خەزنەدار)) ئێمەیش دەڵێین ڕوانگەییەکان بەهیچ شێوەیەك دەستوورێکی دیاریکراویان بۆ شیعر دانەناوە، وەك ئەوەی کە دکتۆر دەڵێت، جائەگەر ڕوانگەییەکان بیرکردنەوەیان بەو شێوەیە بووبێت ئەبێ جیاوازییان لەگەڵ کۆندا چی بووبێت، کەدەستوورو یاسای دیاریکراویان بۆ شیعر دانابوو و شاعیریان ناچار دەکرد ملکەچی بێت لەهەمانکاتیشدا لەگەڵ ئەو بۆچوونەی دکتۆردا یەکدەگرمەوە، کەدەڵێت دەستوورو قانون لەگێتی ئەدەب و هونەردا جێی نابێتەوە، نەك هەر ئەمە، بەڵکو

لەگەڵ ئەو بۆچوونەشدام کە دەڵێت شیعر پێناسەیەکی یەکگرتووی نییە، یان ((دکتۆر مارف)) دەڵێت : ناوی ڕوانگە وەکو بزووتنەوەیەکی ئەدەبی هەر لەدایك نەبوو لەبارچوو لێرەدا پێویستە ئەوە بگوترێت ئەو دەقە شیعرەی، کەئەمڕۆ وەریان گێڕاوە بۆ زمانەکانی بیانی و لەخوێندنگە سەرەتاییەکانی ئەمریکادا خراوەتە بەرنامەی خوێندنەوە زادەی بەرهەمی یەکێك لەئەدیبانی ڕوانگەیە.

((ڕێبین ئەحمەد هەردی))ـیش کاتێك باسی ئەزموونی شیعری ((شێرکۆ بێکەس)) دەکات، گرێی دەداتەوە بە ڕوانگەوەو دەڵێت : ((هەرچەندە ئەزموونی شیعری ((کاك شێرکۆ)) هەر لەهەواو کەشی ئەزموونی ((ڕوانگە)) دا مایەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوشدا ئەم شاعیرەمان توانی بەچەند هەنگاوێکی خێراو پێشبینی نەکراو پێش هەموو ئەو ناوە شیعریانە بکەوێ، کەزیاتر لەم بەختی داگیرکردنی لوتکەی شیعری کوردیان هەبووە، ئەگەر ڕوانگە ئەزموونێك بووبێت لەهەناویا زۆر شتی نەوتراوی حەشار دابووبێت، ئەوا ((کاك شێرکۆ)) لەدوای هەرەسەوە، توانی هەموو ئەو نەوتراوانە ئاشکرا بکات ((دەربەندی پەپوولە)) چڵە پۆپەی ئەم حاڵەتە بوو)) (١١٧).

ڕاستی ئەم بۆچوونەی ((ڕێبین ئەحمەد هەردی)) لەوەدایە، کەشاکارە بەرهەمەکانی ((شێرکۆ بێکەس)) بەزادەی شتی نەوتراوی ((ڕوانگە)) لەقەڵەم دەدات و کاتێکیش دیاری دەکات بۆ دەستنیشانکردنی بەرهەمە سەرکەوتووەکانی ئەو شاعیرە.

((بەختیار عەلی))ـیش دەربارەی ڕوانگە دەڵێت : ((لەئەدەبیاتی ئێمەدا ((گۆران)) و ((ڕوانگە)) بەتەواوەتی نوقمی ئەو خولیایە بوون، خولیای بونیادنانەوەی دەقی تازەگەری دەرەوە لەناوەوە. ئەم پرۆسەیە دەشێت لەڕووی هونەری و مەعریفییەوە زۆر سوود بەخش بێت، بەڵام دواجار ئەگەر لەئاستی خوڵقاندنەوەی هونەرییانەی دەقی دیاریکراودا وەستاو نەبوو بەمایەی دروستبوونی هۆشیارییەك سەبارەت بەقەیرانی کۆی بونیادە ڕۆشنبیرییەکە، ئەوا ناچێتە ناو هیچ پرۆژەیەکی ڕادیکاڵیانەی تازەگەرییەوە. واتە لاساییکردنەوەی

تازەگەری مەرج نییە، تازەگەری بێت، چونکە تازەگەری لەڕێگای خولْقاندنەوەی نموونەی هاوشێوە لەناو ڕۆشنبیرییەکەوە ناگوێزرێتەوە بۆ ڕۆشنبیرییەکی دی)) [118]. هەروەها ((بەختیار عەلی)) دەڵێت : ((ئەگەر سەرنج بدەین بەدرێژایی پەنجا ساڵی ڕابردوو، ئەو جوڵانەوانەی بەتازەگەری ناوبراون، زنجیرەیەکی یەك لەدوای یەکی گۆڕانی شێوە (فۆرم) بوون لەشیعری پەنجەوە بۆ فۆڕمی ((ڕوانگە)) بۆ فۆڕمی شیعری ئەمڕۆ.. گۆڕانەکانی ناو فۆرم لەهونەری شێوەکاری، شانۆو چیرۆکدا دەرکەوتەی جیاوازی جەوهەرێکی نەگۆڕن ((جەوهەری سەلەفییەت)) کەجگەلە گۆڕانکاریی فۆرم توانای گۆڕانکاریی دیکەی نییە سەلەفییەت ((وەکو تازەگەر داندییەکانی بۆدلێر))* شێوەکانی خۆی دەگۆڕێت، بەلاّم توانای گۆڕینی ماناکانی نییە ((هیچ نەووتن)) جەوهەری سەلەفییەتە لەئاستی مەعریفیدا ((شێوەکانیش)) گەمەی سەلەفییەتە بۆ شاردنەوەی ئەو هیچ نەووتنە)) [119]. لەئەدەبیاتی گەلاندا کارتێکردن ((التآثر))هەیە، بەلاّم مەرج نییە، هەموو ئەو نوێگەرییانەی کە ڕوانگەییەکان لەفۆڕمدا کردوویانە کوت و مت لاسایی کردنەوەی ئەزموونی ئەوروپایی بووبێت بەو واتایەی کە ((بەختیار عەلی)) بۆی چووە، بەلاّم ئەو بۆچوونەی کەدەڵێت ڕوانگەییەکان توانای گۆڕینی واتاکانیان نییە، ڕەنگە تاڕاددەیەك هەندێ ڕاستی تێدابێت و دەتوانین بڵێین ڕوانگەییەکان کەمتر توانای گۆڕینی ماناکانیان هەبووە.

((کەریم دەشتی))ـیش لە وەلاّمی پرسیارێکی گۆڤاری ((ڕامان))دا، کەکردبووی ئایا پێت وایە یاوانییە ئێستا وەختی ئەوە هاتووە بەیاننامەیەکی وردو بەهێزو هەمەلایەنە لەلایەن دەهێنەرە لێهاتووەکانەوە وەك ئەوەی جارانی ((ڕوانگە)) جاڕ بدرێ ؟ لەوەلاّمدا وتوویەتی : ((پێم وایە ئەگەر بەیاننامەیەك لەپێناوی چەسپاندنی یەك تاکە ڕوئیەی شیعری هەبێ، ئەوە کارێکی ناتەواوەو ناتوانێ ببێتە هۆیەك بۆ وروژاندنی نێوەندی ئەدەبی و دەروازەیەك بێ بۆ ئەو کەسانەی کەخەریکی شیعرن، بەلاّم ئەگەر هاتوو بەیاننامەیەك گەلاّلە کرا، جۆرێك لەجیهانبینی فراوانی تیابێت سەبارەت بەسەرجەم بزاوتی داهێنان ئەوە، دەکرێ کاریگەربێ بۆ نێوەندی ئەدەبی و پرسیارێکی زۆر بوروژێنێ و گفتوگۆیەکی زۆر

دروست بکات لەدوای خۆشیەوە پرۆسەیەکی ڕەخنەیی پڕبەها دروست بکات، چونکە جاڕدانی دیدگایەك بەیانێکی ئەدەبی ناچارم نەکات، بچمە ژێر دەسەڵاتی ئەو دیدگایە، بەڵام چونکە جیهانبینی فراوانترە لەدیدگا بۆیە مشتومڕی زیاتر هەڵدەگرێ کاریگەریش دەبێ سەبارەت بەنێوەندی ئەدەبی بەتایبەتی باری شلۆقی ئێستای ئەدەبی کوردی دەیسەپێنێ کۆمەڵێ داهێنەر لەهەموو بوارەکانەوە گەلاڵەی بەیاننامەیەکی بەهێزو وردبکەن کەزۆر شمولی و هەمەلایەنە بێ)) [١٢٠].

بۆچوونەکانی ((کەریم دەشتی)) دەربارەی دەرکردنی بەیاننامەیەکی ئەدەبی کەجیهانبینییەکی فراوانی تێدابێت نەك تاکە جیهانبینی شیعری هەبێت و بزووتنەوەیەکی ڕەخنەییش بەرپادبکات تا ڕادەیەك نزیکە لەبانگەوازەکەی ڕوانگەوە کەجۆرێك لەبزووتنەوەیی ڕەخنەیی و پرسیاری هەمەلایەنەی بەرپاکرد.

دیدوبۆچوونی ((جەلیل کاکە وەیس))ـیش دەربارەی ڕوانگە لە پرسیارێکی گۆڤاری ((ڕامان))دا دەردەکەوێت، کە دەپرسێت ئەگەر پرسیاربکرێت وەچەی حەفتاکان کە ((ڕوانگە)) و وەچە ی هەشتاکان کە ((تەلیعییەت)) و وەچەی ئەمڕۆ کە ئەم تەوژمەیە کامیان ڕەسەنترە ؟ لە وەڵامدا دەڵێت : من دەڵێم ڕوانگە لە ڕووی فۆڕمەوە لە هەر هەموویان بەجەرگانەتر بووە بۆ گۆڕینی فۆڕمی ئەدەبی کوردی بەرابەری دەزانم.. ئەگەر ڕوانگە نەبوایە فۆڕمی ((سەراج)) و ((دەشتی))ـیش نەدەخوڵقا، چونکە هەوڵی گۆڕین هەمیشە دەگەڕێتەوە بۆ چەند کەسێ.. بەتێڕوانینی من، ڕێچکە خۆشکەر هەیە، شیعری کوردی لەسەرەتای بیستەکانەوە لەڕێی ((شێخ نووری و گۆران)) و ئەوانەوە ئەم گۆڕانەیان دروست کرد، تاکۆتایی شەستەکانیش ئەم ڕێبازە هەر بەردەوام بوو، بەڵام شەڵەقاندنی گۆمەکە لەسەردەمی ڕوانگەدا بوو)) [١٢١] دیسانەوە لەهەمان چاوپێکەوتندا ((جەلیل کاکە وەیس)) دەڵێت : بەڵام ئاخۆ ڕوانگە نەبووایە و ئەو شەڵەقاندنە نەبووایە ئەو تێکشکاندنەی فۆرم و ((هەندێ جار لە ناوەڕۆکیشدا)) نەبووایە، ئەم وەچەی سەرەتای هەشتاکان ئەم داهێنانەیان دروست دەکرد ؟ من خۆم دەڵێم نەخێر لەبەر ئەوەی کە ڕوانگە زەمینەی خۆشکرد بۆ شتی نوێتر.. ڕوانگە نەبووایە نەدەکرا ئەم نەوەی سەرەتای هەشتاکان دروست بوونایە لەسەر ئەو ڕائیەسورم..

لەبەر چی ؟ لەبەر ئەوەی هەموو ڕێبازێ وەچەی دوای خۆی وریا دەکاتەوە، زاناش ئەو کەسەیە کە لەهەڵەی پێش خۆی سوود وەرگرێ ئەگەر وەچەی سەردەمی ((ڕوانگە)) ئەو خوێندنەوە مەعریفییەی نەبووبێ ئەوە وەچەی سەرەتای هەشتاکان هەستی بەوەکردووە ئەو بۆشاییە هەیە، بۆیە ڕووی کردۆتە ((ئەلیۆت))و ((ئەدۆنیس)) و ((دنیای مەعریفەت)) [١٢٢].

وردبینی ((جەلیل کاکەوەیس)) لەوەدا دەردەکەوێت کەهەموو جۆرە بازدانێک ((قفزە)) لەشیعری کوردیدا ڕەت دەکاتەوە و پێی وایە هەموو نوێگەرییەك لە منداڵدان پێش خۆیدا چەکەرە دەکات، بۆیە نەوەی هەشتاکان و شیعری ئەمڕۆمان بەزادەی بانگەوازەکەی ڕوانگە دەزانێ.

((تەلعەت تاهیر))یش دەربارەی ڕوانگە دەڵێت : ((شیعری کوردی لە ڕوانگەوە ((تفرد))ی لەدەستدا، سومبولەکانی ئەزموونی ڕوانگە هەردەم لەڕێگەی ((ئێمەوە)) لەڕێگەی دەستە جەمعییەوە، لەڕێگەی ((تعمیم))ـەوە لەشیعرییان ڕوانیوە، کەچی بەنموونە سەرلپا دەقە ئیبداعییەکانی مێژووی شیعر، هیچ شاعیرو گروپێك لەڕێگەی ((تەعمیم))ـەوە نەبۆتە داهێنەر، بەڵکو هەمیشە لە ((تفرد))ـەوە هاتوون.. لە ((ڕوانگە)) ئەو میراتە مایەوە، کەشیعر پێش ئەوەی تەکنیك زمان بێت، شیعر بابەتە لە ((ڕوانگە))وە شیعر بوو بەمینبەرێکی ویژدانیو دەستی کرد بەدەرپەڕاندنی ئەو تەنگەژانەی لەڕێی ئایدۆلۆژیاو سیاسەتەوە هاتوونەتە کایەوە)) [١٢٣].

لێرەدا ((تەلعەت تاهیر)) وای بۆ دەچێت، کەشتی دەستە جەمعی داهێنان دروست ناکات، بەڵکو زیاتر باوەڕی بەتاك هەیە بۆ ئەفراندن و داهێنان، لایەنێکی ئەم بۆچوونە، ڕەنگە ڕاستییەکەی لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت، کەتاك زیاتر ئازادی بۆ دەستەبەر دەبێت، بەڵام کۆ زیاتر دەستەبەرداری کۆمەڵێك پرەنسیپ دەبێت، بەپێچەوانەوە زۆرجاریش دەستە جەمعی کۆمەڵێك نووسەر لەیەك ((میتۆد))دا کۆ دەکاتەوە و داهێنانیش دروست دەبێت.

هەروەها دەربارەی کاریگەری ((ڕوانگە)) ((نەجات حەمید ئەحمەد))یش کاتێك کەباسی هەندێ لایەنی نوێگەری لەشیعری کوردی دەکات و دێتە سەر

((ڕوانگە)) و دەڵێت : ((نوێخوازی لەسەر دەستی ((لەتیف هەڵمەت)) لە ((خواو شارە بچکۆلەکەمان)) و ((ئەنوەر شاکەلی)) لە ((پڕۆژەی کودەتایەکی نهێنی))دا دەستی پێکردووە، کەلەکاتی خۆیدا سەداو دەنگدانەوەیەکی گەورەیان هەبووە لەشیعری کوردیداو ئەمە جگە لەکاریگەری ((ڕوانگە)) بەتایبەتی لەلایەن تیۆری و بەرچاوخستنە ئەدەبییەکاندا)) [١٢٤].

((بێکەس حەمە قادر))یش لەوەڵامی پرسیارێکی گۆڤاری ((ڕامان))دا کەلێی کردووە، ئایا هیچ یەکێ لەو بزووتنەوەو هەوڵە تاکانەی لەشیعری کوردی دراون تونیویانە ئاراستەی شیعری کوردی بگۆڕن ؟ دەڵێ : ((گۆڕین یان قلْپ کردنەوەی باری شیعری وابەئاسانی ناکرێت، بەڵام بزووتنەوە هەبووە کاریگەری ١٥١
زۆری بووە، هەشبووە کەم و بگرە نەیشی توانیوە تەئسیر بکات، بزووتنەوەی ڕوانگە توانی تەکانێك بەشیعر بدات و ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت خەڵکانێك هەن و ماون لەژێر کاریگەری ڕوانگەو ڕابەرەکانی شیعر بنووسن)) [١٢٥].

لێرەدا لەگەڵ ئەوەدا تەبام، کەدەڵێت خەڵکانێك هەن و ماون لەژێر کاریگەری ڕوانگەو ڕابەرەکانیدا شیعر بنووسن، چونکە شیعری نوێی ئەمڕۆمان بێگومان لەهیچەوە دەستی پێنەکردووە، بەڵکو کەسان و گروپ و بزووتنەوە هەبوون، کەڕێخۆشکەربوون بۆ شیعری ئەم بەردەمەمان ئەمەش خۆی لەخۆیدا ڕاڤەکردنێکی دیالێکتیکانە دەدات بەبابەتەکە.

((محمد باوەکر))یش دەڵێت: ((نووسین لێکۆڵینەوەو ڕونکردنەوە زۆر لەسەر ڕوانگەو ئەدەبی ڕوانگەیی نووسراوەو هەویرەکەی زۆر شێلراوە، من هەست ناکەم ڕوانگە خوازەکان بەپێی پێوەری مەنتیقی ئەدەبخوازیدا هیچ مۆرك و سیماو ئیزافەیەکی تازەبابەتیان لەمێژووی داهێناندا هێنابێتە بەردەست، بەتایبەتی ئەگەر هاتوو تەتەڵەمان کرد ئەوە لەچەند هێلکەیەکی پیس بوو پتر لەسەبەتەکەیدا نامێنێتەوە.. ئەم دەستەیەش خروقاتێکیان لەسیستەمی زمانی شیعرو فۆرمالیستیدا نەخوڵقاند.. سەرهەڵدانی ڕوانگەو بەیاننامەو ئەدیبەکانی ئەم ستافە پێوەندییان پتر بەباری سیاسی ئەوسای کوردەوە هەبوو نەك ئەدەب، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەر خۆی لەخۆیدا سووکە دەست وەشاندنێك بوو لەوساتە

هەواڵنامەی کتێب

وەختەدا کەئەم گروپە لەهەندێك بواری جیاجیای ڕواڵەتی کۆمەڵایەتی کوردەواری ئەو سەردەمە ئەنجامیاندا)) (١٢٦).

نووسەر کاتێك دەڵێ ئەم ستافە پەیوەندییان بەباری سیاسی ئەوسای کوردەوە هەبووە نەك بەئەدەب، ئەمە تێڕوانینێکی یەك لایەنەیە، ئەگینا ڕوانگە سەردەمێك سەریهەڵدا، کەنوێگەری لە ناوچەکەو جیهان ئەدەبییان وروژاندبوو، بێگومان شیعری کوردیش بەدوور نەبووە لەم وروژاندنەو خۆیشی حەشار نەدابوو لەپێگەیەکی داخراوداو هەر ڕەنگدانەوەی باری سیاسی کورد بوبێت، کاتێکیش دەڵێت هیچ خروقاتێکیان لەزمانی شیعردا نەخوڵقاند، دەکرێ بڵێین ئەگەر نووسەر بەوردی هەندێ لە شیعرەکانیانی بخوێندایەتەوە، ڕەنگە بۆچوونەکەی بەوشێوەیە نەبوایە.

((زاهیر ڕۆژبەیانی))یش دەڵێت : ((ڕوانگە ڕوانینێك بوو کەلەژێر کاریگەری ئەدەبی عەرەبی بەتایبەتی کارلێکی ئەدەبی فەلەستینی لەناو ئەدەبی کوردیدا پەیدابوو)) (١٢٧) نزیك بەم بۆچوونەیش ((عباس عەبدالله یوسف)) دەڵێت: ((ڕوانگە زیاتر کەوتبووە بەرکاریگەری شاعیرانی فەلەستینییەوە، وەك ((محمود دەرویش، سمیح القاسم)) (١٢٨) دیدو بۆچوونی ئەم دوو نووسەرە کەمێك پێویست بەلێدوان دەکات، ڕەنگە لێرەدا کەمێك ڕاستی لەگەڵ بۆچوونی ئەم دوو نووسەرەدا بێت، بەوەی کەئەدەبی کوردی لە ساڵانی حەفتاکان بەدواوە لەژێر کاریگەری ئەدەبی عەرەبی دابووە، بەتایبەت لایەنە شۆڕشگێڕییەکەی ((الجانب الثوري)) هەردوو بارودۆخی کوردستان و فەلەستین تاڕاددەیەك بەسەر ئەدەبی کوردیدا جێهێشتووە، ئەمەش بەڕوونی لای شاعیرانی ڕوانگە دەبینرێت، بەبۆچوونی ئێمەیش ئەگەر شیعری ڕوانگەییەکان بەزۆری بکەوتایەتە ژێر کاریگەری باڵەکانی تری شیعری عەرەبی واتا ((ئەدۆنیس)) و ((یوسف الخال)) و هەندێکی تر ئەوا ڕەنگدانەوەی باشتری بۆسەر شیعری نوێی کوردی دەبوو.

هەر دەربارەی ڕوانگە ((فەرهاد پیربال)) دەڵێت : ((ئەدەبی کوردی دووربووە لەتاك ڕەوی ((تفرد)) زیاتر بایەخی بەشتە گشتییەکان داوە، شیعری کوردی بۆخۆی پێش ڕوانگەو واتا بەر لە ڕوانگەشەوە لەناو تەعمیم و هەمەگۆییدا

دەژیاو ئەرکەکانی غەیری ئەرکەکانی شیعری جێبەجێ دەکرد: لەئەحمەدی خانییەوە بگرە تا دەگاتە قانیع و پیرەمێردو بێکەس و ع.ج.ب، دیلان و کامەران موکری بابەتەکانیان ئافرەت و حیزبایەتی و کوردایەتی و خەباتی نەتەوەییە))[129]. لێرەدا ((فەرهاد پیربال)) لەگۆشەی ئەدەبیەتی ئەدەبەوە دەڕوانێتە شیعری کوردی و پێی وایە شیعر ئەرکی گرنگتری لەبەرە وەك ئەوەی ببێت بەبانگەشەیەك بۆ شۆڕشی نیشتمانی و حیزبایەتی و گەلێك شتی تر، واتا بۆچوونەکەی لەستاتیکاو فۆرمالیستێکی ڕووتەوەیە.

گۆڤاری ((وێران))یش پرسیارێکی دەربارەی ڕوانگە ئاراستەی کۆمەڵێك نووسەرو ڕەخنەگر کردووە وەڵامەکانیشیان بەم شێوەیەی خوارەوە بوون[130].

((عبدوڵلا تاهیر بەرزنجی)) : ڕوانگە لەبەیاننامەیەکی سیاسی دەچێت تایبەتمەندێتی هونەری پێوە دیارنیە.

((ئەنوەر مەسیفی)) : ڕوانگە تەنها کەف و کوڵی بەیانی حوکمی زاتی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ بوو.

((کەژاڵ ئەحمەد)) : ڕوانگە ساڵانێکە مردووە، بەڵام تائێستا پرسەی بۆ دانەنراوە.

((فەرهاد پیربال)) : ڕوانگە مرد تەرمەکەیشی ئێستا لە ستۆکهۆڵمە.

((جەلال بەرزنجی)) : ڕوانگە شتێکی ئەوتۆی جێ نەهێشت بچینەوە سەری.

((محەمەد باوەکر)) : ڕوانگە هەورە کۆچەرێکی بەهاری بوو.

((سەباح ڕەنجدەر)) : ڕوانگەییەکان لە داواکانیاندا نوێخوازبوون، لەنووسینەکانیاندا نەخێر.

((ئازاد حەمە شەریف)) : ڕوانگە ڕوانینێك بوو بەرەو دواوە نەك بەرەو داهاتوو.

((محەمەد ڕەنجاو)) : ئەگەر ڕوانگە تائێستا مابێ ئێمە هەموومان تاوانبارین.

هەواڵنامەی کیژ

((هاشم سەراج)) : ڕوانگە شەپۆلێکی کینایە ئامێزبوو هەرگیز توخنی جیهانی خوازە نەکەوت.

((ئیسماعیل بەرزنجی)) : ڕوانگە لاسایی‌کرنەوەیەکی کوێرانەی شیعر ٦٩و کۆمەڵە شاعیرێکی عەرەب بوو.

((سالار عوثمان)) : ڕوانگە کۆمەڵە دەنگێکی بێ پەیڕەو وپڕۆگرام بوو.

لێرەدا بەپێویستی دەزنین لەئاست ئەو دیدو بۆچوونانە کەمێك ڕابوەستین بەتێڕوانینی ڕەخنەگرانەوە هەندێك لەخاڵەکانیان هەڵسەنگێنین، کاتێك ((کەژاڵ ئەحمەد)) دەڵێت : ((ڕوانگە ساڵانێکە مردووە، بەلام تائێستا پرسەی بۆدانەنراوە)) ئەمە بۆچوونی ئەو شاعیرەیە، ئێمە لەگەڵیدا نین، بەلام کاتێك ((د.فەرهاد پیربال)) دەڵێت: ((ڕوانگە مرد تەرمەکەیشی ئێستا لە ستۆکهۆڵمە)) ئەبێ ئەوە ڕوون بکرێتەوە، کەئەو تەرمەی ئەو دەڵێت لە ستۆکهۆڵمە... بەبۆچوونی ئێمە ئێستا لە کوردستان لەهەموو کات و سات بەرهەمەکانی لە تەفاعولدایە، نوێترین بەرهەم دەخاتە سەر ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردی، تازەترینیشیان ((ڕۆمانە شیعرە)) کەپێشتر شیعری کوردی بەم جۆرە بابەتە نامۆبووە. کاتێکیش ((ئازاد حەمە شەریف)) دەڵێت : ((ڕوانینێك بوو بەرەو دواوە، نەك بەرەو داهاتوو))، دەبێت ئەوە بگوترێت، کەلەهەڵسەنگاندنی بابەتی ئەدەبی وەهادا ((شاعیر یان ڕەخنەگر))، دەبێت بەوێژدانەوە بڕیاربدات، ئەگینا ڕوانگە کام هەنگاوی بەرەو دوواوە ناوەو باسی داهاتووی نەکردبێت !

((سباح ڕەنجدەر))یش دەڵێت : ((ڕوانگەییەکان لەداواکانیاندا نوێخواز بوون، لە نووسینەکانیاندا.. نەخێر))، ئێمە بەپێچەوانەوە دەڵێین : نەخێر، بەڵگەیشمان بۆ ئەمە ئەوەیە کە ((شێرکۆ بێکەس)) و ((حسین عارف)) و ((کاکە مەم بۆتانی)) زیاتر لەبەرهەمەکانیاندا نوێخوازبوون، وەك لە وتەکانیاندا، ئەمەش ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە، بەرهەمەکانیان گەواهی نوێگەرییان بۆ دەدەن، یان یەکێکی تر دەڵێت : ((ڕوانگە کۆمەڵە دەنگێکی بێ پەیڕەو وپڕۆگرام بوون))، لێرەدا ئێمە بەپێچەوانەوە دەڵێین: ڕوانگە خاوەن پڕۆگرام بوو، بەلام ((پڕۆگرام)) شتێکی ڕەهاو نەگۆڕ نییە، هەتا هەتایە هەر وەك خۆی بمێنێتەوە،

بەڵکو پرۆگرامیش گۆڕانکاری بەسەردا دێت، یان ((ئیسماعیل بەرزنجی)) دەڵێت: ((ڕوانگە لاساییکردنەوەیەکی کوێرانەی شیعر (٦٩) و کۆمەڵە شاعیرێکی عەرەب بووە))، ئەمە بۆچوونی خۆیەتی، ئێمە لەبەشەکانی پێشوودا ئەوەمان ڕوونکردۆتەوە، کەڕوانگە لاسایی کردنەوەی کوت ومتی شیعر (٦٩)نییە، ڕاستە هەندێك تێگەیشتن و دیدی هاوبەشیان هەبووە، کاتێکیش ((ئەنوەر مەسیفی)) دەڵێت : ((ڕوانگە تەنها کەف و کوڵی بەیانی حوکمی زاتی ١١ی ئازاری ١٩٧٠بووە))، ئەوە لەسۆنگەی پەنگ خواردنەوە ئاوڕی لەڕوانگە داوەتەوە، بارودۆخی کوردستانی بەئەستێڵێك چواندووە، کاتێك کەبەردەمەکەی ڕایی دەکرێت.. ڕوانگەشی والێکداوەتەوە، کەدوای خەفەکردن و سەرکوتکردنێکی زۆری سیاسی هاتۆتەکایەوە، دیارە ئەم جۆرە بڕیاردانەیش هەمیشە جەمسەرێکی تاك لایەنی وەردەگرێت و خۆی بەدوور دەگرێت لە ڕاستی، ئەگینا سەرهەڵدانی ڕوانگە ئەنجامی کۆمەڵێك فاکتەری جۆراوجۆر بووە، نەك تەنها فاکتەر، یان ((عبدالله تاهیر بەرزنجی)) دەڵێت : ((ڕوانگە لەبەیاننامەیەکی سیاسی دەچێت، تایبەتمەندێتی هونەری پێوە دیارنییە))، لێرەدا ڕەنگە بۆچوونی ئەم دەرەنجامەی بەراوردکردنێکی ڕوانگە بێت لەگەڵ بەیاننامەیەکی تری ناوچەکەو جیهان، بەوەی ئەوان زیاتر بەرفراوانی و شێوەی هونەرییان پێوە دیارە.. هەروەها ((هاشم سەراج))یش دەڵێت : ((ڕوانگە شەپۆلێکی کینایە ئامێزبوو، هەرگیز توخنی جیهانی خوازە نەکەوت))، ڕەنگە لێرەدا تەواو لەگەڵ بۆچوونەکەیدا ناتەبابم، چونکە نوێش پابەندی خوازە دەبێت و بەشێوەیەکی نوێتر مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، نموونیشمان بۆ ئەمە لەبەرهەمی شاعیران و هاوسۆزانی ڕوانگەدا زۆرە.

هەروەها ((جەلال بەرزنجی))یش دەڵێت : ((ڕوانگە شتێکی ئەوتۆی بەجێ نەهێشت بچینەوە سەری))، هیچ نکوڵی لەوە ناکرێت کە ((جەلال بەرزنجی)) دەنگێکی نوێی ڕەسەنی شیعری کوردییە، دیوانە شیعرییەکانی ئەم دواییەشی گەواهی ڕاستی بۆچوونەکانمانە، بەڵام کاتێك بۆچوونی خۆی دەردەبڕێت، ئەوە مافێکی ڕەوای خۆیەتی و تێدا سەرپشکە، بەڵام لەو باوەڕەداین، کەشیعری تازەی نەوەی نوێی ساڵانی هەشتاکان و تا نەوەتەکانیش بگرە مومکین نەبووە بگەنە ئەو

ئاستە، ئەگەر بەسەر سەردەمی ڕوانگەدا گوزەریان بکردایە، کاتێکیش لەدواڕۆژدا باس لەشیعری ساڵی دووهەزار بکەین، ناتوانین بەسەر شیعری ساڵانی هەشتاکان و نەوەتەکاندا گوزەر بکەین و یەکسەر ڕەتیان بکەینەوە و بێ ئەوەی ڕەچاوی کاریگەرییەکان نەکەین، ئێستایش هەر پرۆژەیەکی ئەدەبی کەباسی نوێگەریی شیعری کوردی تێدابێت، ناتوانێت ڕوانگەو سەردەمەکەی فەرامۆش بکات، چونکە سەردەمانێك شاعیرانی ڕوانگە سێ ژمارەی گۆڤارەکەیان دەرئەکرد بڵاوکراوەی کوردی لەپەنجەی دەست تێپەڕی نەدەکردو ئاستی بەرهەمەکانیان لەگەڵ گۆڤاری ڕوانگەدا بەراورد نەدەکرا.

ئێمە لە ناونیشانی ئەم بەشەی باسەکەماندا وشەی ((نەیارانی ڕوانگەمان)) بەکارهێناوە، مەبەستیشمان لەو ئەدیب و ڕەخنەگرانەیە کەبیرو بۆچوونیان لەگەڵ بەیاننامەی ((ڕوانگە))دا نەدەگونجا، دیارە دەربارەی وشەی ((نەیاران)) تێبینیمان هەیە، ئەگەر چی ئێمەیش وەك زۆر لەنووسەرانی تر نەیارانمان بەکارهێناوە، ئەمە وەك وشەیەکی باوو چەسپاوی لێهاتبوو، ئەگەر سەیری زۆر لەو نووسینانە بکەین کەلەسەر ((ڕوانگە)) نووسراون دەبینین وشەی ((نەیار))بۆ ئەو کەسە بەکارهێنراوە کەڕای جیاوازی لەگەڵ ڕوانگەدا هەبووبێت، وشەکەیش چەندین جار لەنووسیندا دووبارە بۆتەوە، ئێمەیش لەبەر ئەوەی واهاتبە هەمان وشەی ((نەیارانمان)) بەکارهێناوە، بەڵام دەبێت ئەوە بڵێین ئەم وشەیە گونجاو نییەو مەبەستی ڕەخنەیی وانادات بەدەستەوە، لەبورای ڕۆشنبیریدا خاوەن بۆچوونی جیاواز نابێت بەنەیار، ڕای دژ لەڕۆشنبیریدا کەس ناکات بەدوژمن و نەیار، ڕۆشنبیری زیندوویش بەبۆچوونی جیاواز دەوڵەمەندتر دەبێت، چ ((ڕوانگە))و چ ئەوانەیشی لەسەر ڕوانگە نوسران گوڕوتینیان بەئەدەبی کوردیدا.. ((فوئاد مەجید میسری، کەمال میراودەلی، فازیلی مەلا مەحمود، فوئاد قەرەداخی)) ناوی دیاری ئەو سەردەمەی ڕەخنەی کوردی بوون، ئەگەرچی ئێمە لەگەڵ هەندێك بۆچوونیاندانین، بەڵام ئەمە نەئەوان دەکات بەنەیارانی ڕوانگەو نئێمەیش دەکات بەنەیاری ئەوان، جیاوازی لەبۆچووندا کەسمان ناکات بەنەیار، بەڵکو دەمان کات بەجیاکارو خاوەن بۆچوونی جیاواز.

عەرەبیش چەندین جار لەسەدەی بیستدا وشەی ((معارك أدبیة))یان بەکارهێناوە، دەبینین دەنووسرێت ((معارك العقاد)) یان ((معارك طە حسین))، بەکارهێنانی ئەم جۆرە وشانە لەبواری ڕۆشنبیریدا چ لەلای ئێمەی کورد، یان لەلای عەرەب تەواو نییە، چونکە گواستنەوەیان بۆ بواری ئەدەب و ڕۆشنبیری، گواستنەوەی جۆرێك لەدەمارگیری عەشایەرییە بۆ ناو پانتایی ڕۆشنبیری.

هەوسراودانی وشە
ڕۆژنامەی کتێب

## پەراوێزەکان:

* لەکەرکوک دەردەچوو، گەلێك نووسەرو ڕۆشنبیری عێراق و عەرەب بابەتییان تێدا بڵاودەکردەوە.

١) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ((شێرکۆ بێکەس)) ، ڕۆژی ١٩٩٩/٣/٤ لەدەزگای سەردەم.

* یەکێتی نووسەرانی کورد لەمانگی شوباتی ١٩٧٠ مۆڵەتی ڕەسمی وەرگرتووە.

٢) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ((شێرکۆ بێکەس)) ، ڕۆژی ١٩٩٩/٣/٤ لەدەزگای سەردەم.

٣) چاوپێکەوتنم لەگەڵ ((کاکە مەم بۆتانی)) ڕۆژی ١٩٩٩/٤/١.

* کاکە مەم بۆتانی ، لە چاوپێکەوتنی ڕۆژی ١٩٩٩/٤/١دا دەڵێت : ((شێرکۆ بێکەس وجەلالی میرزا کەریم، بانگەوازەکەیان بردە، ڕۆژنامەی ((هاوکاری)) ئەوسا ((کەمال محمد)) سەرپەرشتی دەکرد، کەدابوویانە کەمال و خوێندبویەوە داوای لێکردبوون ئەمیش وئیمزای بکات ئەگینا بڵاوی ناکاتەوە، ئەوان بەڵێنیان ئەدابوو پێی، بەڵام ناچار داوامان لە (کەمال) کرد پێش ئەوەی ئیمزای بکات بەوردی بیخوێنێتەوە، کە بانگەوازەکە بە شەش ئیمزا بڵاوکرایەوە، هەندێ لەسیاسیەکان و ئەدیبەکان ڕاستەوخۆ دژی وەستان، (کەمال)یش بەنووسین پەشیمان بۆوە کەجاری دووەم لەژمارەیەکی ڕونگەدا بڵاوکرایەوە و ناوی پێنج کەسەکە نووسرا))

٤) بەیاننامەی ڕونگە / گۆڤاری ڕوانگە – ژمارە ((١)) – ل ١٥.

٥) بانگەوازێك لەڕاونگەی ئەدەبی کوردیی نوێمانەوە/ گۆڤاری ڕوانگە – ١٩٧١ /ژمارە ١ – ل٩.

٦) هەمان سەرچاوە – ل ٩.

٧) هەمان سەرچاوە – ل ١٢.

٨) هەمان سەرچاوە – ل ٨.

٩) هەمان سەرچاوە – ل ٩.

١٠) هەمان سەرچاوە – ل ١٤.

١١) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ((کاکە مەم بۆتانی)) ڕۆژی ١٩٩٩/٤/١.

١٢) ڕێزان عوسمان / بەراوردێك لەنێوان جموجۆڵی ((گۆڤاری ڕوانگە)) و ((گۆڤاری وێران)) / گۆڤاری ڕامان – ل ٤١.

* هەرچەندە ناوی گروپمان لەم کۆمەڵە ئەدیبە ناوە، بەڵام ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێت کەپێشەنگەکانی نوێگەری تەنها هەر ئەمانە بووبێتن، خودی ئەم گروپەش زیاتر دوای ڕاپەڕینی بەهاری ((١٩٩١)) داکۆکییان لەخۆیان وەك گروپ دەکرد، ئەویش دوای بڵاوبوونەوەی چەند لێکۆڵینەوەیەك بوو دەربارەی نوێگەری لەسەر بنەمای جوگرافی.

١٣) مامۆستای کورد / لەتیف هەڵمەت – لەکفرییەوە بۆ کۆتاییەکان ١٩٩٦/ ژمارە ٣٠ – ل ٣١.

١٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو – ل ١١.

هەولێرنامەی کتێب

١٥) هەمان سەرچاوە – ل ١٢.

١٦) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ((شێرکۆ بێکەس)) ، ڕۆژی ١٩٩٩/٣/٤ لەدەزگای سەردەم.

١٧) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ((لەتیف هەڵمەت)) ڕۆژی : ١٩٩٩/٣/٩لەبنکەی ئەدەبی گەلاوێژی نوێ.

١٨) لەچاوپێکەوتنێك لەگەڵ ((لەتیف هەڵمەت))دا ڕۆژی ١٩٩٩/٣/٩، لەم بارەیەوە گوتی: ((بەڵێ ڕێنەکەوتین / من ئەزانم ئەوسا خۆم وەکو شاعیرێکی سەرگەرمی سەرەتای تەمەن شتێکی زۆر سەیرم تەرح کرد، ئەوەی دەربارەی خۆمە لەبیرمە گوتم : (ئەبێ گۆڤارێکی وادەرکەین کەلەهەموو جیهاندا نموونەی وا دەرنەچووبێت)، وتیان : ئەمە چۆن دەبێت ؟ گوتم : با گۆڤارێکی بازنەیی دەرکەین، گوتیان چاپخانە لەکوێ بۆ گۆڤاری وا دەست دەدات، قسەکەی من وەکو بابڵێین قسەی یەکێکی سەرگەرمانە وەرگیرا، بەڵام ئێمەیش وەکو ئێستا بەقووڵی نەچووبووینە ناو بابەتەکانەوە، تا بزانی بەیاننامەیەك بەهاوبەشی دەرکرێت، یان هەر گروپ گروپ بەجیا دەری بکات باشە..)).

ئینجا لەتیف هەڵمەت لەدرێژەی قسەکانیدا گوتی : ((هۆکاری زیاتر هەرئەوە بوو ئێمە دەمانویست خۆمان بەیاننامەکە دەرکەین و خۆمان بەخاوەنی حەقیقەت دەزانی)).

* لەتیف هەڵمەت، لە گۆڤاری ((مامۆستای کورد)) دا ژمارە٣٠ و ٣١ – لاپەڕە ١٩ دا دەڵێت : ((بەپیلانی ڕوانگەییەکان نەیانهێشت من و (فەرهاد شاکەلی) شیعری خۆمان بخوێنینەوە.. ناچار بەزۆری خۆمان باماندایە سەر شانۆو مایکرۆفۆنەکانمان داگیرکردو قسەی خۆمان کردو شیعری خۆمان خوێندەوە... دوای ئەوە ئاگادارکراین ئەگەر نەڕۆین و هەولێر بەجێنەهێڵین پۆلیس دەمانگرێ، ناچار زوو هەولێرمان بەجێ هێشت.. هەروەها لە یەکەم میهرەجانی شیعری کوردیشدا کەلە شاری کەرکوك سازکرا، ڕوانگەییەکان کاری خۆیان کردوو نەیانهێشت ئێمە شیعر بخوێنینەوە لەئەنجامی ئەوەیشدا من ئاژاوەیەکی گەورەم نایەوە گەیشتە ئەوەی من و (عبدالسلام محمد) بەردەستی پۆلیس کەوتین، بەهەوڵ و تەقەلای هەندێ لە برادەران لەسەر هەمووشیانەوە (صالح یوسفی) ئازادکراین)).

١٨) لەکفرییەوە بۆ کۆتاییەکان / مامۆستای کورد – لەتیف هەڵمەت / ژمارە ٣٠و ٣١ ساڵی ١٩٩٦ – ل ٢٠.

١٩) بانگەوازێك لە ڕوانگەی ئەدەبی کوردیی نوێمانەوە / گۆڤاری ڕوانگە / ژمارە ١ – ل ٧.

٢٠) لەکفرییەوە بۆ کۆتاییەکان / مامۆستای کورد – لەتیف هەڵمەت / ژمارە ٣٠و ٣١ ساڵی ١٩٩٦ – ل ١٩.

٢١) بانگەوازێك لە ڕوانگەی ئەدەبی کوردیی نوێمانەوە / گۆڤاری ڕوانگە / ژمارە ١ – ل ١٠.

٢٢) لەکفرییەوە بۆ کۆتاییەکان / مامۆستای کورد – لەتیف هەڵمەت / ژمارە ٣٠و ٣١ ساڵی ١٩٩٦ – ل ١٩.

٢٣) هەمان سەرچاوە – ل ١٩.

٢٤) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ((شێرکۆ بێکەس)) ، ڕۆژی ١٩٩٩/٣/٤ لەدەزگای سەردەم.

٢٥) لەتیف هەڵمەت وەك دیاردەیەکی شیعری نوێ / کەمال میراودەلی / هەتاوی ئەدەبی / ژمارە ٤ ساڵی ١٩٩٦ – ل ٤.

٢٦) دیوانی لەتیف هەڵمەت / ل ٤٧.

٢٧) هەمان سەرچاوە – ل .

٢٨) دیوانی لەتیف هەڵمەت / ل ٩٦.

٢٩) دیوانی لەتیف هەڵمەت / ل ١٧٠.

٣٠) فەرهاد شاکەل / پڕۆژەی کودەتایەکی نهێنی / گۆڤاری بەیان /ژمارە ٨ – ل ٦.

٣١) بانگەوازێك لە ڕوانگەی ئەدەبی کوردیی نوێمانەوە / گۆڤاری ڕوانگە / ژمارە ١ – ل ٦.

٣٢) البیان الشعری / مجله شعر ٦٩ / العدد الاول – ص ٣-١٦.

٣٣) یدالله رؤیایی / از زبان نیما تا شعر حجم / بیانیەی شعر حجم –لا ٣٥-٣٩.

٣٤) جەوامێر ((شێرکۆ بێکەس)) ڕووبەڕوو لە سێبەری چیادا – ل ٣٦.

٣٥) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ((شێرکۆ بێکەس)) ، ڕۆژی ١٩٩٩/٣/٤ لەدەزگای سەردەم.

٣٦) بەیاننامەی ڕوانگە/ گۆڤاری ڕوانگە / ژمارە ١ – ل ١٤.

٣٧) بەیاننامەی ڕوانگە/ گۆڤاری ڕوانگە / ژمارە ١ – ل ١١.

٣٨) هەمان سەرچاوە – ل ١١.

٣٩) هەمان سەرچاوە – ل ٩.

٤٠) یدالله رؤیایی / از زبان نیما تا شعر حجم / چاپ اول – ل ٣٨.

٤١) هەمان سەرچاوە – ل ٣٨.

* لەو چاوپێکەوتنانەی کەلەگەڵ ئەم شاعیرو چیرۆك نووسانە ((شێرکۆ بێکەس، حسین عارف، کاکە مەم بۆتانی، جەمال شارباژێڕی، لەتیف هەڵمەت)) کردوومە هیچیان باسی بەیاننامەی شیعری ((حەجم گەرایی)) فارسییان نەکردووە تا ئەو چاوپێکەوتنانەش ناوەکەیشیان هەر نەبیستبوو، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەکەسیان زمانی فارسییان نەزانیوە.

٤٢) هەمان سەرچاوە – ل ٣٧.

٤٣) البیان الشعری / مجله شعر ٦٩ / العدد الاول – ل ٧.

٤٤) هەمان سەرچاوە .

٤٥) هەمان سەرچاوە – ل ٨.

٤٦) هەمان سەرچاوە – ل ٩ – ١١.

٤٧) هەمان سەرچاوە.

٤٨) یدالله رؤیایی / از زبان نیما تا شعر حجم / چاپ اول – ل ٣٧.

٤٩) بانگەوازێك لە ڕوانگەی ئەدەبی کوردیی نوێمانەوە / گۆڤاری ڕوانگە / ژمارە ١ – ل ١٠.
٥٠) ايڤون دوبليسيس / السوريالية / ص ٦٩.
٥١) ادونيس / صدمة الحداثة – ص ١٦٧.
٥٢) ادونيس / خواطر حول تجربتي الشعرية – ص ١٩٦.
٥٣) ادونيس / زمن الشعر – ل ١٧٤.
٥٤) مجموعة من المؤلفين / الاسطورة والرمز – ل ٧١.
٥٥) اندريه بريتون / البيانات السوريالية – ل ٢٧.
٥٦) مجموعة من المؤلفين / الاسطورة والرمز – ل ٦٩.
٥٧) د. عبدالله عساف / الصورة الفنية في قصيدة الرؤيا – ص ٨١.
٥٨) اندريه بريتون / البيانات السوريالية – ل ٣٧.
* دادائیەت / قوتابخانەی هونەرو ئەدەبە، ساڵی ١٩١٦ز سەریهەڵداوە، یەکێك لەئامانجی بەرنامەکانیان لەپێناو گەیشتن بەواقیعێکی ڕاستدا هەڵوەشاندنەوەی هەموو جۆرە پەیوەندییەکی نێوان فیکرو دەربڕین بووە ((تریستان تزارا)) لەفەرەنسا بەدامەزرێنەری دائەنرێت.
٥٩) د. عبدالله عساف / الصورة الفنية في قصيدة الرؤيا – ص ٧٨.
٦٠) هەمان سەرچاوە – ل ٧٨.
٦١) فيليب ڤان تيغيم / المذاهب الادبية الكبرى في فرنسا – ل ٣١٩.
٦٢) مجلة كل العرب / العدد ٢٥٤ – ص ٥٦.
٦٣) ادونيس / زمن الشعر – ل ٩.
٦٤) ادونيس / صدمة الحداثة – ص ٢٩٢.
٦٥) اندريه بريتون / البيانات السوريالية – ل ١٨٩.
* بۆ زیاتر بەراوردکردنی بۆچوونەکانی ((ئەدۆنیس)) لەگەڵ بەیاننامە سوریالیەکاندا بڕوانە لاپەڕەکانی ١٨٩، ١٩١، ١٩٢ی بەیاننامەی سوریالیەکان.
٦٦) سامي مهدي / افق الحداثة وحداثة النمط – ل ١٥٠.
بۆ زیاتر سوود وەرگرتن، بڕوانە لاپەڕە ١٦٠ تا ١٩٧٤.
٦٧) مانیڤێستی شیعری / گۆڤاری ڕامان / ژمارە ٣٧ – ل ٢٥٧.
٦٨) هەمان سەرچاوە – ل ٢٦١.
٦٩) هەمان سەرچاوە – ل ٢٦١.
٧٠) هەمان سەرچاوە – ل ٦٠.
٧١) هەمان سەرچاوە – ل ٢٦٠.
٧٢) هەمان سەرچاوە – ل ٢٦٠.

هەوالنامەی کتێب

٧٣) هەمان سەرچاوە — ل ٢٥٩.
٧٤) هەمان سەرچاوە — ل ٢٥٨ و ٢٥٩.
٧٥) هەمان سەرچاوە — ل ٢٥٩.
٧٦) هەمان سەرچاوە — ل ٢٥٦.
٧٧) هەمان سەرچاوە — ل ٢٥٦.
٧٨) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ((شێرکۆ بێکەس)) ، ڕۆژی ١٩٩٩/٣/٤ لەدەزگای سەردەم.
٧٩) عبدالله عباس / سەبارەت بە بانگەوازەکەی ڕوانگە / گۆڤاری بەیان / ژمارە ٤ — ل ٤١.
٨٠) شێرکۆ بێکەس / ڕوانگە و کوێرە ڕەخنە / ڕۆژنامەی هاوکاری / ژمارە ١٢٩ — ل ٣.
٨١) هەمان سەرچاوە — ل ٣.
٨٢) شێرکۆ بێکەس / ڕوانگە و کوێرە ڕەخنە / ڕۆژنامەی هاوکاری /ژمارە ١٣١ — ل ٣ .
٨٣) هەمان سەرچاوە — ل ١٣.
٨٤) شێرکۆ بێکەس / ڕوانگە و کوێرە ڕەخنە / ڕۆژنامەی هاوکاری /ژمارە ١٣٠— ل ٣.
٨٥) اندريه بريتون / البيانات السورياليه — ل ٥٢.
٨٦) شێرکۆ بێکەس / ڕوانگە و کوێرە ڕەخنە / ڕۆژنامەی هاوکاری / ژمارە ١٣٠— ل ٣.
٨٧) شێرکۆ بێکەس / ڕوانگە و کوێرە ڕەخنە / ڕۆژنامەی هاوکاری / ژمارە ١٣٢— ل ٣.
٨٨) فاچل مەلا محمود / ڕوانگەو ئەدەبی نوێمان / ڕۆژنامەی هاوکاری / ژمارە ٤٧— ل ٣.
٨٩) فوئاد قەرەدغی/ ڕوانگە و بەگژاچوونی ڕخنەو ڕەخنەگرەکان /هاوکاری/ژمارە ١٣٦—ل ٣.
٩٠) کەمال میراودەلی / ڕوانگە یان ئەدەبی ڕیالیزمی سۆشیالیست /هاوکاری/ ژمارە ١٣٥—ل ٣.
٩١) کەمال میراودەلی / ڕوانگە یان ئەدەبی ڕیالیزمی سۆشیالیست/هاوکاری/ژمارە ١٣٥ — ل ٧.
٩٢) کەمال میراودەلی / ڕوانگە یان ئەدەبی ڕیالیزمی سۆشیالیست/هاوکاری/ژمارە ١٣٥ — ل ٧.
* ((کۆمەڵە)) بزووتنەوەیەکی چەپی مارکسیزمی لینینیزم بوو، لە سەرەتای حەفتاکاندا لەناو بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردا بەشێوەیەکی نهێنی دروست بوو، ئەم ڕێکخراوە خوێندنەوەیەکی نوێیان بۆ دەقەکانی مارکسیزم هەبوو دوور لەبۆچوونی حیزبە شیوعیەکانی ناوچەکە/ ئەمان پێیان وابووە کەدەکرێت کێشەی نەتەوایەتی و کێشەی چینایەتی لەدیدی مارکسیزمەوە گرێبدرێت بەیەکەوەو بەیەك چاو نەڕوانرێتە کێشەی نەتەوایەتی لەوڵاتێکدا، کەنەتەوەیەك بالاّ دەست بێت و نەتەوەیەکی تریش چەوساوە.
٩٣) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ((شێرکۆ بێکەس)) ، ڕۆژی ١٩٩٩/٣/٤ لەدەزگای سەردەم.
٩٤) ج . ر / نوێکردنەوە لەئەدەبدا / هاوکاری / ژمارە ٣٨ — ل ٦.
٩٥) فوئاد قەرەداغی / ڕوانگەو تەرازووی ویژدان / هاوکاری / ژمارە ١٣٥ — ل ٦.
٩٦) هەمان سەرچاوە — ل ٧.
٩٧) عبدالرزاق بیمار / بانگەوازەکەی ڕوانگە / هاوکاری / ژمارە ٧ — ل ٤ ، ٧.

٩٨) ئەحمەد سید علی بەرزنجی / هەمدیس دەربارەی بانگەوازەکەی ڕوانگەی ئەدەبی کوردی نوێ / هاوکاری / ژمارە ٢٢ — ل ٤.
٩٩) گۆڤاری ڕوانگە / پرسیارێك و پێنج وەڵام / ژمارە ٣ — ل ٤٧.
١٠٠) هەمان سەرچاوە — ل ٤٨
١٠١) هەمان سەرچاوە — ل ٤٩.
١٠٢) هەمان سەرچاوە — ل ٤٩.
١٠٣) هەمان سەرچاوە — ل ٤٩.
١٠٤) هەمان سەرچاوە — ل ٥٠.
١٠٥) هەمان سەرچاوە — ل ٥١.
١٠٦) هەمان سەرچاوە — ل ٤٠.
١٠٧) هەمان سەرچاوە — ل ٤١.
١٠٨) هەمان سەرچاوە — ل ٤٣.
١٠٩) هەمان سەرچاوە — ل ٤٤.
١١٠) هەمان سەرچاوە — ل ٤٥.
١١١) کەمال میراودەلی / شاعیری نوێ / گۆڤاری بەیان / ژمارە ٨ — ل ١٧.
١١٢) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ((شێرکۆ بێکەس)) ، ڕۆژی ١٩٩٩/٣/٤ لەدەزگای سەردەم.
* مەبەست لێرەدا پارێزگاری (سنە)یە.
١١٣) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ (پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ) — کوردستانی نوێ / ژمارە ٢٠٤٣ — ل ٨.
١١٤) د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ / لەبارەی سەرنج و ڕەخنەوە / گۆڤاری بەیان / ژمارە ٨ — ل ٤٤.
١١٥) گۆڤاری وێران / چوار پرسیار لەبەردەم (پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار)دا/ ژمارە ٢ — ل ٥٦.
١١٦) هەمان سەرچاوە / ل ٥٦.
١١٧) ڕێبین ئەحمەد هەردی / سەرهەڵدان و هەرەسهێنانی وێنەی باوك لەشیعری ((شێرکۆ بێکەس))دا / گۆڤاری ئازادی / ژمارە ٣ — ل ٧٣.
١١٨) بەختیار عەلی / ئیمپراتۆریەتی وەهم / گۆڤاری ڕەهەند/ ژمارە ٥ — ل٣.
١١٩) هەمان سەرچاوە — ل ٤١.
* داندی بەکەسێك دەوترێت کەبەردەوام حەزی لە خۆ نواندن و دەرکەوتنە بەشێوەیەکی سەیر بەجۆرێ کەلەڕێگای ڕەفتارو جل و بەرگەوە خۆی لەخەڵکانی تر جیادەکاتەوە.
١٢٠) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ((کەریم دەشتی)) / گۆڤاری ڕامان / ژمارە ٣٥ — ل ٩٩.
١٢١) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ (جەلیل کاکە وەیس) / گۆڤاری ڕامان / ژمارە ٢١ — ل ٥٩.



هەواڵنامەی کتێب

١٢٢) هەمان سەرچاوە – ل ٥٩.
١٢٣) تەلعەت تاهیر / فەرهاد پیربال ومامەڵەکردن لە ڕەنگ/کوردستانی نوێ/ژمارە ١٨٢٨–ل٨.
١٢٤) نەجات حەمید / چەند سەرنجێکی ئەدەبی و زەق بوونەوەی خود لەناو وەهمێکدا / برایەتی / ژمارە ٤٥/ ٢٤٧٠ – ل ٣.
١٢٥) چاوێکەوتنێك لەگەڵ ((بێکەس محەمەد قادر)) / گۆڤاری ڕامان / ژمارە ٤٠ – ل ٢٩٤.
١٢٦) لەپەراوێزی پڕۆژەی هەشتاکاندا / گۆڤاری ڕامان / ل ٢١٢.
١٢٧) چاوپێکەوتنێك / گۆڤاری ڕامان / ژمارە ٤١ – ل ٣٤.
١٢٨) هەمان سەرچاوە – ل ٣٤.
١٢٩) هەمان سەرچاوە – ل ٣٤.
١٣٠) گۆڤاری ((وێران)) / ئەم ڕوانگەیە / ژمارە ٢ – ل ١١.

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی سێیەم

# شیعری ڕوانگەییەکان

- گیانی یاخیبوون لە شیعری ڕوانگەییەکاندا
- ڕوانگە و تەکنیکی شیعر

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## شیعری ڕوانگە:

لێرەدا وەك سەرەتایەك باس لەوە دەكەین كەئەگەرچی بزووتنەوەی ڕوانگە لەچیرۆكی كوردیشدا ڕەنگی دابۆوەو تەنانەت بەشداربوانی ڕوانگە چیرۆك نوسینیشیان تێدابوو، بەلام زیاتر بزوەتنەوەكە بەلای شیعردا داشكایەوەو زۆربەی زۆری ئەو ڕاوبۆچوونانەی دەربارەی بزووتنەوەكە خرانە ڕوو دەربارەی شیعر بوون نەك چیرۆك. دیارە بزووتنەوەی ڕوانگە لەگەڵ لایەنەوە، سیمای خۆی بەدەقی شیعری، جا چ لەسەر ئاستی ناوەرۆك، یان مەبستی شیعری بووبێت، یان لەسەر ئاستی شێوەو شێوازو تەكنیكی شیعردا بووبێ، بۆیە لەم بەشەدا بایەخ بەدوو لایەنی ئەو سیمایەی دەقی شیعری ڕوانگەییەكان دەدەین، كەسیمای یاخیبوونە لەسەر ئاستی ناوەوەو سیمای تەكنیكی نوێیە لەئاستی دەرەوەی دەقی شیعریدا. كاتێك دەڵێین شیعری ڕوانگەییەكان، تەنها شیعری ئەو شاعیرانە ناگرێتەوە، كەچوونە ناو بزووتنەوەكەوەو لەبازنەی ئەو بزووتنەوەیەدا چالاكی شیعری خۆیان بەدیهێناو لە خولگەی ئەواندا سوڕانەوە. لەسەرەتای حەفتاكاندا دوای بڵاوبوونەوەی بانگەوازەكەی ڕوانگە، دەروازەیەكی تری بۆ نوێگەری شیعر كرایەوەو كۆتایی بەجۆرێك لەبێدەنگی هێنا، ڕوانگە جۆرێك لەدیالۆگ و پرسیاركردنی نوێی هێنایە گۆڕەپانی ئەدەبی كوردییەوە و گوڕوتینێكی تری بە شیعرو جیهانبینی ((ڕۆیا))ی تازەدا، ڕوانگە ئەزموونی چەند دەنگێكی نوێخواز بوو، كە بزووتنەوەیەكی ئەدەبی و ڕەخنەییان سازكردو زەمینەیەكی لەباریان بۆ پرسیاری ڕەخنەیی گونجاند، ئەمەش خۆی لەخۆیدا زەمینە خۆشكردن بوو بۆ بەرپاكردنی جۆرێك لە گفتوگۆ و دیالۆگ لەسەر بابەتی ئەدەبی، بەتایبەت شیعری نوێی كوردی، كەواتە سالانی پاش بڵاوكردنەوەی بەیاننامەكە زەمینەیەكی گونجاوی دەستەبەر كرد بۆ پرسیاركردنی نوێ و ئاسۆی بیری شاعیران و ڕۆشنبیرانی بەرفراوانتر كردو كاریگەرییەكی لەسەریان بەجێهێشت كەوایلێكردن خولیای گەڕان بن بەدوای سەرچاوەو كتێب و تێڕوانینی نوێدا.

لەدیباجەی ئەم بابەتەدا، پێویستمان بە ئاوڕدانەوەیەكی خێرا بۆسەر هەندێ لەڕێبازە ئەدەبییەكانی ئەوروپا دەبێت، تا بزانین چ كاریگەرییەكیان لەسەر

شیعری ڕوانگەییەکان هەبووە، ((سوریالیزم)) و ((دادایزم)) و ((ڕەمزیەت)) سێ ڕێبازی ئەدەبی ئەوروپا بوون بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەڕێگای ئەدەبی عەرەبییەوە کاریگەرییان لەسەر ڕوانگە هەبووە، سوریالیزم – Surrealisme واتا لەسەرووی واقیعەوە بزووتنەوەیەکی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی بوو لەژێر کاریگەریی بۆچوونەکانی ((فرۆید))دا بووە، لەهەمانکاتیشدا کەوتبووە ژێر کاریگەری بیرو بۆچوونە فەلسەفییەکانی ((برگسۆن))[1] ەوە. هەروەها سەربەستی تاکە کەسی خاڵێکی گرنگ بووە بەلایانەوەو دەروازەیەك بووە بۆ داهێنان و یاخیبوون لەئایین و ڕەوشت.

ڕەمزییەکانیش – Symbolisme پێیان وابووە، دەبێت عەقڵ بخرێتە خانەی دواوەو وڕێنە یەکەم هەنگاوبێت بۆ خوڵقاندن و داهێنان، لەهەمان کاتیشدا بایەخێکی زۆریان بەخودو مەبەستی نادیار دەدا، کەپێیان وابووە، ئەو مەبەستە نادیارە دەبێت بەشێوەیەکی بچووك ئاماژەی پێبکرێت[2].

دەتوانین پوختەی بۆچوونەکانی ئەم سێ ڕێبازە لەچەند خاڵێکدا کۆبکەینەوە، گرنگترینیان ئەمانە بوون، ڕۆحی یاخیبوون دژ بەهەموو کۆتێك، کەئەمە خاڵێکی زۆر گرنگ بووە بەلایانەوە، هەروەها بەکارهێنانی ڕەمزو تەمومژی زۆر لەگەڵ باوەڕبوونیان بەوەی کەبارودۆخی سەردەمەکەیان نابێتە زەمینەیەکی گونجاو بۆ داهێنان بۆیە دەبێت یاخی بن لێی[3].

ئێمەش لەبەشی دووەمی باسەکەماندا ئاماژەمان بۆ ئەوەکردوە کە بەیاننامەی ڕوانگە کوت و مت لاسایی کردنەوەی بەیاننامەی ٦٩و سوریالییەکان نەبووە، وەك ئەوەی هەندێك بۆی چوون، بەڵام دەتوانرێت بگوترێ، ڕوانگەییەکان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ زیاتر لەڕێگەی ئەدەبی عەرەبییەوە، کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ڕێبازە ئەدەبییەکانی ئەوروپاوە، ئەمەش زیاتر لەبەرهەمەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە، نەك خودی بەیاننامەکە، هەروەها لاسایی کردنەوەیەکی کوێرانەیشی پێوەدیار نییە، خودی ((شێرکۆ بێکەس)) لەزۆربەی چاوپێکەوتنەکانیدا ئاماژە بەکاریگەربوونی خۆی بە ((ئەدۆنیس))ەوە دەکات و، ((سامی مهدی))یش بە بەڵگەو نموونەوە دەیسەلمێنێت، کە ((ئەدۆنیس)) لەژێر کاریگەری سوریالییەکاندا بووە[4].

# گیانی یاخیبوون لە شیعری ڕوانگەییەکاندا

## کورتە مێژوویەکی چەمکی یاخیبوون :

پێش ئەوەی لەیاخیبوونی ڕوانگەییەکان بدوێین پێویستە ئاوڕێک لە مێژووی یاخیبوون پێش ڕوانگەییەکان پێشینەیەکی مێژوویی هەیە، سەرەتا چەمکی یاخیبوونیش لەلانکی ئەوروپییەکاندا سەریهەڵدا، بەتایبەت لای ((ئەلبێر کامۆ)) کەبەرهەمەکانی دابەش دەکرێت بەسەر دوو قۆناغدا، یەکەمیان قۆناغی پوچییە ((عبث)) دووەمیشیان قۆناغی یاخیبوونە، قۆناغی یەکەم خۆی لەکتێبی ((ئەفسانەی سیزیف))دا دەبینێتەوەو پێمان دەڵێت کە ژیان بێواتایەو خاڵی بووە لەمانا، ڕەنگدانەوەی ئەم هەستەیش لەزۆربەی ڕێبازو تەوژمە فیکری و ئەدەبییەکانی سەرەتاکان و ساڵانی دواتری سەدەی بیستەمدا دەبینینەوە، بۆیە ((کامۆ)) لەم کتێبەدا توێژینەوەیەکی لۆژیکیانەمان سەبارەت بە پووچی ((العبث)) [٥] پێشکەش دەکات.

دووەم بەرهەمی ((کامۆ)) کتێبی ((مرۆڤی یاخی)) یە ((الانسان المتمرد)) کە لەفەرەنسا لەساڵی ١٩٥١ چاپکراوە، بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە بووە هۆی سەرنج ڕاکێشانی خەڵکی و ڕۆشنبیران و لێدوان و گفتوگۆی زۆری لێکەوتەوە بەتایبەت لەنێوان ((کامۆ)) و ((سارتەر))دا، ((کامۆ)) لەم کتێبەدا سەبارەت بەیاخیبوون و شۆڕش دەدوێت و بەلایەوە زۆربەی شۆڕشە تازەکانیش لەسەر بنچینەی کوشتن و تیرۆر دامەزراون و لەدوا ئەنجامەکانیشدا بەرەو دیکتاتۆریەت وەرچەرخاون، زۆرجاریش ئەو کوشتن و تیرۆرانە بەناوی ((ئەقڵ))ەوە کراون و هەندێ جاریش لەناو ((ئەقڵ))ەوە سەرچاوەیان گرتووە، بۆیە تیرۆری ئەقڵانیمان هەیە، کەڕێگەیەکی ئەقڵانی و لۆجیکی دەگرێتەبەر، بەبۆچوونی ((کامۆ)) ئەوە لەمارکسیزمدا بەرجەستەبووە، هەروەها هەر لەدیدی ((کامۆ))وە تیرۆرێکی تریش هەیە، کەلەناو ئەقڵەوە سەرچاوە دەگرێت ئەویش خۆی لە ((نازیزم)) و ((فاشیزم))دا دەبینێتەوە. هەر لێرەوە ((کامۆ)) دووجۆر یاخیبوون پۆلێن دەکات:

١. یاخیبوونی میتافیزیکی.

٢. یاخیبوونی مێژوویی [٦].

لەئەنجامی شیکردنەوەی هەردووکیان، دەگاتە ئەو باوەڕەی کە یاخیبوونی میتافیزیکی هەرچەندە لەبانگەشەی ئازادی مرۆڤەوە دەست پێدەکاتو زێدەڕۆییەکی زۆری تێدا دەبینرێت و بەستەم و جەور دژ بەکەسانی دی کۆتایی پێدێت، هەروەها لەدیدی ((کامۆ))وە یاخیبوونی مێژوویش بەناوی دادپەروەرییەوە دەستپێدەکات و بەتیرۆرێکی ئاڕاستەکراو دژبە ئازادی تاک کۆتایی پێدێت ..

هەربۆیە هەر یاخیبوونێك بەناوی ئازادی ڕەهاو دادپەروەری ڕەهاوە پیادە دەکرێ، یاخبوونێکە دژ بەمرۆڤ و مرۆڤایەتی و بەدژی ئەوان دەشکێتەوە لەبەرئەمە یاخیبوونی دروست هەمیشە ڕێژەییەو بەناوی کۆمەڵێك بەهای ڕێژەییەوە نمایش دەکرێت. بەلای ((کامۆ))وە یاخیبوونی مێژوویی یابەدەربڕینێکی تر بڵێین شۆڕشەکان هەر لەشۆڕشی کۆیلەکان و کوشتنی شاکانەوە تادەگاتە شۆڕشەکانی سەدەی بیستەم، درێژکراوەی یاخیبوونی میتافیزیکین، چونکە ئەم شۆڕشانە ویستوویانە ئەو دادپەروەرییە ڕەهایەی کە لەدونیادا نییە بیهێننە دی. هەروەها بەبۆچوونی ((کامۆ)) مێژووی ژیاری خۆرئاوا بریتییە لەکۆمەڵێك قۆناغی میتافیزیکی کە بەدوایدا یاخیبوونی میتافیزیکی دێ لە قۆناغی تەبایی میتافیزیکی دا مرۆڤ تەباو قانیعە بەخواو سروشت و وەڵامەکانی ئایین، بەڵام بەپێچەوانەوە لەقۆناغی یاخیبوونی میتافیزیکدا مرۆڤ لەگەڵ خودادا تەبا نییەو بەوەڵامەکانی ڕازی نیەو هەست بەبێگانە بوون دەکات، هەر بۆیە هەرچەندە یاخیبوونی میتافیزیکی بەشێوەیەکی تونگو تۆڵ لەکۆتایی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتایەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا هاتۆتە ئاراوە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئادەمیزادە دێرینەکانیش لێی بێئاگا نەبووبن، ئەوەتانێ میتۆلۆجیایی یۆنانی بەرزترین و ئابڕومەندترین نموونەی یاخیبوونی میتافیزیکی لەکەسێتی ((پرۆمیثیوس))دا بۆ خستووینەتەڕوو. هەروەها بەر لەوەی ئایینی مەسیحیەت بێت و قۆناغی پیرۆز دەستنیشان بکات لەکۆتاییەکانی ژیاری یۆنانی و ڕۆمانیدا ((ئەبیقۆر)) و ((لۆکریس)) هەڵوێستی یاخیبوونیان دژ بەباری مرۆیی نواندووە(٧).

## گیانی یاخیبوون لەشیعری ڕوانگەییەکاندا :

یاخیبوون ((التمرد)) خاڵێکی گرنگە، پێویست بەوە دەکات کەمێك لە ئاستیدا ڕابوەستین، لەبەیاننامەی ڕوانگەدا یاخیبوون هاندان بۆ یاخیبوون زۆر دووبارە بۆتەوەو ڕووبەرێکی زۆری لاپەڕەکانی داگیرکردووە زۆرجار هەروشەی یاخیبوون یا هاو واتاکانی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ وتراون، هەندێ جاریش بەچەند ڕستەو دەربڕینێکی تر ئەم یاخیبوونە وەك مەبەستێك دەربڕاوە، جالێرەدا دەکرێت پرسیارێك بکەین و بڵێین ئایا ئەم یاخیبوونە لەبەیاننامەی ڕوانگەدا، بە چ مەبەستێك هاتووە ؟

ئایا وەك وشەیەکی نوێی فەرهەنگی ئەدەبی تازە هاتووە ؟ یاخود مەودایەکی فەلسەفی هەیە، نووسەری کورد کاتێك چاوی بەژیاندا هەڵهێناوە، زۆرجار شوورەیەکی بەرزی درۆو دەلەسە ئابلۆقەی داوە، جا لەبەر ئەوە خۆیان لەئاستی دوو ڕێگادا بەدی کردووە، یا خۆ بەدەستەوەدان و مل کەچ بوون، یان یاخیبوون و بەگژاچوون بکەن بەدرووشمەکانیان، دیارە شاعیرانی ڕوانگە، ڕێگای دووەمیان هەڵبژاردووە، نەوەی نوێ لایەنگری یاخیبوون بووەو کردوویەتی بەیەکێك لە خاڵەکانی کارو دەربڕینی، دووبارەبوونەوەی وشەی یاخیبوونیش لەئەدەبیاتی ڕوانگەییەکاندا وەك پێداویستییەکی چەمکی شۆڕشگێڕی ڕووت هاتووە، نەك وەك ئەوەی ڕەنگدانەوەیەکی بیری فەلسەفی بێت. ئەگەر بڕوانینە ئەدەبیاتی سالانی شەستەکانی عێراق، چ چیرۆك بێت یاخود شیعر، جۆرێك لەیاخیبوونی پێوەدیارە، بەڵام بەزۆری سەرچاوەکەی هەڵقولاوی فەلسەفەی وجودی و ئەدەبی ((کامۆ)) و ((سارتەر))ە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی خوێندنەوەی ئەدەبی وجودی و ڕۆژئاوایە، نەك بەزۆری ئەزموون و ژیانی خۆیان بێت، هەرچەندە زۆر لەڕەخنەگرانی عەرەب فاکتەری زۆری ئەو یاخیبوونە دەگێڕنەوە بۆ شکستەکانی حوزەیرانی ١٩٦٧ی عەرەبەکان، هەروەها ((عبدالوهاب البیاتی))یش بەم شێوەیە باس لەیاخیبوون دەکات و دەڵێت : ((لەپەنجاکاندا چەمکی شۆڕش لای ئێمەو گەلی عەرەب ڕوون و ئاشکراو دیاریکراو نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جۆرێك یاخیبوونمان دژ بە دەرەبەگ و کۆنەپەرستی و

هەواڵنامەی کتێب

دواکەوتوویی هەبووە، ئاشکرایشە لە هەموو شۆڕشێکی مێژوویدا، هەڵوەشانەوەی واقیعەکە شتێکی ئاساییە، هەموو شۆڕشێکی مێژوویش بەرەتکردنەوەو یاخیبوون دەستپێکراوە، لەشیعرەکانمدا کەبەناوی ((اباریق مهشمة))وە بڵاومکردوونەتەوە، یاخیبوونەکەم تێدا تەنها کۆمەڵگەی نەگرتۆتەوە، بەڵکو شۆڕش و یاخیبوونێکی گشتگیرییە، پەیوەندداره بەجیهانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هونەرییەوەو مولتەزیم نەبوە بەدۆخێکی سیاسی دیاریکراوەوە، بەڵکو یاخیبوون بووە دژ بەهەموو شتە باوەکانی کۆن و لەهەمان کاتیشدا یاخیبوون بووە بەسەرشێوەی قەسیدەدا))[٨].

دەتوانین بڵێین یاخیبوونی بەیاننامەی ڕوانگەو هاوسۆزەکانیان لەگەڵ بەرهەمەکانیاندا جۆرێکی ترە، یاخیبوونەکەی ئەمان عەبەسی و بێهودەیی بەوجۆرە لاپەسەند نەبووە، کەلەبۆچوون و یاخیبوونی ئەدەبی ((وجودی))دا هاتووە، دەتوانرێ یاخیبوونی ڕوانگەییەکان بەم شێوەیە پۆلێن بکرێت :

١. یاخیبوونی کۆمەڵایەتی : ئەمیش دابەشدەکرێت بەسەر دوولقی سەرەکیدا :

ا) یاخیبوون دژ بە دەسەڵاتە ئاینی.

ب) یاخیبوون دژ بەنەریتە کۆنەکانی ناو کۆمەڵ یان شتی کۆن.

٢. یاخیبوون دژ بە دەسەڵاتی سیاسی.

بۆنموونە ((شێرکۆ بێکەس)) لە شیعری ((وەرزی پێنجەم))دا یاخیبوونی یەکەممان نیشاندەدات و دەڵێت :

لەژێر کەشی شارەکەما
لەژێر مێزەری گەورەیا
لەناو قوببەی منارەیا
ڕۆژی هەزار بەچکە ڕێویی
چاو زیت ئەژێن
ڕۆژی هەزار
ڕۆژی ملیۆن

هەموو نامەی کتێب

سوێند و بەڵێن
لەتەنافی بەنگە خوێنی ئابڕوییەوە
هەڵ ئەواسرێن(٩)

لێرەدا ((شێرکۆ بێکەس)) وەکو شاعیرێك و مرۆڤێکی ڕۆشنبیرو زووتر دەرك بەکۆمەڵێك دیاردەی دزێوی کۆمەڵایەتی و ناشارستانی دەکات، چارەیەکی گونجاویشی بەدەستەوە نییەو پەیامبەرێکی نوێش نییە، ناچار دەبێت ئەو دیاردە دزێوانەی ناو کۆمەڵ بداتە بەرتیشکی ڕەخنەو یاخیبوونێکیش دژیان بەرپاکات، تا لەو ڕێگایەوە بتوانێت جەماوەر هۆشیار بکاتەوە. دیارە هۆشیارکردنەوەیش خۆی لەخۆیدا زەمینە خۆشکردنی شۆڕش و گۆڕانی بنەڕەتیە، لێرەدا ((شێرکۆ)) لەبۆچوونێکی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵایەتییەوە یاخیبوونەکەی خۆی ئاشکرا دەکات و دیاردە دزێوەکان دەداتە بەر ڕەخنە، تاوەکو هۆشیارییەك لای خوێنەر دروست بکات، ئەمەش بەشێوازی گوتار ئامێز نییە، بەڵکو وێنەی قوببەی منارەیەکمان بۆ دەکێشێ و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕەخنە لەبونیادە کۆمەڵایەتییەکە دەگرێت، دیارە وشەی ((منارە)) بەڵگەیە بۆ سیستمێکی کۆمەڵایەتی کەبیرو بۆچوونێکی غەیبانی ڕابەرایەتی دەکات، قوببەی منارە خۆی بەرز دەبێتەوە بەرەو ئاسمان، بەڵام ناونیشانی شیعرەکە ((ژێرەوەیە))، لێرەدا دەبوایە ژێرەوەی قوببەی منارە وەك قوببەکە پاك بوایە، کەچی بە پێچەوانەوە لەژێرەوەدا ڕێوی و بەڵێنی درۆ زاوزێ دەکەن، لێرەدا ((شێرکۆ بێکەس)) ڕەوتی ڕەخنەگرانەی خۆییمان بۆ دەردەبڕێت، کەنموونەیەکی هونەری یاخیبوونی لەپاڵدایە. ((شێرکۆ بێکەس)) لەشوێنێکی تردا بەزەقی لەدەسەڵاتی پیاوانی ئایینی یاخی دەبێت و لەشیعرێکدا بەناونیشانی ((دڵداری و ناو شارێکی مردوو)) دا دەڵێت:

پێکرام.. لەپشتەوە.. پێکرام
هەر بەو تیغە ژەنگاوی یەی..
کە ((بەدرخان))ی پێ کوژرا.. منیش کوژرام
تیغی جاڕی شەیتانی سەر منارەکان..

تیغی زمانی ماری سەر :

بەردە نوێژی سەر مزگەوتەکان

خنکام.. لەدوکەڵی فەتوای ناو مێزەری

توونی بابای.. پیلانەکەی،

((مەلای خەتێ))دا بوو خنکام

سووتام.. لەگێژاوی گڕی دەمی ئەژدەهای حەوت سەری

((مەلای خەتێ))دابوو.. سووتام [١٠]

((شێرکۆ بێکەس)) لە شیعرێکی تردا کەبەناونیشانی ((دڵداری ناو شارێکی مردوو))ە، یاخیبوونەکەی دژ بە نەرێتە کۆمەڵایەتییەکان دەردەبڕێت و ئەوە ڕووندەکاتەوە کەئێستا سەردەمی زانست و پێشکەوتنە، کەچی لای ئێمە خەڵکی هێشتا باوەڕیان بەئەفسانەیە، ئەوەتا دەڵێت :

جادووگەرانی سەرشانۆی سیحربازیی

ئێستەش هەروەك جارانی ناو

ئەشکەوتی کۆن..

گڕی ئەفسانە قووت ئەدەن

مارو دووپشك و شەوگەردی تۆپیوئەخۆن

نووشتە لە ((ئەپۆڵۆ)) ئەکەن !

ئێستەش هەروەك جارانی ناو

ئەشکەوتی کۆن..

خەو بەکۆپانی ((جەجاڵی)) دنیای چۆڵەوە ئەبینن !

دەرزی لەیەخەی جنۆکەی

گرانەتای منداڵ ئەدەن

موو.. بۆ دێوی گردی ڕەش و..

حەوت قوللەی قاف ئەپڕوزێنن

مەنجەنیق بۆ :

((گالیلۆ))ی زانست دائەخەن ![١١]

هەروەها ((سامی شۆڕش))یش کەیەکێکە لەهاوسۆزانی ڕوانگەییەکان لەشیعرێکدا بەناونیشانی ((دەنگی خوێن)) بەشێوەیەکی هێما دەنگی یاخیبوون بەرانبەر ئایینی تازە بەرزدەکاتەوە و داکۆکی لەبیری نەتەوایەتی دەکات و ئەمەش لەڕێگای ناوهێنانی ((حاجی قادری کۆیی))یەوە دەردەبڕێت و دەڵێت :

وازبێنن.. با.. حاجی قادر.

گۆڕستانی – ئەبو ئەیوبی ئەنساری –

هەڵتەکێنێ

وازبێنن.. با بوومەلەرزەی نەوەی نوێ خواز

ناخی چیای بێ دەنگیمان

ڕاچڵەکێنێ ! (١٢)

هەروەها ((شێرکۆ بێکەس)) لەشیعرێکی تردا سیمای یاخیبوون دەدات بەفریشتەکان، ئاسمان، باڵدارو یاخییان دەکات لەیەزدان ئەوەتا دەڵێت :

کاتێ.. ئاسمان

کاتێ.. هەموو فریشتەکان

ئاژەڵ.. باڵدار

بەرگی یاخیبوون ئازار

لەبەر ئەکەن

ڕوو وەرئەگێڕن لە یەزدان (١٣)

هەندێ جاریش گیانی یاخیبوون لای هەندێك لەشاعیران و هاوسۆزانی ڕوانگەییەکان ئاستێکی توندڕەوانە بەخۆیەوە دەبینێ و هەموو شتێکی کۆن ڕەتدەکاتەوە، لەشیعرێکی ((محمد بدری))دا کەناونیشانەکەی ((هەستی یاخیبوون))ـە ئەمە دەردەکەوێت و دەڵێت :

هەستی یاخیبوون

لاپەڕەکەم

لەمێژووی تاری شەوگارا..

دەرئەهێنم

ئەیدڕێنم
ئاوێنەکەم
باسافیش بێ، چونکە کۆنە
ئەیشکێنم
ئەو نووسراوەی کوردی دەرکرد
لەبەهەشتی ڕزگاریا ،
ئەی سوتێنم [١٤]

یاخیبوون لەدیاردە دزێوەکانی ناوکۆمەڵ و بەرزکردنەوەی دەنگی ناڕەزایی و بێزاری دژ بەچەوسانەوەی ئافرەتان و بانگەشەکردن بۆ ڕزگاری و یەکسانییان لەبەرهەمی ڕوانگەییەکاندا ڕووبەرێکی بەرفراوانی داگیر کردووە ئەمە لەشیعرێکی ((عبدالله پەشێو))دا کەبەناونیشانی ((سێ نامەی کورت))ـەوە، ڕەنگیداوەتەوە، ئەوەتا دەڵێت :

خۆشەویستم
نامەکانم، بسووتێنە
ئەو هۆنراوەی بۆت نووسیوم
سێدارەی بۆ دامەزرێنە
دڵگیر مەبە..
لەلای ئێمە.. نەك تۆ.. پیاویش
لەسەر وشەیەکی باڵدار
قۆڵ بەست ئەکرێ، ئەدرێ لەدار
دوور مەبینە گەرتۆی ئافرەت
بۆ چریکە، هەڵبڕیت زار
گەرووی سەوزت بقڵیشێنن
چاوی گەشت پڕ چقڵ کەن
پرچی ڕەشت بسووتێنن [١٥]

ئەوەی ئەم شیعرە بخوێنێتەوە هەست دەکات کۆمەڵێك کێشە ئاوێتەی یەکتر دەبن، هەموویشیان گرێدراون بەیەکەوە هەر لە سەربەستیەوە بگرە تاکێشەی ئـافرەت و لەهـەمان کاتیشـدا یاخیبوونەکـە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ بەخۆیەوە دەبینێ.

تـائێرە باسـەکەمان یـاخیبوونی کۆمەڵایـەتی و لقـەکانی بـووە، ئێسـتا پێویسـت دەکـات ئاوڕێـك لـەیاخیبوونی دووەم بدەینـەوە، کـەدژ بـە دەسـەڵاتی سیاسییە، دیارە لێرەدا دەسەڵاتی سیاسی زیاتر ڕژێمی داگیرکەر دەگرێتەوە، شـاعیرانی ڕوانگـەو هاوسـۆزەکانیان کـەم تـازۆر ئاماژەیـان بـۆکردووە، ((محمـد بدری)) ڕقی پەنگ خواردووی دەروونی خۆی بەداگیرکەر دەڕژێت و لەشیعرێکدا بەناونیشانی ((هەستی یاخیبوون))ـەوە ئەمە دەردەبڕێت و دەڵێت :

وەك ڕەشەبا
لەچلەی ساردی زستانا
دەرئەکەوم
بەسەر لوتکەی شاخەکانا
سەرئەکەوم
لەهاوینی دەروون گەرما
ئەنەڕێنم
تەختی داگیرکەر هەڵئەدەم
بەئاسمانا
ئەیڕوخێنم [١٦]

مـوفرەداتی دەقەکـە تـەواو هـەڵێنجراوی کێشـەی یـاخیبوونی سیاسـییە، بۆنموونە ((ڕەشەبا)) دەلالەت لە توندی و بەهێزی دەکات، وەك وشەیەك لـەپێناوی خزمەتکردنی یاخیبووندایە، یان وشـەکانی ((ئەنـەڕێنم، ئەیڕوخێنم، ئەیشکێنم)) هـەموویان کەلەشیعرەکەدا هـاتوون، سێبەری وشـەیەکی زەقـی وەك یـاخیبوونن. یـاخیبوون دژ بەدەسـەڵاتی سیاسـی لای ((شـێرکۆ بێکـەس)) ڕەنگیداوەتـەوە، لەشیعرێکدا کە بەناونیشانی ((بروسکەی سروودێکی زامدا))وەیە دەڵێت :

لە گەرووتانا ڕەشەبای سلێمانین

لەسەر سنگتان تاشەبەری

ئاگری داغین

لەدڵتانا

سەهۆڵ بەندانی سابڵاخین

لێتان.. لێتان نابینەوە [17]

هەروەها ئەم جۆرە یاخیبوونەش لەشیعرەکانی ((جەلالی میرزا کەریم))دا ڕەنگیداوەتەوە، لە شیعرێکدا بەناونیشانی ((پرسیار.. بۆهاتنی گۆدۆ))دا دەڵێت:

هاوڕێکانم !..

هاتنی گۆدۆی هاوڕێمان

بیری ئەوێ

وتەو کرداری نوێی ئەوێ

قوربانیی (کاروانی وشەی

ڕاچەنیوی)ی ئەمڕۆی ئەوێ

شی کردنەوەی (کلافەیەك ژانی تووڕە)ی ئێمەی ئەوێ

(ڕۆژمێری) سوتێنراوی

ئازادی (پشمەرگە)ی ئەوێ

هەڵهاتنی

خۆرێکی یاخی بووی ئەوێ [18]

خودی ((شێرکۆ بێکەس))یش لە چاوپێکەوتنێکدا دەربارەی یاخیبوون دەڵێت : ((یاخیبوونی ئێمە کوێرانە نییە، بزووتنەوەی ڕازی نەبوونە، یاخی بوونە دژی هەموو چەوسانەوەیەك، ڕاماڵینی ئەو نەریت و عورف و تەقالیدە ڕزیوانەیە کە ڕێگەیان لە پێشکەوتن گرتووە... پەردە هەڵماڵینە لەڕووی دڕندەیەتی شارستانیەت خۆی.. یاخی بوونمان پریشکی تەقینەوەی شۆڕش خۆیەتی ئەو یاخیبوونەیە لە داهێنانی ئەدەبیماندا لە شێوەو ناوەڕۆکی بەرهەمەکانماندا، لەزمان خۆی)) [19] پوختەی ئەم بۆچوونەی ((شێرکۆ))

لەبەرهەمەکانیـــــدا ڕەنگیداوەتـــــەوە، لەشـــــیعرێکدا بەناونیشـــــانی ((دڵداری ناو شارێکی مردوودا)) دەڵێت :

هەنگاو ئەنێم
دڵدارێکم گۆرانی بۆ :
گەردەلولی بەهاری ناو ئازار ئەڵێم
دڵدارێکم.. ئاوێستاکەم یاخی بوونە

یان لە کۆپلەیەکی تری هەمان پارچە شیعردا دیسانەوە دەڵێت :

من ئاوارەی وڵاتێکم !
شارەکانی.. بێ پەنجەرەن
شەوەکانی.. بێ ئەستێرەن
ڕێگەکانی..
قەیتانی پێڵاوی بیری گرێ کوێرەن
من ئاوارەی وڵاتێکم جادووگەری !
لە ئەشکەوتی یاساکانیا
لەگەراجی.. باسەکانیا
لەگیرفانی جانتای پارەی.. شین و سووری پیاوەکانیا
لەکیسەی مەمکی لاستیکی ژنەکانیا
لە منارەی درۆکانیا !
پێشمەرگەی وشە.. ئەکوژن
قەڵەمی جەنگاوەرەکان ئەخنکێنن
مێشکی کاوە ئەپرژێنن
((ژان دارک))ی ڕستە یاخییەکان ئەسوتێنن [٢٠]

لێرەدا شێرکۆ بێزارو یاخییە لەوڵات و دەسەڵاتێک، کەنامۆیە پێیان و هیچ جۆرە ئازادی و سەربەستییەکی تێدا نییە، تەنها منارەی درۆو دەلەسە دروشمە بەرزکراوەکانیەتی و جادووگەری و ئەفسانەیش بیروباوەڕەکانی سەردەمەکەیەو خەڵکی پێ فریو دەدرێت، بۆیە تێیدا مێشکی کاوەو ڕستە یاخیبووەکانیش

دەسـوتێنرێن. ((جـەمال شـارباژێری))یـش کـەخۆی یەکێکـە لەئیمزاکـەرانی بـەیاننامەی ڕوانگـە بـەجۆرێکی جیـاواز مامەڵـە لەگـەڵ یاخیبوونـدا دەکـات، لەشیعرێکدا بەناونیشانی ((سێ چاو))ەوە دەڵێت :

چاو ڕوبار ، چاو گزنگ ، چاو سروشت

هەر گەشاوەن بۆ ئەو نیگای ئاوێنەی گشت [21]

شـیعرەکەی ((جـەمال شـارباژێری)) زۆر دوورو درێـژە، ئێمـە ئاماژەمـان بەدوا کۆپلەی دەقەکە داوە، بۆیە لێرەدا تەنها لەسەر شیعرەکە بەگشتی دەدوێین. لەشیعری ((سێ چاو)) دا ((جەمال شارباژێری)) بەجۆرێکی ترو بەگوڕتر شیعر بەرهـەم دێنـێ، لێـرەدا تـەنها باسـی سروشـت ناکـات، واتـا وەك زۆر لەشـاعیرانی پێشـوو لەسروشـت وەك یەکەیـەکی تایبـەتی نـادوێ، بـەڵکو لەدیـدێکی نـوێی شۆڕشـگێڕانەوە باسـی سروشـت دەکـات، واتـا سروشـت و یـاخیبوون وبـیری شۆڕشـگێڕی دەلکێنێـت بەیەکـەوەو لەدیـدێکی شۆڕشـگێڕانەوەئاماژە بـۆ سـێ دیمـەنی سروشـتی دەکـات. ئەم شیعرەی ((جـەمال شـارباژێری)) تایبەتمەنـدێتی خۆی هەیە، چ لەچاو زۆر لەشیعرەکانی خۆیدا، یان لەچاو ئەو شیعرانەی کە لە گۆڤاری ((ڕوانگە))دا بەهەر سێ بەرگەکەیەوە بڵاوکراونەتەوە.

لـەگۆڤاری ((ڕوانگـە))دا ((حسـین عـارف)) وتـارێکی ڕەخنـەیی لـەژێر ناونیشـانی ((گیـانی یـاخیبوون و بەگژاچـوون لەشـیعری نـەوەی نوێمانـدا)) نووسیوەو یاخیبوون و بەگژاچوونی کردووە بەتەوەرەی سـەرەکی نووسینەکەی و لەوێدا بەدوای دەلالـەت و سێبەری ئەو دوو چەمکە لەشیعرە بڵاوکراوەکانی ناو ڕوانگەو هاوسۆزەکانیاندا دەگەڕێت، کارەکـەی ((حسین عـارف)) لەوێدا وەك ئـەوە وایـە، پراکتیکێکـی ئـەو دوو چـەمکە بکـات ((یـاخیبوون و بەگژاچـوون)) کـە زۆر بـەڕوونی لەبەیاننامـەی ڕوانگـەدا باسکراون و لەچـەند بڕگـەو شـوێنێکدا دووبـارە کراونـەتـەوە. ((حسـین عـارف)) لـەو وتـارە ڕەخنەییـەدا دەڵێـت : ((ئـاخۆ شـاعیری نـەوەی نوێ، لەچـی یـاخی ئـەبێ و بەگـژی چیدا ئەچێت ؟ وتمـان شـۆڕەی درۆ و دەلەسەو تەڵەکەبازی و زەلکاوی کۆمەڵێکی بۆگەن)) [22].

یان لەلاپەڕەیەکی تردا دەڵێت : ((شاعیری نەوەی نوێ، لەسەرەتای چاوکردنەوەیدا بەسەر ژیانا، بەقسە لەلایەن دایك و باوك و مامۆستا و مەلا، سەرجەم کاربەدەستانی ناو کۆمەڵەکەیەوە، ڕۆژی سەدان وتەی وەك (چاکەکاری و پیاوەتی و مەردایەتی و فیداکاری و سەربەرزی و خواپەرستی و..هتد) هەڵئەدرێن بەگوێیاو دەمێك بەشێنەیی و دەمێکیش بەهەڕەشە لێکردنەوە لەلایەن گشت ئەو بەڕێزانەوە داوای لێئەکرێت کەپەیڕەوی ئەو وتە پیرۆزانە بکات و لەسنووریان دەرنەچێت))[٢٢]. واتا شاعیری نوێ و نەوەی نوێ لەدەسەلات یاخی دەبن و دەسەلاتیش لێرەدا هەرتەنها ڕژێمی فەرمانڕەواو دەسەلاتی سیاسی نییە، بەڵکو لەوتەکەی ((حسین عارف))دا ئەوە هەڵئەهێنجرێ، کە خێزان و دەوروبەرو دەزگا کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیرییەکان، هەموویان جۆرێکن لە دەسەلات، ئەندامانی کۆمەڵ دەستەمۆ دەکەن، ئەم یاخیبوونەیش بۆ ئەوەیە لەو دەسەلاتە دەربازبیین، وەك چۆن زۆرجار بەزەقی و ڕاپۆرت ئاساو شێوازی ڕاستەوخۆ، چەمکی یاخیبوونەکە لەشیعرەکاندا ڕەنگیداوەتەوە، ئاوایش ((حسین عارف)) تەنها باسی یاخیبوون و بەگژاچوون وەك دووشتی مەعنەوی باس دەکات، زۆر ئاوڕ لەلایەنی هونەری ئەو شیعرانە نەداتەوە، یاخود لە وتارەکەدا ئەوە ناوروژێنێ ، کەبە چ شێوەیەك ئەو یاخیبوونانە لە شیعرەکاندا بوون بەشێوەو دەقی ئەدەبی خۆیان وەرگرتووە.

هەر لێرەشدا، بەباشی دەزانین ئەگەر بەدەرچوون لە بابەتەکە لەقەڵەم نەدرێت، بێینە سەر نووسینی هەندێك لەوانەی کەدەیانگوت ڕوانگەییەکان دابڕاون لە واقیعەکە.

ڕوانگەییەکان بێبەری نەبوون لە باسکردنی کێشەی نیشتمانی و کۆمەلایەتی گەلەکەیان وەك هەندێك بۆچوون دەڵێت، بەپێچەوانەوە ئەمانیش خۆیان زیاتر بەخاوەنی کێشەکانی گەلەکەیان زانیوەو داکۆکیان لێکردووەو لەشیعرەکانیاندا بەشێوازی جۆراوجۆر ڕەنگی داوەتەوە، یان بۆچوونێکی تر کەزۆر کەس بانگەشەیان بۆدەکرد گوایە ڕوانگەییەکان، هیچ جۆرە پرۆگرامێکیان نەبووە بۆ ئاوڕدانەوە لەکێشە سەرەکییەکانی سەردەم، بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم جۆرە بۆچوونانەیش چەند نموونەیەکی شیعر دەکەین بەبەڵگەی سەلماندنی

بۆچــوونەکانمان، ئــەوەتا ((شــێرکۆ بێکــەس)) لەشــیعرێکدا بەناونیشــانی ((ڕۆژ ژمێری پێشمەرگەیەك))دا دەڵێت :

من شاعیر نیم..
بەڵام ئەگەر لێیان پرسیم
کام هۆنراوە پەسند ئەکەی
ئەلێم ئەوەی
لەسەر لێوی وشەکانی
زەردەخەنەی مناڵانی
ڕوت و قووتی کوردی تیایە
ئەو هۆنراوەیەم خۆش ئەوێ
وەك پێشمەرگەی تینوو وایە (٢٤)

ئەگــەر بــەوردی بڕوانینــە ئــەم دەقــە شــیعرە، ڕووبــەڕووی کۆمــەڵێك وشــەی وەك زەردەخەنەی مناڵان، ڕووت و قووتی کـوردی تیایـە، پێشـمەرگە، دەبینییـەوە، کەهــــەموویان ڕەنگدانەوەیــــەکی مێــــژوویی پڕکارەســــات و قەتماغــــەی برینــــی نەتەوەیــەکن کــە هــەرگیز شــاعیر فەرامۆشــی نــەکردووەو کردوونــی بەهــەوێنی شیعرەکانی.

کێشـەی نیشـتمانی و ڕزگاری نەتـەوەیی کـورد لەجـەورو سـتەم بابـەتن بۆ گەلێك مەبەستی شیعرەکانی ((جەلالی میرزا کەریم))، لەشیعرێکدا کەبەناونیشانی ((ژانی ڕۆژانی هۆنراوە))یە دەڵێت :

لەگیانتانا
لەپرسەی بێ گریانتانا
شەهیدەکانتان هەڵسێنم
هاتووم.. دەروازەی گەورەی شار
ڕاوەشێنم..
بنەڕێنم.. هەموو ڕۆژێ
زامی گەڵێ سارێژ ئەبێ

بنەڕێنم.. ئەی بۆچی کورد
بەڵێ.. ئەی شاری ژان، بەڵێ ئەی بۆچی کورد
ئاڵای هەتاوی کەژاوەی
بوکی ڕزگاری هەڵنەکرد ؟ [٢٥]

ئەوەی ئەم دەقە بخوێنێتەوە تێدەگات، کەشاعیر بێ ئاگانەبووە لەکێشەکانی سەردەم و لەجیهانێکی یۆتۆپیدا نەژیاوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، هەڵوێست، گیانی بەرگری، مولتەزیم، بوونی شاعیر بەکۆمەڵەوە، کۆمەڵێك بابەتن ئاوێتەی دەروونی شاعیربوون.

## ڕوانگە و تەکنیکی شیعر

شیعر بەگشتی، جا کۆن بێت یان نوێ، پابەندی تەکنیك دەبێت، هەندێ جاریش شیعری تازە مامەڵەی نوێتر لەگەڵ تەکنیکەکانی پێشوودا دەکات، بەواتایەکی تریش دەتوانین بڵێین سەردەم و گۆڕانکاری تازە، تەکنیکی نوێتر دەهێنێتە ناوشیعرەوەو زۆربەی ئەو تەکنیکانەی، کەئەمڕۆ لەشیعری نوێدا بەکاردەهێنرێت، زۆر جیاوازن لەتەکنیکی شیعری پێشووتر. ((عبدالوەهاب البیاتی)) لەبارەی گرنگی هەندێ لەڕەگەزەکانی تەکنیکەوە دەڵێت : ((هێماو ئەفسانەو دەمامك گرنگترین ڕەگەزەکانی شیعری نوێن، بەبێ ئەوانە، شیعر برسی و ڕووتەو دەبێتە پەیکەرێکی گەورە بۆ لەشێکی بێگیان))[٢٦].

لێرەدا پێویست دەکات بچینە ناو بابەتەکەوە و بزانین ڕوانگەییەکان چۆن مامەڵەیان لەگەڵ تەکنیکی نوێدا کردووە، سەرەتا لەئەفسانەوە دەست پێدەکەین، شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەفسانەو تەوزیف کردنی لەشیعردا خاڵێکی گرنگ بووە، دوای بەیاننامەی ڕوانگە، شاعیرەکان ئاوڕیان لێداوەتەوە، بەڵام شاعیرانی پێش حەفتاکان سەرەڕای ئەوەی، کەباسی ئەفسانە کوردییەکان و چیرۆکە فۆلکلۆرەکانیان کردووەو تەوزیفیان کردووت لە شیعرەکانیاندا، کەچی ئەفسانە جیهانییەکانیان فەرامۆشکردووە، یان بەواتایەکی تر لە شیعرەکانیاندا ڕەنگی نەداوەتەوە، ئەگەر تەوزیفیش کرابێتن، ئەوە لەپەنجەی دەست تێنەپەڕیون، نەك

هەر شیعری کوردی ئاوڕی لەئەفسانە جیهانییەکان نەداوەتەوە، بەڵکو شیعری عەرەبی عێراقیش بەو شێوە بووە، نەوەکانی ((الرصافي ، علی الشرقي ، محمد الرضا الشبیبی)) و ئەوانی تریش نموونەی ئەم بابەتەن، تا نەوەی ((السیاب و عبدالوهاب البیاتی)) و شاعیرەکانی تر پەیدابوون و ئەفسانە جیهانییەکانیان کردە تەکنیکی نوێ بۆ شیعرەکانیان[٢٧]، لێرەدا ((د. محسن اطیمش))کۆمەڵێك هۆکار دەستنیشاندەکات بۆ ئەو ئاوڕنەدانەوە، جا ڕەنگە وەڵامێکی گونجاویش بێت، بۆ پرسیارێك کە دەکرێت بۆچی شیعری کوردی پێش ڕوانگە ئاوڕی لەئەفسانە جیهانییەکان نەداوەتەوە ؟

((د. محسن اطیمش)) دەڵێت : ((دواکەوتوویی و بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری بەپلەی یەکەم و بێ ئاگابوون لەڕۆشنبیری دەرەوەو نەبوونی بزووتنەوەی وەرگێڕان و نەزانینی زمانی بێگانە، ئەمانە وایلێکردن شیعرەکانیان تەنها ڕەنگدانەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بێت، وەك برسێتی، هەژاری، نەخۆشی و کێشەی ئافرەت و گەلێکی تر، هەروەها ئەو نەوەیە سەرقاڵی ڕادەبەدەری کەلەپووری نەتەوەیی بوون، لەبەرئەوە هەمیشە سەرقاڵی لاسایی کردنەوەی شیعرەکۆنەکان بوون)) [٢٨].

لێرەدا بەپێویستی دەزانین چەند نموونەیەك بخەینە بەرچاو.

((شێرکۆ بێکەس)) لەشیعری ((کۆچ))دا دەڵێت :

لەکەیەوە تۆ ((سیزیف))ی و ئەم جیهانەش بەردەکەتە ؟!

لەکەیەوە تۆ ((زۆربا))* یت و بوومەلەرزەیش سەماکەتە [٢٩]

کورتەی ئەفسانەی ((سیزیف)) باس لەوە دەکات، کە ((سیزیف)) لەلایەن خوداوەندەوە سزادەدرێت، پێویست دەکات بەردەکە بەرزکاتەوە بۆسەر بەرزاییەکە هەرکاتیك، کەخەریکبووە، بگاتە سەر بەرزاییەکە، سەرلەنوێ دەیگێڕنەوە بۆ خاڵی دەستپێکردن. ئەم ئەفسانەیە لە شیعری جیهانیدا زۆر تەوزیف کراوە، شێوازی جۆراوجۆری بەخۆیەوە بینیوە.

((شێرکۆ بێکەس))یش لەڕێگای ئەم ئەفسانەیەوە مامەڵە لەگەڵ شۆڕش و شکستدا دەکات، بەڵام ((شێرکۆ)) لەناوهێنانی ئەفسانەی ((سیزیف))دا

((زۆربـا))یشـی لەبەرامبـەردا دانـاوە، ئەمـەش دوو شـتی دژیـەکن لەشـیعرەکەدا کۆیکردوونەتەوەو شارەزایانە لەشوێنی خۆیاندا بەکاریهێناون.

((ڕێبین احمد هەردی))یش لەم بارەیەوە دەڵێت : ((سیـزیف ئـەو کەسـەیە کەتابێ کۆتایی مەحکومە بەشکست.. ڕەنجی سیزیف لـەو هیلاکیە جەستەییەدا نییە کـە بـەردەوام دەشـێ بیدات بۆ ئـەوەی بەردەکـە سـەرخاتە سـەر تەپۆڵکەکـە، بـەڵکو ڕەنجی ئـەو لەشکستە بەردەوامەدایە، کەدەشـێ ببینـێ، بـەلام کارەسـات لەوەدایـە، کەئێمـە هـەر سـیزیف نـین، بـەڵکو ((زۆربـا)) شـین، زۆربـا ئـەو کەسـەیە کەتـەواو پێچـەوانەی سـیزیفە، لەفەرهـەنگی زۆربـادا شکسـت مانـای نییـە، چـونکە زۆربـا ئەوکەسـەیە، کـە ناتوانێـت دان بەشکسـتا بنێـت، یـان قبـوڵی بکـات، ئـەو تەنانـەت ئـەو لاشـە مـردووەی بـۆی دەنێـرن بەڕاسـتی هـەوڵ ئـەدات بـۆ ئـەوەی زیندوویی بکاتەوە کەشکستیش دەهێنێ، خێرا لـەبیری خۆی دەباتـەوە، ئەمـەش دوو جەمسـەرە دژ بەیەکەکەیە کـە کەسێتی مرۆڤی کـورد پێك دەهێنـێ، بەشێکی نائاگاە کە دەیەوێت هۆشیارمان بکات لەشکستی ((سیزیف)) و بەشێکی ئاگایش، کـە نایـەوێت دان بەشکسـتی خۆیـدا بنـێ و بەئاسـانی هـەموو شکسـتێ فەرامۆش دەکات))[٣٠].

بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکەمان، نەك بەراوردکردن، پێویسـتە ئامـاژەیش بەچەند دەقێکی عەرەبی بدەین تا هەندێك لایەنی بەکارهێنانی ئەفسانەکە زیاتر ڕوون ببێتـەوە، سـەرەتا بـابزانین ((یوسـف الخـال)) چۆن مامەڵـەی لەگـەڵ هـەمان ئەفسانەدا کردووە، ئەوەتا دەڵێت :

دارتي السوداء ملأي بعظام ، عافها نور النهار
من يواريها الترابا ؟
علّها تبعث يوماً
تدفع الصخرة عنها [٣١]

لێـرەدا شـاعیر بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ نـاوی ئەفسـانەکە ناهێنێـت، یاچەند وشەیەك لەئەفسانەکە ناخاتە ناو شیعرەکەیەوە، بەڵکو زیاتر پەنا دەباتە بەر ئیحا بۆ دەربڕینی ئەفسانەکەو ئەفسانەیەکی تریشی لەگەڵدا تێکەڵاو دەکات،

هەواڵنامەی کتێب

کەئەویش ئەفسانەی مردوو زیندووبوونەوەیە بەهەمان شێوەی ئیحا، بەڵام لای ((شێرکۆ بێکەس)) ناونیشانی ئەفسانەکە تێهەڵکێشی شیعرەکە کراوە. ((ئەدۆنیس))یش هەمان مامەڵەکردنی ((یوسف الخال))ی کردووە لەگەڵ ئەفسانەی ((سیزیف))دا، بەڵام تەنها یەك ئەفسانەی تێهەڵکێش کردووە، ئەوەتا دەڵێت :

اعرف نفسي هنالك في طفلة قتيلة
في السعال المدور والرنة المستطيلة
حاملاً صخرة المدينة
مائلاً كالقناطر في قبّة المدينة (٣٢)

بەهەمان ئاماژە پێکردنی ((شێرکۆ بێکەس))یش بەناوهێنانی خودی ناونیشانی ئەفسانەکە لە ناو شیعردا، شیعری عێراقیش لەسەرەتادا هەمان ڕێچکەی کرتبوو، ئەفسانەکانیان زیاتر بۆ لێکچواندون و تەداعی بەکاردەهێنا بەبێ ڕەچاوکردنی لایەنە هونەرییەکە، بەڵام بۆ دەوڵەمەندکردنی شیعرەکە وردە وردە بەرەو ئەوە ڕۆیشتن، کە چەند بەشێك لەئەفسانەکە تەوزیف بکەن لەناو شیعرەکەدا، ئەمەش سەرەتایەکی باش بووە بۆ تەوزیف کردنی ئەفسانە لەشیعردا، نموونەی ئەمەیش لای ((بدر شاکر سیاب)) لەشیعری ((من رؤيا فوكاي))دا دەبینرێت، کە ئەفسانەی ((کۆنغای)) * کردووە بە دەروازەو تێکەڵی شیعرەکەی کردووە، ئەوەتا دەڵێت :

مازال ناقوس ابيك يقلق المساء
بأفجع الرثاء
((هياي.. كونغاي —
فيقرع الصغار في الدروب
وتخفق القلوب
وتغلق الدور ببكين و شنغهاي
من رجع كونغاي
فلتحرقي وطفلك الوليد

يجمع الحديد بالحديد

والفحم والنحاس بالنفار

والعالم القديم بالجديد [٣٣]

هەر لەشیعرێکی تردا بەناونیشانی ((کینگڵ)) ((شێرکۆ بێکەس))، ئەفسانەی ((گلگامش)) تەوزیف دەکات و هەوێنی شیعرەکەیشی لەخۆشەویستی ((گلگامش))ەوە بۆ هاوڕێکەی ((ئەنکیدۆ))وە سەرچاوە دەگرێت و دەڵێت:

بۆت ئەگەڕێم ئەی کیشوەری چاوە ون بۆکانی خۆشەویستیم

ئەی ئەستێرەی خوانشینی نەدۆزراوە

وا لەم شەوەدا ((گەلگامش)) دێتە سەربالی سیمرخی داستانەکەم

جارێکی تر ئەفڕێتەوە.. تاکۆتایی [٣٤]

هەروەها تەوزیف کردنی ئەفسانە لای یەکێکی تر لەڕوانگەییەکان کە ((سامی شۆڕش))، بەم شێوەیە لەشیعری ((ڕەنگی خوێن))دا بەرجەستەبووە کە دەڵێت :

کەچی.. نۆساڵ.. دڵی شیعر

ئاگردانێك بوو بێ ئاگر..

لەسەر سنگی مەم و زینا

– سیزیف – یێك بوو بێ تاشەبەرد [٣٥]

هەروەها دیسانەوە ئەفسانە ئاوێتەی شیعری یەکێکی تر لە ڕوانگەییەکان کە ((صلاح شوان))ـە دەبێت و لەشیعرێکدا بەناونیشانی ((نەورۆز – ژان.. شیعر))ەوە دەڵێت :

هەڵتوو تابوو..

بۆ ژانی لەدەس چووی خۆی

وای ئەکورکان..

من بەباڵای، ئەژدیهای ناو گەردەلولا

بەرەو ئاسمان

هەڵئەکشام [٣٦]

هەواڵنامەی کتێب

لەدوای هەشتاکانەوە، تەوزیف کردنی، ئەفسانە لەشیعری نوێی کوردیدا، ڕەهەندی تری بەخۆیەوە بینیوەو زۆر لە شاعیرە تازەکان مامەڵەی جیاوازیان لەگەڵدا کردووە، ئەوەش بابەتێکە پێویستی بەلێکۆڵینەوەی ورد هەیە.

تەوزیف کردنی شێوازی چیرۆك لەشیعردا یەکێك بووە لە سیماکانی شیعری نوێی کوردی بەتایبەت پاش ڕوانگە، ناتوانین بڵێین پێش سەردەمی ڕوانگە ئەم جۆرە شێوازە لەشیعری کوردیدا نەبووە، بەڵام دەکرێ بڵێین دوای دەرکردنی دیوانی ((کازیوە)) واتا پۆستەرە شیعرەکانی ((شێرکۆ)) شیعری کوردی هەنگاوێکی تری نا بەرەو پێشەوە، خودی ((شێرکۆ بێکەس))یش دەڵێت: ((لەدوای ساڵی ١٩٧٥ز بەدواوە شیعرەکانم زیاتر نموونەی ڕوانگەی نوێخوازن، ڕەنگە خاڵی وەرچەرخانیشم لەو تازەکردنەوەدا لەقەسیدەی کۆچەوە دەستپێدەکات)) (٣٧) بۆیە لێرەدا پێویست دەکات چەند نموونە بهێنینەوە.. ((شێرکۆ بێکەس)) لەشیعرێکدا بەناونیشانی ((جۆلانە)) لەدیوانی ((کازیوە))دا دەڵێت:

دوولقی ، دوو
دارگوێز سووك سووك
جۆلانەیەکیان بەنۆبە
ڕائەژەنی
منداڵەکەش لەناو کەژاوەی خەوێکی
ڕەنگاو ڕەنگا.. پێ ئەکەنی
لقە پیرەکەیان وتی :
تۆ باوکی ئەمت ئەناسی ؟
لقە لاوەکەیان سەری
بیرچوونەوەی بۆ ڕاوەشان
لقە پیرەکە هەناسەو،
ئاخێکی قوڵی هەڵکێشا
وتی : باوکی ئەو پیاوە بوو

هەواڵنامەی کتێب

پار زستانێ..

ئالێرەوە..

بۆ گوندەکەیان ئەچووە..

لەو وەختەدا من لەبەر هەرەسی بەفردا

هاوارم لێ بەرز بۆوە

گەیشتە لام بەڵام سەد ئاخ

هەتاکو منی دەرهێنا

خۆی ڕەق بۆوە ! (٣٨)

بیری شیعرەکە بەشێوازی چیرۆك گوزارشی لێکراوە، دار گوێز هێمایە بۆ نیشتمان، ڕاژەنینی جۆلانە لەلایەن لقە دارگوێزەکانەوە هێمایە بۆ بەدایك بوونی نیشتمان، ئاخ هەڵکێشانی لقە دارگوێزەکە بۆ باوکی مناڵەکە وەفاو ئەمەکداری نیشتمانە بۆ شەهید، کارەکتەرەکانی ئەم چیرۆکە شیعرییە بریتین لە لقە دارگوێزی پیر، لقە دارگوێزی گەنج، مناڵ، باوکی مناڵ، شەهید، مەیدانی چیرۆکەکانی باخی گوێزە هێمایە بۆ کوردستان، لەنموونەیەکی تردا بەناونیشانی ((لەدارستانێکا)) شێرکۆ بێکەس دەڵێت :

تاریك داهات، شێرێ لە لانەکەی خۆیدا

بیری کردەوە.. چۆن سبەی

پەلاماری پڵنگەکەی هاوسێیدا !

پڵنگەکەش بیری ئەکردەوە کەچۆن

بەیانی ڕێوی بگرێ و کەوڵی بکا!

ڕێویش بیری ئەکردەوە

چۆن بگاتە هێلانەی سەردار گوێزەکە

زەرنەقوتەی کۆتر بخوا !

کۆتریش بیری کردەوە

چۆن ئەتوانێ

ڕاوچی و

باڵندەو

ئاژەڵی

ناو دارستان هەمووی یەك خا ؟!

چۆن ئەتوانێ ؟! (٣٩)

کاتێك ((شێرکۆ)) ئاوڕی لە دارستان داوەتەوە کۆمەڵێك بیرۆکە لای گەڵاڵە بووە، لەسەرووی هەمووشیانەوە یاسای جەنگەڵ ((قانون الغابە))کەتێدا هێز ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ، دیارە شێرکۆ نەیتوانیوە ئەمانە لەشیعرێکی ئاساییدا دەربڕێت، بۆیە بەدوای فۆرمی چیرۆکە شیعردا گەڕاوە بۆئەوەی گوزارشت لەهەموو دیاردەکان بکات، لەبەهێزترین گیاندارەوە دەست پێدەکات کەشێرە، ئەو ڕۆڵەیشی کەداوێتی بەکۆترەکە، وەبیرخستنەوەی هێما جیهانیەکەیەتی.

جیاوازی ڕوانگەییەکان لەگەڵ ئەزموونی پێش خۆیان لەم بارەیەوە بەتایبەت لای ((شێرکۆ بێکەس)) لەوەدایە ئەمان زیاتر پەنایان بۆ واقعێکی فەنتازی(٤٠) بردووەو زیاتر چیرۆکەکانیان تێکەڵاو خەیاڵ کردووەو لە واقیعە هەست پێکراوەکە زیاتر دوور کەوتوونەتەوە.

قەسیدەی دەمامك ((قصیدة القناع)) لەدوای بەیاننامەی ڕوانگەوە لای چەند شاعیرێك دەبینرێت، سەرەتا بابزانین قەسیدەی دەمامك چییە ؟

((د. محسن اطیمش)) لەم بارەیەوە دەڵێت : ((قەسیدەی دەمامك سەر بەڕێچکەی درامایەو شاعیر تیایدا دەتوانێت هەموو شتێك بڵێن، بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ پێشت بەکەسایەتی، یان دەنگی خۆی ببەستێت، چونکە پەنا بۆ کەسایەتییەکی تر دەبات و خۆی دەخاتە جێگەی و پشتی پێ دەبەستێت، دروستکردنێکی باش دروستی دەکات و تێزەو هەڵوێستەکانیشی بەتەواوەتی هەڵدەگرێت، هەروەك چۆن شانۆگەرییەك لەپشت کەسایەتییە دروستکراوەکانی خۆیەوە، خۆی حەشاردەداو لەڕێگای ئەوانەوە هەموو ئەوەی دەیەوێت دەیڵێت)) (٤١).

هەروەها دەڵێت : ((کەسایەتی شانۆگەری لە نووسەرەکە سەربەخۆیەوە و خاوەنی هەڵوێستی خۆیەتی و لەگەڵ هەڵوێستی نووسەرەکەدا بەناچاری هاویەك

نییە، بەڵام ئەو کەسایەتییەی کە قەسیدەی دەمامک دەیخوڵقێنێ، لەشاعیری هاوچەرخ سەربەخۆ نییەو بەواتایەکی تر شاعیرو ڕەمزەکەی بەتەواوەتی یەکیانگرتووە، لەبەر ئەوە پێویستە لەدەمامکدا ئەو هەڵوێست و خەسڵەتانە دەستەبەربن، کەلەزۆر هەڵوێست و بیری نووسەری هاوچەرخدا هاوشێوەن )) [٤٢].

ئەگەر ((عبدالوهاب البیاتی)) یەکێك بووبێت لەوشاعیرانەی کە ئەم جۆرە قەسیدەیەی بەکار هێنابێت، ئەوا خۆی پێمان دەڵێت : ((من دەمامکم نەدۆزییەوەو دام نەهێناوە، بەڵکو پێش من گەلێك شاعیر لەشیعری نوێی عەرەبیدا بەکاریان هێناوە)) [٤٣]. هەروەها قەسیدەکانی ((بدر شاکر السیاب)) ((تموز جیکۆر)) و ((المسیح بعد الصلب)) زەمینەو ڕێخۆشکەری لەدایکبوونی بیری قەسیدەی دەمامکن تیایاندا شاعیر لەگەڵ هێماکانی خۆیدا یەکانگیر دەبێت و دەیکاتە دەروازەیەك بۆ دۆزینەوەی هەمووشتەکان، بەشێوەیەك کەتوانای ڕووبەڕوو بوونەوەی هەمووکێشەکانی سەردەمی هەبێت)) [٤٤].

دیسانەوە ((د. محسن اطیمش)) دەڵێت : ((کەسایەتی لەشیعری دەمامکدا هێمای شاعیر خۆیەتی، کەپێکەوە لکاون، پاڵەوان خودی شاعیرەو شاعیریش پاڵەوانەکەیە، کەبەهیچ شێوەیەك ناتوانرێت لەیەك جیابکرێنەوەو هیچ کەسیان بێ ئەوی تر نابن)) [٤٥].

((عبدالوهاب البیاتی))یش پێی وایە، پشت بەستن بەپاڵەوانەکانی مێژوو، وەك دەمامکێکی شیعری، ڕەوەندێکی ڕاستەقینەیە، مەبەستەکەیشی زیندووکردنەوەی کەلتوورە [٤٦] بەمەرجێك کۆپییەکی نوێ : ((گەشەسەندنێکی بەردەوام بەژیانمان ببەخشێت، بەم واتایە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو خۆگرمۆڵە کردن نییە لە کاروانی ژیان، بەڵکو هەروەك ((بورا))یش دەڵێت گوزارشتکردنێکی ترە لەبایەخ پێدان پێی و شێوازێکی تریشە، بۆ بینینی کێشە هەمیشەییەکان بەهەموو ڕەهەندو گرنگییەکانییەوە)) [٤٧].

لێرەدا دەکرێ ((ئەنوەر قادر جاف)) بەنموونە بهێنینەوە بەو پێودانگەی، کەهاوسۆزەکانی ڕوانگەییەکان بووە، لەشیعرێکدا کەناونیشانەکەی ((وەرزی سەرهەڵدانی فەرهاد))ە [٤٨] دەمامکی بەکارهێناوە، کردوویەتی بەهۆکارێك،

لەپاڵیدا خودی خۆی دەرئەبڕێت، وەرزێکە فەرهاد تیایدا سەرهەڵئەدات، دیارە سەرهەڵدانی فەرهاد وەك مێژوویەکی زیندوو دەکرێت بەمەودایەکی شۆڕشگێڕانە، بەڵام کۆتایی هەرەسهێنراو، بەڵکو کۆتاییەکی کراوە بەسەر ئاسۆ گەشەکانا، فەرهاد لەم دەقەدا دەنگێکە لە دەنگەکان و دەنگی تریش هەیە، دژیەتی و بەربەرەکانییەك بەرپا بووە، مەودایەکی درامی بەشیعرەکە بەخشیوە، بەڵام دەنگی فەرهاد وەك پاڵەوانێك زاڵە، ڕەنگی خۆی ڕشتووە بەسەر ڕووبەری دەقەکەدا، دەتوانین بڵێین فەرهاد دەمامکێکە، شاعیر لەدوایەوە وەستاوە، جۆرە لێکچوون و گونجانێك لەنێوانیانا هەیە، خودی شاعیر لە خودی فەرهادا دیارە، شاعیر لەڕێگای ئەم دەمامکە مێژووییەوە، دەیەوێت فەرهاد بهێنێت بۆ ئایندەو گۆڕانکاری تیادا بکات و لەجیاتی نوشستی بەردەوامی بەتێکۆشانی بدات، ئەمەیش دەروازەیەکە ئاسۆی گەشی تێدا دەبینرێت و مژدەی چارەسەری کێشەکانمان دەداتێ. لای ((ئەنوەر قادر)) وەرزی سەرهەڵدانی دەبێتە وێنەیەکی هاوچەرخی شیرین و فەرهادی فۆلکلۆرەکە، بەڵام لێرەدا کۆمەڵێك دیالۆگ یاخود دەنگ وەك یەك مەبەست و دەنگێکی جیاواز دژ بەوان دەبیسترێت، سێ دەنگەکە، کۆرس، شیرین، فەرهاد، نوێنەری هێزی چاکەن، پیرەژنیش دەنگی بەرەنگابوونەوەو ئەهریمەنە. ((ئەنوەر قادر جاف)) لەشیعرێکی تریشدا کە ناونیشانەکەی ((تاتیانای شەنگ))ە[٤٩]، دیسانەوە پەنای بردۆتە بەر ڕووداوێك وەك دەمامك بۆ تاقیکردنەوەیەکی نوێ بەکاریهێناوە.

بەکارهێنانی هێما ((ڕەمز)) لەشیعری نوێی کوردیدا بەتایبەت لای ڕوانگەییەکان هەمان درێژە پێدەری ڕێچکەی پێش خۆیان بوون، بەڵام دەتوانرێت بگوترێت ڕوانگەییەکان زیاتر ئاوڕیان لەڕەمزە جیهانییەکان داوەتەوەو مامەڵەی باشیان لەگەڵدا کردوون، ڕەمزەکانی – خاچ، حەللاج، هابیل، قابیل، ئادەم، حەواو زۆری تریش لەشیعری شاعیرە نوێخوازەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، لەسەرەتادا پێویست دەکات ئاوڕێك لەچەند نموونەیەك بدەینەوە، شێرکۆ بێکەس لەشیعرێکدا بەناونیشانی ((نوشتانەوە))وە دەڵێت :

گوڵاڵەیەك

بۆتوترکێ نوشتایەوە

دەستی ماچ کرد

کەلێ بۆوە.. هەستایەوە..

ڕەنگی سووری ڕژابووەبەر

پێی توتڕك و..

هەتا مردن

بەداخی ڕەنگی زەردەوە..

تلایەوە [٥٠]

شاعیر لەم پارچە شیعرەدا دووشێوازی تەکنیکی بەکارهێناوە، یەکەم سوود وەرگرتن لەشێوازی چیرۆك گێڕانەوە، کەئەمەش لەدەقەکەدا بەرجەستە بووە، دووەمیشیان مامەڵەکردنە لەگەڵ هێمادا. ((گولاڵە)) لەم دەقەدا لای شاعیر ڕەمزە بۆ مرۆڤی ئازادو لەواتا فەرهەنگییەکەی دوورکەوتۆتەوە، لەهەمان کاتیشدا وشەی ((توترك)) لای شاعیر ڕەهەندێکی تری گرتووە، هێمایە بۆ زۆردار، هەروەها ((هێما)) پانتاییەکی شیعرەکانی ((جەلال میرزا کەریم))یش داگیردەکات، ئەوەتا لەشیعرێکدا بەناونیشانی ((ژانی ڕۆژانی هۆنراوە)) وە دەڵێت :

ئەزانن بۆ ؟ .. چونکە هێشتا

بۆمبای شۆڕش

والەمشتا

چونکە.. ڕێگا

بۆ ئەستێرە

لەلای ئێمە هێشتا کوێرە [٥١]

لێرەدا شاعیر ئەستێرەی وەك هێمایەك بۆ شۆڕش بەکارهێناوە.

هەروەها ((شێرکۆ)) لەشیعرێکی تردا ئەستێرە وەك هێمایەك بەکاردێنێ، ئەوەتا لەشیعرێکیدا بەناوی ((کاروان کوژە))وە دەڵێت :

ئەستێرەیەك چاوی داگرت

شوێنی کەوتم

ئەو هەر ڕۆیشت و منیش ڕۆیشتم
بۆم ڕاوەستا..
لەپاڵ
دیواری پەڵە هەورێکدا
بۆم ڕاوەستا (٥٢)

دیارە دەق خوێندنەوەی جۆراوجۆری هەیە، لەهەمان کاتیشدا مێژووی نووسینی شیعرەکەیش هەندێ جار گرنگی خۆی هەیە، مێژووی ئەم دەقە شیعرەی ((شێرکۆ)) دەکەوێتە نێوان ساڵەکانی ((١٩٧٥ بۆ ١٩٧٨)) ئەگەر لاپەڕەی سیاسی ئەو ڕۆژە هەڵدەینەوە، وشەکانی – توندوتیژی، کوشتن، خەفەکردنی ئازادی و گەلێکی تر بەرچاودەکەون، جا لێرەدا دەتوانین بڵێین ((شێرکۆ)) ئەستێرەی وەك هێمایەك بۆ شۆڕش بەکارهێناوە، هەروەها ((صلاح شوان))یش لە شیعرێکدا بەناونیشانی ((لەڕوانگەی یاخی بوون و شۆڕش و مەرگەوە)) دەڵێت :

چاوەکانت
دوو بۆمبایە
بەدوای ئاتەش گەدەی
زەردەشتەکەی کوردستانا
بەبێ وچان ، هەر ئەگەڕێ (٥٣)

لێرەدا شاعیر لەزمانی پێشمەرگەوە دەڵێت : ڕاستە ئێستا ئاسوودەیت، بەڵام هەست و هۆشت هەمیشە لای شۆڕشە، ئاتەش گەدەو زەردەشتەکەی بەهێما لەبری شۆڕش بەکارهێناوە.

ئایا هێما کۆنەکان هەروەك خۆیان دەمێننەوە بەبێ نوێکردنەوە ؟ لەوەڵامی ئەم جۆرە پرسیارەدا ڕەخنەگری عێراقی ((د. علی جعفر العلاق)) دەڵێت: ((وەك ئاشکرایە ئەم هێمایانە هەمان ئەو هێمایانە نینکە دەسووێن بەبێ ئەوەی سەر لەنوێ زیندوو نەبنەوەو خوێنی تازەیان پیا نەڕوات ((مانگ)) تەنها

هەواڵنامەی کتێب

هەر هێمای جوانی و خۆشەویستی نییەو بەس، دەتوانی دیوارەکانی ئەو وشەیە ببەزێنێ، هەروەها هەمان شتیش بۆ وشەکانی، گوڵ، هەور، دەریا، شەو)) [٥٤].

لەم دواییەدا ئەوروپا و عەرەبەکان خولیای گەڕان بوون بەدوای هێمای تایبەتیدا، چونکە بۆچوونی نوێ دەبەخشێ بەشیعر، ئەوەتا ((د. علی جعفر العلاق)) دەڵێت : ((شاعیری عەرەب لەبەردەم ئەوەدا بووە، کەخۆی لەهێمای ئامادەکراو ((الرموز الجاهزه)) ڕزگار بکات، یان پێویست بوو سەر لەنوێ شەحنی بکاتەوە بەشێوەیەك کە زۆرتر تۆکمە بێت بۆئەوەی بتوانێ هەموو تەنگژەکانی سەردەم لەئامێز بگرێت، چونکە هێما کەسییەکان نەك گشتییەکان زیاتر نوێگەری شیعرو جیهانبینی دەورووژێنن)) [٥٥]. لە ئەوروپایش ((ولیم بلیك)) و ((ییش)) سەرقافڵەی ئەو کەسانە بوون، کە دەیانویست هێمای تایبەتی بخوڵقێنن، ((ئەلیوت))یش لە هێماکانیدا، ((زەوی خاپوور)) و ((پیاوە پووچەکان)) و ((تیرسیاس))و ((الفرید برونرۆك)) هەنگاوی بەرچاوی ناوە لەپێناوی بەخشینی ژیانی تازە بە هێماکان [٥٦]. ململانێی شاعیر لەگەڵ ئەوەی، کەهێما چ پابەندبوونێکی بە مێژووەکەیەوە هەیە، هەروا بەئاسانی بەسەرکەوتنی یەکێکیان بەسەر ئەوی تردا کۆتایی نایەت، زۆرجاریش ئەو ململانێیە هەروا بەهەڵگیرساوی دەمێنێتەوە، چونکە کاتێ شاعیر دەلالەتی نوێ دەبەخشێ بەهێماکە ناتوانێ بەئاشکراو بەتەواوەتی لەدەلالەتە کۆنەکەی دابڕێ، زۆرجاریش ڕابردووی هێماکە ناوبەناو خۆی دەهاوێژێتە ناو دەلالەتە تازەکەو تێکەڵاوی دەبێتەوە [٥٧]. زۆرن ئەو هێمایانە کەڕووبەڕوی شاعیر بوونەتەوە کاتێك ویستوویەتی لەدەلالەتە کۆنەکەی دایماڵێ و واتای نوێی پێببەخشێ بۆ نموونە هێمای ((مەسیح)) هەر لە قاوغی هێما کۆنەکەیدا ماوەتەوە، نەتوانراوە، بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە لە میراتە کۆنەکەی ڕزگار بکرێت.

((بدر شاکر السیاب)) لەهەموو شاعیرەکان زیاتر ئەم هێمایەی تەوزیف کردووە بەمەبەستی دەربڕینی ئەشکەنجەو ئازارە تایبەتییەکانی خۆی کەلەژیانی دا دووچاری بوو، لەوانە شەلەل و نەزۆکی، لەبەر ئەوە ڕۆحی ((سەیاب))ـە نەك مەسیح کەلەهۆنراوەکانیدا لەخاچ دراون [٥٨]. هێما تایبەتییەکانی ((السیاب))

زۆرن، لەوانە ((جیکور، بویب، وفقیە و..هتد)) بەڵام سێ هێمای یەکەم گرنگترین هێما کەسییەکانێتی، کەزیاتر لەشیعردا بەکاری هێناون[٥٩].

((جیکور)) هێمایەك بووە بۆچەند دەلالەتێك، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گرێدراوە بەدەلالەتێکی گەورەی ڕەگ داکوتراوی قوڵایی ناخی ((سیاب))ـەوەو جەمسەرێکی تەورەداریش بووە بۆ تێگەیشتن لە دوالیزمەکانی ژیان، جیکۆر یان شار، گەڕانەوە بۆ منداڵی یان کۆڵنەدان لەخەبات، مردن لە پێناوی مردندا، یان گەڕانەوە بەدوای ژیانێکی تردا، دایك یان ژیان، بەهای ڕۆح یان بەهای مادده، ڕابردوو یان ئێستا، باوەڕبوون یان بێ باوەڕی[٦٠].

((عبدالوهاب البیاتی))یش کۆمەڵێك هێمای تایبەتی هەبووە لەوانە : ((عائشە، لارا)) [٦١] وگەلێکی تر ئاماژەکردن بەم وتارانە دەروازەی پرسیارێکمان بۆ دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە، ئایا شیعری سەردەمی ڕوانگە چۆن مامەڵەی لەگەڵ هێما جیهانییەکاندا کردووە ؟ ئایا شاعیرانی ڕوانگە خاوەن هێمای تایبەتی خۆیان بوون ؟ بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری یەکەم نموونەی شیعر بەبەڵگە دەهێنینەوە..

((شێرکۆ بێکەس)) دەڵێت :

لەسەر ((صەلیبی)) کوردستان
لەبەر چاوی هەموو جیهان
ڕۆژی دەیان مەسیحی کورد
ئەکرێن بەقوربانی ژیان

یان دەڵێت:

دڵدارەکان..
دڵدارانی.. تریفەی چاوی خانزادی مانگی خنکاو
دڵدارانی.. لێویی تیشکی.. پشکۆی ئاگردانی هەتاو
کاتێ لەپشتەوە پێکرام
کاتێ لەسەر بەرماڵەکەی – حەلاج –
نوێژم بۆ کورد ئەکرد کوژرام[٦٢]

هەواڵنامەی کتێب

نموونەی شیعر بۆ پرسیاری دووەم، کەهێمای تایبەتییە، لای شاعیرانی ڕوانگە بەرجەستە نەبووە، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە کەشیعری نوێی کوردی خاوەن هێمای تایبەتی نەبووبێت، ڕەنگە نموونە لەشیعری نەوەی هەشتاکوان بەدواوە هەبێت، بەڵام پێویستی بەلێکۆڵینەوە هەیە.

داستانە میللیەکان و کەسایەتییە قارەمانەکان بەشێوەیەکی نوێ تر لەناو شیعری ڕوانگەییەکاندا تەوزیف کراون. هەندێ جار چەند بڕگەیەك لەدیالۆگی ناو داستانەکان ئاوێتەی شیعرە نوێیەکە کراوە، ((شێرکۆ بێکەس)) لەشیعرێکدا بەناونیشانی ((برایمۆك و گۆرانی بەفرو مندالیم))دا دەڵێت :

ڕووم لەتۆیە.. بەفر ئەنوێ ؟ ئەمەوێ بچمە ناونیگای
ئەو هەورەوە هەموو ڕۆژێ خۆی لەکاکۆڵ و پەرچەمی
خاتوو پەری ئەئاڵێنێ و بۆ ((برایمۆك)) ئەتوێتەوە
بەچمە ناوی بە ((گوڵی شۆراتێ)) ئەگەم پەرەی دڵی
ماچ ئەکەم و ماچت ئەکەم کوانێ دەستت سەرم ناخەی ؟ !
من ئەزانم تۆ بروسکەی کێویت دەستەمۆو ماڵی کرد (٦٣)

((شێرکۆ)) لەم شیعرەدا بەشێوەیەکی نوێ دوو داستانی تەوزیف کردووە، لەیەکەمدا کارەساتی دەرکردنی برایمۆکی کردۆتە هەوێنی شیعرەکە، لە دووەمیشدا ئاماژەی بەگوڵی شۆراتێی داستانی ((لاس و خەزاڵ))کردووە، کاتێك ((خەزاڵ)) داوای ئەو گوڵە لە ((لاس)) دەکات ئەو گوڵەش تەنها لە ((عوممان)) چنگ ئەکەوێت، ئاگری عەشق سەربە ((لاس)) هەڵدەگرێت، بەهەر مەینتییەك بێت ئەو گوڵەی چنگ دەکەوێت، بەڵام بەر لەوەی بگاتە ((خەزاڵ)) ئەکەوێتە داوی پلانێکەوە و زامدار ئەبێت و دەمرێت. ئاماژە کردنی ((شێرکۆ)) بەگوڵی ((شۆراتێ)) خۆی لەخۆیدا تێهەڵکێشکردنی خاڵە بەهێزەکانی داستانەکەیە لەناو شیعرەکەدا. لە ڕۆمانە شیعری ((خاچ و مارو ڕۆژ ژمێری شاعیرێ)) دیسانەوە ((شێرکۆ)) مامەڵەیەکی نوێ لەگەڵ هەمان داستاندا دەکات و دەڵێت :

ئەتوانی وەکوو ((لاس)) باڵ بگری
بۆ گوڵی ((عوممان)) و ؟!

وەك عەشقی سیامەند ڕابكەیت بۆ سەر شاخ ؟ (٦٤)

هەروەها ((شێركۆ)) لەشیعری ((دوو دەنكە ترێ))دا دەڵێت :

لەباخچەكەی ماڵی ((لاس))دا
گوڵێكی سوورم كردەوە..
لەبەر دەرگا
((خەزاڵ))م دی
داوای كردو..
دام لەقژی.. (٦٥)

كارەســاتە مێژوویــیــەكان و پاڵەوانـــە نەتەوەییـــەكان جــارێكی تـــر بەشێوەیەكی نوێ دێنـەوە ناو شیعری كوردی و شاعیر بەتەكنیكێكی تازەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەكات، لێرەدا ((شێركۆ بێكەس)) وێنەی هەڵواسینی ((قازی محمد)) دەكاتە هەوێنی كۆپلەیەكی ڕۆمانە شیعرییەكەی و ناخی دەهەژێنێ و دەڵێت :

سێدارەو پیاوێكی خنكاو و دووقاچی ناو ئاسمان !
وێنەیەك : پەتێك و ملێكی شكاوەو
دوو دەستی بەرەو خوار ڕاكشاو
وێنەیەك : كەوایەك هەتاكو خوار ئەژنۆ
لەدووریش سێبەرو تارمایی چەند كۆشك و خانوویەك
من خونچەی پیاوەكەو ناوم كرد
بەم جۆرە
ق ا ز ی م ح م د (٦٦)

لەشـیعرێكی تـری شـاعیرانی ((ڕوانگـە)) دا داسـتانی ((مـەم و زیـن)) بەتـەكنیكی نوێـوە مامەڵـەی لەگەڵـدا كـراوە، ((شـێركۆ بێكـەس)) لەشـیعری ((خەمێكی سوور))دا دەڵێت :

براكانم
لەناو شاری زامەكانما.. وشەكانم

هەواڵنامەی كتێب

نمەن..

نمەی بارانێکی تینوو

بارانی ژانی هەورێکی سەرهەڵ گرتوو

بارانی خەمێکی سووری

گر.. تێ بەربوو

ورد.. ورد لەگەڵ :

فرمێسکی دەنگی ((قەتار))ی ئاوارەما دێتە خوارێ

ورد..

ورد..

بەسەر

تاڵی زەردی قژی ((لاوك)) و ((حەیران))ی

((مەم و زین))ی پەشۆکاوی ئێوارەما.. دێتە خوارێ [٦٧]

وێنەو زمان سیمای هەموو شیعرێکی نوێن، دەکرێ بڵێین ڕوانگەییەکان مامەڵەکردنێکی نوێیان لەگەڵدا کردووە، سەرەتا بابزانین ڕەخنەگران و شاعیران چۆن وێنەی شیعری هەڵدەسەنگێنن، ((ڕۆبرت ئارز رون)) دەڵێت : ((ئەوە ڕاست نییە وێنە تەنها کۆڵەگەی شیعربێت، بەڵکو ڕاستی لەوەدایە کەوێنە گەوهەری شیعرەو لەهەمان کاتیشدا گیان و لاشەکەیەتی)) [٦٨] یان ((ازرا باوند)) دەڵێت : ((وەدەست هێنانی وێنەیەکی شیعری لەژیاندا لەدانانی چەندین کتێب باشترە)) [٦٩]. یان ((احسان عباس)) دەڵێت : ((وێنە شتێکی نوێ نییە، شیعر پابەندە بەوێنەوە لەوکاتەوەی کەهەیە)) [٧٠]. هەروەها ((تامر سلوم))یش دەڵێت : ((هونەر دەرەنجامی وێنەیە وتەنها وێنەیشە داهێنانی شاعیرو هونەرمەند دەکاتە کارێکی هونەری)) [٧١].

دەتوانین بڵێین شیعری کۆن بەزۆری سەر بۆیاسای کۆن دادەنوێنێ و لەبەر ڕۆشنایی ڕەوانبێژییەکی پێشوەخت و چەند مەرجێکدا دەنووسرێ، بەڵام شیعری نوێ بەزۆری لەگەڵ لەدایکبوونیدا ڕوانبێژی تایبەت بەخۆی دێنێتە گۆڕێ و هیچ پێشمەرجێ لەبەر چاوناگرێ، بۆیە دەتوانین بڵێین وێنە لەشیعری

نوێدا بەزۆری خۆی لەجووینەوەو لاسایی کردنەوە ڕزگار دەکات، شاعیر زیاتر بەدوای وێنەی نوێدا دەگەڕێت، لێرەدا بەپێویستی دەزانین چەند نموونە بهێنینەوە لەبەرهەمی شاعیرانی ڕوانگەو هاوسۆزەکانیان، ئەوەتا ((شێرکۆ بێکەس)) لەپۆستەرە شیعرەکانیدا لەشیعرێکدا بەناونیشانی ((پرس))ەوە دەڵێت:

بە (داس)م ووت

لەبەر چی وا کۆم بوویتەوە؟

ووتی : لە دروێنەدا وام لێ هات !

بە (هەڵەکۆك)م ووت

تۆ بۆچی وا تەمەن کورتی ؟

ووتی : بۆچی لەدوای بەفر

ژیان تامی تیا ئەمێنێ (٧٢)

لێرەدا ((شێرکۆ)) دوو وێنەمان پێشکەش دەکات، یەکەمیان وێنەیەکە دیمەنەکەی بینراوە، ((شێرکۆ)) کاتێك دەڕوانێتە ((داس)) کەشێوەکەی چەماوەیە بەیەکێك لەهەستەکان دەبینێ کەچاوە یەکسەر وێنەیەك لەمێشکیدا دروست دەبێت بەشێوەی دیالۆك لەگەڵ داسەکەدا دەربڕدەبڕێت، دیارە لێرەدا ((داس)) لەبەردەم مەینەتییەکانی دروێنەدا کۆم بۆتەوەو ئەو پرسیارەش لەلای خوێنەری دەق و وێنەکە دەوروژێنێ کە لەژیاندا تەنها ((داس)) ناچەمێتەوە، بەڵکو مرۆڤیش بەدەست ڕۆژگارەوە دەچەمێتەوە. لەوێنەی دووەمیشدا مامەڵەی لەگەڵ وێنەیەکی فۆلکلۆری دا کردووە. هەروەها غەریبی و دووری نیشتمان دەبنە سەرچاوەیەکی خوڵقێنەری وێنەی شیعری لای ((عبدالله پەشێو)) ئەوەتا دەڵێت :

ئەگەر ئەم جارە بێمەوە

بەیانیان وەك بەرخۆڵەیەکی ساوا

لەناو قەرسیلی باراودا

تل دەخۆم و گیاییێکی تفت تێرتێر دەجووم

بەئەنقەست.. قاچم تابەلەك

لەشەونمی سار هەڵدەسووم [٧٣]

غەریبی شاعیر بەرەو یادگارەکان دەباتەوەو بیرەوەرییەکانی منداڵی بیر دەخاتەوە، ئەو وێنە جوانانەی منداڵی بیردەخاتەوەو وێنەیەك لای شاعیر دروست دەکات، وێنەی نوێ زۆرجار سەرچاوەکەی یان لادێیە یان شار.

ئەو وێنانەی کەڕەنگدانەوەی دێهاتی پێوەدیاربێت، هەمیشە گەشبینی لێ ڕەچاو دەکرێت، شاعیر هەمیشە خوازیاری گەڕانەوەیە بۆ سەرچاوە ڕەچەڵەکەکە، بەپێچەوانەشەوە، ئەو وێنانەی کە ڕەنگدانەوەی شارو دیمەنە جەنجاڵەکانی پێوە دیاربێت، بەزۆری ڕەشبینی و گیانی یاخیبوونی لێ ڕەچاو دەکرێت، لێرەدا دەتوانین بڵێین نموونەکەی ((عبدالله پەشێو)) نموونەی یەکەمیان، خوازیاری گەڕانەوەیە بۆ کەش و هەوای لادێ نەك شار.

((ئەنوەر قادر جاف))یش مامەڵەیەکی نوێی لەگەڵ وێنەی شیعردا کردووە، لە شیعرێکدا کەناونیشانەکەی ((سۆناتای تینوویەتی))یە دەڵێت :

کۆترە شینکی ئێسك سوکی ژانی مەسیح
بەدەوری کەنیسەی دڵما خول ئەخوات و هەرگیز ئەگمێنێ
ئەو داویکەو ملی سپی بەربەیانی
ئەم جیهانە ئەتاسێنێ
تیشکی هەتاو.. مەقەستێکە
هەموو داوێ ئەقرتێنێ [٧٤]

((محسن ئاوارە)) بەم شێوەیە ئەم وێنە شیعرییە لێکدەداتەوە : ((ئەنوەر قادر دڵی دەبێتە کلێساو لەعەشقێکی خوایی و سووتانێکی پڕ لەخۆشەویستیدا باوەش بۆ ئەو کۆترە شینکانە دەکاتەوە، ئەو کۆترانەی جێگای بەرز وەك منارەو گومەز یاخود ئەو شوێنە کپ و هێمنانە دەکەن بەداڵدەو لێوەی هەڵدەنیشن، چونکە ئەو شوێنانە دەستی مرۆڤی دڵ ڕەق و بێ بەزەییان ناگاتێ، دیارە (مەسیح)یش هەروەکو ئەو کۆترە شینکانە بێ تاوان بووەو بەدەوری دڵی خولی خواردۆتەوە بۆ ئەڤین و شادی مرۆڤ، ملوانکەی ژانێکی گەورەی بەقاچەوە کردووە، شەویش وادەکشێ و تاریکیەکەی بەسەر هەموو کون و قوژبنێکدا

دابەش دەکات، بەڵام ئەو ڕاوکەرەیە تیشکەکانی دەکاتە مەقەست بۆ قرتاندنی داوە ڕەشەکانی تاریکی و بەردەبێتە گیانیان هەروەك لەوێنەکەدا دەردەکەوێت))[٧٥].

هەندێ جار دووبارەکردنەوەی وێنە لەدوای وێنە لەدەقێکی شیعریدا لەژێر پەردەی ڕەوانبێژییەکی ڕووت دا لاوازی بەدەقە شیعرەکە دەبەخشێت، بۆنموونە ئەوەی قەسیدە سەیاب ((غارسیا لۆرکا)) بخوێنیتەوە، ڕووبەڕووی کۆمەڵێك وەسفی ڕەوانبێژی خوڵقاندوویەتی و هیچی ترو قەسیدەکەی تۆکمە نەکردووە بەبابەتی باش، بەڵکو کۆمەڵێك لێکچواندنی زەقی تیا دەبینرێت، ئەگینا ئەم وێنانەی خوارەوە چی دەگەیەنێت ؟

شراعة الندى كالقمر

شراعة القوى كالحجر

شراعة السريع مثل البصر

شراعة الاخضر كالربيع[٧٦]

زۆرجاریش ئەمە لەشیعری کوردیشدا ڕوویداوە، شاعیر ئەوەندە کە عەودالی گەڕان بووە بەدوای وێنەی ڕووتی ڕەوانبێژییدا، ئەوەندە بیری لەبابەتی قەسیدەکە نەکردۆتەوە، ئەم جۆرە نموونانەش بەزۆری لەشیعری کلاسیکی زۆرترە وەك ئەوەی لەشیعری نوێدا هەبێت، هەندێ جاریش شاعیر پەنادەباتە بەر دەسکەوتەکانی هونەری وێنە بۆ سازدانی وێنەیەکی هونەری، ئەمە لەشیعری عەرەبیدا زۆرجار بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە ((عبدالوەهاب البیاتی)) دەڵێت:

كان على جواده بسيفة البتار

يمزق الكفار

وكانت القلاع

تنهار تحت ضربات العزل الجياع[٧٧]

یان ((سعدی یوسف)) لەتابلۆیەکی دیوارەوە وێنە وەردەگرێت و دەڵێت :

تطير الحمامان في ساحة الطيران، البنادق تتبعها

وتطير الحمامات تسقط دافئة فوق أذرع من جلسو[٧٨]

سوود وەرگرتن لە هونەری وێنەو تابلۆ بۆ بنیادنانی وێنەی شیعری لای شاعیرانی ڕوانگەو هاوسۆزەکانیان زۆر بەدەگمەن بەرچاو دەکەوێت، بەڵام لەشیعری نوێی نەوەی هەشتاکان بەدواوە ئەگەر بەوردی بگەڕێیت نموونەت بەرچاو دەکەوێت.

ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی گەلی کورد هەڵبدەینەوە پڕە لە کارەسات، زۆرجاریش ئەم کارەساتانە وێنەی شیعری دروست دەکەن، واتا لێکچواندنێك دەکرێت لەنێوان دوو وێنەدا، ئەمە لای ((شێرکۆ بێکەس)) ڕەنگی داوەتەوە، ئەوەتا دەڵێت :

درێژی ئەم خاچی ئەنفالەو
درێژی باشووری مەسیحم وەك یەکە
پانایی ئەم خاچی ئەنفالەو
پانایی باشووری مەسیحم چوون یەکە(٧٩)

یان دەڵێت :

من لەپێش مووساوە ئاوارەم
پێش مەسیح من خاچم
پێش قورەیش من زیندە بەچاڵ و
پێش حسەین وە سەری بڕاوم
ئەنفالە
ئەنفالە
ئەنفال !(٨٠)

هەندێ جاریش شێرکۆ دژە وێنەکان لەدەقێکدا کۆ دەکاتەوە لەقاڵبێکی دوالیزمەدا ((ثنائیات)) ئەوەتا، ((شێرکۆ بێکەس) دەڵێت :

تۆ خاچی مارتێ ئالاوی
تۆ نەفرەتێکی پیرۆزی
تۆ گوناهێکی پاکژی و
تۆ بەهەشتێکی گڕدارو

تۆ وشکانی ناوسالاوی [٨١]

شیعر زمانێکی جیاوازی هەیە، بەدووره لەدەربڕینی واتای ڕاستەوخۆ، زۆرجاریش خوازه ((المجاز)) شیعر لە ڕاستەوخۆیی دەپارێزێ، بۆ نموونە کاتێ شاعیرێك دەڵێت :

((وڵات تابوتێکە بەجەستەی شەکەتم تەنگە)) [٨٢] ئەمە دەقێکە دەچێتە قالبی شیعرەوه، بەڵام ئەگەر شاعیر ڕاستەوخۆ بیگوتایە لە کوردستانیش هەست بەغەریبی دەکەم، ئیتر ڕستەکە دەبووە ئاخاوتنی سادە، کاری شاعیر ئەوەیە ناوی دیکە بۆ شتەکان بدۆزێتەوه، نەك یەك ڕاست مەبەستی خۆی دەربڕێ. ڕوانگەییەکان بەتایبەتی ((شێرکۆ بێکەس))یان مامەڵەیەکی نوێی لەگەڵ زماندا کردووەو بەبایەخەوه ئاوڕی لەڕۆڵی زمان داوەتەوه.

لەشیعردا بۆچوونی ((شێرکۆ)) بۆزمانی شیعر زۆر نزیکە لەبۆچوونی ((ئەدۆنیس))ـەوه کەدەڵێت : ((شاعیر وشەکان لەدەلالەتە کۆنەکەی دائەماڵێ و شەحنی دەکاتەوه بەدەلالەتی نوێ بۆ ئەوەی شتێك بڵێت کەلەوەو پێش نوگوترابێت)) [٨٣] بۆیە دەبینین ((شێرکۆ)) لەشیعردا بەزمانی نوێ ئەدوێ، شتی تازە دەڵێت، کەکەس لەوەپێش بەلایدا نەچووەو وشە لەواتا فەرهەنگییەکەی دائەماڵێ و واتای نوێی پێدەبەخشێ و زیاتر بەدوای ئەو وشانەدا دەگەڕێت، کەنەبیستراون، بۆنموونە ((شێرکۆ بیکەس)) لەڕۆمانە شیعری ((خاچ و مارو ڕۆژژمێری شاعیرێ))ـکدا دەڵێت :

ئەو ڕۆژە دەنگ ئەیبەست
ئەو ڕۆژە گڕ ئەیبەست
ئەو ڕۆژە دەست و پێی پەنگریش ئەتەزی
ئەو ڕۆژە.. ڕووباری سەعات و
دەریاچەی دەقیقە و
ئەستێرکی سانییە
وەك خوێنی ڕژاوی گێلاس و
دار ژاڵەو دارهەنار ئەمەیی [٨٤]

هەواڵنامەی کتێب

دیاره لێرەدا ((شێرکۆ)) واتاو دەلالەتی تازەی بەخشیوە بەوشەکان و لەواتا فەرهەنگییەکەی دایماڵیون، ئەگینا دەنگ خەفەو بەرزو نزم دەبێتەوە، نەك بیبەستی، یان گڕ هەمیشە واتا فەرهەنگییەکەی تینی هەیە، بەڵام لەشیعرەکەدا ئەیبەستێ، یان دەست و پێی پشکۆ ناتەزێ، بەڵکو زیاتر سوور دەبێتەوە، کەچی لێرەدا شاعیر واتای تری پێبەخشیوە، تاکۆتایی دەقەکە بەم جۆرە مامەڵەی لەگەڵ وشەکاندا کردووە.

ڕوانگەییەکان بایەخیان بەمرۆڤ کردنی بێگیانەکان داوە، هەرچەندە ئەم دیاردەیەش لەشیعری کوردیدا هەر هەبووە، بەڵام ئەمان بەشێوەیەکی نوێ تر مامەڵەیان لەگەڵدا کردووەو زیاتر پانتاییەکی فەنتازییان بەدەقەکان داوە، بۆنموونە ((شێرکۆ بێکەس)) لەشیعرێکدا بەناونیشانی ((قەڵەم))ـەوە دەڵێت :

قەڵەمێ سەری خۆی هەڵگرت
هیچ دەفتەرو هیچ کاغەزێ
نەیان زانی
ڕووی لەکوێ کرد
چونکە ویستیان دای بدەن و
خۆی بەخۆی بکوژێننەوە
چونکە ویستیان وابنووسێ
هەر بەتەنیا سوڵتانەکان
بیخوێننەوە (٨٥)

هەواڵنامەی کتێب

دەکرێ هەر ئەم دەقە نموونەیەکیش بێت بۆ وێنەی شیعری کەلەسەر بنەمای ئاڵوگۆڕپێکردنی هەستەکان دروست بوبێت، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کەپێش بزووتنەوەی ڕوانگە، لەم جۆرە وێنانە نەبووبێت، بەپێچەوانەوە لەشیعری کلاسیکیداو لەلای ((گۆران))یش هەبووە، لێرەدا دەتوانین بڵێین ((لەتیف هەڵمەت))* جۆری مامەڵە کردنەکەی لەپارچە شیعرێکدا پێچەوانەی ئو دەقەی سەرەوەیە، واتا بێگیانکردنی، مرۆڤەکانە.. ئەوەتا لەشیعرێکیدا بەناونیشانی ((تیر))ەوە دەڵێت :

بووم بە تەم و چووم بە ئاسمان

بەرۆکی خوام ڕاتەکان

قۆپچەی نەبوو هەڵبوەرێ و

دەمی نەبوو بێتە زمان

گەڕامەوە و

لقی دار بەڕوویەکی پیرم کردە

تیرو کەوان

سەرانسەری گێتیم هەژاند (٨٦)

یـا ((شـێرکۆ)) لەپۆسـتەرە شـیعرەکانیدا لـە شـیعرێکیدا بەناونیشـانی ((شەوارە))وە دەڵێت :

ئەو چرایە بۆچی گڕی

لەخۆی بەرداوە.. دامردەوە ؟

ئەو جوانەمەرگە شەو نەبوو

نەچێ بەگژ تاریکی داو.. هەڵینەبڕێ

چۆن ڕوناکی خۆی ئەکوژێ ؟

شاخێك وتی :

- من بینیم ((ئاغای))ماڵەکەی

نیوە شەوێ

لەملەوە.. هەڵیگرت و

بردی ڕایگرت

بەرامبەری پۆلە مەلێ

بۆ عەشقی شەو

مەلی شەیدا

خۆیان هاوشیتە بەرچرا

چەقۆی ((ئاغا))ی فێرە برین

یەکە یەکە سەری بڕین

پەنجەرەی ژوورەکەش وتی :

- لەماڵەوە .. ئاغا نووست

من گوێم لێ بوو

چرای چاوکز

بەخۆی ئەوت :

منی هێنا ڕاوی تاریکی بۆ بکەم

چۆن بژیم و جارێکی تر

دڵدارانی درەخت و ئاو

بەشەوارەی مردن بخەم (٨٧)

ئەم شیعرە شێوازی چیرۆك گێڕانەوەی تێدا تەوزیف کراوە، پاڵەوانی دیالۆگەکان بریتین لە ((شاخ، پەنجەرە، چرا)) کە بێگیانن ((جماد))، بەڵام لێرەدا ئەرك و ڕۆڵی مرۆڤ دەبینن، واتە گیانی مرۆڤیان پێ بەخشراوە، ((شێرکۆ بێکەس)) ئەم دیاردانەی زۆر لەشیعردا بەکارهێناوە، ئەمەش مامەڵەکردنێکی نوێ بووە لەقاڵبی چیرۆك گێڕانەوەدا گوزارشتی لێکراوە.

لایەنێکی تری تەکنیکی شیعری ڕوانگەییەکان لەوەدایە کەزۆربەی زۆری ئەو شیعرانەی کەلەسێ ژمارەکەی گۆڤاری ((ڕوانگە))دا بڵاوبوونەتەوە ئاراستەی کەسێك دەکرێت، قسەی لەگەڵ دەکرێت، بێ هاوبەشی کردنی، واتا ئەوهەر گوێگرە و شاعیرەکە قسەی بۆ دەکات، واتا قسەکەر ((مخاطِب)) بۆ قسە بۆکراو ((مخاطَب)) ئەدوێ، بەڵام دووەم گوێگرەو بەس، نموونەیش بۆ ئەمە ((عبدالله پەشێو)) لەشیعرێکدا بەناونیشانی ((سێ نامەی کورت))دا دەڵێت :

خۆشەویستم

نامەکانم ، بسووتێنە

ئەو هۆنراوەی ، بۆت نووسیوم

سێدارەی بۆ دامەزرێنە

یان دەڵێت :

خۆشەویستم

بیستم لەپیاوێکی گەڕۆك
یان دەڵێت :
خۆشەویستم
خاوەن شە لەم وڵاتە
هەمیشە هاتی نەهاتە [٨٨]
هەروەها ((صلاح شوان))یش دەڵێت :
ئەی پێشمەرگەی ڕێگای وشکی نادیاری ؟
ئەی خنکێنراو..
لەگۆمی خوێنی پڕگریەی
شەوی زاواو بوکێنی دا [٨٩]
یان ((ئەنوەر قادر جاف)) دەڵێت :
خۆشەویستم
کاسەی سووری چاوانی من
لێو ڕێژی فرمێسکی وشکن [٩٠]
یان :
خۆشەویستم
زۆر دەمێکە دەنووکی واشەی ژانی تاڵ
جەرگی جەستەی چاوەڕوانیم هەڵئەدڕێ [٩١]
یان :
خۆشەویستم
کاتێ لێوی بەفری سپی شەیدا لەدوور
بۆ مژینی سەرگۆی مەمکی چیاکان دێ [٩٢]

((عبدالله پەشێو))یش دیسانەوە لەشیعری ((بۆ پارچەکەی ترم))دا پەیامەکەی خۆی وەك قسەکەرو جێناوی قسەکەر ئاڕاستەی کەسێکی دیار دەکات، بەڵام بێ دەنگ بێهاوبەشی و وەڵامدانەوە، ئەوەتا دەڵێت :

وەرە گیانە

هەواڵنامەی کتێب

١ لەتۆڵەی خۆم لە تۆڵەی تۆ

لە تۆڵەی ئێسکی ناو گڵکۆ [٩٣]

یالەیەك دوو شیعرێکی تردا قسەکەری ناو شیعرەکان یا بۆخۆیان ئەدوێن یـا ڕوو لـە جێنـاوی کۆدەکـەن. شـیعرەکانی ((ڕوانگـە)) زیـاتر باسـی کێشـە کۆمەڵایەتییـەکان، یـان بـابڵێین بەکۆمەڵـەکان دەکـەن، شـاعیر ئەوەنـدە خـەمی کۆمەڵەکەیـەتی ئەوەنـدە خـەمی خـۆی وەك تـاك نییـە، زۆرجـار ئەمـە وایکـردووە کـەزمان و دەربڕینـی هونـەری بکـات بـەقوربانی ڕوونکردنەوەیـەکی کـارێکی کۆمەڵایەتی.

((ئەلیوت))یش لەوتارێکدا بەناونیشانی ((اصوات الشعر الثلاث))دا لـەم بارەیەوە دەڵێت : ((دەنگی یەکەم، دەنگی شاعیرە کەقسە بۆ خۆی دەکات، یاقسە بۆ کەس ناکات، دووەم دەنگی شاعیرە کە بۆ جەماوەر دەدوێت، بچوك بێت یان گەورە، سێیەم دەنگی شاعیرە کەئەیەوێت کەسایەتییەکی درامی بۆخۆی دروست بکات بەشێوەیەکی ڕێکوپێك)) [٩٤].

((ڕەفیـق سـابیر))یـش لەشـیعری ((سـکاڵای ئەسـتێرەیەکی سـاوا))دا وەك قسەکەرێك پەیامێك بە بەرانبەرە بێدەنگەکەی دەگەیەنێت و دەڵێت :

خۆشەویستم.. دوێنێ ئەو ئەستێرەی سیلاوی

ئاسۆی ژیان

دوا فرمێسکی قەتیس ماوی

چاڵی.. چاوی

ڕژایە ناو.. دەمی نەهەنگی شەولەبان !

یان دەڵێت :

خۆشەویستم.. ئەستێرەکەی ئاسۆی ڕەشمان

لەناو قوڵایی زیندانی

دەروونی مردووی بێ گیانیی

بەتاساوی

چەند وشەیەکی خنکاوی

چرپاند بەگوێی خەوتووەکان.. [٩٥]

شیعرەکانی ((ئەنوەر قادر جاف))یش بەوشەی خۆشەویستم دەست پێدەکەن، ((ئەنوەر))یش ئەو دەستوورەی ڕەچاو کردووەو دەڵێت:

خۆشەویستم

دڵمان هەرچوار وەرزەکەی زستانە

وڵاتی ژان و گریانە [٩٦]

جگە لەمانە دەستنیشانکردنی ئەو جێناوانە بەئاشکرایی، بۆ نموونە جێناوی قسەکەر، بەرانبەرەکەی بەوشەی خۆشەویستم دیاری دەکات، درێژایی ((تفاصیل)) ئەدات بە بونیادی شیعرەکان، ئەو درێژ پێدان و ڕوونکردنەوەیەش زۆرجار شێوەی ڕاپۆرت ئاسا بەدوای خۆیدا دێنێ، کەلەلایەنی ستاتیکی کەم دەکاتەوەو شتێکی وا ناهێڵێتەوە بۆ تەئویلکاری لەلایەن خوێنەر خۆیەوە، دەتوانین بڵێین شیعری کوردی تا ئەو کاتە، بەنموونەکانی ژمارەکانی گۆڤاری ڕوانگەیشەوە، بەزۆری هەرجێناوی قسەکەرو قسە بۆکراویان ((مخاطِب و مخاطَب))ی تیا بەکارهێنراوە، ئەو جێناوە قسەکەرانەیش لەبری ئەوەی خودی ((ذات))ئەدیب دەربڕن، کەچی کاریان بۆ دەربڕینی خودی کۆمەڵ کردووە، بەکارهێنانیشیان بەڵگەن بۆ تاک دەنگی لەشیعری کوردیدا، ئەگەر چی وتمان لەزۆر کاتدا، تاکە دەنگەکان ڕەنگدانەوەی شتە دەستە جەمعییەکانبوون.

شیعری کوردی ڕەنگە تا ئێستایش بەزۆری لەسەر بەفرەکردنی دەنگ ڕانەهێنرابێت، یان بەشێوەیەکی تر کەمتر پێی دەوڵەمەند کرابێت، شاعیر یان وەك دەنگێك لەگەڵ خۆیدا قسەدەکات، یا لەگەڵ بەرانبەرەکەیدا، بەڵام فرەدەنگی و بەیەکدا چوون و بەرەنگاربوونەوەی دەنگ درامیەت لەشیعردا دروست دەکات، ئەوانەی کەلەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە بانگەشەیان بۆ شیعری درامی و فرەدەنگی ناو شیعر کرد ((ئەلیووت))بوو. نموونەی ئەم جۆرە بابەتەیش لەشیعری عەرەبیدا لای ((صلاح عبدالصبور)) و ((بلند الحیدری)) و ((بدر شاکر السیاب)) دەبینرێت، بەتایبەتی لای ((بلند الحیدری)) لەشیعری ((حوار عبر

الابعاد الثلاثة))دا، ڕەنگە لای ئێمەیش بەزۆری لەدوای هەشتاکانەوە، هەنگاو بۆ فرەدەنگی و شیعری درامی نرابێت.

لێرەدا ئێمە ناتوانین شیعری درامی و فرەدەنگی بکەین بە پێودانگ و چاکی و خراپی شیعری ژمارەکانی گۆڤاری ڕوانگەی پێ هەڵسەنگێنین، چونکە ئێمە سەرکەوتن بەوەناپێوین، کە فرەدەنگی تیا ڕەخسابێت، یا هەر تاکە دەنگ بێت، بەڵکو بەدوای شیعریەت و ئەدەبیەتی دەقدا دەگەڕێین و دەیکەن بەپێودانگ، دەشێ شیعرێکی درامی شیعریەتی تیا بەرجەستە بووبێت، یان بەپێچەوانەوە، بەڵام دەوڵەمەند کردنی ئەدەبەکەمان وەك ئەدەبی هەموو میللەتێکی تر شتێکی ترە، دەکرێت، لێرەدا لەسەر بابەتێکی ((شێرکۆ بێکەس)) کەنامیلکەی گۆڤاری ((ڕوانگە)).. بووە بە ناونیشانی ((دیوارو دەنگی خوێن)) [٩٧] کەمێك بوەستین، ((شێرکۆ)) خۆی ناوی ((تابلۆیەکی هۆنراوەیی سەرشانۆی)) لێناوە، بەڵام بەبۆچوونی ئێمە بڵاوکردنەوەی ئەزموونێکی وا لەو کاتەدا لەگۆڤاری ((ڕوانگە))دا گرنگییەکی بەگۆڤارەکە بەخشیوە و لەهەمان کاتیشدا هەستپێکردنێکی پێشوەختی ((شێرکۆ بێکەس)) بەشیعری شانۆ دەبەخشێت، دیارە جیاوازی لەنێوان شیعری درامی و درامای شیعریدا هەیە، لەسەر هەڵدانیشیاندا جیاوازییان زۆرە، بەڵام ((ئەلیووت)) وەك چۆن بەتاقیکردنەوەی شانۆیی بەشانۆی شیعری دەوڵەمەند کرد ئەویش لەڕێگای نووسینی ((جريمة قتل في الكاتدرائية))وە، ئاوایش بەوتارو تیۆرداڕشتن ئاماژەی پێشوەختی بە فرەدەنگی و شیعری درامی کردووە. دیارە شیعری درامی نابێت بەشانۆ، بەڵام بە فرەدەنگی جیهانی شانۆ دەوڵەمەند دەکرێت، شیعری درامی لەڕێگای زۆرکردنی دەنگەکانی ناو شیعرەکەوە، هەناسەی درێژ بەشیعر دەبەخشێت و مەودای کێشمەکێشی بۆ دەڕەخسێنێ بێ ئەوەی ببێت بەشانۆ، بەڵام شانۆ شیعری بەپێچەوانەوە کەرەستەکانی شیعر دەگوێزێتەوە بۆ ناو خۆی. ((شێرکۆ بێکەس)) ئەگەرچی لەو ئەزموونەی سەردەمی ڕوانگەدا شانۆی شیعری نووسیوە ئەویش لەڕێگای دروستکردنی دیمەنێکەوە، بەڵام بەشێوەیەکی سەرەتایی خۆی لەسەر هەنگاونان

بەرەو شیعری درامی ڕاهێناوە، واتا ئەو دەقە شانۆ شیعرییە بوو بە بنەمایەك بۆ ئەوەی لەداهاتووی خۆیدا بەرەو نووسینی شیعری درامی بڕوات.

سەرەتا ((شێرکۆ)) دیمەنێك دروست دەکات، پاشان گفتۆگۆ لەنێوان سێ بەندی و سێ یاساوڵدا دروست دەکات، گفتوگۆی نێوانیان کێشمەکێشی لێدەبێتەوە، کێشەکە وردە وردە بەرز دەبێتەوە، تا بەسەرکەوتنی بەندییەکان کۆتایی دێت. لێرەدا چەند دەنگێك دروست دەبن و تێکەڵاوی یەکتر دەبن، ئەم بەیاکاچوونی دەنگانە درامایەکی نەخشاندووە، وەك وتمان درامای شیعری و شیعری درامی جیاوازن، بەڵام ئەم ئەزموونەی ((شێرکۆ)) لەگۆڤاری ڕوانگەدا ئامادەبوونێك بووە بۆ ئەوەی لەڕەوتی شیعری داهاتووی خۆیدا هەوڵی فرەدەنگی ناو شیعرەکانی بدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەست بەجۆرە کەم و کوورییەك دەکرێت لەو ئەزموونەدا بەتایبەت لە ڕیتمدا ((ایقاع))، دیارە فرەدەنگی ڕیتمی جۆراوجۆر بەرهەم دێنێ، واتا دژ نەك لێکچوون، ڕیتمی دەنگی پۆلیسەکان دەبێت لە ڕیتمی بەندییەکان جیاوازبێت، بەڵام لێرەدا بەپێچەوانەوەیە، ڕیتمی ئەزموونەکە بەهەموو دەنگە دژەکانییەوە لەسەرەتاوە تا کۆتایی وەك یەکن هەست بەهیچ گۆڕانکارییەك ناکەیت.

((شێرکۆ بێکەس)) شێوازێکی تری تەکنیکی بەکارهێناوە کەپێشتر لەشیعری کوردیدا نەبووە، ئەوەتا لەشیعرێکیدا بەناونیشانی ((ناو نیشانمان))ـەوە دەڵێت :

ناونیشانمان

شاری : پارە

گەڕەك : دەهۆڵ

شەقام : تەڵە

کار : مامۆستای وانەی هەڵە

قوتابخانە : باوکی درۆ.. هتد (٩٨)

لێرەدا دەتوانین بڵێین ڕەنگە ئەم تەکنیکە تازەیەی ((شێرکۆ)) لەژێر کاریگەری شیعرەکانی شاعیری سووری ((محمد الماغوط))دا بووبێت، چونکە ئەم

شـاعیرەیش لەشـیعرێکیدا لـەژێر ناونیشـانی ((النخـاس)) دا هـەمان تـەکنیکی بەکارهێناوە کەدەڵێت :

النخاس

الأسم : الحشرة

اللون : اصفر من الرعب

الجبين : في الوحل

مكان الاقامة : المقبرة أو سجلات الاحصاء

المهنة : نخاس

البضاعة : رمال ذهبية وسماء زرقاء

عواصف ثلجية

وشواطيء متعرَّجة لايجدها البصر

لارهاق الملاحين و مصممي الخرائط (۹۹)

((شێرکۆ بێکەس)) لەم تەکنیکەدا لەسەر شێوەی ناسنامە ڕستەکە دابەش دەکات و زۆرتریش ڕستەی ناو بەکاردێنێت، بەڵام زۆر لەوشە واقیعیەکان یان وێنەکان هەر لەسەر ئاستە واقیعیەکەی خۆی ناهێڵێتەوە، بەڵکو مەودایەکی نامۆو فەنتازییانەی دەداتێ، بۆ نموونە لەم شیعرەدا ئەوجۆرە غەرائیبیەت و دەرچوونە لەڕەوتە واقیعیەکە بەدی دەکرێت، هەرلێرەدا هاتووە شێوازی ناسنامەی کەسی خواستووەو دابەشی کردووە بەسەر دووبەشدا.

ئێمە دەزانین لەسەر ناسنامە کەدەنوسرێت شار یەکسەر ناوی شارێکی واقیعیمان دێتە پێش چاو، واتە شار : شاری سلێمانی یا هەر شارێکی تر، یان کە دەڵێین گەڕەگ لەناسنامەدا یەکسەر گەڕەکێکی ناسراومان دێتە پێش چاو، واتە گەڕەك : سەرشەقام یان هەر ڕزگاری. شێرکۆ بێکەس بەپێچەوانەوە، لەجیاتی ئەوەی بڵێ شار :

شار : سلێمانی

گەڕەك : سەرشەقام

کار : مامۆستا

قوتابخانە : دواناوەندی ئاگری داخ

دەڵێت :

شار : پارە

گەڕەك : دەهۆڵ

كار : مامۆستای وانەی درۆ

قوتابخانە : باوكی درۆ

بەم جۆرە شیعریەت و خەیاڵێكی شیعری بەشێواندنی بەشی بەرانبەری ناسنامەكە بەرهەم دێنێ. ئەگەر چی ((شێركۆ بێكەس)) سوودیشی لەشیعری عەرەبی وەرگرتووە، بەڵام هەستپێكردنێكی تازەیە. ((شێركۆ)) لە دابەشكردنی وشەكاندا سوودی لەتۆپۆگرافیای ناسنامە بینیوە.

ئەو تەكنیكە نوێیە لەڕوخساردا لای ((جەلال میرزا كریم))یش دەبینرێت، لەشیعرێكدا بەناونیشانی ((ڕوانینەكانی چاوی شەقام))ـەوە دەڵێت :

شەقام : من كیشوەری زامم

زام : من شۆڕشی پەیامم

پەیام : من چەكی ئەنجامم

ئەنجام : من گۆرانی ناسەنگەری شۆڕشگێڕانی

جیهانم

من ڤێتنانم

من پۆلیڤیام

من سودانم

من شۆڕشی كوردستانم (١٠٠)

لەسەرەتای حەفتاكانیشدا كاتێك ((د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ)) هەندێ بەرهەمی ڕوانگەییەكان هەڵدەسەنگێنێت، دێتە سەر باسی پرسیارو وەڵام لای ڕوانگەییەكان و دەربارەی ئەم شیعرە دەڵێت : ((لەم باسی پرسیارو وەڵامەدا، وەڵامی بێ تەم ئەوەی (جەلالی میرزا كەریم).. هەر وە خۆی چەشنە دەنگ و جوانی پێ هۆنیوەتەوە، هەر بەم دەنگانە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی جیهانیشی كردووە بەهارمۆنیكایەكی یەكگرتووی ڕاماڵەری تەوژم هێنەرو بەكۆتایی سەرسامو ئاوارەیی و پرسیاری ئەم شاعیرانە)) (١٠١).

بۆ تێگەیشتن لەشیعری نوێ تەنها گوێگرتن و خوێندنەوەی دەقەکە بەس نییە، بەڵکو پێویستە لەسەر خوێنەریش بەدواداچوونی وردی هەبێت، ئاگاداری گۆڕانکارییە تازەکانی ڕەخنەو ئەدەب بێت، چونکە شیعری نوێ زیاتر بەدوای جیهانی نادیاردا دەگەڕێت، هەروەك ((عبدالسلام المسدی))یش دەڵێت : ((شتی گرنگ لەشیعری نوێدا ئەوەیە، کەدیار نییە، ئەوەیە کەدەبێ خوێنەر لەو دیو تەمومژەوە بۆی بگەڕێ، ئەو وشانەیە، کە شاعیر نەیدرکاندوون، هەموو شیعرێ داهێنانێکی هونەری نوێیە، بۆیە شتێکی سروشتییە تەمومژاوی بێت و جیاوازبێت لەواقیع. هەندێ جار تەمومژ ڕەنگدانەوەی پێوەندی شپرزەی نێوان شاعیرو کۆمەڵە یان دەرەنجامی ناکۆکی نێوان دەسەلات و شاعیرە، دەشێ ترسیش شاعیر ناچار بکات بەرەو تەمومژی بڕوات، لەم حاڵەتانەدا خوێنەر مافی فیزەی پەڕینەوە بۆ ولاتی خوێنەر لەپاسەپۆرتی شیعر بدات، شیعری نوێ نەوتی خاوە، ڕەخنەگر پالاوگەیە)) [١٠٢]. دیارە نەك ڕەخنەگر، بەڵکو خوێنەریش بۆی هەیە، پرسیار لەشیعر بکات و خوێندنەوەی خۆی هەبێت بۆ دەقەکە، چونکە چۆن دەقی جۆراوجۆر هەیە، هەروەهایش خوێندنەوەی جۆراوجۆر بۆ دەقێك هەیە، بەتایبەت ئەگەر شیعرەکە نوێ بوو، چونکە شیعری نوێ بەزۆری، تەنها یەك خوێندنەوە هەڵناگرێت، زمانی شیعری نوێش زمانێکی جیاوازە، هەروەك ((ئەدۆنیس))یش دەڵێت : ((شاعیر لەشیعری تەقلیدا (باو) زمانی پیاهەڵدان و گوزارشتکردنی هەیە، بەلام شیعری نوێ زمانی پرسیارکردن و وەرچەرخان دادەمەزرێنێ، زمانی شیعر زمانی ئاماژەیە، لەکاتێکدا زمانی ئاسایی زمانی ڕونکردنەوەیە، لەم ڕوانگەیەشەوە شیعری نوێ هونەرێکە والەزمان دەکات ئەوە بڵێت کە ڕانەهاتووە بیڵێت)) [١٠٣].

## پەراوێزەکان :-


١) الدكتور عماد حاتم / مدخل الى تأريخ الآداب الاوروبية / ص ٤١.
٢) عبدالله عساف / الصور الفنية في قصيدة الرؤيا / ل ٧٥ و ٧٧.
٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو / ل ٧٧.
٤) سامي مهدی / افق الحداثة ، وحداثة النمط / ص ١٤٩، ١٥٥، ١٥٨، ١٦٠، ١٦٨.
٥) ئازاد بەرزنجی / مەلەفێك لەسەر ئەلبێر كامۆ / گۆڤاری ئاینده / ژماره ٤، ل ١٨٧.
٦) البير كامو / الانسان المتمرد / ترجمة ناهدة رضا عويدات / ١٩٨٠ ، ص ١٨.
٧) ئازاد بەرزنجی / مەلەفێك لەسەر ئەلبێر كامۆ / گۆڤاری ئاینده / ژماره ٤، ل ١٩٣، ١٩٤، ١٩٥.
٨) مقابلة مع عبدالوهاب البياتی / مجلة شعر ٦٩ / عدد ٤ ، سنة ١٩٦٩.
٩) شێرکۆ بێکەس / وەرزی پێنجەم / گۆڤاری ڕوانگە / ل ٥١.
١٠) شێرکۆ بێکەس / من تینوێتیم بەگڕ ئەشکێ / ل ١٠٣.
١١)هەمان سەرچاوە — ل ١٠١ و ١٠٢ .
١٢)سامی شۆڕش / دەنگی خوێن / ڕوانگە / بەرگی سێیەم — ل ٢٢.
١٣)شێرکۆ بێکەس / وەرزی پێنجەم / ڕوانگە / بەرگی یەکەم — ل ٤٨.
١٤)محمد بدری / هەستی یاخی بوون / گۆڤای ڕوانگە / ژماره ٢ /ل ٤٣ و ٤٤.
١٥) عبدالله پەشێو / سێ نامەی کورت / گۆڤاری ڕوانگە /ژماره ١/ ل ٧٠.
١٦)محمد بدری / هەستی یاخی بوون / گۆڤای ڕوانگە / ژماره ٢ / ل ٤٣ و ٤٤.
١٧)شێرکۆ بێکەس / بروسکەی سروودێکی زامدار / نووسەری کورد / ژماره ٥١ / ل ١٣و ١٤.
١٨)جەلال میرزا کەریم / پرسیار .. بۆهاتنی گۆدۆ / گۆڤاری ڕوانگە / ژماره ٢ / ل ٨.
١٩) چاوپێکەوتن / ڕۆژنامەی ژین / ژماره ٨٨ — ١٩٧٢ز.
٢٠)شێرکۆ بێکەس / من تینوێتیم بەگڕ ئەشکێ / ل ١٠٠ و ١٠١.
٢١) جمال شارباژێڕی / سێ چاو / گۆڤاری ڕوانگە / ژماره ١ — ١٩٧١.
٢٢) حسین عارف / گیانی یاخیبوون و بەگژاچوون لەشیعری نەوەی نوێماندا / گۆڤاری ڕوانگە / ژماره ٢ — ل ٥٧.
٢٣) هەمان سەرچاوە — ل ٥٧.
٢٤) شێرکۆ بێکەس / ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەك / برایەتی — ل ٥٥.
٢٥) جەلالی میرزا کەریم / ژانی ڕۆژانی هۆنراوە / گۆڤاری ڕوانگە / ژماره ٣ — ل ٦.
٢٦)مجلة الجامعة / مقابلة مع عبدالوهاب البياتی / العدد الرابع / ص ٢١.
٢٧)د. محسن اطيمش / دير الملاك / دراسة نقدية للظواهر الفنية في الشعر العراقی المعاصر / ل ١٢٣.

٢٨) هەمان سەرچاوە / ل ١٢٣.

* ئاماژەیە بەڕۆمانە بەناوبانگەکەی کازانتزاکی یۆنانی.

٢٩) شێرکۆ بێکەس / دوو سروودی کێوی / ل ٣٤.

٣٠) ڕێبین ئەحمد هەردی / سەرهەڵدان و هەرەسهێنانی وێنەی باوک لە شیعری شێرکۆدا / گۆڤاری ئازادی / ژمارە ٣ / ل ٧٩.

٣١) الخال / یوسف / الاعمال الشعریة الکاملة / ل ١٩٩.

٣٢) ادونیس / الاعمال الشعریة / م ٢ ٦٥.

* یەکێك لەئەفسانە چینییەکان سەرگوزشتەی پاشایەکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە ویستوویەتی زەنگێکی گەورە لە ((زێڕ و ئاسن و زیو ومس)) دروست بکات و یەکێك لەدەسەڵاتدارانی ڕاسپارد ئەوەی بۆ دروست بکات، بەڵام کانزا جۆربەجۆرەکان هەرگیز یەکناگرن ((کونگا)) کەکچی دەسەڵاتدارەکە بوو لەوبارەیەوە ڕاوێژی بەجادووگەران کردو ئەوانیش پێیان ڕاگەیاند کانزاکان یەکناگرن ئەگەر خوێنی کچە پاکیزەیەکی تێکەڵاو نەکەن، بەم شێوەیە کۆنگای خۆی هاوێشتە ئەو مەنجەڵە گەورەیەی کەکانزاکانی تێدا دەتوێنرایەوە، زانگەکە دروستکرا بەر لەلێدانیشی ((زایەڵە – دەنگدانەوە))ی کۆنگا دەبیسترا.. کۆنگای.. کۆنگای.

٣٣) بدر شاکر السیاب / انشودة المطر / ل ٤٦.

٣٤) شێرکۆ بێکەس / من تینوێتیم بەگڕ ئەشکێ / ل ٧.

٣٥) سامی شۆڕش / گۆڤاری ڕوانگە / ژمارە ٣ – ل ٢.

٣٦) صلاح شوان / ((نەورۆز ، ژان ، شیعر)) / گۆڤاری ڕوانگە / ژمارە ٣ / ل ١٥.

٣٧) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ((شێرکۆ بێکەس)) ڕۆژی ٤/ ٣/ ١٩٩٩ لە دەزگای سەردەم.

٣٨) شێرکۆ بێکەس / کازیوە / ل ٤١ و ٤٢.

٣٩) شێرکۆ بێکەس / کازیوە / ل ٩٧.

٤٠) ت ، ی ، ابتر / ادب الفنتازیا مدخل الی الواطح / ترجمة صباح سعدون/ ل ١٢٣.

٤١)د. محسن اطیمش / دیرك الملاك / دراسة نقدیة للظواهر الفنیة فی الشعر العراقی المعاصر / ل ١٠٣.

٤٢) هەمان سەرچاوە / ل ١٠٣.

٤٣) مجموعة من المؤلفین / دراسات نقدیة فی النظریة والتطبیق / ل ١٤٦.

٤٤) د. محسن اطیمش / دیرك الملاك / ل ١٥٠.

٤٥) هەمان سەرچاوە – ل ١٠٣ .

٤٦) دراسات نقدیة فی النظریة والتطبیق / ل ١٥٠.

٤٧) س ، م ، بورا / التجربة الخلاقة / ترجمة سلام حجادي / ص ٦٨.

٤٨) ئەنوەر قادر جاف / زریان / ل ١٤.

٤٩) هەمان سەرچاوە /ل ٥١.
٥٠) شێرکۆ بێکەس / کازیوە / ل ١٢.
٥١) جەلالی میرزا کەریم / ژانی ڕۆژانی هۆنراوە / گۆڤاری ڕوانگە / ژمارە ٣ – ل ١٠.
٥٢) شێرکۆ بێکەس / کازیوە / ل ٢٩.
٥٣) صلاح شوان / لەڕوانگەی یاخیبوون و شۆڕش و مەرگەوە /ژمارە ٢ / ل ٢٦.
٥٤) علی جعفر العلاق / في حداثة النص الشعري / ل ٥٧.
٥٥) هەمان سەرچاوە / ل ٥٨.
٥٦) هەمان سەرچاوە / ل ٥٨.
٥٧) هەمان سەرچاوە / ل ٥٩.
٥٨) هەمان سەرچاوە / ل ٦١.
٥٩) هەمان سەرچاوە / ل ٦٣.
٦٠) د. احسان عباس / بدر شاكر السياب / دراسه في حياته و شعره / ل ٣٢٥.
٦١) د. محسن اطيمش / ديرك الملاك / ل ١٤٧.
٦٢) شێرکۆ بێکەس / من تینوێتیم بەگڕ ئەشکێ / ل ١٥٨.
٦٣) شێرکۆ بێکەس / دوو سرووی کێوی / ل ٦٩.
٦٤) شێرکۆ بێکەس / خاچ و مارو ڕۆژژمێری شاعیرێ / ل ١٥٨.
٦٥) شێرکۆ بێکەس / کازیوە / ل ١٧٣.
٦٦) شێرکۆ بێکەس / خاچ و مارو ڕۆژژمێری شاعیرێ / ل ٦٤.
٦٧) شێرکۆ بێکەس / من تینوێتیم بەگڕ ئەشکێ / ل ٨٨.
٦٨) عبدالرحمن / نصرت / في النقد الحديث / دراسة في مذاهب نقدية واصولها الفكرية / ص ٢٦.
٦٩) دی لوب / سيسل / الصور الشعرية / احمد الجنابی وآخرون / ص ٢٩.
٧٠) عباس / احسان / فن الشعر / ص ٢٣٠.
٧١) سلوم / تامر / نظرية اللغة والجمال في النقد الأدبی – ص ٢٢٥.
٧٢) شێرکۆ بێکەس / کازیوە / ل ١٨٥.
٧٣) محسن ئاوارە / ڕەنگدانەوەی وێنە لەشیعری نوێی کوردیدا / ڕۆشنبیری نوێ / ژمارە ١٧٥ / ل ٦١.
٧٤) ئەنوەر قادر جاف / زریان / ل ٦٨.
٧٥) محسن ئاوارە / ڕەنگدانەوەی وێنە لەشیعری نوێی کوردیدا / ڕۆشنبیری نوێ / ژمارە ١٧٥ / ل ٦١.
٧٦) بدر شاكر السياب / انشودة المطر / ل ٦٧.

٧٧) عبدالوهاب البياتي / المجموعة الكاملة / ثلاث مجلدات / دار العودة – بيروت / ١٩٧١ المجلد الثاني / ص ٢١٣.
٧٨) سعدي يوسف / تحت جدارية فائق حسن / ل ٦٤.
٧٩) شێرکۆ بێکەس / خاچ و مارو ڕۆژژمێری شاعیرێ / ل ٣١٢.
٨٠) هەمان سەرچاوە / ل ٣١٥.
٨١) هەمان سەرچاوە / ل ١٣١.
٨٢) حەمە سەعید حەسەن / ڕامان / ژمارە ٢١ / ل ١٤.
٨٣) ادونيس / صدمة الحداثة / ص ٢٩٢ .
٨٤) شێرکۆ بێکەس / خاچ و مارو ڕۆژژمێری شاعیرێ / ل ٤٨.
٨٥) شێرکۆ بێکەس / کازیوە / ل ٢٢.
* لەتیف هەڵمەت و فەرهاد شاکەلی و ئەحمەد شاکەلی و هەندێکی تر خۆیان بەگروپی ((گەرمیان)) کەرکوک – کفری دەناسێنن .
٨٦) دیوانی لەتیف هەڵمەت / ل ٣٢٥.
٨٧) شێرکۆ بێکەس / کازیوە / ل ١١٤.
٨٨) عبدالله پەشێو / سێ نامەی کورت / گۆڤاری ڕوانگە /ژمارە ١/ ل ٧٠.
٨٩) صلاح شوان / لەڕوانگەی یاخیبوون و شۆڕش و مەرگەوە/گۆڤاری ڕوانگە/ژمارە ٢/ل ٢٦.
٩٠) ئەنوەر قادر جاف / زریان / ل ٩.
٩١) هەمان سەرچاوە / ل ٥.
٩٢) هەمان سەرچاوە / ل ٤.
٩٣) عبدالله پەشێو / بۆ پارچەیەکی ترم / گۆڤاری ڕوانگە / ژمارە ٢/ ل٣.
٩٤) ت . س. ئەلیوت / مقالات في النقد الادبي / ل ٦١.
٩٥) ڕەفیق صابر / سکاڵای ئەستێرەیەکی تاساو / گۆڤاری ڕوانگە / ژمارە ٢ / ل ٣.
٩٦) ئەنوەر قادر جاف / زریان / ل ٩.
٩٧) شێرکۆ بێکەس / دیواری دەنگی خوێن / گۆڤاری ڕوانگە / ژمارە ٢ / ل ٧٣.
٩٨) شیعری شێرکۆ و سەرنجی بێدارێك / ژین / ژمارە ٥٨ / ل ٣.
٩٩) أعمال محمد الماغوط / النخاس / دار المدى / ل ٢٠١.
١٠٠) جەلالی میرزا کەریم / ڕوانینەکانی چاوی شەقام / گۆڤاری بەیان / ژمارە ٨ / ل ٤٤.
١٠١) د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ / لە باری سەرنج و ڕەخنەوە/گۆڤاری بەیان/ژمارە ٨ /ل ٤٤.
١٠٢) عبدالسلام المسدي / شعرنا العربي المعاصر والزمن المضاد / مجلة، فصول – المجلد الرابع عشر / ص ٢٧.
١٠٣) ادونيس / زمن الشعر / ص ١٧.

# ئەنجام

# ئەنجام

ئـەنجامی توێژینەوەکـەمان کۆمـەڵێك خاڵمـان بـۆ دەستنیشـاندەکات کـە ئەمانەی خوارەوەن :

١. سـەرەتاکانی بزووتنـەوەی نوێگـەری لەشـیعری نـوێی کوردیـدا لەسـەرەتای سـەدەی بیسـتەمەوەو دوای ڕووخانـدنی دەوڵـەتی عوسمـانی دەسـتپێدەکات، ئەمەش ئەنجامێکی سروشتی ئەو بارودۆخە تایبەتییەبووە، کەمیللەتی کوردی پێدا تێپەڕیوە.

٢. قوتابخانـەی شـیعری نـوێی تـورکی، کەپێگـەو دەروازەکـەی ئـەورووپا بـووە، کاریگـەری لەسـەر شـیعری کـوردی بەجێهێشـتووە، شـاعیرانی کـورد زمـانی ((تـورکی))یـان زانیـوە و لەنزیکـەوە ئاگـاداری هـەموو گۆڕانکارییـەکی نـوێی سەرگۆڕەپانەکە بوون و زیاتر سوودیان لەئەزموونەکە وەرگرتووە.

٣. دیباجـەی گۆڕانکارییـەکانی لەناوەڕۆکـەوە دەسـتیپێکردووە، ئەمـەش دەرئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە نوێیانەبووە، کەلەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە بەسـەر نـاوەڕۆکی شـیعری کوردیـدا هـاتووە، گـۆڕان لەناوەڕۆکـدا خێراتربـووە لەڕوخسارو پێوەندییەکی دیالێکتیکانەیش هەردووکیانی بەیەکەوە بەستووەو بەهەردووکیان یەکەیەکی ئۆرگانییان پێکهێناوە.

٤. گۆڕینی زمانی شیعر بۆ کوردییەکی پەتی لەگەڵ گۆڕینی کێشی عەرووزی بۆ کێشی پەنجەو بەکارهێنانی کێشی هەمەڕەنگ بەسیماکانی نوێگەری پێش ڕوانگە لەقەڵـەم دراون، ئەمانـەیش لـەژێر کاریگـەری کۆمـەڵێك فاکتـەردا ئـەنجام دراون کەلەباسەکەدا ئاماژەمان پێکردووە.

٥. تەوزیف کردنی ئەفسانەو داستان و کۆمەڵێك تەکنیکی تر پێش بزووتنەوەی ڕوانگە هەبووە، بـەڵام گۆڕانکاریـیەکی بنـەڕەتی وەهـای تێدانـەکراوە، تـەنها هـەر بەڕواڵـەتی شـیعرەکانەوە دیـاربوون، واتـا وەکـو پێویسـت نەچوونەتە ناونـاخی شـیعرەکانەوەو هەڵوێسـتێکی درامییـان دروست نـەکردووە، بـەڵام سـەرەتایەکی باش بووە بۆ ئایندە.

٦. لەسەرەتای پەنجاکان بەدواوە نەوەیەکی تر لەشاعیران هاتنە گۆڕەپانی نوێگەریتی شیعرەوە، کەم تازۆر هەندێك لەشیعرەکانیان لەژێر کاریگەری نەوەی پێش خۆیاندابوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەبیروباوەڕێکی نوێوە هاتنە مەیدان، هەر لەم کاتەدا شیعری سەربەست هاتەکایەوە، بەڵام نەك بە چەمکە ڕۆژئاواییەکە، بەڵکو بەوچەمکە بەکارهاتووە کە ((نازك الملائكة)) بۆی چووە، لەهەمان کاتیشدا ئەبێ ئەو ڕاستییە فەرامۆش نەکرێت کە ((عبدالرحيم ڕەحمی هەکاری))یش ئەمان ڕۆڵی بەرچاوی لەم بوارەدا هەبووە.

٧. بنەما گرنگەکانی هۆنراوەیش پێش بزووتنەوەی ڕوانگە بەر شەپۆلی نوێگەری کەوتوون، ئەوەش بەبەراوردکردنێکی شیعری کۆن و نوێ لەباسەکەدا ڕوونکراوەتەوە.

٨. گۆڕانی بابەتەکانی شیعر یەکێك بووە لە سیما گرنگەکانی بزووتنەوەی نوێگەری پێش ڕوانگە، غەزەل و تەصەووف و دڵداری بەرەو کزی و لاوازی ڕۆیشتوون لەهەمان کاتدا نیشتمان پەروەریی و بیری نەتەوایەتی و گیانی بەرەنگای بوون بەئەڵتەرناتیڤیان.

٩. نوێگەری لەهەموو بەشەکانی کوردستاندا هاوشانی یەکتر ڕۆیشتوون، بەڵام بەڕێژەی جیاواز.

١٠. دەربارەی فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ڕوانگە گەیشتووینەتە ئەو ئەنجامەی کە لەم بوارەدا سێ فاکتەری سەرەکی کاریگەری خۆیان بینیوە، یەکەمیان بارودۆخی ناوەکی، دووەمیان دەرەکی، سێیەمیشیان فاکتەری ناوچەیی بووە.

١١. دەربارەی بانگەوازەکەی ڕوانگەیش لێکۆڵینەوەکە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە ئەم پێنج کەسە ((شێرکۆ بێکەس، حسین عارف، جەلالی میرزا کەریم، کاکە مەمی بۆتانی، جەمال شارباژێڕی))ئیمزایان کردووەو ((شێرکۆ بێکەس)) ڕەشنوویی بەیاننامەکەی ئامادەکردووەو دوایی پێکەوە گفتوگۆیان لەسەری کردووە، ئەمەش ئەو ناگەیەنێت کە بزووتنەوەکە تەنها هەر ئەو چوارکەسە

بـووبێتن، بـەڵكو كۆمـەڵێك هاوسـۆزانی تریشـیان هـەبوون كەبەڕوانگەییـەكان دەناسران.

١٢. دەربارەی هەڵوێستی ڕوانگەییەكان لەكەلەپوور گەیشتووینەتە ئەوئەنجامەی لەڕوانگەییـەكان بابەتیانـە مامەڵـەیان لەگـەڵ كەلـەپووردا كـردووەو گوتوویانـە پێویست ناكات كەلەپوور بكرێت بەبەندیخانە، چونكە هەر لەو شوێنەدا داهێنـان دەكوژێت، لەهەمان كاتیشدا ئەوەیان ڕوونكردۆتەوە كەپێویستە كەلـەپوور ببێت بەسەرچـاوەیەك بۆئـەوەی شـتی جـوانتر بخوڵقێنـێ، بـەڵام ئـەم بۆچـوونانەیان زۆرجـار بەهەڵـە ڕاڤـەكراوە وبانگەشـەی ئـەوەیان بـۆكردوون كەكەلـەپوور دەسـووتێنن، هـەروەها لێكۆڵینەوەكـە جـەختی لەسـەر دیدوبۆچـوونی ڕوانگەییـەكان لەمـەڕ هەڵوێسـت كردۆتـەوەو ئەوەیشـی ڕوونكردۆتـەوە كەڕوانگەییەكان سەرەڕای شیعر نووسین كارگێڕو شۆڕشگێڕیش بوون.

١٣. بەیاننامـەی ڕوانگـە لـەژێر كاریگـەری بەیاننامـەی ٦٩ی عێراقییەكانـدا بـووە، بـەڵام لاسـایی كردنەوەیـەكی كوێرانـە نـەبووە، وەك ئـەوەی زۆر جـار بانگەشـەی بۆكراوە، ڕاسـتە كۆمـەڵێك خـاڵی هاوبەشیان هـەبووە، بـەڵام بەپێچەوانەیشـەوە خـاڵی جیاوازیشـیان هـەبووە، نوێگـەری بەیاننامـەی ٦٩ی حـەجم گـەرایی زیـاتر بەلای تاك و ستاتیكای هونەریدا وەرچەرخاون، بـەڵام بەیاننامـەی ڕوانگەییـەكان بەشـێوەیەكی هونەریانـەتر خۆیـان لەكۆمـەڵ و كێشـە كۆمەڵایەتییـەكان نزیـك كردۆتەوە.

١٤. ئەوانـەی كـەكاتی خـۆی لەسـەر ڕوانگەییـەكان نووسـیوە دابەشـدەكرێن بەسـەر سـێ دەسـتەدا یەكـەمیان، ئەوانـەبوون كەپشـتگیرییان لەبزووتنەوەكـە كـردووە، دووەمیشـیان ئەوانـەبوون كەلەگۆشـەنیگای ئایـدۆلۆژیاو فیكـرەوە دەیانڕوانییـە بابەتەكـــە، سێیەمیشـــیان دەســـتەیەك بـــوون كەبابەتییانـــە شـــتەكانیان هەڵدەسەنگاندو لایەنی باشەو خراپەشیان دەستنیشاندەكرد.

١٥. دەربـارەی شـیعری ڕوانگەییـەكان لێكۆڵینەوەكـە ئـەوەی ڕوونكردۆتـەوە كـە ڕوانگـە جۆرێـك لـە دیـالۆگ و پرسـیاركردنی هێناوەتـە گۆڕەپـانی ئـەدەبی كوردییـەوەو گـوڕوتینێكی بەشـیعرو جیهـانبینی ((ڕۆیـا)) تـازەداوە، ڕوانگـە

ئەزموونی چەند دەنگێکی نوێخوازبوو، کەبزووتنەوەیەکی ئەدەبی و ڕەخنەیی سازکردو زەمینەیەکی لەباری گونجاند بۆ پرسیاری ڕەخنەیی.

١٦. یاخیبوون لەئەدەبیاتی ڕوانگەییەکاندا وەك پێداویستییەکی چەمکی شۆڕشگێری هاتووە، نەك ڕەنگدانەوەی بیری فەلسەفی، دەتوانرێ بگوترێ یاخیبوونی بەیاننامەی ڕوانگە و هاوسۆزەکانیان عەبەسی و بێهودەیی بەو جۆرە لاپەسند نەبووە کەلەبۆچوون و یاخیبوونی ئەدەبی و وجوودیدا هاتووە.

١٧. دەربارەی ڕوانگەو تەکنیکەکانی شیعر، گەیشتووینەتە ئەو ئەنجامەی کەڕوانگەییەکان بەدوو جۆر مامەڵەیان لەگەڵ تەکنیکدا کردووە، جاچ بەکارهێنانی تەکنیکی تازە بووبێت، یاخود بەکارهێنانەوەی تەکنیکەکانی پێشووتر، بەڵام بەشێوەیەکی نوێتر، ئەمانەیش زیاتر لەئەفسانەو هێماو شێوازی چیرۆك گێڕانەوەو وێنەی شیعری و دەمامکدا بەرجەستەبوون.

١٨. لەکۆتاییدا دەکرێ بڵێین ڕوانگە سەرەڕای هەندێ کەموکووڕی، بەڵام جۆرە گوڕوتین و بزووتنەوەیەکی کاریگەری خستە نێو ئەدەبی کوردییەوە، هەر دەرکردنی بەیاننامەکە لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا کەساڵی ١٩٧٠ز یە جۆرە گرنگییەکی لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا هەبووەو هاوشانی بەیاننامە ئەدەبییەکانی عەرەب و فارس چووەتە مێژووی هاوچەرخی ئەدەبەوەو لەهەمانکاتیشدا جۆرە گفتوگۆو دیالۆگ و بزووتنەوەیەکی ڕەخنەیی بەپاکرد، کەزەمینە خۆشکەر بوو بۆبەرفراوانکردنی ئاسۆی بیری ڕۆشنبیران.

ڕوانگە پراگتیزەکردنی ڕۆحی دیالێکتیك بوو لەواقیعی ڕۆژانەداو ئەوەی سەلماند، کەفیکر هەمیشە لەگۆڕاندایە و وەستانی بۆنییە، گەڵاڵەکردنی پڕۆژەیەکی ئەدەبی لەوساتە وەختەدا بەوشێوەیە خۆی لەخۆیدا مایەی سەرنج ڕاکێشانی ڕۆشنبیرانو نووسەران بووەو زیاتر نووسەرانی هانداوە بەدوای شتی نوێدا بگەڕێن.

هەواڵنامەی کتێب

## ملخص البحث

((ڕوانگە)) بيان أدبي، أصدره مجموعة من الأدباء في بداية السبعينات وترك أثره الواضح على الأدب الكردي وحرَّك الرّكود الأدبي مما أدى الى عرض رؤى جديدة حول الأدب الكردي بشقّيهِ القديم والمعاصر.

صحيح كتبت مقالات ودراسات كثيرة حول هذا الموضوع، الا انَّ تناثر تلك الكتابات وعدم ظهور دراسات علمية أكاديمية كانا السببين الرئيسيين وراء تخصيص هذا البحث لدراسة بيان ((ڕوانگە)) ودوره في تحديث الأدب الكردي وكانت خطة بحثنا على النحو التالي: ولقد أفردنا الفصل الأول لحداثة ماقبل ((ڕوانگە)) وفيه سلّطْنا الضوء على التغيرات التي طرأت على الشعر الكردي بعد الحرب العالمية الأولى سواءٌ على صعيد الشكل، أو على صعيد المحتوى مع ذكر العوامل التي لعبت دورها المؤثر في هذه الحداثة. في هذا المجال اشدنا بدور مجموعة من شعراء كردستان العراق والأجزاء الاخرى من كردستان.

في الفصل الثاني، تناولنا بيان ((ڕوانگە)) بالتفصيل و أوضحنا انَّ مجموعة منَ الشعراء كانوا متعاطفين مع بيان ((ڕوانگە)) والموقعين عليه.

وفي الفصل نفسه حددنا ثلاثة عوامل رئيسية لظهور ((ڕوانگە)) انقسمت على خارجية وازاتية ومحلية، كما قمنا بجولة في المقالات التي دافع اصحابها عن ((ڕوانگە)) أو رفضوا أو لنقل وقفوا ضده مقيمين أثناء ذلك تلك الكتابات مع ابداء آرائنا بصددها. وفي الفصل نفسه القينا ضوء في قالب مقارن على تأثر ((ڕوانگە)) بحداثة ادب الشعوب الأخراى. ولم يفت علينا أيضاً العروج على جماعة كركوك وكفري و جهودهم في التحديث.

في الفصل الثالث من بحثنا تناولنا أشعار ((ڕوانگە))، وركّزنا في دراستها على مفهوم التمرد لديهم مبينين انواعه، بذكر أمثلة من شعرهم، ثم تطرقنا الى تقنيات القصيدة لدى جماعة ((ڕوانگە)) ومجايليهم والمتعاطفين معهم.

هەواڵنامەی کتێب

# *ABSTRACT*

The present study undertakes a detailed analysis of "Rwanga" literary manifesto published by a number of Kurdish writers in the begnning of seventies. This Manifesto left its apparent impacts upon Kurdish literature and offered the spirit of changes. It also provided the new views about Kurdish literature classic and modern.

Many essays and studies have been written to deal with "Rwanga" but still it needs to write about as many things about it remain in obscure, just an academic study may shed the lights to them. So this attempt is an independent study of "Rwanga" and it's role in modernizing Kurdish literature. This study consists of three parts which are:

The first part covers the modernization befor "Rwanga" in which the writer investigates the changes appeared and content. Then he mentions the influential factors of the changings, and he points to the role of anumber of Iraqi Kurdsh poets and poets in other parts of Kurdistan.

In the second part he covers the "Rwanga" manifesto in detail and talks about the main leaders of "Rwanga" and the other writers beside them.

In this part he identifies three main reasons beyond the appearing of "Rwanga" which are subjective, local and the other's effect. Then he covers what have been written about "Rwanga" and estimates their writer's attitudes to wards it either accepting, defending or rejecting. He also explains how "Rwanga" has been affected by the modernization of other Peoples, Besides, he talks about "Kifri" and "Kurkuk's" group and their contribution in Kurdish modernisim.

In the third part, he discusses the motto of "Rwanga" and concentrates on the concept of "Revolt" in the views of Rwanga writers depending on their poetry. Finally he talks about the techniques ufilized in poems by Rwanga ppoets.

# سەرچاوەکان

**کتێب** :

**بەزمانی کوردی :-**


١. ئازاد عەبدولواحید / دیوانی شێخ نووری شێخ صالح / بەرگی یەکەم / بەشی یەکەم / مطبعة دار الجاحظ / بغداد / ١٩٨٥.

٢. احمد هەردی / ڕازی تەنیایی / چاپخانەی شەفیق / بغداد / ١٩٧٥.

٣. ب . هەوری / شیعری کۆن و نوێ / چاپخانەی کامەرانی / سلێمانی / ١٩٧٥.

٤. ئاوارە / لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نوێی کوردی / چاپخانەی ژین /سلێمانی / ١٩٦٧.

٥. امین فیضی / انجمن ادبیان کورد / مطبعهی (ترجمان حقیقت / استەمبول)/ ١٣٣٩ (١٩٢١ز).

٦. ئەنوەر قادر جاف / زریان / چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد /بغداد / ١٩٨١.

٧. خورشیدە ڕەشید احمد/ڕێبازی ڕۆمانتیکی لەئەدەبی کوردیدا/مطبعة الجاحظ/بغداد/ ١٩٨٩.

٨. دڵشاد عەلی / دیلان شاعیرو ئازادیخواز / چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق / بەغدا / ١٩٨٠.

٩. دڵشاد علی (د.)/بنیاتی هەڵبەست لەهۆنراوەی کوردیدا/چاپخانەی ڕەنج/ سلێمانی/ ١٩٩٨.

١٠. ڕەفیق حلمی / شیعرو ئەدەبیاتی کوردی / بەرگی یەکەم / چاپخانەی التفیض / بغداد / ١٩٥٦.

١١. ڕەفیق حلمی / شیعرو ئەدەبیاتی کوردی / بەرگی یەکەم / چاپی یەکەم / چاپخانەی الشباب / بغداد / ١٩٥٦.

١٢. سوارەی ئیلخانی زادە ((دیوان)) ناوەندی بڵاوکراوەی فەرهەنگی و ئەدەبی کوردی / چاپی یەکەم / اورمیە / ١٣٧٢.

١٣. شێرکۆ بێکەس / دوو سروودی کێوی / چاپخانەی الادیب البغدادی / بغداد / ١٩٨٠.

١٤. شێرکۆ بێکەس / کەژاوەی گریان / بەغداد / ١٩٦٨.

١٥. شێرکۆ بیکەس / دەربەندی پەپولە / چاپخانەی بێسارانی / سلێمانی/ ١٩٩٨.

١٦. شێرکۆ بێکەس / ئاسک / چاپخانەی کۆڕی زانیاری / بەغداد/ ١٩٧٨.

١٧. شێرکۆ بێکەس / من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ / دار الحرية للطباعة والنشر / بەغداد / ١٩٧٢.

١٨. شێرکۆ بێکەس / کازیوە / چاپخانەی زانکۆی سلێمانی / ١٩٧٨.

١٩. شێرکۆ بێکەس / ڕووبەڕوو لە سێبەری چیادا / چاپخانەی شەهید عبدالخالق / ١٩٨٥.

٢٠. شێرکۆ بێکەس / خاچ و مارو ڕۆژ ژمێری شاعیرێ / چاپخانەی خاك/ سلێمانی / ١٩٩٨.

٢١. شێرکۆ بێکەس / ڕووبار / ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان / هەولێر / ١٩٨٤.

٢٢. شێرکۆ بێکەس / نسێ / چاپخانەی ڕەنج / سلێمانی / ١٩٩١.

٢٣. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ (د.) / ئەدەبیاتی نوێی کوردی / بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی فێرکردنی باڵا / هەولێر / ١٩٩٠.

٢٤. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ (د.) / شیعری کوردی و بەرهەمی شاعیران/ بەشی ٢ چاپخانەی الحوادث / بەغداد / ١٩٨٠.
٢٥. علاء الدين سجادی / ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لەئەدەبی کوردی/ چاپخانەی معاریف / بەغداد / ١٩٦٨.
٢٦. علاء الدين سجادی / مێژووی ئەدەبی کوردی / چاپی یەکەم / ١٩٥٢.
٢٧. عبدالله عەباس / شەش وتار دەربارەی شیعری نوێ و تاقیکردنەوە/ چاپخانەی علاء / بەغداد / ١٩٩٢.
٢٨. عبدالرزاق بیمار / کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی /چاپی یەکەم / چاپخانەی دار الحریە / بەغداد / ١٩٩٢.
٢٩. علی کمال باپیر / گوڵدەستەی شعرای هاو عەصرم / چاپی یەکەم / سلێمانی / ١٩٣٩.
٣٠. تیمۆڤییف ، ڤینکرۆف / کورتە فەرهەنگێکی ئیستلاحەکانی ئەدەبیاتناس / مۆسکۆ / ١٩٥٨.
٣١. کەمال مەمەند / چەند وتارێك دەربارەی ئەدەب و ڕەخنەی کوردی / چاپخانەی الحوادث / بەغداد / ١٩٨١.
٣٢. کاکەی فەللاح / کاروانی شیعری نوێی کوردی / بەرگی یەکەم / چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد / بەغداد / ١٩٧٨.
٣٣. کەمال مەزهەر (د.) / تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لەڕۆژنامەنووسی کوردیدا / چاپخانەی کۆڕی زانیاری / بەغداد / ١٩٧٨.
٣٤. لەتیف هەڵمەت (دیوان) / بەرگی یەکەم / چاپی یەکەم / سلێمانی / ١٩٩٩.
٣٥. محەمەدی مەلا کەریم/دیوانی گۆران/بەرگی یەکەم/چاپخانەی کۆڕی زانیاری/ بەغداد /١٩٨٠.
٣٦. محمد صديق خەزنەدار / کامەران و هۆنراوەی نوێ / چاپخانەی معارف / بەغداد / ١٩٥٨.
٣٧. معروف خەزنەدار / کێش و قافیە لەشیعری کوردیدا / مطبعة الوفاء / بغداد / ١٩٦٢.
٣٨. معروف خەزنەدار (د.) / لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە / چاپخانەی المؤسسة العراقية للدعاية والنشر / بەغداد / ١٩٨٤.
٣٩. ناکام / هۆنراوەی نوێ / لێکۆڵینەوەیەکی وێژەیی / چاپخانەی کامەران / سلێمانی / ١٩٥٩.

**بەزمانی عەرەبی :**

٤٠. ادونيس / النص القرآني وآفاق الكتابة / دار العودة / بيروت / ١٩٩٣.
٤١. ادونيس / زمن الشعر / دار العودة بيروت / الطبعة الثانية / ١٩٧٨.
٤٢. ادونيس / الثابت والمتحول / صدمة الحداثة / دار العودة /بيروت/ ١٩٧٩.
٤٣. ادونيس / الاعمال الشعرية الكاملة / دار العودة / ١٩٨٨.
٤٤. ادونيس / سياسة الشعر دراسات في الشعرية العربية المعاصرة / الطبعة الاولى / دار الاداب / بيروت / ١٩٨٥.

٤٥. البير كامو / الانسان السوريالية / ترجمة ناهدة عويدات / ١٩٨٠.
٤٦. احسان عباس (د.) / بدر شاكر السياب / دراسة في حياته و شعره / بيروت / ١٩٧٩.
٤٧. اعمال محمد الماغوط / دار المدى / ١٩٩٨.
٤٨. اندريه بروتون / بيانات السوريالية / ترجمة صلاح برمدا / دمشق / ١٩٧٨.
٤٩. اينون دوبليسيس/ ترجمة هنري زغيب/منشورات عويدات/بيروت باري/الطبعة الاولى/ ١٩٨٣.
٥٠. ت . س . اليوت / منارات شعرية / ترجمة يوسف سامي يوسف /الطبعة الاولى/عمان/ ١٩٨٦.
٥١. ت . س . اليوت / مقالات في نقد الأدبي / ترجمة د. لطيفة الزيات/ مكتبة الانجلو المصرية / بدون سنة الطبع.
٥٢. ت . ى . ابتر/ادب الفنتازيا مدخل الى الواقع/ترجمة صباح سعدون/دار المأمون/ بغداد /١٩٨٩.
٥٣. دى لويس / سيسل / الصور الشعرية – احمد الجنابي وآخرون / وزارة الثقافة / بغداد / ١٩٨٩.
٥٤. سامي مهدي / افق احداثة وحداثة النمط / دار الشؤون الثقافة / بغداد / ١٩٩٨.
٥٥. سامي مهدي / وعي التجديد والزيادة الشعرية في العراق / دار الشؤون الثقافية / بغداد / ١٩٩٣.
٥٦. سلوم ثامر / نظرية اللغة والجمال في النقد الادبي / دار الحوار / اللازقية / ١٩٨٣.
٥٧. سعدي يوسف / تحت جدارية فائق حسن / دار الفارابي / بيروت / ١٩٧٤.
٥٨. عبدالله عساف (د.) / الصور الفنية في قصيدة الرؤيا / الطبعة الاولى / سوريا / ١٩٩٦.
٥٩. عباس توفيق / نقد الشعر العربي الحديث في العراق من ١٩٢٠ – ١٩٥٨.
٦٠. عماد حاتم (د.) / مدخال الى تأريخ الآداب الكردي / ليبيا / ١٩٧٩.
٦١. علي جعفر العلاق (د.) / في حداثة النص الشعري / دار الشؤون الثقافة العامة / بغداد / ١٩٩٠.
٦٢. عزالدين مصطفى رسول / الواقعية في الادب الكردي / منشورات المكتبة المصرية / بيروت / ١٩٩٦.
٦٣. عبدالرضا علي /الاسطورة في شعر سياب /الطبعة الثانية /دار الرائد العربي/بيروت / ١٩٨٤.
٦٤. عبدالرحمن نصرت / في النقد الحديث دراسة في مذاهب نقدية واصولها الفكرية.
٦٥. عبدالوهاب البياتي / المجموعة الكاملة / دار العودة / بيروت / المجلد الثاني / ١٩٧١.
٦٦. عبدة البدوي / قضايا حول الشعر / مطبوعات جامعة الكويت / ١٩٨٦.
٦٧. فاضل العزاوي / بعيداً داخل الغابة / البيان النقدي للحداثة العربية / منشورات المدى / بدون سنة الطبع .
٦٨. مجموعة من المؤلفين / الاسطورة والرمز / ترجمة جبرا ابراهيم جبرا / بغداد / ١٩٧٣.
٦٩. محسن اطيمش (د.) / دير الملاك / دراسة نقدية للظواهر الفنية في الشعر العراقي المعاصر / ١٩٨٢.
٧٠. نازك الملائكة / قضايا الشعر المعاصر / الطبعة الخامسة / دار العلم لملايين / بيروت – لبنان / ١٩٧٨.

٧١. يوسف الخال / الاعمال الشعرية الكاملة / ١٩٩.

**بەزمانی فارسی :**

٧٢. يدالله رؤيائى / از زبان نيما تا شعر حجم /انتشارات مرواريد/چاپخانه رامين /چاپ اول / ٢٥٣٧.

٧٣. پروين شكيبا / شعر فارسی از آغاز تا امروز / چاپ دوم / انتشارات هيرمن / تهران / ١٣٧٣.

٧٤. محمد جعفر ياحقی (د.) / چون سبوی تشنه ((تأريخ ادبيات معاصر فارس)) / چاپ اول / ١٣٧٤.

**گۆڤارەکان :-**

**بەزمانی کوردی :-**

٧٥. ئەدۆنیس / چەند سەرنجێك سەبارەت بەئەزموونی شیعرم / وەرگێڕانی شوان ئەحمەد گۆڤاری ئێستا / ژمارە ٢٢ / ساڵی ١٩٩٩.

٧٦. ئەحمەد شەریف / سوارە / گۆڤاری هیوا / ئەنستتیۆی کورد – پاریس / ژمارە ٣ / ساڵی ١٩٨٥.

٧٧. اسماعیل ابراهیم محمد صالح / قەدری جان و هۆزانا کوردییە هەڤچەرخ / گۆڤاری کاروان ژمارە ٢٧ / ساڵی ١٩٨٤.

٧٨. ئازاد بەرزنجی / مەلەفێك لەسەر کامۆ / گۆڤاری ئاییندە / ژمارە ٤ / ساڵی ١٩٩٩.

٧٩. بەختیار علی / دیار نادیار – ئیمپڕاتۆریەتی وەهم / گۆڤاری ڕەهەند / ژمارە ٥ / ساڵی ١٩٩٨.

٨٠. جەلال میرزا کەریم / پرسیار بۆ هاتنی گۆدۆ / گۆڤاری ڕوانگە / ژمارە ٢ / ساڵی ١٩٧١.

٨١. جەلال میرزا کەریم / ڕوانینەکانی چاوی شەقام / گۆڤاری بەیان / ژمارە ٨ / ساڵی ١٩٧٣.

٨٢. جەلال میرزا کەریم / ژانی ڕۆژانی هۆنراوە / گۆڤاری ڕوانگە /ژمارە ٣ / ساڵی ١٩٧١.

٨٣. جەمال شارباژێڕی / سێ چاو / گۆڤاری ڕوانگە / ژمارە ١ / ساڵی ١٩٧١.

٨٤. چاوپێکەوتن لەگەڵ کامبێزی کەریمی / گۆڤاری گەلاوێژی نوێ / ژمارە ١٥ / ساڵی ١٩٩٩.

٨٥. چاوپێکەوتن لەگەڵ ((شێرکۆ بێکەس)) / گۆڤاری گەلاوێژی نوێ / ژمارە ١٠ / ساڵی ١٩٩٨.

٨٦. چاوپێکەوتن لەگەڵ ((بێکەس قادر)) / گۆڤاری ڕامان / ژمارە ٤٠ / ساڵی ١٩٩٩.

٨٧. چاوپێکەوتن لەگەڵ ((جەلیل کاکە وەیس)) / گۆڤاری ڕامان / ژمارە ٢ / ساڵی ١٩٩٨.

٨٨. چاوپێکەوتن لەگەڵ ((کەریم دەشتی)) / گۆڤاری ڕامان / ژمارە ٣٥ / ساڵی ١٩٩٨.

٨٩. چاوپێکەوتن لەگەڵ ((جەمال شارباژێڕی)) / گۆڤاری ئێستا / ژمارە ٨ / ساڵی ١٩٩٧.

٩٠. حجی جعفر / جگەر خوێن / گۆڤاری بەیان / ژمارە ١١٥ / ساڵی ١٩٨٥.

٩١. حسین عارف / گیانی یاخیبوون و بەگژاچوون لەنەوەی نوێماندا / گۆڤاری ڕوانگە / ژمارە ٢ / ساڵی ١٩٧١.

٩٢. ڕێبین صابر / سەرهەڵدان و هەرەسهێنانی وێنەی باوك لەشیعری ((شێرکۆ بێکەس))دا / گۆڤاری ئازادی / ژمارە ٣ / ساڵی ١٩٩٣.

٩٣. ڕەفیق صابر / سکاڵای ئەستێرەیەکی تاساو / گۆڤاری ڕوانگە / ژمارە ١ / ساڵی ١٩٧١.

٩٤. سۆران حەسەن/وێستگەکانی نوێگەری لەشیعری کوردیدا/گۆڤاری وێران / ژمارە ٢ / ساڵی ١٩٩٥.

٩٥. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ (د.)/لەبارەی سەرنج و ڕەخنەوە /گۆڤاری بەیان/ژمارە ٨ /ساڵی ١٩٧٣.
٩٦. عبدالرزاق بیمار / دانیشتنێك لەگەڵ گۆران / گۆڤاری بەیان /ژمارە ٢ / ساڵی ١٩٧٠.
٩٧. عبدالله تاهیر بەرزنجی / شارو نوێگەرێتی شیعرمان / گۆڤاری ڕامان / ژمارە ٢٣ / ساڵی ١٩٩٦ .
٩٨. عبدالکریم فندی دۆسکی / عبدالرحیم ڕەحمی هەکاری و چەند هۆزانە / گۆڤاری نووسەری کورد / ژمارە ٢ / ساڵی ١٩٨٥.
٩٩. عبدالله عباس/ سەبارەت بەبانگەوازەکەی ڕوانگەی ئەدەبی/گۆڤاری بەیان/ژمارە ٤ / سباڵی ١٩٧٠.
١٠٠. عبدالله پەشێو / سێ نامەی کورت / گۆڤاری ڕوانگە / ژمارە ١ / ساڵی ١٩٧١.
١٠١. عبدالله پەشێو / بۆ پارچەیەکی ترم / گۆڤاری ڕوانگە / ژمارە ٢ / ساڵی ١٩٧١.
١٠٢. فەرهاد شاکەلی / پڕۆژە کودەتایەکی نهێنی / گۆڤاری بەیان / ژمارە ٨ / ١٩٧٣.
١٠٣. فەرهاد پیرباڵ / دیسانەوە لەبارەی عبدالرحیم ڕەحمی هەکاریەوە / گۆڤاری ڕامان / ژمارە ٣٢ / ساڵی ١٩٩٩.
١٠٤. کەمال میراودەلی / لەتیف هەڵمەت وەك دیاردەیەکی شیعری نوێ / گۆڤاری هەتاوی ئەدەبی / ژمارە ٤ – ل ٤ / ساڵی ١٩٩٦.
١٠٥. کەمال میراودەلی / ساعری نوێ / گۆڤاری بەیان / ژمارە ٨ /ساڵی ١٩٧٣.
١٠٦. گۆران / کۆنی و تازەیی لەهەڵبەستا / گۆڤاری هیوا / ژمارە ٣١ / ساڵی ١٩٦١.
١٠٧. گوشاد حەمە سەعید /چەند سەرەتایەکی نوێ لەشیعری کوردیدا /گۆڤاری بەیان / ساڵی ١٩٨٠.
١٠٨. گۆڤاری ڕوانگە / پرسیارێك و پێنج وەڵام/ ژمارە ٣ / ساڵی ١٩٧١.
١٠٩. مەعروف بەرزنجی / کۆن و تازەیی لەشیعردا / گۆڤاری شەفەق / ژمارە ٢ / ساڵی ١٩٥٨.
١١٠. محەمەد حەمە باقی / سوارە ئێلخانی زادە / گۆڤاری گەلاوێژی نوێ / ژمارە ١١ / ساڵی ١٩٩٨.
١١١. مارف خەزنەدار (د.) / ژانی ئەستێرەیەکی پڕشنگدر / گۆڤاری هیوا / ئەنستتیۆی کورد – پارس / ژمارە ٣ / ساڵی ١٩٨٥.
١١٢. مارف خەزنەدا (د.) / چوار پرسیار لەبەردەمیدا / گۆڤاری وێران / ژمارە ٢ / ساڵی ١٩٩٩.
١١٣. محمد بەدری / هەستی یاخیبوون / گۆڤاری ڕوانگە / ژمارە ٢ / ساڵی ١٩٧١.
١١٤. مەلەفێك لەسەر ڕوانگە / گۆڤاری وێران / ژمارە ٢ / ساڵی ١٩٩٥.

**بەزمانی عەرەبی :-**

١١٥. ادونيس / خواطر حول تجربتي الشعرية / مجلة الآداب / العدد الثالث / سنة ١٩٩٦.
١١٦. مجلة كل العرب / العدد ٥٤ – باريس / ١٩٨٧.
١١٧. مقابلة مع عبدالوهاب البياتي / مجلة شعر ٦٩ / عدد ٤ / سنة ١٩٦٩.
١١٨. مقابلة مع عبدالوهاب البياتي / مجلة شعر ٦٩ / عدد ٤ / سنة ١٩٧٧.
١١٩. عبدالسلام المسدي (د.) / شعرنا العربي المعاصر والزمن المضاد / مجلة فصول / المجلد الرابع عشر / سنة ١٩٩٧.

١٢٠. سرغي بيتروف / الواقعية كمنهج فني / الآداب الاجنبية / مطبعة الاديب – دمشق / العدد ٢ / سنة ١٩٧٤.
١٢١. فاضل الخالدي / الشعر الحر وحاجة العصر / مجلة الفنون – بغداد / شباط ١٩٥٨.

**ڕۆژنامەکان :-**

**بەزمانی کوردی :-**

١٢٢. ئەحمەد هەردی / پارچە سروودێکی شێخ نووری/ڕۆژنامەی هاوکاری /ژمارە ٩٣٣ / ساڵی ١٩٨٨.
١٢٣. ئەحمەد سەعید بەرزنجی / هەمدیس دەربارەی بانگەوازەکەی ئەدەبی کوردی نوێ / ڕۆژنامەی هاوکاری / ژمارە ٢٢ / ساڵی ١٩٧٠.
١٢٤. ئومێد ئاشنا / شێوە لەشیعری نوێی کوردیدا / پاشکۆی عێراق / ژمارە ٨٢ / ساڵی ١٩٨٩.
١٢٥. تەلعەت تاهیر/فەرهاد پیربال و مامەڵەکردن لەڕەنگ/ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ/ژمارە ١٨٢٨/ ساڵی ١٩٩٩.
١٢٦. ج . ر / نوێ کردنەوە لەئەدەبدا / ڕۆژنامەی هاوکاری / ژمارە ٣٨ / ساڵی ١٩٧٠.
١٢٧. چاوپێکەوتن لەگەل پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ / ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ / ژمارە ٢٠٤٠ / ساڵی ٢٠٠٠.
١٢٨. شێرکۆ بێکەس / ڕوانگە کوێرە ڕەخنە / ڕۆژنامەی هاوکاری / ژمارەکانی ((١٢٩ ، ١٣٠ ، ١٣٢ ، ١٣٣ ، ١٣٤ )) / ساڵی ١٩٧٢.
١٢٩. شێرکۆ بێکەس / ڕۆژ ژمێری پێشمەرگەیەک / ڕۆژنامەی ژین / ڕۆژنامەی برایەتی / ژمارە ٤ / ساڵی ١٩٧٠.
١٣٠. شێرکۆ بێکەس / سەرنجی بێداریێك / ڕۆژنامەی ژین / ژمارە ٥٨ / ساڵی ١٩٧٢.
١٣١. عەزیز گەردی / کۆن و نوێ لەهۆنراوەی کوردیدا / ڕۆژنامەی هاوکاری / ژمارە ١٢٣ / ساڵی ١٩٧٢.
١٣٢. عبدالرزاق بیمار / بانگەوازەکەی ڕوانگە / ڕۆژنامەی هاوکاری / ژمارە ١٧ / ساڵی ١٩٧٢.
١٣٣. فازیل مەلا مەحمود / ڕوانگەی ئەدەبی نوێمان / ڕۆژنامەی هاوکاری / ژمارە ٤ / ساڵی ١٩٧١.
١٣٤. فوئاد قەرەداخی / ڕوانگەو بەگژاچوونی ڕەخنەو ڕەخنەگرەکان / ڕۆژنامەی هاوکاری / ژمارە ١٣٦ / ساڵی ١٩٧٢.
١٣٥. فوئاد قەرەداخی / ڕوانگەو تەرازووی ویژدان / ڕۆژنامەی هاوکاری / ژمارە ١٣٥ / ساڵی ١٩٧٢.
١٣٦. فوئاد قەرەداخی / بەرهەمەکانی ڕوانگەو ڕەخنەی هونەری / ڕۆژنامەی هاوکاری / ژمارە ١٤٢ / ساڵی ١٩٧٢.
١٣٧. فوئاد قەرەداخی / ڕوانگەو کوێرە لێکدانەوە / ڕۆژنامەی هاوکاری / ژمارە ١٣٢ / ساڵی ١٩٧٢.
١٣٨. فەرهاد پیربال (د.) / عبدالرەحیم ڕەحمی هەکاری / ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ / ژمارە ٨٢٨ / ساڵی ١٩٩١.
١٣٩. کەمال میراودەلی / ڕوانگە یان ئەدەبی ڕیالیزمی سۆشیالیست / ڕۆژنامەی هاوکاری / ژمارە ١٣٥ / ساڵی ١٩٧٢.
١٤٠. نەجات حەمید / چەند سەرنجێکی ئەدەبی و زەقبوونەوەی خود لەناو وەهمێکدا / ڕۆژنامەی برایەتی / ژمارە ٢٤٧٠ / ساڵی ١٩٩٢.

هەواڵنامەی کتێب

# پاشکۆ

## دیکۆمینتە ئەدەبییەکان

١. بەیاننامەی ڕوانگە.
٢. بەیاننامەی ٦٩.
٣. بەیاننامەی حەجم گەرایی.
٤. بەیاننامەی گروپی کەرکوك – کفری.

هەوڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## بانگەوازێك
## لە ڕوانگەی ئەدەبی کوردیی نوێمانەوە

لەبەرەبەیانی مێژووی نەتەوایەتیمانەوە تائەمڕۆ وەلەو کاتەوەی کە ئادەمیزادی ئەم کوردستانە کەوتە بزووتنەوەو جێهێشتنی یەك لەدواییەکی قۆناغەکانی تاریکی و وونیی.. وشەی شۆڕشگێڕو بەهرەی تازەکردنەوەی لەبن نەهاتووی هەردەم جەنگاوەرێکی ئازاو نەبەرد بووەو دەنگی زوڵاڵی سەربەستی و ئازادیی دوژمن کەڕکەری نەتەوەکەمانی وەها بەرزکردۆتەوە کەلەپێشا خۆمان و ئینجا دونیای دەرەوەی لەهەریەکێك لەو قۆناغەدا پێ ناسیوین. بۆیە هەر ڕاپەڕینێك لەمێژوومانەدا تەقی بێتەوە هەرزوو لەکوانووی ئەدەبیماندا تاوی سەندووەو بیرو هۆشی ڕۆڵە هۆشیارو شۆڕش خوازەکانمانی بەجۆرێك جۆش داوە کەهەردەم ((ڕاپەڕین لەناو ڕاپەڕین))دا بکەنە سەرئەنجامی کارو نەیەڵن لەسنووری ئەو قۆناغەدا گیر بخواو بپووکێتەوە.

سەدەی تازە، هەزاران سنووری داڕێژراوی لەوەبەری بەتەووژمی بیروباوەڕی نوێی شۆرشگێڕی نەترس ئازا ڕامالی و شوێنەواری زۆریشی سڕینەوە. ئەو سەدەیەی کەلە هەموو ڕێبازێکا گیانێکی تازەکردنەوەی بزواندو لەگشت گوڕبەستنەوەیەکی چوونە پێشەوەیدا ئەوەی سەلماند کەمانەوەو ژیان هەر بۆ ئەو ڕێچکەی کاروانە شەو شەق کرانەیە کەبەناو دۆخی ئازارو بەربەستیدا ڕێگای ئاوات ئەگرنەبەر.. بەڵێ.. ئەو سەدەیەیە کە مرۆڤ تیایا دەستەویەخە ڕووبەڕووی ئەو گورگی مردنانە ئەجەنگێت کەئەیانەوێت ژیانی لێ بکەنە شانۆیەکی نائومێدی و ورەبەردان و دەستەوەستانیی، تاوەك هەر نێچیرێکی لاوازو بەستەزمان دەم بنێتە لاکی !..

کاروان لەوکاتەوە تائەمڕۆ لەڕۆیشتنایەو هەر پلەیەکی سەرکەوتنیشی سیمایەکی تازەتری تایبەتیی بۆخۆی دەستنیشان کردووەو پێشکەوتنێکی نوێ تری هێناوەتەکایەوە.. تاگەیشتۆتە سەر ئەوەی ئێمەو پلەی پێشکەوتنی ڕۆژانی ئێستای ئێمە. خۆ بەدرێژایی گشت ئەو قۆناغانەی ڕابردووش مەشخەڵی ئەدەبیمان هەرگیز ڕۆژێك لەڕۆژان نەکوژاوەتەوەو ئەم دەستاو دەستکردنە نەی

فەوتاندووە. ئەگەرچی گەلێك جار ڕەشابای ناحەزی داگیرکەران زۆروکەم پرتەپرتی پێ خستووەو خورپەی داوە لەدڵی.. ئەمە جگە لەوەی کەزۆر جاری تریش بەقوڵی کردنی ناکۆکی و لێك دابڕانی ناوخۆمان مەترسی کوژانەوە ڕووی تێکردووەو جەزرەبەی لێ داوە، بەڵام دیسانەوە هەر شەوقی لەنەتەوەمان نەشاردۆتەوەو نەی هێشتووە تاریکیی بەیەکجاری خاکەکەمان تاپۆ بکات.

بانگەوازێك لە ڕوانگەی ئەدەبیمانەوە درابێت بەگوێی کوڕو ڕۆڵانی نەتەوەکەماندا تاقی کردنەوەیەك نیە کە دەست پێشکەریی تیایا بۆ نەوەی ئێمە بگەڕێتەوە هەروەکو ڕێگایەکیش نییە هەر بەتەنها ئێمە پیاڕۆیشتبین بەڵکو ئەم دەنگ و خواست و مەبەستانە کەمو زۆر هەر هەبوون. ئەگەرچی بانگەوازێك لەسەردەمی زانیاریی ئەمڕۆدا هەڵبدرێت دیارە ئەبێت جیاوازیی لەگەڵ نەوەکانی ڕابردوودا بەئاشکرا دیاربن.

بانگەوازی ئەدەبیی ئەمڕۆ بانگەوازی نەوەی شۆڕشگێڕو کارزان و سەدەی هەڵگێڕانەوەو یاخیبوونە بەرامبەر سەراپای مەیدانەکانی ژیان. بانگەوازی ئەو وشەو هەست و بیرانەیە کەسنوورێك نیە بۆئەوەی بەزۆر بیان بەستێتەوەو بەدۆش داماوی ڕاگیرییان بکات و وەبەری چوونە پێشەوەو چاونەترسییان لێ بگرێت.

بانگەوازی ئێمە نەئەچێتەوە سەر ئارەزووی خۆسەپاندن و زۆرەملێ و نەلەچوارچێوەیەکی تەنگەبەری دروستکراوی دەستەو تاقمێکدا شەتەك ئەدرێت. چونکە نەئەمانەوێت دەست بنێینە بینی بەهرەی سەربەستیی دەربڕین و نەئەشمانەوێت ووشەی کوردیی لە درووشەمەکانی سیاسەت و ڕاستەوخۆ دەربڕینی ووشکی کلاسیکیدا گیربخوات. ئەمانەوێت بەرهەمەکانی ئەدەبیی ئەم سەردەمەمان کوت و مت لەگەڵ ڕێڕەوی تازەو بابەتەکانی ئەستاتیکی و هونەریدا بگونجێت و ئاوێنەی هەموو ئاواتێکی کۆمەڵگای کورد بەتایبەتی و کۆمەڵگای گشت مرۆڤایەتی بێت. ئەمانەوێت ئەوتەوقە ڕزیوانە بشکێنین کەشێوەو ناوەڕۆکی ئەدەب ئەکەن بەمۆمیایەکی بێ بزووتنەوەی مردووی لەش ساردوسڕ. ئەمانەوێت لەو تاقیکردنەوانەدا بژین کەلەناوجەرگەی کارەسات و ڕووداوەکانی سەردەمی

تازەماندا دارێژرابن و خۆمان لەو سنووورە بهاوینە دەرەوە کەدەوری مێژووییان لەگەڵ سەردەمی ڕابردوویان بەسەرچوو.

کۆن بەلای ئێمەوە — لەپێوانی بابەتەکانی ئەدەبدا هەر ئەوەنیە کەکوێرانە یاخی بوونێکی دژ بەرپابکەین ئێمە بڕوامان وایە تاقیکردنەوە کۆنە سەرکەوتووەکان هەمیشە پاڵ پشتێك بوون بۆ ڕێ ڕەوە تازەکانی دووای خۆیان و ئەمان لەمناڵدانی ئەوا لەدایك بوون و لەباوەشی ئەوا کەوتوونەتە گڕوگاڵ. بەلاّم قوتابخانەی ئێمە قوتابخانەی ((نەتەوەو ژیانە)).. قوتابخانەی مرۆڤایەتی پێشێل کراوی ناو ئەم جیهانە.. قوتابخانەی ڕانەوەستانە لە بزووتن و پێشکەوتن.. قوتابخانەی هەڵچوون و یاخیبوونە لەدووی هەرکۆت و زنجیرێکدا کەبیەوێت بەرلەتەقینی کانیی ئاواتی لەبن نەهاتووی ئەدەبیمان بگرێت. نەگریان و دۆش دامان و فرمێسك ڕشتنی ڕۆمانتیکییەکان. وەنەگرتنی ئەو وێنە فۆتۆگرافییە بێ بزووتنەوانەی ڕیالیزمییەکانیش. نهێنی پاشەڕۆژی ڕوناك و سەرکەوتن و زاڵبوونی ئەدەبی تازەو بیری نەوەی نوێ لەتەنها ڕازانەوەو ئارایشتکردنی دیوی دەرەوەدا نیە بەڵکو لەچوونە خوارەوەشدایە بەبنج و بێخی هەستو نەست و ژیانی ئادەمیزادی سەدەی بیست هەمدا.. هەموو ووشەیەك ئەیەوێت بژی و بجوڵێت و جێگەی خۆی بکاتەوە.

بەلای ئێمەوە شێوەو ناوەڕۆك لەیەکتر جیاناکرێتەوەو هەردوو هەر لەیەك بۆتەدا قاڵ ئەبن و پێکیشەوە لەدایك ئەبن. جالەبەر ئەوەیە کەئەڵێن ؟ شێوەو ناواخنی ئەدەبیی تێکرا ئەبێت لەکۆڕی ژیان بزووتنەوەو تازەکردنەوەدا پەل بهاون و نەشونما بکەن و بدرەوشێنەوە. لەسەردەمی ئێستاماندا ئەو بابەتە ئەدەبییە قورس و قەبانە ماوەی ژیانیان نەماوە ك هونەری ناوەڕۆك ئەکەن بەژێر پێی ئەسپی باڵداری خەیاڵ و داروپەردووە ووشەی ووشك و برنگی ڕەق و بێگیانەوە. ئەو بابەتە ئەدەبییانە هەرگیز بۆ زۆربەی نەتەوە نەژیاون و لەئازارو ئاواتی چەوساوەکانی نەگەیشتوون وەلە تاقیکردنەوەکانییاندا دووپێیان هەڵنەهێناوەتەوە. سەردەمی بەرهەمی دروستکراوی بێ بۆنەو ستاییشی درۆو هەجووی بێ پێز بەسەرچووەو ئەدەبیش لەوقەڵەم ڕەوی دەرەبەگایەتییە ڕزگاری

بووه کەبکرێت بەتاجێکی گەوهەرو مرواری و بەبڕیاری چەند کەسێك بکرێتە سەر یەکێکەوە.

نووسەرو شاعیری ئەمڕۆمان پێویستە ئەو قاووغەی ویقارو فیزو لەخۆبایی بوونە کلاسیکیانە بشکێنێ کەدووره پەرێزو لەسووچێکەوه دابنیشێت وەتەنها بۆ حەزو ئارەزووی خۆ بهۆنێتەوەو بنووسێت !.. نووسەرو شاعیری ئەمڕۆ شان بەشانی پیشەی نووسین و شیعر ووتنی کارگێڕیشە.. شۆڕشگێڕیشە.. جەنگاوەریشە. ئەو تاقیکردنەوانەی لەژیانی ڕۆژانەدا ئەدیبی تیائەژی و لەکوورەی بەسەرهات و کارەساتەکانیدا جۆش ئەخوات. هەرتەنیا ئەو تاقیکردنەوانەن ڕێگەی پوختەترین و بالاّترین بەرهەمی داهاتووی بۆخۆش ئەکەن.

دواجار بانگەوازی ئێمە کەلەگەرووی بیری نوێی شۆڕشگێڕییەوە سەرهەلّ ئەدات و بەکەژاوەی ڕازاوەو نەخشینی تازەکردنەوە ڕێگای سەرفرازی و پێشکەوتن ئەگرێتەبەر دیارە ئەبێتە مەڵبەندی گشت ئەو ڕێبازو بیرە نوێیانەی کەسەرەڕای هەموو جیاوازییەکیش لەنێواندا (لەڕووی فەلسەفەی تایبەتیی قالّبووی ناومێشك و ناخی دەروونی خۆیانەوە بەرامبەر بەمرۆڤ و ژیان) لە (ڕوانگەی ئەدەبی نوێ)ماندا یەك ئەگرنەوەو لەوێدا هەریەکەیان چاو ئەبڕێتە ئاسۆی تایبەتیی خۆی و بۆ لەباوەش گرتنی ڕۆژی تایبەتی ئەندێشەی شەونخوونی ئەچێژێت. ئێمە لەئێستادا واهەست پێ ئەکەین کەگشتمان گڕوگلّپەیەك لەناخمانا پەنگ ئەخواتەوەو لەمێژەوە جۆرە هەست و نەست و هیواو ئاواتێکی تایبەتیمان لەبۆتەی خۆیدا جۆش ئەدات و ئامادەی تەقینەوەی ئەکات. سەبارەت بەمە ئێستا هەرگییز دەربەستی ئەوەنین و خۆمان لەو گێژاوەدا گییر نادەین کە ئەو تەقینەوەیە ئەبێ بەتەنها ڕوو لەئەو هەورازو یالەم دۆلّ و یائەو بیابان بکات. بانگەوازی ئێمە تەقینەوەکەی مەبەستەو لەو پێناوەدا دەنگی زولاّلی خۆی بەرز ئەکاتەوە بروسکەو چەخماخەی خۆی ئەدات و ئەچێتە کۆڕی جەنگێکی پیرۆزەوە.

هەواڵنامەی کتێب

ئێمە وەها بەئاواتەوەین کەبتوانین لەکۆڕی ئەو جەنگە پیرۆزەدا سەدان بەهەرەی ڕۆشن لەدەم ورگی چەقین و کپ بوون بسێنینەوە.. سەدان ئەستێرەی گەش لەژێر باڵی تاریکیی دەرکێشینە دەرەوەو.. سەدان خونچەی هیوا لەسیس بوون و بگرە سەدان گوڵی بۆن خۆشیش لەهەڵوەرین ڕزگاربکەین کەئەمانە هەموو لەم ساتانەی سەرهەڵدانی ئەم سەردەمەی ئێستای ئەدەبەکەماندا مت و خامۆش و بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی هەڵهاتنی ڕۆژی ڕەنگاوڕەنگی بەختیان ئەکەن. لەکۆتاییدا ئەگەر بمانەوێت پوختەی بانگەوازەکەمان لەچەند ووتەیەکی ورشەداردا کۆبکەینەوە ئەڵێین :

ئێمە نووسینمان قاڵبووی ئازارە.. بۆیە دژی ئازار ئەجەنگێت.

جوانی پەرستە.. بۆیە ناشیرینی ناگرێتە خۆی.

نوێ خوازە. بۆیە لەکۆن یاخی ئەبێت.

سەربەست و ئازادە.. بۆیە گشت کۆت و زنجیرێك ئەپچڕێنێت.

شۆڕشگێڕە.. بۆیە لەئاستی هیچ کۆسپ و مەترسییەکدا سڵ ناکاتەوە.

مرۆڤی کورد ئەینووسێت.. بۆیە بۆ نەتەوەی کورد ئەبێتە مەشخەڵ.

جا گشت ئەو شاعیرو نووسەرانەی کەلەناخدا وەك ئێمە هەست ئەکەن.. وەك ئێمە بیر ئەکەنەوە.. وەك ئێمە کردار ئەکەن با خۆیان بەخاوەنی ئەم بانگەوازە بزانن.

شێرکۆ بێکەس، حسین عارف، کاکە مەم فەخری بۆتانی، جەمال شارباژێڕی، جەلال میرزا کەریم.

٢٥ / ٤ / ١٩٧٠

## مانیفێستی شیعری

قەسیدە سەوداکانی خۆی لەگەڵ جیهاندا لەمیانی گریمانێکی جەوهەرییەوە دەست پێدەکات کە بایەخێکی تایبەتی هەیە ئەو گریمانەیەش بریتییە لەوەی جیهان و بوون و شتەکان ناتەواون مادەمەکی هەموو شتێ لەجولانەوەیەکی بەردەوامدایە بەرەو لەدایك بوون و مردن ئەوا مەحاڵە لە رشوێنکاتێکدا بەدوای ڕاستیەکی چەسپاودا بگەڕێین. لەژێر سێبەری ئەم ڕوانینەدا کردارەکانمان بەرەو ڕەهاییەك دەچێ کەناشێ پێی بگات تەنیا لەکەوتنە ناو داوی مەرگ نەبێ ئەمەیش لەپێناوی ڕاگرتنی جوولانەوەیەکی ناتەواو بەرەوپێش چوو تابەرەو جوولانەوەیەکی پڕترو چالاکتر بڕوات کەخولقێنەری کەلتوورو نائومێدی خەون و سەربەستییە.

ئەو بوونەی جولانەوە ڕەت دەکاتەوەو واز لەپرۆسێسی کردارەکان دێنێ بریتییە لەوبوونە پاکژو بریقەدارەی ناو بێکۆتایی کەچی مەرگەساتی مرۆڤ و گشت بوونە کەونییەکان بریتییە لەوەی : لەلادان بەرەو ڕەهایی تەنیا لەڕێگەی لادانێکی حەیاتییەوە دێتەدی بۆ کۆتایی هێنان بەناتەواویی جیهان.

بەڵام ئایا مردن ڕزگاربوونە؟ باوەڕناکەین مردن کۆتایی کردەوەکانمانەو دەمانکا بەمێژوویەکی نەگۆڕ خۆ ئەگەر گەشانەوەی بوونی مرۆیی لە پرۆسەکردنی کردارەکاندا بێ بەرەو ڕاستییەکی کۆتایی ئەوا مردن واتە کۆتایی ئەو گەشانەوەیەو وازهێنان لەهەر گەنجێتییەکی شیاو.

ناوچەی شیعر بەپەرژینی ژیان و مردن سنووری بۆ نەکێشراوە. ڕاستە شاعیر لەناو فەزای ژیاندا ڕووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە بەڵام ئاگایی ئەو شاعیرە بۆئەو جیهانەی مامەڵەی لەگەڵدا دەکا ئاگاییەکی پراگماتی یا ئەرثەدۆکسی نییە.

ناوچەی شیعر بیابانێکە لەلایەن کەسانی دییەوە نابینرێ. مەزنێتی شاعیریش لەو توانایەدا پەنهانە کەبتوانێ بچێتە نێو قوولایی ئەو بیابانەی لەنێوان هەردوو جەمسەری ژیان و مەرگدا درێژبۆتەوە لەنێوان ئەو شتانەی ماون و ئەوانەی نەماون. شیعری باش لەبوونێکی فانییەوە تەماشای خەونی دوابوون دەکا ئەمە مامەڵەکردنێك نییە لەگەڵ بونێکی ڕۆژانەیی یان ساتە وەختی لەلایەك و

هەواڵنامەی کتێب

لەلایەکی تریش بوونی کۆتاییەکی ڕەها بەقەدەر ئەوەی چەند پرسیارێکی وجودییانەیە لەبەرامبەر وەهمی خۆ نوشتاندنەوەیەکی ڕەها بۆ جیهان.

لە ((یاجینا فانیکا))ی حەکیمی هیندیان پرسی : ئەوە چییە لەسەر ئاسمان و لەژێر زەویدایە لەنێوان زەوی و ئاسمان ئەوەی خەڵکی ناویان لێناوە ڕابردوو وئێستاو ئایندە ئەمە لەسەر چی دەوەستێ یاخوود لەسەرچی دەچەمێتەوە ؟ وتی : ئەو کەسە لەبۆشاییدا دەچەمێتەوەو خۆی دەگرێ ؟ وتی : ئەمە ئەو شتەیە کە براهمەنی پێی دەڵێ (نافانی) کە نەژوورەوەی هەیە نە دەرەوە نافانی بینەرێکە هیچ نابینێ گوێگرێکە هیچ نابیستێ ڕوناکبیرێکە عاقڵ نابێ تێگەیشتوویەکە تێناگات. ئەم حیکمەتە هیندییە بیابانی شیعر ڕووناك دەکاتەوە ئەو بیابانەی زەمەنەکان ناچاردەکا لەبۆشاییدا بچەمێتەوە کەئەویش بۆئەو ڕۆژە دەچەمێتەوە نە ناوەوەی هەیە نە دەرەوە. لەم ژوورەدا شاعیرێك دەوەستێ کە بەزمانێکی تەماوی و ناڕۆشن باسی ئەو شتە دەکات کەلەهەموو شتەکاندا جێگیر دەبێ بەڵام گشت ئەو شتانە نا کەهەموو شتەکان ئایناسن ئەوەی کەجەستەی بریتییە لە گشت شتەکان.

ئەم ئاگاییە (دیالێکتێکی – وجودی)یەی شیعر سۆفیەتێکی نوێ نییە، ئیدی لەئاگای شاعیرەوە گشت تواناکانی ڕزگاربوونی میتافزیکی دەکەوێ، بەڵام لەهەمان کاتدا مرۆڤ دەخاتە بەرامبەر سەختترین ڕاستییەکانی ژیان: ئاشکراکردنی تراژیدیاکانی بوون لەجیهانێکدا بەملیۆن نهێنی تیا پەنهانە. ئاخۆ بۆچی شیعر نووسراوە کە لەبیابانی زەمەنەکاندا بوونی هەبێ ؟ ببێ بەتیشکێك تاریکایی جەستەو شتەکان و کەون و مێژوو بسمێ لەتەك وەرگرتنی قودرەتێك کەدەتوانێ لەگەڵ هەرخوێندنەوەیەکدا چەند ناوچەیەکی دی ڕۆشن بکاتەوە ؟ ئایا قەسیدە مافی ئەوەی نییە لەگەڵ مەسەلە ڕۆژانەییەکانی مرۆڤدا سەودا بکات؟ ئەی بۆچی ئێمە شیعر دەنووسین ؟

کتێبخانەی هەولێرنامە

## باخچەکانی فیکر

هەرکەسێ چاودێری پێکهاتەی زمانەوانی بکا دەشێ زۆر بەئاسانی ئەو ڕاستییە بدۆزێتەوە کەلۆجیك جەوهەری پێکهاتەی پەخشانی پێك دێنێ بەو پێیەی ئامرازی گەیاندن و لێکگەیشتنی نێوان خەڵکییە زمانی ڕێککەوتنە کەلەسەرووی مەسەلەی چینایەتیشەوە هەروەك ستالین ئامازەی بۆدەکا. جگە لەوەی جیهانی زمان جیهانێکی ڕووتەو لەگەڵ پێدان و ئەو وێنە گشتییانەی زەین لەسەر شتەکان مامەڵە دەکا خەڵکی لەڕێگەی زمانەوە جیهانە تایبەتییەکەی خۆیان بەڕێوە دەبەن.

بەڵام ئەمە بەومانایە نییە کەخەڵکی لەنێو یەکدیدا بەشێوەیەکی قووڵ و کامڵ دەتوانن لەڕێگەی زمانەوە لەیەکتر تێبگەن لەبەرئەوەی زمان زۆرجار ناتوانێ لەڕێگەی وشەوە هەستە ڕاستەقینەکان بگوازێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر وتت : من برسیمە یان بریندارم ئەوا دەشێ ماناکەی سەبارەت بەخوێنەر یان گوێگر لەمیانی حاڵەتێك دەرکی پێ بکرێ کەتیایدا برسی بووە یاخوود برینداربووە ئەوەش حاڵەتێکی تایبەتییە بۆتە هۆی پێکهێنانی ڕوانینێکی گشتی و جێگیر بۆ ئەو حاڵەتە. ئاگایی گوێگر ئاگاییەکی تایبەتییە بۆ وشەکان کەهەمیشە لەڕێگەی ئەزموون یان بینین یا لەڕێگەی مەزەنەیەکەوە وەری گرتووە. هەر وشەیەك خاوەنی چەند ڕەهەندێکە وماناکەی دیاری دەکا. کاتێ کەسێك باسی ئەوینی خۆیم بۆ دەکا کەبەرامبەر ئافرەتێ هەیەتی ئەوسا من لەڕێگەی ئەوینی خۆم بۆ خۆشەویستەکەم لەو ئەوینەی ئەو دەگەم لەبەر ئەوە تێگەیشتنی ئێمە بۆ وشە جیاوازو دژ بەیەك دەبێ کەڕەگێکی تایبەتی و شەخسی هەیە زمانیش لەباشترین حاڵەتی گەیاندنیدا پشت بە جوڵانەوەی زەین و یادەوەری دەبەستێ سەیریش نییە ئەگەر زەین لەساتە وەختێکی دیاریکراودا نەتوانێ بگاتە داڕشتنێکی چاکی زمانەوانی بۆ مەسەلەیەك ئەگەر چی وشیاری ئەو مەسەلەیە لەلای کەسی قسەکەر لەڕووی هەستییەوە وشارییەکی موتەکامیل بێ. ئەم جۆرە تێڕوانینە بۆزمانی پەخشانی ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کەتەنانەت لەمەسەلە ڕۆژانەییەکانیشدا جاری واهەیە بەزەحمەت لەیەکتر تێدەگەین جا ئەگەر دەرك بەوە بکەین کەلۆجیکی

شیعری جیایە لەلۆجیکی پەخشانی ئەوسا زەحمەت نابێ ئەگەر جەخت لەو ڕاستییە بکەین کەزمانی شیعر زمانی گەیاندنی ڕۆژانەیی نییە لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا لەکاتێکدا پەخشان تێدەکۆشێ تازۆرترین تێگەیشتن دەستەبەری بکا شیعر هەوڵ دەدا شتی نائاسایی بسمێ لەشتی ئاشکراو دۆزراوە بۆ شتی نەدۆزراوە.. بۆ ئەو ڕاستییەی لەپشتی ئازارەکانی جەستەدا وەستاوە هەروەها بۆ ئەو خۆشییەی لەدەریادا دەرکی پێ ناکرێ بۆ ئەو نهێنییەی لەپشتی گەڕانی مرۆڤ لەناو ئەم هەسارەیەدا حەشار دراوە، هەسارەیەك كە جگە لە دەنکە لمێکی ناو بیابانی کەون شتێکی تر نییە.

ناشێ لەشیعردا بەناو باخچەی فیکرە بەسەرچووەکاندا گوزەربکەین، شاعیری ((سیاسی))ی چاك ئەو شاعیرە نییە کەچەند بەیانێکی سیاسی دەنووسێ وەتێیدا لەلایەك هێرش دەکاتە سەر دوژمنان و لەلایەکی تر تەمجیدی ئەو جەنگاوەرانە دەکا کەلەپێناوی سەرخستنی فیکرێك یان بیروباوەڕێك دەجەنگێن چونکە ئەوجێکەوتە عاتیفییەی شیعر پرۆسەی دەکا مومکین نییە خزمەتی ناکۆکییە کۆمەڵایەتییە عەقڵانییەکان بکا : ئەمە کەوتنێکە لەناو ((بەش))دا کەناتوانێ ببێتە خاوەنی ئەو ڕاستییەی کە لەگەڵ گشت شتەکان و لەگشت زەمەنەکاندا دەدرەوشێتەوە چونکە پابەندی ماوەیەکی دیاریکراوەو دەڕژێتە ڕووباری خۆپەرستییەوە. شاعیری چاك تائەگەر سیسیش بێ هەوڵ دەدا بەجۆرێ تەماشای شتەکان بکا وەك بڵێی یەکەمجارە دیانبینێ و وەك بڵێی لەهەمان کاتدا خۆی دروستی کردوون. دیسان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو جیهانەی بەپەرۆشەوە تێی دەڕوانێ تێدەکۆشێ لایەنگیری ساتەوەختی سیاسییانەی خۆی تێپەڕێنێ و بەرەو لایەنگیرییەکی فراوانترو بەرەو گشت وەچەکان هەنگاو بنێ. شاعیر ئینیما بۆ خەونی گشتیی بەشەرییەت دەکا ئەو خەونەی مومکن نییە لەهیچ زەمەنێکدا بێتەدی ئەو خەونە بەحوکمی تێڕوانینە بێ کۆتاییەکانی هەمیشە دەبێ بەشتێکی ئایندەیی. ئەو شاعیرەی خۆی دەکا بەجاسووسی بەشەرییەت کەتەنیا خۆی ئەو نهێنییە دەزانێ کەکەسانی دی نایزانن تێدەکۆشێ گشت خۆ پەرستییەکانی زەوی‌و ناکۆکییە ڕۆژانەییەکان تێپەڕێنێ لەپێناوی ئەوەی ببێتە شایەتێك بۆ

بزاڤی مێژوو جیهان. ((دانتی)) لەسەر خەڵکانێکی نووسیوە کەدەیناسین و ڕکی لێ دەبوونەوەو خۆشی دەویستن و لەمیانی ڕوانینە شمولییەکەی خۆیەوە هێنانیە دەرەوەو فڕێی دانە دەرەوەی کەسایەتی خۆیان سنووری خۆیانی بەرەو بایەك تێپەڕاند کەگشت ڕووبەری ئەم جیهانە دادەگرێ. لە ((کتێبی قارەمانەکان))دا قەسیدەیەکی شاعیری کوبی ((پابلۆ ئەرماندۆ فیرناندز)) هەیە لەسەر یەکێ لەکچە قارەمانەکانی شۆڕشی کوبا دەڵێ:

بەناوی ئەو کچە قارەمانە قسەدەکاو
گشت ناو دێرینەکانی ئافرەتان
لەلێوو گەروویدا گەورە دەبێ
کەبەناوەکانی ڕابردوو بانگیان دەکا
ئەو هێشتاکە بەردێکی زیندووەو
ئاماژە بۆ خوارەوەی ڕێگەکانی زەوی و ئاو دەکا
ئەو بۆئێمە خوشکێکی گەورەو گەنجە
ڕۆژان دەڕۆن و ناگەڕێنەوە
ئەو نە لەئاسمانەوە هاتووە
نە لەزەوی
دووچاوی گەورەی هەیە
وەك ناوی خۆی جیهان دەناسێ
ئەگەر شادییەکی مەزن ببینێ
بەناوە دێرینەکانی بانگی دەکا

ئەم قەسیدە جوان و سادەیە تەنیا بۆ تەمجید کردنی ((هایدا سانتاماریا))نییە بەڵکو بووە بەقەسیدەی ئەوین و ئاراستەی گشت دایك و خوشك و ئەویندارو خەباتگێڕێك کراوە شاعیریش لە میانی یەکگرتنی سانتاماریا بەکبریائی زەوی کوباوە شێوە ڕۆژانەییەکانی تێڕوانینی سیاسی و زمانی ڕاستەوخۆو پڕوپاگەندەیی ڕەت کردۆتەوە.

## ناوچەی شیعر

لەهەموو جیهاندا یاسایەك نییە شاعیر بێبەش بکا لەبەکارهێنانی پێوەندییە مرۆییەکانی خۆی بەڵکو بەپێچەوانەوە شاعیر گشت ماددەی شیعرەکانی لەجیهانەوە وەردەگرێ بەڵام جیهانی شاعیر ئەو جیهانە بینراوە نییە کەپڕیەتی لەیاسا لۆژیکییەکان بەڵکو جیهانی شاعیر بریتییە لە : ((جیهانی بینراو + جیهانی نەبینراو + جیهانی تایبەت + وەچەکان و زەمەنەکان)). بەپێی ئەم ڕوانینە جیهانی شاعیر بەشێوەیەکی تایبەتی فۆرمەلەکراوە لەناو خەونێك کەلەیەك ساتدا گشت بوونەکان یەك دەخات و لەیەك ساتیشدا تێکیان دەڕمێنێ.

شاعیریش لەگەڵ پێوەندییە ڕۆژانەییەکاندا بۆ ئەوە مامەڵە ناکات تاجەخت لەو پێوەندییانە بکات بەڵکو لەپێناوی سمین و برینی ئەو پێوەندییانە بەرەو ئەو پێوەندییانەی دەرکیان پێ ناکرێ و شتی ڕۆژانەیی و جوزئی دەکەن بەشتێکی وەهمی فریودەر لەبەر ڕۆشنایی ڕاستییە گشتییەکانی گەردوون و بوون و مردن. شاعیر پەیامبەرێکە تێگەیشتن لێی زەحمەتەو لەنێو ئاهەنگی ژیاندا پرسیاری گەلێ سامناك دەکات کەلەوانەیە ئەو پرسیارانە بەپێوەرێکی پراگماتییانە زۆر گرنگ نەبن بەڵام وامان لێدەکا ڕووبەڕووی خۆمان ببینەوەو ئاگادارمان دەکاتەوە لەقەیرانی ئامادەبوون لەو ئاهەنگەدا. شاعیر پێشوەخت باسی ڕاستییە زانراوەکانمان بۆ ناکات بەڵکو باسی ئەو ڕاستییانە دەکا کەلەناوماندا هەیە بێ ئەوەی توانای گرتنیمان هەبێ چونکە ئێمە ناتەواوین و ناکۆتاییش هەر ئاوا دەمێنینەوە لەبەر ئەوەی گشت بوونێکی زیندوو هەمیشە ناتەواوە شیعر تەقەلا دانە بۆکۆتایی هێنانی ناتەواوییەکانی جیهان لەڕێگەی ڕۆیشتن بەڕووی دنیاداو لەسەر فڕۆکەی خەون. چوونە نێو ناوچەی شیعر حەز لەچوونە نێو شارێکی ئەفسووناوی و تەماوی دەچێ گشت شتێك تیایدا لەدەرەوەی مەعریفەیەکەی پێشوەختە بەرائەتی خۆی وەردەگرێ لەتەك ئاگایی بوونی هێزێکی خەونئامێز کەتا ئەبەد دەسەڵاتی بەسەر ئەو شارە کۆتکراوەدا هەیە. ئەو شاعیرەی بەتووندی دەرگای ئەو شارە دەکاتەوە مومکین نییە وەك جەنگاوەرێکی سەرزەوی بێتە ژوورێ تاهەوڵ بدا شارەکە لەدەسەڵاتی ساحیرێکی

بەهێز ڕزگاربکات بەڵکو وەك میوانێکی حەپەساو کەئەویش کەوتۆتە ناو کۆت و بەندی سیحری بەرائەتەوە ئەو ڕاستییەی ڕەنگی شتەکان دەگۆڕێ و زەمەن ڕادەگرێ و خەون و واقیع، ئایدیال و دیالێکتیك، ژیان و مردن تێکەڵ دەکات.ئێمە دەربازبوونی حەقیقی نامومکینەو هەر پشکنینێك بەدوای دەربازبوون جگە لەپشکنینێکی میتافیزیکییانەی بۆشایی شتێکی تر نییە. ئێمە شیعر لەمیانی گەنجێتی ڕۆحدا دەنووسین لەتەماسیدا لەگەڵ ڕاستی کەئازاری قەوارەمان دەدا ڕەنگی خوێنمان دەگۆڕێ لەشیعردا هەوڵ دەدەین چڕێتی بەجەستەکان بدەین و چەند ڕێگەیەکی دی بدۆزینەوە کە دەمانگەیەنێتە خوا گوزەرێکە بەهۆی سێبەری کۆی گشت ئەو شتانەوە دروست بووە. لەگوزەری شیعردا گشت شتەکان و فیکرەکان و کێشەو خەمەکان لەیەك جەوهەردا کۆ دەبنەوەو یەك دەگرن تا ماددەی شیعرێك پێك بێنن.

## دروستکردنی خەون

ئەگەر چی جیهانی شیعریەك جیهانە بەڵام دوو ئاسمانی هەیە : ئاسمانی واقیع و ئاسمانی خەون شاعیریش بوونەوەرێکە لەشتەکانی واقیعەوە جیهانەکانی خۆی دەخوڵقێنێ ئەویش سەرچاوەی گەشانەوەو شکست و خەمەکانیەتی. درەخت و زەوی و بیابان و دەریاو شەو و ڕۆژ لەبینینی ئەو بوونەوەرەی پرۆسەی نووسینی شیعر دەکا دەبن بە فەرشێکی سیحری بۆ شاعیر کەبەرەو جیهانی تایبەتی خەون دەفڕێ. ئەو شتانە لەشیعردا جەوهەری واقیعی خۆیان ون دەکەن و دەبن بەکۆمەڵێ هێماو ئاماژەی ڕووناك لەئاسۆیەکی نێژراوی نێو شەوی سەفەر. ئەوەی واقیعییە زۆر گرنگە بەو پێیەی سەرچاوەیەکە کۆتاییەکی بڕیاردراوبێ. مامەڵەکردنی واقیعی وەك سەرچاوەیەکی درەوشاوە واتە واقیعیەت کار بۆ فۆرمەلەکردنی باڵندەی خەونەکان دەکا. ئەگەر فرۆید واقیعو خەون لەیەکتر جیا دەکاتەوەو تێکەڵ بوونیان بەحاڵەتێکی نەخۆشی دادەنێ کەچی شاعیر وای دەبینێ کەتەنیا یەك جیهان هەیە ئەویش جیهانی ((واقیع – خەون)) یان ((خەون – واقیع))ـە. فرۆید لەکەسانی دی باشتر باسی

بوونی دوالیزمییانەی کەسێك دەکات، لەکاتێکدا جەستەم پرۆسەی گەشانەوەی تەماس لەگەڵ شتەکاندا دەکا ((هەڵوێستی دەرەکی)) سەرم پرۆسەی گەشانەوەی چوونە ناو قووڵایی فیکرەکان دەکا ((هەڵوێستی ناوەکی)) کەلەسەر شەقامدا — ڕێ دەکەم پێیەکانم لەسەر قیرەکەن و چاوەکانیشم بڕیوەتە ئافرەتێك ئۆتۆمۆبیلێکی قەشەنگ دەئاوێژێ کەچی دەشێ بیرکردنەوەم لەشوێنێکی دیکەدابێ، لەژوورێکدا بێ لەلای لاشەیەکدا بێ کەفڕی دراوەتە سەر ئاوێك یان بیرم لەچاوەکانی ئافرەتێك بێ، داخۆ من لەڕاستیدا لەکوێ ؟ هەرچەندێ دەرەوە ڕەق بێ لەهەموو شتێکدا کەپەیوەندییەکی کۆیلانەی هەبێت بەقەدەر ئەوە ناوەە ئازادو پاکژو دینامیکی دەبێ، کاتێکیش ناوەوە دەبێ بەپەناگەی هەڵاتن لەدەست توندوتیژی دەرەوە، ئەو کەسە بەنەخۆش دادەنرێ. دروستکردنی خەون لەحاڵەتە سروشتییە مرۆییەکاندا بەهاوینە هەواری جەستەو فیکر دادەنرێ. کاتێکیش ئەم پیشەسازییە دەبێ بەکۆمپانیایەکی مۆنۆپۆڵیی فراوان دەست بەسەر هەموو شتێکدا دەگرێ، ئەو کەسە دەکەوێتە ناو داپچڕان ((انفصام))ێکی تیژەوە لەنێوان دەرەوەو ناوەوە. تەنانەت لەم حاڵەتی نەخۆشییەدا دەشێ ئەمە بۆ شاعیرو هونەرمەند سود بەخش بێت ئەگەر بلیمەتی و زیرەکییەکی وایان هەبێ کەکێشە سەرەکییەکەی خۆیان وەك شاعیرو هونەرمەند لەبیرنەچێتەوە. ((ڤان کوخ)) لەدوا ڕۆژەکانی ژیانیدا بەو جۆرە دەژیا. خەونی شیعری خەونی وڕێنە نییە ئەگەرچی هەندێ جار وڕێنە لەخۆ دەگرێ بەڵام ئەمە خەونی بوونەوەرێکە کەلەپێناوی گەیشتن بەڕاستی، سەرکێشی دەکا، بەگەشانەوەیەکی زۆرەوە بەسەر شتەکان و بەناو شتەکان و لەدەرەوەی شتەکان و دەفڕێ لەپێناوی دۆزینەوەی خەم و خۆشی، لەپێناوی جەخت کردن لەخۆی لەجیهانێکی قورس و خاوەن کەسێکی نادڵنیا. جائەگەر خەونی شیعری بابەتی قەسیدە بێ ئەوا گەیشتن بەو خەونە لەمیانی سمینی واقیعی ئاساییدا بەهیچ جۆرێ ئاسان نییە، چونکە گەیشتن بەو جۆرە خەونە واپێویست دەکا هەموو شتێکی گەردووە ((مێژوو و سیاسەت و زانست و فەلسەفەو مەرگ و بوون و ئایندە)) لەنووسینی شیعریدا وەك جەوهەرێکی یەکگرتوو بوونیان هەبێ. شاعیری مەزن بەرەو ئاسمان

بەرزدەبێتەوەو هەموو شتێ دەبینێ : زەوی و دەریاکان، خەڵکی و درەختەکان..تاد، بەڵام شاعیر هەرچەندێ بەرەو بەرزی بچێ، ئەو شتانە بچووك دەبنەوەو پەرت دەبن، ئەو لەم فڕینە ڕەسەنەیدا بەرەو ڕاستی، لەلایەك مەزنیی شتەکان ئاشکرادەکا لەلایەکی دی ناچیزەیی ئەو شتانە دەردەخا. ئەو شاعیرەی تەنیا درك بەمەزنێتی شتەکان بکاو لەنێوان شتەکاندا بژی، مومکین نییە گێڕەوەیەکی ڕاستەقینە دیسان ئەو شاعیرەی لەجیهاندا نەژی و مەزنێتی شتەکان نەزانێ ناشێ ببێتە شاعیرێکی مەزن. ئەو شاعیرەی لەشیعرەکانیدا بگاتە پەیامبەری شاعیرێکە هەموو شتێك دەزانێ و ناشزانێ، دەڵێ و ناشڵێ، شاعیرێکە ئەگەرچی لەم جیهانەدایە، بەڵام تیایدا نییە، شاعیرێکە زۆرترینی ڕاستییەکانمان بۆ ئاشکرا دەکا بێ ئەوەی مسۆگەرو دڵنیا بێ لەو ڕاستییانە.

چۆن ئەم جیهانە دەدۆزێتەوە ؟ گەیشتن بەجیهانێکی لەم جۆرە بەهیچ شێوەیەك ئاسان نییە لەبەرئەوەی بەنێو بیاباندا نەخشەیەکی مرۆڤایەتی قەناعەت پێهێنەر نییە، ئەگەر چی هەندێ لێکۆڵینەوەی نوژداری جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کەحاڵەتی تەندروستی عەقڵی شاعیر ڕۆڵێکی گرنگ لەداڕشتنی جیهانی شیعردا دەبینێ، بەڵام هەندێ حاڵەتی نەخۆشی وەك دەمارو هیستریاو شیزۆفرینیاو زوهەری، دەشێ یارمەتی خولقاندنی خەونی نامۆو سەیرو سەمەرەو وڕێنە ئامێزو دژ بەیەك و درەوشەدارو تاریك بدات، بەڵام بەبێ ئاگایی لەجەوهەری بزاڤی گشتیی هەموو شتەکان، دەبێ بەچەند خەونێك لەکەللەی ئەنارشیستێك، هەروەها چەند خەونێکی ڕووکەشانەی وشیارییەکی ڕووکەش.

## ڕێگەکانی گەیشتن بە خەون

خۆئەگەر خەونەکانی نەخۆش لەوە دەربچێ درەوشانەوەی ووشیارییەکی تیژبێ بۆ جیهان و بەخەونی ڕووکەش دابنرێ، ئەوا خەونی شاعیرە میتافیزیکییەکانیش لەدەرەوەی شتەکاندا دەتوێتەوە. وشیاری لێوردبوونەوە توخمێکی بنەڕەتییە لە شیعردا بەڵام نەك لەمیانی لەبیرچوونەوەی چڕێتی بوون و گەشانەوەی شتەکان و پرسیارە وجوودییەکان، بەڵکو لەمیانی پێکەوە بەستنی ((شت)) و ((بیرۆکە))وە.

وشیاری تێڕامانی میتافیزیکی کەدەگاتە باوەڕێك دەڵێ : ڕاستی بوونێکی فکریی ڕەهایە لەدەرەوەی جووڵانەوەی شتەکان، شتێکە لەهەوادا هەڵواسراوەو ئەویش دەکەوێتە نێو داوی فریودانەوە. هەر باوەڕهێنانێکی یەقینی کەچارەسەری کۆتایی بۆ قەیرانەکە پێشنیاربکا، شیعر دەکا بەتەپڵێکی سۆفییانە، چونکە تاکە لێوردبوونەوەیەکی شیاو بریتییە لەتەماشاکردن بەدووچاوی بێگوناهو لەهەمان کات زۆر وشیار لەکاتی فڕیندا بەرەو ڕاستی و خەون کەشاعیر دەکا بەپاشای گەردوون. هەر وڕێنە ئامێزدا کامێرایەکی تەلەفزیۆنی تۆمارکەر هەڵبگرێ، لەگەڕانەوەشدا دەبێ مۆنتاجێکی تەواو بکات نەك لەپیچناوی دەرخستنی ڕوونی و گەیشتن بە بەهایەکی هونەری بەرز بەڵکو لەپێناوی ئامادەکردنی کاسێتەکە بۆ پێشاندانی لەسەر شاشەی هۆشیاری، هەروەك لەخۆچوونی میتافیزیکی کەخەونی میتافیزیکیمان پێشکەش دەکات کافی نییە چونکە یەك ڕەهەند بۆ جیهان پێشنیار دەکا کەدەشێ ئەو ڕەهەندە لەمیانی گەڕان بەدوای پشوویەکی ئاساندا ڕاستەقینە هەوڵ دەدا بەڕێگەی تایبەتی خۆی بگاتە ڕاستی، لەتەك ڕێزگرتنێکی تایبەتیی ئەو ڕێگایانەی یارمەتیی دەدەن بۆ گەیشتن بەو ڕاستییە، بەڵام نابێ لەبرینی ئەو جیهانە دژ بەیەکانەدا بکەوێتە ناو زیندانەکانیەوە، چونکە پیشەی شیعر هەر کۆیلایەتییەك ڕەتدەکاتەوە، شاعیر وەحشێکە لەدژی گشت شتێك دەوەستێ و تەنانەت شکستی بەخۆیشی دێنێ ئەگەر بەپێویستی بزانێ، هەروەها لەبارەی جیهانێك دەنووسێ لەو باوەڕەدایە پڕیەتی لە هەوای ڕاستی. خەونی قەسیدە لەگشت سەردەمەکاندا بریتییە

هەواڵنامەی کتێب

لەخەونی جێهێشتن و تێپەڕاندن و چەسپاندنی ئاینێکی نوێ کەتەعالیمی نوێ ناسەپێنێ بەڵکو بەبێ وشە خۆمان و ئەو جیهانە دەناسین کەتیایدا دەژین.

بائەگەر شاعیر هەمیشە دووچاری کۆت و بەندی دەرەکیی ڕەوشت بووبێ ئەوسا دەبێ بەشێکی گرنگی ژیانی خۆی بۆ دۆزینەوەی ڕێگەکانی گەیشتنە خەون تەرخان بکات، خەونێك ڕوانینێکی خوڵقێنەر بۆ لەخۆبگرێ.

حەکیمەکانی ڕابردوو هەوڵیاندا لەم جیهانەمان نزیك بکەنەوە، کەچی ژیانی ڕۆژانەمان بەبەردەوامی ئەو حیکمەتانەی لەبیردەبردینەوە کە پێشکەشیان کردووین، خۆئەگەر بەزەروورەت پێویست بکا کلیلەکانی ئەم جیهانە بدۆزینەوە ئەوا کلیلی یەکەم بۆ خەون بریتییە لەپاشەکشە پێکردنی دەسەڵاتی ئاوەزی هوشیارو سڕکردنی لەدوای ئاشکراکردنی نەداری لۆجیکی ماتماتیکی. حەکیمەکانی سەدەکانی ڕابردوو پەنایان دەبردە بەر گۆشەگیری و تەنیایی تا ڕاستییەکانی ئەودیوی شتەکان بزانن چونکە گۆشەگیری و تەرکیزکردنە سەر بۆشایی، ئاوەزی هۆشیار فڕێ دەدەنە ناو داوی ترسێك کەسەرەتای پەیژەی سەرکەوتنە بەرەو ڕاستی، لەڕێگەی ئەم ترسە کەونییەشەوە پرسیارە ترسناکەکان لەناو پاکی و بێگەردییدا دەکرێن : بۆچی من لێرەم ؟ جیهان چییە ؟ چۆن دەستی پێکرد ؟ چۆن کۆتایی پێدێ ؟ ئایا پێویستە بمرم ؟ کەواتە بۆچی هاتمە سەر ئەم دنیایە ؟ کەقۆناغی پرسیارکردنیش تەواو دەبێ ئیدی قۆناغی گومان کردن لەهەموو بوونەکانی دنیا دەست پێدەکات، کاتێکیش شەوی گومان کۆتایی دێ، ڕۆژی ڕاستی هەڵدێ : واتە ڕوانینێکی تایبەتی بۆ جیهان بوون. دیارترین خەونبینەکانی زەوی : کۆنفۆشیۆس و زردەشت و بودا، لەم ئەزموونەدا ژیاون. ئەزموونێکی دیکەی کۆن بۆچوونە نێو خەون هەیە ئەویش ئەزموونی سۆفی یان دەروێشی یان مرۆڤێکی سەرەتایی کەلەمیانی چەند جوڵانەوەیەکی توندو نائاساییدا بوونی ماددیی خۆی پشتێك دەکا لە تەك تەرکیزکردنێکی تەواو لەبۆشاییدا. هەندێ جاریش خەون پێك هاتەی ماددی جەستە تێدەپەڕێنێ بەجۆرێ جەستە خۆیشی دەبێ بەبەشێك لەڕوانینی خەونەکە، ئەو جۆرە کەسانە خاوەنی تەرکیزێکی ڕۆحی بەهێزن بەڵام مەرج نییە گشت ئەوانە دەهێنەربن،

ئەوانـەی داهێنـەرنین هێـزی خوڵقانـدنیان نییـە و نـاتوانن لـەڕوانینی خۆیانـەوە جیهـانێکی نـوێ فۆرمەلەبکـەن. فۆرمەلەبکـەن. بـاوترین ڕێگـەی گەیشتن بەخـەون بریتییە لەبەکارهێنانی مادده سڕکەرەکان چونکە زۆربەی ئەو کەسانەی لەپەراێبەر نیگەرانیی دەستەوستان دەمێننـەوە، پەنا بۆ تلیاك و حەشیشە دەبەن. بێگومان گەشتی خەون ئامێزی ئەفیون لەبەرامبەر گەشتی ژیاندا زۆر دەست کورت و بێ توانایـە، لێـرەدا ترسـناکی ئـەم جـۆرە ڕاکردنـە، سـەبارەت بەشـاعیر، خـۆی حەشـاردراوە، شـاعیرانی وەك ((کۆرسـۆ)) و ((کینـزبیرگ)) و ((فیرلنگهیتـی)) بەبـەردەوامی مـادده سـڕکەرەکانی جـۆری ((ل.س.د)) یـا ((مـاریوان)) بـەکاردێنن پاساویشـیان بۆئـەم کـارە ئەوەیـە کـەماددەی ((ل.س.د)) لـەمیانی سمینـە پلـە جیاوازەکـانی عەقڵـدا لـەخوا نزیکیـان دەکاتـەوە، دەشـێ ئـەم شـێوە ئەزموونـە هاوچەرخانە بایەخێکی تایبەتیی هەبێ بۆئەو شاعیرانەی دەیانەوێ خۆیان نوقمی نـاو جیهـانی هیسـتیری و شێتی و فـەنتازی بکـەن، بـەلاَم شـاعیری ڕاسـتەقینە کەدەیـەوێت ببێتـە دەنگـی گشت وەچـەکان، تێدەکۆشـێ خـۆی لەوجیهانـە بەدووربگرێ، ئەوشاعیرە لەجیهانە هیستیری و فەنتازییـەکان ناترسـێ و بـەهیچ جۆرێك لەدژیان ناوەستێ بەلاَم مومکین نییە ئەمانە لای ئەوبن بەمەسەلەیەك.

لێـرەدا ڕێگەیـەکی تـر بـۆ گەیشـتن بـەئاگایی خونئـامێز هەیـە ئـەویش نووسینە، ئەو کاتەی مرۆڤ لەخەونووچکەو باوێشك نزیك دەبێتەوە ((واتـە لـەنێوان خـەوو بێداریـدا بنووسـێت)) پەیژەیـەکی تـرە بـۆ بیرکردنـەوەی خـەونئامێز دوای وازهێنـانی عـەقلی هۆشـیار لەلاسـایی کردنـەوە، گواسـتنەوەی ئـەم حاڵەتـە بـۆ حاڵەتێك کەبشێ لەڕێگەی چەند ئەزموونێکی بەردەوامەوە نـوێ بکرێتـەوە. دەشـێ بەشێوەیەکی ئەزموونگـەری سـوود لەگشـت ئەو شـتانە ببینـرێ، پاشـان نـابووت کردنـی لـەدوای دەسـتگرتن بەسـەر حاڵەتەکەو لەڕێگـەی هۆشـیارییەکی تـەواوەوە جارێکی تر ئامادەبکرێ، هەروەها ڕاهێنانی ڕۆح لەسەر تەملیك کردنی ئەو هێزەی دەتوانێ پەیژەی یەکەمی هۆشیاری بەرەو پەیـژەی دووەم و سێیەم و چوارەم و.. تـاد، ببـات تائـەوەی شـاعیر دەگاتە دوا پلـەی پەیـژەی تێگـەیشتن ((تەماشـاکردنی هەمووشتێ لـەمیانی تـەرکیزکردنی گشـت گـەردوون و مێـژوو و بوون)) کـاتێکیش

شاعیرێك توانای ئەوەی دەبێ لەوێدا بوەستێ و قسەبکا، ئەوا کەسانی دی تێی ناگەن، بەڵام ڕۆشنایی تیشکی ئەو شاعیرە بەسە بۆئەوەی هەمیشە ناوەمان ڕووناك بکاتەوە. کاتێ قەسیدە دەگاتە بڵندترین ئاسمانی خەون ئەوسا لەهەموو شتێکدا بوونی دەبێ، لەدەریاو، لەبەردو، لەپیاو وشوێن، لەئەوین و ئازار. شاعیری ڕاستەقینە هەوڵ دەدا لەجیهان تێبگات نەك لە ناوەوەیدا گەمەبکات چونکە لەوانەیە خۆیشی بگۆڕدرێ بۆ گەمەیەك، ئەمەیش تراژیدیای زۆربەی شاعیرە لاوەکانمانە، شاعیرە باش و هەزەلی و ئەوانەی پێیان وایە یاریکەری تۆپی پێ لەڕێگەی چەند جووڵانەوەیەکی سەرنجڕاکێش کەپێوەندی بەیارییەکەوەنییە، سەرسوڕمانی خەڵکی بەلای خۆیدا ڕادەکێشێ ماتێ ڕوانینی شاعیر بە ڕاستییەوە پابەند دەکرێ ئەوسا گەمەی زەوی بەلاوە گرنگ نابێ، گوێ بە شێوەکان و ناوەکان نادات، ڕکی لەگشت ئەو شتانە دەبێتەوە کەدەشێ دووری بخەنەوە لەکەناری دڵسۆزی لەگەڵ خوداو ئەو جیهانەی لەهەناویدا دەژی.

خەون لەقەسیدەدا ئاسمانێکی پڕشنگدارە بەڵام مومکین نییە ببێ بەئاسمان بۆ ئەو کەسانەی ناتوانن پێی بگەن.. لەمیانی ئاگایی جیهانی واقیعی و لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێوەندییە گشتیانەی هەمووشتێ یەك دەخات.. تەنانەت بەنیسبەت خەونیش ناکرێ بەدنیایەکی هیستیری دابنرێ لەبەرئەوەی ڕووناکایی دەرەوەیە ژووری ناوەوە ڕۆشن دەکاتەوە، ناوەوە لەڕێگەی دەرەوە هێماکانی خۆی پێك دێنێ و هەر لەوێشەوە ماناو فیکرو کێشەکانی وەردەگرێ بەڵام بەڕێگەیەکی تایبەتی، خۆی لەگەڵیاندا دەگونجێنێ.

## هەڵوێستی ڕامیاری و ڕوانینی شیعری

ئەگەر خەون ئەسپی شاعیربێ بەرەو جیهانە نەبینراوەکان، لەهەمانکاتدا دەنگی ڕەتکردنەوەو بەرەنگاریکردنی ئەو نەهامەتییانەیە کەدنیایان گرتۆتەوە، ئەوە دەنگی ئەو شاعیرەیە کەلەدژی گشت ئاکارێکی بەربەرییانەو دروستکردنی ئازار ناڕەزایی دەربڕێ، جگەلەوەی شاعیر دەنگی گشت وەچەکان و جیهانە، لەهەمان کاتدا دەنگی سەردەم و نەتەوەو میللەتی خۆیەتی، بەڵام ئەرکی شاعیر ئەرکێکی فۆتۆگرافییانە نییە بەڵکو هەوڵ دەدا خواستەکانی مرۆڤایەتی لەمیانی بزاڤی مێژووییانەی سەردەم و نەتەوە دەربخات. لەلایەك جوانی سەردەم و هێزی نەتەوە دەوڵەمەند دەکا، لەلایەکی تر نائومێدی و نیگەرانی بۆ لاوازی و نەهامەتی ڕیسوا دەکا. بێگومان لەمیانی تێپەڕاندنی لاشەکانی فیکرو خەونە بەسەرچووەکان بەرەو ئاییندەیەکی باشتر. شاعیر هەردەبێ لەگەڵ دواڕۆژدابێ نەك لەبەرئەوەی بوونەوەرێکە خۆیشی تێدەپەڕێنێ بەڵکو لەبەرئەوەی ڕووخێنەرێکی بەهێزو گەورەشە. شاعیر لەمیانی ئەو هەڵوێستەی لەسەر جیهان و گەردوون و بوون وەریگرتووەو لەمیانی فڕینی بەرەو حەقیقەت، مومکین نییە لەتەك بیروباوەڕە کۆن و دواکەوتووەکاندا بوەستێ، تەوەری شاعیر تەوەری تەماشاکردنێکی مرۆییانەیە بۆ وجوودێکی پڕترو دواڕۆژێکی پڕشنگدارتر.

ئەگەرچی ڕوانینی شیعری جیایە لەڕوانینی سیاسی بەڵام لەکۆتاییدا ڕوانینی شیعری شۆڕشگێرترە. هەڵوێستی سیاسی کەدەشێ شتێکی ڕۆژانەیی و بۆقۆناغێك بێ، هەندێ شتی سنوردار دەخاتە ڕوو.. بەڵام هەڵوێستی شیعری گشت شتێکی ساختەو ناڕاستی و دوژمن بەئازادیی مرۆڤ دەڕمێنێ و سەرکێشییەکە بەرەو ئایندە لەمیانی جێهێشتنی گشت جیهان بەرەو جیهانێکی باشتر. ناکرێ ئەرکی شیعریش لەناو شتی لاوەکی و لابەلاو ڕۆژانەیی قەتیس بکرێ، چونکە ئەوشتە ڕۆژانەییە سیاسی بێ یان غەیرە سیاسی، چونکە شیعر بەشدارییەکی تەواو لەدروست کردنی کەش‌و هەوای شۆڕش دەکا. شاعیر لەژێر تیشکی ئەم جۆرە ڕوانینەدا هاندەرێکە بۆ شۆڕش و یاخیبوون، جەنگاوەرێکە بەچاوی هەڵۆوە تەماشای ئەو دواڕۆژە دەکا کەکەسای دی نایبینن. هەر گەشتێك

بەرەو حەقیقەت گەشتێکە بەرەو ئاگایی و تێگەیشتنێکی زیاتری مێژوو ومرۆڤ و جیهـان، گەشـتێکە بـەرەو ڕۆژانێـك كەهێشـتا نـەهاتوون، لەبەرئـەوە شـاعیری ڕاستەقینە هەمیشە لەگەڵ دواڕۆژدایە، واتە شۆڕشگێڕێکی پێشکەوتووخوازەو لەدژی داخرانەکانی کۆمەڵ و کۆمەلایەتی و چەوسانەوەو بیرۆکراتیەتدا جەنگێکی بـەردەوام بـەرپا دەکـات. ئـەو شـاعیرە خـۆی بـەدواڕۆژو خـەون و ڕاسـتییەوە دەبەسـتێتەوە، لەبەرامبـەر نەخۆشـییەکانی سـەردەمەکەیدا هەڵوێسـتێکی سەربازییانە وەردەگرێ، ئەو تەنیا ئیدانەی ئەوشتە ناکات، بەڵکو بەخوێنی خۆی شیعرەکانی دەنووسـێ کاتـێ هەسـت بـەو پێویسـتییە دەکـاو بـۆی دەردەکـەوێ کەمـەرگی ئـەو لەگەشـتە مرۆڤایەتییەکەیـدا بـەرەو حەقیقـەت، بایەخـدارترە، ((بایرۆن)) پاش ئەویش ((لۆرکا)) ئەم کارەیان کردووە.

ئیلتیزامی شاعیر تائەگەر لایەنگریش بێ، دەبێ ئیلتیزامێکی دڵسۆزانەو خاوێن بێ و لـەپاکێتی ناوەوە هـەڵبقوڵێ کەگشت کێشەکانی مرۆڤایـەتی و بوون تیایـدا یەکـدەگرن، ئیلتیزامێـك خـۆی نـەکا بـەبوقێك کەمەودایەکی خۆپەرستانەو ئاشـکرای هـەبێت. چـەندین شـاعیری بازرگـانی هـەن هەوڵیانـداوە لەسـەر شـانی ئیلتیزامـی سیاسـییەوە بەرزببنـەوە بەڵام نموونـەی ئەوکەسـانە بەشـاعیری ڕاستەقینە دانانرێن، چونکە شاعیری ڕاستەقینە خۆشەویستی کەسانی دی ناکا بەگوزەرێك کەخۆپەرستی خۆی دەربخات. لەڕابردوودا شاعیران بەدوای پاشاکاندا دەڕۆیشـتن و جەنگـە چـەپەڵەکانی ئـەوانیان تەمجیـد دەکـرد وەك ئـەوەی هـەموو شتێك بێت لەجیهانـدا، بەڵام شاعیری نوێ کەڕووبەڕووی گشت نەهامەتییـەکانی دنیا دەبێتەوە، لەناودۆزەخدا دەنوسێ و.. تاکۆتـایی جـەنگی ئازادی بـەرپادەکات، ئـەوە شـاعیرە کـەخۆی بەڕاسـتییەوە دەگـرێ لـەپێناوی ڕاسـتیدا دەجـەنگێ نـەك لەپێناوی خۆپەرستی و ناوداری، بەڵکو بۆئاشکراکردنی یەکێتی هـەموو شـتەکان، ئەو شاعیرە خۆی بەمێژووەوە دەگرێ لەپێناوی ئاییندەی مێژوودا دەجەنگێ، ئـەو شاعیرە پتر لەتەك قوربانییەکانی مێـژوودا دەوەسـتێ نـەك جوڵانـەوەی مێـژوو، ئـەو شاعیرە لەتەك مرۆڤدا بێ گشت ئـەو شـتانە دەڕمێنـێ کـەدواڕۆژی مـرۆڤ دەڕمێنن، گشت ئەو پێوەندییانە تێك دەدا کەنائومێدی و چەرمەسەریی ئەو دروست دەکەن.

تەنانەت ئەو شاعیرە بیەوێ دەنگی توێژێکی دیاریکراو بێ دەبێ گوزارشت لەخەونە بەدی نەهاتووەکانی ئەو توێژە بکات، گوزارشت لەئامانجی کۆتایی و گشتێتی مرۆڤ کەئەو توێژە لەو گەشتەدا دەتوێتەوەو لەپێناوی ئەودا کاردەکا، بێگومان لەتەك بوونی تواناو بوێری بۆ جێهێشتنی بابەتی ڕۆژانەیی بەرەو بابەتی سەردەم، شتی سەردەمیش بۆگشت سەردەمەکان شتی جوزئی بۆ گشت، واقیع بۆ خەون، ڕێژەیی بۆ ڕەهایی.

## تیشکی حەقیقەت لەشیعرەوە دێ

شیعر چوونە نێو قووڵایی وەهمی ژیان ڕەت دەکاتەوەو نایەوێ ببینە بەشێکی هاوبەش لەسرووتەکانی ئەو ئاهەنگە نامسۆگەرە. بەهەزاران شاعیری دنیا کەخزانە نێو وەهمی ژیان ئیدی لەنێو دەریاکەیدا خنکان، بەڵام شاعیرێك خاوەنی وشیارییەکی ڕەسەن و قووڵی کێشەبێ نابێ وەك شاعیرێ ناپاکی لەخۆی بکا، چونکە باشترین شت کەئەنجامی بدا ئەوەیە وامان لێبکا پتر لەخۆمان نزیك ببینەوە تا لە دەرەوەی وەهم و ئازارەکانی وەهم بووەستین کەتەنیا لەڕێگەی وشیارییەوە دەتوانین خۆمان لەو داوە ڕزگار بکەین. هەڵوێستی شاعیر هەرچییەك بێ، ئەوا کاتێ بەشدار دەبێ لەوەی بمانخاتە ناو دنیای وەهم لەمیانی بەخشینی مانایەکی داخراو بەمرۆڤ، ئەو شاعیرە دەبێتە شاعیرێکی خراپ.

گومانی تێدا نییە شاعیر بریتییە لەو قەسیدەیەی کە دەینووسێ، ناشبێ شیعرێك بنووسێ کەهەڵوێستێکی پێچەوانەی هۆشیاریی شاعیری هەبێ، چونکە هۆشیارییەکی ڕووکەش و ئاسان بۆ جیهان شیعری ڕووکەش و ئاسان بەرهەم دێنێ، بەڵام ئەو هۆشیارییەی لەهەموو شتێکدا دەسووتێ ئەوا شیعرێك بەرهەم دێنێ کەهۆشیارییەکی قووڵی بۆ مرۆڤ هەیە، بەشێوەیەکی گشتی ئاوەزی شەکلی شیعری دروست دەکا دواجار نابێ شاعیر بەدۆزەرەوەی چەند کیشفوەرێکی دوژمنو دۆست دابنرێ، بەڵکو شاعیر خوڵقینەری چەند دنیایەکی نوێیە گەلەگەڵ ئەو دنیایەدا سۆزداری هەیەو لەپێناویدا دەمرێ، تەنیا لەوێدا شاعیر دەتوانێ بەهێمنی و ئاشتی پاڵکەوێ دوور لەجیهانی پیلان گێڕان و کوشتن.

دەبێ دەرك بەڕاستییەكی گرنگ بكەین، ئەویش ئەوەیە تیشكی حەقیقەت لەشاعیرەوە بۆمان دێ پتر لەوەی قەسیدەوە بۆمان بێ، لەبەرئەوەی قەسیدە هەمیشە دەخرێتە سەرشاعیر.

## یاساكانی شیعر

شیعری چاك ئەو شیعرەیە كەیاسا تایبەتییەكانی خۆی لەبەرامبەر نهێنیی گەردووندا دەدۆزێتەوە، هیچ یاسایەكیش نییە كەپێشتر بڕیاری لەسەردرابێ تەنیا لەسنووری پێوەندییە كۆمەڵایەتییەكاندا نەبێ، لەژێر تیشكی ئەم ڕاستییەشدا مومكین نییە شیعر چەند یاسایەكی یەكگرتووانەی هەبێ تەنیا ئەگەر ئەو جۆرە شیعرە لەناو ((جوزئی))دا خنكابێ بەشێوەیەكی گشتیش شیعر بایەخی خۆی لەئازادیی ڕەفتاركردنی لەگەڵ جیهان وەردەگرێ بەبێ ئەمە شیعر تەنیا دەبێ بەپاشكۆیەكی لاوازی ئەو شیعرانەی پێشتر نووسران.

شیعری ڕاستەقینە نەكێش و نەسەروایە و نەڕزگاربوونیشە لەو دووانە، بەڵكو دووباڵی شاعیرن كەبەهێزێكی زۆرەوە شاعیر بەرەو دنیای حەقیقەت دەبەن بێ ئەوەی بكەوێتە نێو كۆت و بەندی فۆرمالیزم، جا ئەو كۆت و بەندە هەرچییەك بێ. لەبەرئەوە شاعیر لەهەموو كەسێ پتر بەدوای هەزار ڕێگەكەی ڕاستیدا دەگەڕێ، لەهەموو كەس پتر ئارەزووی تێدایە، سائەگەر ئاگایی فۆرمالیستی نەبێ ئەوا مۆسیقاو گەمە زمانەوانییەكان بەند ناكات، دەشێ لەشیعرەكەیدا مۆسیقایەكی ئۆركستڕالی هەبێ یان مۆسیقی ئاسایی، دەشێ سەروایەكی یەكگرتووی هەبێ یان لەوانەیە بۆهەندێ شیعر سەرواى جیاواز شتێكی بنچینەیی بێ تاهێزی جوڵانەوەی پێ ببەخشێ، بەڵام ناتوانێت ئەمانە ببنە یاسایەكی گشتی بۆ گشت شیعری دنیا، چونكە ئەو شاعیرەی لەدەرگای ئەو جیهانە دەدا كەلێنەدراوە، دەشێ لەهەموو شتێ ئازادبێ، تەنانەت لەزمانیش تاقەسیدەیەكە ببێ بەتابلۆیەكی یاخود وێنەیەكی فۆتۆگرافی، یان تەنیا چەند هێماو هاوكێشەیەك بێ، یان هەر شتێكی دی. بەشێوەیەكی گشتی شیعر لەم ساڵانەی دواییدا مەیلی بۆ ئەوە دەچێت لەگەڵ چەند هونەرێكی دیكەدا یەك بگرێ: ڕۆمان و

نیگار و کورتە چیرۆك و پیکەرتاشین، سەیریش نییە ئەگەر لەسالآنی داهاتوودا بازنەی ئەم یەکگرتنە بۆ هونەرەکانی دیش فراوان بێتەوە.

## گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و ڕۆیشتن بەرەو ئایندە

تێڕوانینێکی کراوەو برایانەو خاڵی لەئاڵۆزییەکان بۆ شیعر زۆر پێویستە چونکە شعری چاك ناشێ لەمیانی وشیارییەکی دەمارگیرییەوە بنووسرێ، تەنانەت ئەوانەیشی کەهەوڵ دەدەن بەناوی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، داکۆکی لەشێوەی قەسیدەیەکی دیاریکراو بکەن، ئاگاداری ئەو ڕاستییە نین کەبەهیچ جۆرێك وەلە هیچ زەمەنێکدا شێوەی یەکگرتوو بۆ شیعر وجوودی نەبووە بۆ نموونە زمانی قورئان زمانێکە خاوەنی دەنگێکی شیعری جیاوازە لەبەرامبەر شیعری عەموودی کەپشت بەژمارەیەك لە بەحرەکان دەبەستێ لەبەرامبەر ئەم شێوانەشدا ((شجع)) سەری هەڵدا کەئەویش بڕێکی دیاریکراو لەشیعری تێدایە، جگە لە ((موشحات))یش. دەشێ ئازادترینی ئەم شێوانە بۆ ڕەفتارکردن لەگەڵ جیهان و گەیشتنە حەقیقەت شێوەی تەرکیبی بێ لەقورئاندا کەزۆر نزیکە لەشێوەی پەخشانە شیعر لەلایەك و لەلایەکی تر لەقەسیدەی وێنە، لەتەك بوونی ئازادیی بەکارهێنانی زمان لەمیانی سۆزێکی بەرزەوە. هەندێ جار قورئان چەند پارچەیەکی کێشدار بەکاردێنێ، بەڵام زمانەکەی لەبنەڕەتدا کێشدار نییە تەنانەت کەهەندێ بەش سەروادار دەبێ، نابێ بەڕێسایەك ئیدی خێرا ڕستەکانی خۆیانی لێ ڕزگار دەکەن تا چەند شێوەیەکی تری ئازادو پڕ مانا لەخۆبگرن. لەهەندێ ئایەتیشدا چەندین ئامازەو هێمای وێنەیی هەن وەك بەکارهێنانی هەندێ پیتی عەرەبی موجەرەد. مەزنیی قورئان جگە لەدۆزینەوە ڕۆحییەکانی لەزمان و شێوەکانیدا کۆبۆتەوە ئەمەش ئەو سەرکەوتنەی پێ بەخشی کە قورئان ببێ بەزمانی سەردەم و ئاییندەش، لەبەرئەوە دژایەتی کردنی شێوە نوێیەکان بەناوی کەلەپوورەوە هەوڵێکی بێ سەرەنجامە، چونکە کەلەپووری دەوڵەمەندی عەرەبیمان کۆیلەی شێوەیەکی دیاریکراونییە. بەشێوەیەکی گشتی ئێمە واسەیری کەلەپوو دەکەین کەئیلهام بەخشی ڕۆحە نەك کۆتێك بێ پێیەکانمان بەرەو ڕابردوو

ڕابکێشێ. جا ئەگەر مرۆڤی عەرەبی لەدایك بووی ڕابردووە ئەوا ڕابردوو لەئێستادا وجوودی نییە تەنیا وەك بیرەوەرییەك لەزەیندا نەبێ. بێگومان لەمیانی چڕیی ئێستاو هێزی ڕۆیشتن بەرەو ئاینده. حیکمەتی ئەو ڕابردووەی لەگەڵ خۆماندا هەڵی دەگرین تەنیا لەپای ئەو چەرخەدا دەتوێتەوە کەتیایدا دەژین. هەروەها لەو جەنگانەی لەپێناوی ئاییندەی تایبەتیمان و هۆشیاری پێشکەوتوو وچاکترو قووڵتر کەلەسەر جیهان هەمانە، بەرپایان دەکەین.

ئەو شیعرەی لەپای سەردەمەکەی خۆیدا نەتوێتەوە ناکرێ شیعرێکی باش بێ شیعریش تیشکی بوونی خۆی لەتیشکی گشت شیعرە نووسراوەکانی دنیاوە وەردەگرێ، لەتیشکی شیعرەکانی ڕابردوو، شیعرەکانی ئێستا لەتیشکی گشت زمانەکانی دنیا هەروەها لەتیشکی ئەو شیعرانەی هێشتا نەنووسراون. هەرکۆتێك بەسەر شیعردا بسەپێنرێ لەڕاستیدا کۆتە لەسەر خودی ڕاستی، هەر تێڕوانینێکی ناوچەییانە بۆ جیهان و گەردوون ئەگەر بەبێ هۆشیارییەکی گشتگیر بۆ سەردەم و ئاییندە بۆ مرۆڤو خواست و خەم و خولیاکانی لەبەر ڕۆشنایی پرسیارە کوندەکاندا، تەنیا مانای ئەوەیە شاعیر ببێ بەمنداڵێك کەلەو باوەڕەدایە جیهان هەر ئەو شتەیە کەخۆی دەیبینێ.

کاتی ئەوە هاتووە شیعری عەربی لەمیانی لەناوبردنی سێبەرکانی ڕابردوو وئێستادا جیهان بگۆڕێت.. جارێکی تر لەناو ڕوانینێکی نوێی شیعریدا جیهان پێك بێنێتەوە. کاتی ئەوە هاتووە شیعری عەرەبی لەمیانی ئامادەبوونی یەکێتی جەوهەری گشت بوونەکانی ناوزەین، دەربارەی گەشتی مرۆڤ بەرەو حەقیقەت بدوێ چونکە شیعر دوافیشەکی تفەنگی دەستی ئەو بوونەوەرە سەرەتاییەیە، ئەو مرۆڤە ئازادو ئاڵۆزە.. ئەو مرۆڤە هۆشیارو نادڵنیایە.. کەبەرەو دارستانەکانی دنیا دەچێ بێ ئەوەی هەرگیز مەغزایەکی بزانرێ.

شیعر لەکوێیە ؟ شاعیر لەکوێیە ؟

سامی مەهدی خالید مستەفا فەوزی کەریم فازل عەزاوی

هەواڵنامەی کتێب

## بیانیه‌ی شعر حجم

((حجم گرایی Espacementalisme))

حجم گرایی آنهائی راگروه می کند که در ماوراءِ واقعیت ها، به‌جستتجوی دریافت های مطلق و فوری و بی تسکین اند. و عطش این دریافت ها هر جستجوی دیگر را در آنها باطل کرده است. مطلق است برای آنکه از حکمت و جودی واقعیت و از علت غائی آن بر خاسته است و در تظاهر خود، خویش را با واقعیت مادر آشنا نمی کند.

فوری است برای آنکه شاعر در سیدن به دریافت، از حجمی که بین آن دریافت و واقعیت مادر بوده است – نه از طول – به سرعت پریده است بی آنکه جای پائی و علامتی به جاگزارد.

بی تسکین است برای آنکه، به جستجوی کشف حجمی برای پریدن، جذبهء حجم های دیگری است که عطش کشف و جهیدن می دهد تأملی بر سر این حرف می کنیم : از وقعیت تا مظاهر واقعیت، از شیء ، فاصله ای است، فاصله هائی است. فاصله هائی از واقعیت تا ماوراءِ آن. از هزار نفطهءِ یك چیز هزار شعاع بر می خیزد، هر شعاع بر مظهری در ماوراءِ آن چیز می رسد، وواقیت با مظاهر گانه اش با هزار بعد وصل می شود.

شاعر حجم گرا، این فاصله را بایك جست طی می کند تندو فوری.

وبدینگونه، از واقعیت، به سود مظهر آن، می گریزد هر مظهر را که انتخاب کند، از بعدی که بین واقعیت وآن مظهر منتخب است بایك جست می پرد، واز هر بعدکه می پرد، از عرض، از طول واز عمق می پرد.

پس از حجم می پرد، پس از حجم گراست. وچون پریدن می خواهد، به جستوی حجم است.

– اسپاسمانتالیسم، سورئالیسم نیست، فرقش اینست که از سه بعد به ماوراءِ می رسد. ودر این رسیدن فقط دریك جا باهم ملاقات می کنند : در جهیدن از طول گرچه در اینجاهم جست فوری تراست.

حجم گر در این جست خط سیراز خود بجانمی گزارد. در پشت سر تصویر او سه بعد طی شده است، واین سه بعد طی شده، اسکله می سازند تا خوانندهء شعر حجم را برساند که شاعر رسیده است.

خواندهء مشتاق، عبور از اسکله را به تأنی یاد می گیرد و خوانده معتاد می شود، معتاد قصار، معتاد رسیدن به ماوراء یا غبور از حجم. به همان جائی که شاعر حجم رسیده است. در آنجا شاعر برای گفتن، حرفی ندارد. شرحی ندارد. وناگاه چیزی رابه زبان می آورد که حیرت وراز است، همان چیزی را کەسامران، پێغمبران، وداخوانان، برهمنان، پیام آورن ایمان به لب آوورده اند، یعنی شعر، خود شعر.

– حجم گرایی نه خودکاری است، نه اختیاری. جذبه هائی ارادی است یا اراده ای مجذوب است. جذبه اش از زیبائی است. از زیباشناسی است، اراده اش از شعور و از شعور است، از توقع فرم واز دل بستن به سرونوشت شعر.

– نه هوس است، تفنن. تپشی است خشن و عصبی. تپش آگاه برای هنری شاعری در انسانی دیوانه شعر، که خطر می کند، که از قربانی شدن نمی ترسد.

– شعر حجم / شعر حرف های قشنگ نیست، شعر کمال است، در کمالش وحشی است ودر کشف زیبائی خشونت می کند.

– عتیقة نیست، ولی از بوی باستان بیدار می شود.

– تغیر جادادن و واقعیت هم نیست. در زندگی روز ودر زبان کوچه توقف نمی کند، شاعر حجم گرا همیشه بر سر آنست که واقعیتی خلق کند تاب ترو شدید تر از واقعیت روزانەو معمول ما تصویر از اشیئ نمی دهیم، منظری از علت غائی انها می سازیم و عواملی را که بدینگونەوام می گیریم، درجائی دوردست با فاصله ای از واقیعت می نشانیم.

–کار شعر، گفتن نیست. خلق یك قطه است، یعنی باید خودش موچوع خودش باشد.

– فصاحت و جستجوهای زبانی رؤیای مانیست، ولی جادوی عجیب و واژه‌هارا در کارمان فراموش نمی کنیم.

– شعر حجم از دروغ ایدئولوجی واز حجره تعهد می گریزد، واگر مسئول کاری خویش و درون خویش است، که انقلابی است وبیدارست. واگر از تعهد می گوید از تعهدی نیست که برودش می گیرد بل از تعهدی است که برودش می گزارد، چرا که شعر حجم بدنبال مسئولیت ها و تعهدهای جهت داده شده نمی رود، به درون نبوت می دهد تا از نداهای او جهت بگیرد وجهت بدهد. پس این شعر پیش از آنکه متعهد بشود، متعهد می کند.

((حجم گرایی Espacementalisme)) سبك شعر دیگر ایران است. صفت عصراست و خطابی جهانی دارد. وچون صفت عصر است، نقاشی، تأثر، قصه، سینما، و موسیقی رابه خود می گیرد، واین بیانیه دعوتی است برای عزیمت. همراه با نقاشان، نمایش نویسان، سینما گران و نوسندگانی که کار خویش را در سمت این خطاب می بینند ومی بینیم.

– حجم گرایی شاعرانی را گروه می کند که تجربه کارهای خویش رسیده اند، به لذت پریدن های از سه بعد. پس اینك بیانیه ما که میوه ای رسیده را می چیند ! نه پیشوائیم و نه‌بت، مبارزه می کنیم، مبارزه علیه آنهائی که به این کشف خیانت می کنند تا به نخوت فردی یا اجتماعی خود رضایت دهند، از ملاه دانشمند، یا هنرمند* زمستان سال ١٣٦٨ – تهران.

---

* این بیانیه به دنبال سه‌ماه بحث و گفتوگو و نشستن های مدیدی که در کافه نکیسا، خانه رؤیائی، خانه اردبیلی، خانه اسلامپور، خانه نصیب نصیبی صور گرفت، سرا نجام در آخرین وطولانی ترین جلسه خود در منزل اسلامپور تایید و امضاء شد، ودر آن ایام این نام شرکت داشته اند : پرویز اسلامپور (شاعر)، محمود شجاعی (شاعر ونمایش نویس)، بهرام اردبیلی (شاعر)، فیروز نابی (شاعر)، هوشنگ آزادی ور (شاعر سینما گر)، فریدون رهنما (شاعر سینما گر)، نصیب نصیبی (سینما گر) پرویز زاهیدی (نویسنده) محمد رضا اصلانی (شاعر سینما گر)، علی مراد فدائی نیا (قصه نویس) و یدالله رؤیایی (شاعر)و.. از میان شاعرانی که قرار بود آنرا امضاء کنند ونکردند، محمد رضا اصلانی بدون تأید امضاء نکرد وفریدون رهنما با تأیید بیانیه نخالف امضا کردن بو. بیژن الهی و هوشنگ چالنگی در آن زمان در سفر بودند، وبعدکه انتشار آن به اصرار الهی به تعویق افتاد پی گیری اخذ امضاء متوقف ماند. سیروس آتابای (شاعر)، نورالدین شفیعی (نمایش نویس)، کامران دیبا (معمار ونقاش)، احمد رضا چه‌کنی (شاعر) رضا زاهد (شاعر) از پارتیزان های این جنبش اند. درمتنی که دست ماست این امضاء ها تشخیص داده میشود :

یدالله رؤیایی ، پرویز اسلامپور ، محمد شجاعی ، بهرام اردبیلی و هوشنگ آزادی ور.

## بەیاننامەی گروپی کەرکوک – کفری
## شێتەکان : سەرنج ، هەڵوێست ، پرۆژە

– لەکردەوەی ڕۆژانەماندا هەڵبەست وەکو شۆڕشێك هەنگاوەکانی ئەگۆڕی و پرۆژەی ئەو گەشتەمان بۆ دیاری ئەکا کەمەیموونی باپیرە گەورەمان دەستی پێکردو ئێمەش لەسەری ئەڕۆین و نەوە سەرزلەکانی داهاتوویشمان ئەکاتە ژمارەیەکی تازە لە لیستەی گەڕۆکەکاندا...

– هەڵبەستی کوردی هێشتا دیلی ئەو قاوغەیە کە هەر لەمناڵییەوە کراوە بە پۆیلانەی، کاتی ئەوە هاتووە کەشۆڕشێك بەرپا بکەین بەسەر هەموو ئەو دەستوورو یاساو ڕژێمانەدا کەتاکو ئێستا هەڵبەستی کوردیی شەتەك داوە وە گۆڕانیش بێ شۆڕش نابێ.

– وەکو لەمەیموونەوە بووین بە مرۆڤ و لەلاڵییەوە کەوتینە قسەکردن و زمان و داهێنان و لەزەوی دەرچووین و لەسەر مانگ دابەزین، ئاواش ئەبێ مەیموونی هەڵبەستی ببێ بەمرۆڤێکی پوخت و تەواو لەسەر زەوی نەبوون و دواکەوتنەوە سەرکەوێتە سەرمانگی پێشکەوتن و بوون و ئاوێتەی هەموو ژیان ببێ..

– تاوەکو ئێستا هیچ هەستیارێکمان نەگەیشتووتە ئەنجامێك کەبەبێ ترس و ئاوڕدانەوە ئاگری هەڵبەستی خۆی خۆش بکاو هەموو دارستانە پزیوەکانی پێ بسووتێنێ لەگەڵ ئەوەشدا هەموو وایان داناوە وئێمەش وامان تێ نواڕیون کەنووکی خامەکانیان هەڵبەست ئەڕژێ و جێی وەستانیان لووتکەیە، هۆی ئەوەش ئەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هەڵسانگاندنێکی ڕاستی دوور لەخۆپەرستی و نزمی پلەی ڕۆشنبیری خوێنەواری کورد...

هۆنراوە شۆڕشێکە لەپێناوی گۆڕانێکی بنەڕتیدا.. جا ئایا هۆنراوەی کوردی تائێستا ئەم دەورەی بینیوە..؟ نە دەسا بابەبێ تر دان بەوەدا بنێین کە هەرچیمان هەیە تەنها تاقیکردنەوەیەکی سەرنەکەوتووە بۆیە ئێمەش کەلەپووری هۆنراوەییمان بەشێوەیەکی گشتی بەدواوە ئەدەین و لێی یاخی ئەبین و سزای پشتگوێ خستن و بەرەڵاکردنی بە سەردا ئەدەین..

بەلامانەوە گرنگ نییە چۆن وە بۆکێ ئەنووسێت تەنها ئەمانەوێ بێ ترس و بێ ئاوڕدانەوە بنووسێت، باوەڕت هەبێ بەنووسینەکەت، هەرنەبێ بتوانی خۆت بدۆزیتەوە لەناو دێڕی هۆنراوەتا.. ئێمە هەموو بەرهەمێکی خۆمان بەتاقیکردنەوەیەکی بچووکی شۆڕشگێڕانە دائەنێین وەئێمە ((بەرهەممان، بوونمان، ژیانمان، کیانمان)) لەناو یاخیبوون و شۆڕش و هەنگاونان وشێتبوون و تووڕەیی و گەڕاندا سەردەرئەکەین و ئەڕوانینە هەموو گەردوون تێکڕا..

– هەستیاری ڕاستەقینە ئەبێ شارەزاییەکی تەواوی هەبێ لەهەموو ڕۆشنبیری جیهاندا وەلەپشکنینی دەروونی خۆیدا بۆ ئەوەی بتوانێ پەیوەندییەك پەیدا بکا لەگەڵ شتەکان و باوەڕی دەروونی خۆیدا تاوەکوو بتوانێ ئەو وێنەیەمان پێشکەش بکا کەئەیەوێ..

– هەستیاری ڕاستەقینە کەبیر ئەکاتەوە ئەوەندە سەیر دەرئەکەوێ کەزۆر کەس بەشێتی دائەنێن وەناگەنە لای سنووری ئەو ئاسمانەی کەتێیدا ئەفڕێ هەر بۆیەش شتێکی تازە نییە ئەگەر هەڵبەستێك زۆر کەم تێ بگەین..

– بۆئەوەی هەڵبەست بنووسین ئەبێ خۆمان بین تووڕەو یاخی بین هەموو (ئەمڕۆ) یەکمان پلەیەکی بەرزتربێت و پێشکەوتووتربێ لە هەموو (دوێنێ) یەکمان..

بانگەواز ناکەین – نانەڕێنین – ئاگریین – پرۆژەمان داناوە هەنگاو ئەنێین، ئەمەش کە ئەیڵێین هەموو شتێ نییە کەئەمانەوێ بەڵکو سەرەتایەکە..

ئێمە ئەمانەوێ وشەی کوردی ڕزگارکەین..

ئەمانەوێ بگەین..

ئێوە ئەڵێن چی ؟

١٤ی تەمووز ١٩٧١

لەتیف هەڵمەت ئەنوەر شاکەلی

تێبینی:

ئەم کتێبە، لەبنەڕەتدا نامەیەکی ماجستێرە لەلایەن (عەلی تاهیر حسێن)ەوە ئامادەکراوەو نوسراوەتەوە، بەسەرپەرشتی (دکتۆر دڵشاد عەلی)، پێشکەشی بەشی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووە..

لەساڵی ٢٠٠٠ی زایینی، بەرامبەر ٢٦٩٩ کوردی..

هەواڵنامەی کتێب

# ناوەڕۆك


| | |
|---|---|
| پێشەكی | ٥ |
| **بەشی یەكەم** | ٩ |
| بزووتنەوەی نوێگەری لەشیعری كوردیی پێش ڕوانگەدا | ١١ |
| كوردستانی عێراق | ١٧ |
| بزووتنەوەی نوێگەری لە بەشەكانی تری كوردستان | ٣٥ |
| كوردستانی ئێران | ٣٥ |
| كوردستانی سوریا | ٣٩ |
| كوردستانی توركیا | ٤٢ |
| پەراوێزەكانی بەشی یەكەم | ٤٨ |
| **بەشی دووەم** | ٥٣ |
| بزووتنەوەی ڕوانگەو فاكتەرەكانی سەرهەڵدانی | ٥٥ |
| بانگەوازەكەی ڕوانگە | ٥٦ |
| نوێگەری دەرەوەی ڕوانگە | ٦١ |
| گرووپی كەركوك – كفری | ٦١ |
| ڕوانگە و كاریگەریی بزووتنەوەی نوێگەریی میللەتانی تر | ٧٠ |
| ڕوانگە لە دیدی لایەنگرانی و نەیارانییەوە | ٩٢ |
| ئەزموونی ڕوانگە لەدیدی ئێستاوە | ١٠٤ |
| پەراوێزەكانی بەشی دووەم | ١١٨ |
| **بەشی سێیەم** | ١٢٥ |
| شیعری ڕوانگە | ١٢٧ |
| كورتە مێژوویەكی چەمكی یاخیبوون | ١٢٩ |
| گیانی یاخیبوون لەشیعری ڕوانگەییەكاندا | ١٣١ |
| ڕوانگەو تەكنیكی شیعر | ١٤٣ |
| پەراوێزەكانی بەشی سێیەم | ١٧٦ |
| **ئەنجام** | ١٨١ |


هەواڵنامەی كتێب

| | |
|---|---|
| کورتەی باسەکە بە زمانی عەرەبی | ١٨٥ |
| کورتەی باسەکە بە زمانی ئینگلیزی | ١٨٦ |
| **سەرچاوەکان** | ١٨٧ |
| دیکۆمێنتە ئەدەبییەکان | ١٩٣ |
| بانگەوازێك لە ڕوانگەی ئەدەبی کوردیی نوێمانەوە | ١٩٥ |
| مانیفێستی شیعری | ٢٠٠ |
| باخچەکانی فیکر | ٢٠٢ |
| ناوچەی شیعر | ٢٠٥ |
| دروستکردنی خەون | ٢٠٦ |
| ڕێگەکانی گەیشتن بە خەون | ٢٠٩ |
| هەڵوێستی ڕامیاری و ڕوانینی شیعری | ٢١٣ |
| تیشکی حەقیقەت لەشیعرەوە دێ | ٢١٥ |
| یاساکانی شیعر | ٢١٦ |
| گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و ڕۆیشتن بەرەو ئاییندە | ٢١٧ |
| بیانیەی شعر حجم | ٢١٩ |
| بەیاننامەی گروپی کەرکوك – کفری | ٢٢٢ |

هەواڵنامەی کتێب
نووسراوادانی وشە